# لە پێناو عیراق








# نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق
# لە ٢٠١٩ دا

نوسینگەی راگەیاندنی یونامی

گۆڤاری "لە پێناو عیراق" لە لایەن نوسینگەی راگەیاندنی یونامییەوە لە عیراق دەردەچێت و ناوەرۆکەکەی مەرج نییە رەنگدانەوەی هەڵوێستی فەرمی نەتەوە یەککگرتووەکان بێت و دەشکرێ بە ئاماژەکردن بۆ گۆڤاری "لە پێناو عیراق" جارێکی تر بەکار بهێنرێتەوە.



بەرپرسی بەشی راگەیاندنی یونامی:
سەمیر غەتاس

سەرنوسەر: ئیڤان دجۆردجێڤیك

دەستەی نوسین: خالید دەهەب، لەیلا شەمجی، تیمی ولآتیی نەتەوە یەککگرتووەکان

دیزاین : سالار بریفکانی

وەرگێڕدراوە بۆ کوردی لە لایەن: کۆمپانیای گلیتەر

پێداچوونەوە: ئیحسان بەرزنجی، نافیع عەزیز خۆشناو

الأمم المتحدة – العراق
United Nations Iraq

مافی وێنە: نوسینگەی راگەیاندنی یونامی، رێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ، بەرنامەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ پەرەپێدان، بەرنامەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ ژینگە، دەزگای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەتواناکردنی ئافرەتان، بەرنامەی جێنیشینکردنی مرۆیی نەتەوە یەککگرتووەکان، کۆمیساری باڵای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ پەنابەران، رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ منداڵان، رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و رۆشنبیری، ئاژانسی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریەکانی مین، سندوقی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ دانیشتوان، نووسینگەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ خزمەتگوزارییەکانی پرۆژەکان، بەرنامەی خۆراکی جیهانی، رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، نووسینگە نەتەوە یەگرتووەکان بۆ تاوان و مادە هۆشبەرەکان، نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی، رێکخراوی جیهانیی کۆچ، رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی، رێکخراوی کاری جیهانی، وێنەی نەتەوەیەککگرتووەکان

کاری هونەری : بەشی راگەیاندنی یونامی

بۆ هەماهەنگی، بۆ تێبینی و سەرنجەکان تکایە پەیوەندی بکەن بە

unami-information@un.org

ماڵپەڕی نەتەوە یەککگرتووەکان لە عیراق

http://www.uniraq.org

کەناڵەکانی یونامی بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

http://www.flickr.com/photos/uniraq/
https://www.facebook.com/UnitedNationsIraq
https://twitter.com/UNiraq

# لەم ژمارەیـــەدا



ل ٤-٥
خاتوو جینین هینیس- پلاسخارت
نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان لە عیراق

نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراقییەکان لێرەیە بۆ ئەوەی دەرفەتی بنیادنانی ئایندەیەکی گەشتر بنیادبنێ...



ل ٦
نەتەوە یەککگرتووەکان لە عیراق
چەند راستییەك سەبارەت بە نەتەوە یەککگرتووەکان



ل ٨
چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەلیس وۆلپۆڵ
جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان
لە عێراق بۆ کاروباری سیاسی و یارمەتیدانی پرۆسەی هەڵبژاردن



ل ١١
چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو مارتا رویداس
جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی لە عێراق/ هەماهەنگیکاری نیشتەجێ/ هەماهەنگیکاری کاروباری مرۆیی

**ل١٤**




**نووسینگەی کاروباری سیاسی**
چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مانوج ماسیۆ
بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری سیاسی لە
نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق

**ل١٦**




**نووسینگەی یارمەتیدانی پرۆسەی هەڵبژاردن**
چاوپێکەوتن لەگەڵ د. ئەمیر ئارایین
گەورە ڕاوێژکاری پرۆسەی هەڵبژاردن و سەرۆکی
تیمی تەواوی یارمەتیدانی هەڵبژاردن

**ل١٨**



**نووسینگەی مافی مرۆڤ**
پرسیار و وەڵام لەگەڵ خاتوو دانییل بیل
سەرۆکی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە عێراق

**ل٢٢**



**نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان**
پێشەکی و کارە لە پێشینە و سەرلیستەکان

**ل٢٤**



**یونیتاد**
تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە
یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوە
لەو تاوانانەی لە لایەن داعشەوە کراون

---

**ل٤٠**



چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو حەمیدە
لاسیکو نوێنەری ڕێکخراوی یونیسێف

**ل٤٤**



بەڕێز پیر لودهامر بەڕێوەبەری دێرینی بەرنامەی
عێراق لە فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ
کاروبارەکانی تایبەت بە مین

**ل٧٠**



پرسیار و وەڵام لەگەڵ خاتوو دینا
زوربا بەرپرسی ڕێکخراوی ژنانی
نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق

**ل٢٦**



ڕێکخراوی نەتەوە
یەکگرتووەکان بۆ خۆراك و
کشتوکاڵ

**ل٣٢**



بەرنامەی نەتەوە
یەکگرتووەکان بۆ ژینگە

**ل٣٦**



کۆمسیونی باڵای نەتەوە
یەکگرتووەکان بۆ
کاروباری پەناخوازەکان

**ل٤٢**



ڕێکخراوی یونسکۆ

**ل٤٦**



سندووقی نەتەوە
یەکگرتووەکان بۆ
دانیشتووان

**ل٥٢**



بەرنامەی خۆراکی
جیهانی

**ل٥٦**



نووسینگەی نەتەوە
یەکگرتووەکانی تایبەت بە
مادەی هۆشبەر و تاوان

**ل٦٢**



ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

**ل٦٨**



ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی

**ل٢٨**



بەرنامەی گەشەپێدەری
نەتەوە یەکگرتووەکان

**ل٣٤**



بەرنامەی نەتەوە
یەکگرتووەکان بۆ نشینگە
مرۆییەکان

**ل٤٠**



ڕێکخراوی یونیسێف

**ل٤٤**



فەرمانگەی نەتەوە
یەکگرتووەکان بۆ
کاروبارەکانی تایبەت بە مین

**ل٥٠**



نووسینگەی نەتەوە
یەکگرتووەکان بۆ
خزمەتگوزاریی پرۆژەکان

**ل٥٤**




ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

**ل٦٠**



نووسینگەی نەتەوە
یەکگرتووەکان بۆ
هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی

**ل٦٦**




ڕێکخراوی نەتەوە
یەکگرتووەکان بۆ
گەشەپێدانی پیشەسازی

**ل٧٠**



ڕێکخراوی ژنانی نەتەوە
یەکگرتووەکان



## نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق

# خاتوو جینین هینیس- پلاسخارت

ماوەی سالێك زیاترە گەیشتووەتە عێراق بۆ ئەوەی وەك نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم وڵاتەدا ئەرکی سەرکردایەتیکردنی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق، بگرێتە ئەستۆ.

بەڕاستیش ساڵێکی تایبەتمەند بوو، چونکە بەشداری و هەوڵەکانمان گەیشتنە گشت توێژەکانی جڤاکی عێراقی؛ هەر لە بەرپرسانی حکوومییەوە بگرە تا دەگاتە پیاوانی ئایینی و کەسانی سەر بە کەمینە نەژادی و نەتەوەییەکان و گەنجان و پارتە سیاسییەکان و ڕێبەرانی جڤاکە خۆجێییەکان.

هەمووومان هاوڕاین لەوەی عێراق تواناگەلێکی مەزنی هەیە، بەڵام بەردەوامی و کاری مکوڕانە و ڕێککەوتنە سیاسیەکان، دەیسەلمێنن چەند هۆکارێکی سەرەکین لەپێناو ئەوەی ئەوپەڕی سوود لەو توانایانە وەربگیرێ. لەسەریشمان پێویستە دانبەوەدا بنێین هێشتاکە شوێنەوار و لێکەوتەکانی دەیەکانی پێشووی پڕ لە شڵەژان و هەراوزەنا ماوە.

لەمیانی ئەوزانیاریانەم کەوا لە شوباتی ساڵی ٢٠١٩دا پێشکەشی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانم کرد، گوتم کاتی ئەوە هاتووە سەرکردە سیاسییەکان سیاسەتە دەستەگەراییەکان وەلاوە بنێن و پێداویستییە زۆر پێداگرەکانی هاووڵاتییانی عێراقی دەستەبەر بکەن، هەروەها جەختیشم لەوە کردەوە کە لەوانەیە دواخستنێکی زۆر لەمەدا سەقامگیریی ئەو وڵاتە بخاتە بەر مەترسی، باشترین نموونەش بۆ ئەمە ئەو خۆپیشاندان و نارەزاییانەن کەوا لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا سەریان هەڵدا.

هەر گەلی عێراقە شان دەداتە بەر باری قورسی هەر قەیرانێکی سیاسی، هەروەها باجەکەشی دەدات، لەبەرئەوەی پێداویستی و داواکارییەکانی بۆ چەند خزمەتگوزارییەکی باشتر، هیچ وەڵامێکیان نییە، چونکە تا ئێستەیشی لەگەڵدا






بێت تەنیا بەشێکی کەمی دووبارە بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی دەرفەتی کار و ڕیفۆرمی دادگەیی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، جێبەجی کراون.

پێویستە عێراقییەکان بتوانن پشت بە فەرمانڕەواییەکی ڕێکوپێکی دیموکراسی و چەند دەستگەیەکی دەوڵەت ببەستن کە پایەکانی مانەوەیان بۆ دەستەبەر بکەن. ئەوان دڵنیان لەمە و داواکارییەکانیشیان بە دەنگێکی ڕوون و بەرز دەردەبڕن.

گومانیشی تیادا نییە سیستمی نوێی فەرمانڕەوایی دیموکراسی تازەیە و پێکهاتەکانی هەمەچەشنن، دژ بە کەلتوورێکی چەقبەستوو و دژواری بۆماوەییی ماوەی پێشوو و چەندان ئالنگاریی هەنووکەییش خەبات دەکات، ئەم کەلتوورە بۆماوەییەش چەندان گرێوگۆڵی وەهای تیادایە بۆ هیچ حکوومەتێك سانا نییە ڕەفتاری لەگەڵدا بکات. هەروەها ئالنگارییە قورس و گەورەکانیش لە عێراقدا لەنێوان شەو و ڕۆژێکدا سەریان هەڵنەداوە، هەر بەتەنیاش زادە و بەرهەمی ڕەفتارە عێراقییەکان نییە، لەسەر ئەم بنەمایەوە ناتواندرێ یەکسەر چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە.

لیستی ئەو کاروبارانە دوورودرێژە کە لەسەر عێراق پێویستە ڕایانپەڕێنێ، ڕێگەی بەرەو ئاشتییەکی بەردەوام و سەقامگیری و گەشەکردنێك کە هەمووان تیایدا بەشداربن، ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ و کورت و بەگوڵ داپۆشراو نییە، بەڵام قۆناغەکە شایستەی زەحمەتی و ڕەنجکێشانە.


چەند مەسەلەیەکی وەك واقعییەت و سووربوون و هەماهەنگی و گونجان، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکانی ئایندەدا گرنگییەکی سەرەکی هەیە، هەروەها پرسی سیاسی و شانازیکردنی هاوبەش بە مێژووی عێراق و هیوایە هاوبەشەکانی هەنبەر ئایندەی ئەو وڵاتە، هەمان گرنگییان هەیە.

لاوان بە هاتنە سەرشەقامەکان و بەشداریکردنیان لە مەزنترین بزووتنەوەی خۆپیشاندانی جەماوەری لە یادگەی نوێی عێراقدا، جەختیان لەوە کردەوە زۆر پەرۆشی ئایندەی وڵاتەکەیانن، سووریشن لەسەر ئەوەی لە کێشانی نەخشەی ئەو ئایندەیەدا ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان هەبێت. ئایندە بۆ ئەوانە و دەیسەلمێنێ ئەوان لەسەر هەقن.

لەو کاتەی لە پێشوازیی هاتنی ساڵی ٢٠٢٠ داین، درك بەوە دەکەین هەر قەیرانێك لە دوو توێی خۆیدا تۆوی چارەسەر و گوشادبوون و بەڵێنی گۆڕانکاریی هەڵگرتووە، نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆیە لێرەیە تاکو یارمەتیی عێراقییەکان بدات دەرفەتی بنیادنانی ئایندەیەکی گەشتر بۆ گشت کوڕان و کچان و ژنان و ئەو پیاوانە بقۆزێتەوە کە ئەم وڵاتە بە ”نیشتمان“ی خۆیان دەزانن.



# چەند ڕاستییەك سەبارەت بە نەتەوە یەكگرتووەكان لە عێراق




## ئایا یۆنامی بە چ کارێك ڕاسپێردراوە؟

بڕیاری ژمارە ٢٤٧٠ ی ساڵی (٢٠١٩)ی ئەنجوومەنی ئاسایش کە لە ٢١ ئایاری ساڵی ٢٠١٩دا دەرچووە، جەخت لەسەر سەربەخۆیی و سەروەری و یەکییەتی و سەلامەتیی خاکی عێراق دەکاتەوە- هەروەها جەخت لەسەر گرنگیی سەقامگیری و ئاسایشی عێراق و ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکاتەوە، بەتایبەت لەژێر تیشکی سەرکەوتنی عێراق بەسەر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش)، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاڵنگارییانە پاڵپشتیی لە حکوومەتی عێراق دەکات کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە لەو کاتەی لە هەوڵی وەدیهێنانی سەقامگیریی دوای کۆتایی هاتنی ململانێیەکەدایە و بەشێوەیەکی زۆر زیادبووش وەردەچەرخێتە سەر دۆخی بووژانەوە و نۆژەنکردنەوە و ئاشتەوایی بە مەرجی وەدیهێنانی پێداویستییەکانی گشت عێراقییەکان بە ژن و گەنج و منداڵ و ئاوارە و ئەو کەسانەش کە سەر بە کەمینە نەژادی و ئایینییەکانن.

ئەرك و کار و بەرپرسیارییەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق بریتین لە:

١. پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پاڵپشتی و یارمەتیدانی حکوومەت و گەلی عێراق لە پتەوکردن و بەرەوپێشبردنی گفتوگۆی سەرانسەریی سیاسی و ئاشتەوایی نیشتمانی و پێخشستنی کردەکانی هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکان و پتەوکردنی یاسا و کۆیاسایەکان ( الاحکام) و ڕیفۆرمە دەستوورییەکان و ئاسانکاریی و زەمینەسازی بۆ دایەلۆگی هەرێمی و بەڕێوەبردنی سەرژمێری.

٢.یارمەتیدان و پاڵپشتیکردن و ئاسانکاری، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی، بۆ یارمەتیدانی مرۆیی و جێبەجێکردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی و چاکتر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕیفۆرمی ئابووری و گەشەپێدانی دوورمەودا و بەردەوام.

٣. پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ڕیفۆرمی دادگەیی و یاسایی لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیی سەروەریی یاسا لە عێراقدا.

## جێبەجێکردنی ئەرك و کار و بەرپرسیارییەکانی نێردەکە

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق بەتەواوی بەشداری لەگەڵ حکوومەتی عێراق دەکات و لە هاوبەشییەکی پتەویشە لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی لە عێراق لە پێشکەشکردنی ڕاوێژ و یارمەتیدان و پاڵپشتی سەبارەت بە کۆمەڵێك پرسی وەك بنیادنانی دەستگە و دامەزراوەکان و ڕیفۆرمی بواری یاسایی و یاسادانان، بە کەرتی ئاسایشیشەوە.

هەروەها یۆنامی بە هەماهەنگییەکی پتەو لەگەڵ دەستگە عێراقییەکاندا کار دەکات، بە دەستگەکانی ڕاگەیاندن و جڤاکی مەدەنی و نێوەندە ئەکادیمییەکانیشەوە، ئەم هەماهەنگییەش بۆ پتەوکردنی بەهایەکانی ئاشتەوایی نیشتمانی و لێبوردەیی و پێکەوەژیانە وەك بەشێك لە کردەی بنیادنانی کەشوهەوایەکی تواناسازی لەپێناو ئاشتەوایی. هەروەها لەسەر ئاستە سیاسی و جڤاکی و هەرێمییەکانیشدا جەخت لەسەر خاوەندارییەتیی نیشتمانی و پەسندکردن لە لایەن جڤاکی عێراقی دەکاتەوە.

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق، هەر لە کاتی دامەزراندنییەوە لە ساڵی ٢٠٠٣، لە پێشکەشکردنی یارمەتی و پاڵپشتی بۆ داڕشتنی دەستووری عێراقیی ساڵی ٢٠٠٣ و یارمەتیدانی عێراق لە (دە) کردەی هەڵبژاردندا،

ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گێڕاوە. هەروەها یارمەتیدانی بواری هەڵبژاردن کە لە لایەن خودی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق پێشکەشی دەستگە عێراقییەکان دەکرێ، بەشێوەیەکی تەواو لەگەڵ پرۆژەکانی دیکەی هەڵبژاردندا یەکتری تەواو دەکەن کە لەمیانی بەرنامەی گەشەپێدەرانەی نەتەوە یەکگرتووەکان و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی بۆ کۆچ جێبەجێ دەکرێن. پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی کردەی تواناسازی و ڕاوێژەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەبارەت بە کردەکان و تەکنۆلۆژیای زانیاری و تەکنۆلۆژیایەکانی نوێی دەنگدان و لۆجستییەکانی بواری هەڵبژاردن و ڕێکارەکان و مەشق و پێوەندییە ستراتیژییەکان و داڕشتنی یاسایی/ سکاڵایەکانی نێو کردەی هەڵبژاردن دەگرێتەوە. هەروەها ئەو یارمەتییانەی تایبەت بە کردەی هەڵبژاردن کە لە لایەن نێردەکەوە پێشکەش دەکرێ، پاڵپشتیکردنی یاساییە بۆ گشت جۆرە لیژنەیەکی شارەزایە تەکنیکییەکانی نێو ئەنجوومەنی نوێنەران. هەروەها نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یۆنامی)، دەستی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵێك چالاکیدا هەیە کە ئامانجیان پاڵپشتیکردن و پتەوترکردنی ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤە لە عێراق. ئەم چالاکییانەش بریتین لە چاودێری و هەوڵدان و گرنگیدان بە پرسەکان و پێشکەشکردنی ڕاوێژ و یارمەتی بە دەسەڵاتەکان لە جێبەجێکردنی پابەندییەکانی عێراق لە بواری مافەکانی مرۆڤ و بنیادنانی توانایەکانی حکوومەت و جڤاکی مەدەنی لە پرسە هەمەچەشنەکانی مافەکانی مرۆڤ. هەروەها ئامانجێکی دیکەی ئەو چالاکییانە پاڵپشتیکردن و بەرەوپێشتربردنی ڕێزگرتنە لە مافی گەلی عێراق و بەشدارییە تێروتەسەل و یەکسانەکەی لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆتاییهێنان بە پێشێلکارییەکان و دەستەبەرکردنی کردەی لێپرسینەوە لەو کەسانەی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، هەروەها دەستەبەرکردنی دادپەروەرییە بۆ قوربانییەکان و تواناداركردنی عێراقییەکانە لە داواکردنی ڕێزگرتن و پاراستنی مافە مرۆییەکانی تایبەت بەخۆیان و پاراستنیان.

هەروەها نێردەکە سەبارەت بە سەرپشککردنی لەهەنبەر پێوەندییە هاوسێیەکانەوە، بەبەردەوامی بەشداری لە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی هاوکاریی نێوان عێراق و کوەیت و دەکات، هەروەها بۆ گەڕان بەدوای بێسەروشوێنان و پرسی هەستیاری تایبەت بە موڵك و کەرەستە بزرەکانی کوەیت، یارمەتیی هەردوو لایەن دەدات.

**چۆن نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق پرۆژەکانی جێبەجێ دەکات؟**

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق لەگەڵ حکوومەت و هاوبەشە گەشەپێدەر و مرۆییەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و جڤاکی مەدەنی بۆ زەمینەسازی و پاڵپشتیکردن لە یارمەتیی مرۆیی و بووژانەوە و یارمەتیدانی زیندووانە و چالاك بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی گەشەپێدان و پلاندانان و هەماهەنگیی نێردەکە کار دەکات. هەروەها نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق، بۆ پتەوکردنی پاڵپشتی و توندوتۆڵی و بەردەوامی لەنێوان کاری مرۆیی و ئاشتی و هەنگاونان بەرەو گەشەپێدانێکی بەردەوام، کارئاسانی بۆ پەیکەرە و پێکهاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.

نێردەکە لەمیانی تۆڕێکی بەرفراوانی مەیدانیشەوە کارئاسانی و زەمینەسازی بۆ هاوبەشییەکان و کۆڕبەندەکانی نێوان خاوەن بەرژەوەندییە هەمەچەشنەکان دەکات، ئەمەیش بۆ پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی پێکهاتە و پەیکەرەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ڕاسپێردراوە، لە قۆناغی ڕاگوزەریی دوای داعش، بە گەڕانەوەی دانیشتووانە ئاوارەکان و سەقامگیریی ئەو ناوچانەی ماوەیەکە ئازادکراون لەگەڵ یەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەز و پتەوی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ئاوێتەبوون و ڕیفۆرمە بنەڕەتییە پەیکەرییەکان و ئاشتەواییی جڤاکیشەوە.

**نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوێی عێراق کار دەکات؟**

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆیارمەتیدانی عێراق (یۆنامی) و تیمی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەر هەژدە پارێزگەی عێراقدا لەسەر ئاستی جڤاك و پارێزگە و هەرێمدا کار دەکات. هەروەها فەرمانبەرانی نیشتمانی و نێونەتەوەییش لە سەرانسەری وڵات بڵاو دەکرێنەوە و بەهاوبەشی لەگەڵ هاوپیشە و هاوشانە خۆجێیی و هەرێمی و نیشتمانییەکانیان کار دەکەن.

**ئەو ڕێکخراوانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کامەنان کە لە عێراقدا کار دەکەن؟**

تیمی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان ٢٣ ئەندامی لەخۆگرتووە، بە ١٥ ئاژانسی نیشتەجێ و ٣ ئاژانسی نانیشتەجێ: ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و سندووقی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ و نووسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی و کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ و یونیسێف و ئونکتاد و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان و بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەسکوا و یونسکۆ و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە و کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەناخوازان و پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و یونیدۆ و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان و بەرنامەی خۆراکی جیهانی و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ ( ئەسکوا و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە و ئۆنکتاد چەند ئاژانسێکی نانیشتەجێن.) لەگەڵ ئەمانەشدا، تیمی هەرێمییانە کۆمەڵەی بانکی نێودەوڵەتیش لەخۆی دەگرێ.

هەروەها تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردنی کردەی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ی ساڵی (٢٠١٧)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراوە، ئەمەیش بۆ سەرپشککردنە بۆ پاڵپشتیکردنی هەوڵە خۆجێییەکانی عێراق بۆ لێپرسینەوە لە ئەندامەکانی داعش دەرهەق بەو تاوانانەی لە عێراقدا کردوویانە، بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی کۆکردنەوە و پاراستن و ئەنبارکردنی مادە بەڵگەییەکانی ئەو تاوانانەیە کە لەوانەیە بچنە ئاستی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژی.

یونیتاد لە ڕاپۆرتی سێیەمیدا دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر بڵاوبوونەوەی بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ڕاگەیاندووە: کە ئێستە بە گشت توانایەکانی خۆی لەگەڵ میلاکە سەرەکییەکانی و پاشکۆیەکانی و کردەکانی کۆکردنەوەی بەڵگە کار دەکات کە ئێستە لە عێراقدان، لە کاتێکدا مادە سەرەتایی و دیجتاڵییە سەرەتاییەکان و گەواهییەکان و پزیشکی شەرعی بەشێوەیەك کۆ دەکرێنەوە کە لەگەڵ پێوەرە کردەییەکاندا بگونجێ.

**جیاوازیی نێوان یۆنامی و قەوارە کارایەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا چییە؟**

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یۆنامی)، نێردەیەکی سیاسییە و لە ساڵی ٢٠٠٣ دا لەسەر داوای حکوومەتی عێراقی و بەپێی بڕیاری ژمارە ١٥٠٠ی ئەنجوومەنی ئاسایش دامەزراوە. لە ساڵی ٢٠٠٧یشدا، بەپێی بڕیاری ١٧٧٠ ڕۆڵ و ئەرکەکەی بەشێوەیەکی گەورە فراوانتر کرا.

بەڵام بوونی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە دوولایەنەکانە لەگەڵ حکوومەتی عێراقی.

**لە کەیەوە و بۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدان؟**

عێراق ئەندامی دامەزرێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانە. لە ساڵی ١٩٥٥ ەوە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا کار دەکەن. هەروەها چەند ڕێکخراوێکی دیکەش لە سەرەتایەکانی نەوەدەکان و جارێکی دیکە لە ساڵی ٢٠٠٣دا نووسینگەکانیان لەو وڵاتەدا کردووەتەوە.

نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ وەدیهێنانی پێداویستییەکانی گەلی عێراق و پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانیان بۆ وەدیهێنانی ئایندەیەکی ئاشتیخوازانە و گەشەسەندوو، بەردەوام لە عێراق دەبێت .

**ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ هاوپەیمانییەکی لەگەڵ کۆمەڵە و گرووپی دیاریکراودا هەیە؟**

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخراوێکی بێلایەنە و لەسەر داوای حکوومەتی عێراقی و بە هاوبەشی لەگەڵیدا کار دەکات. نەتەوە یەکگرتووەکان جیاوازیی لەنێوان هیچ کۆمەڵە و دەستە و گرووپێکی سیاسی یان تائیفی و نەژادی ناکات و لایەنگری کەسیشیان نییە. هەروەها لە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ڕەخساندنی دەرفەت بەشێوەیەکی یەکسان بۆ سەرجەم عێراقییەکان پابەندی بەرزترین پێوەرەکانە، بۆ وەدیهێنانی ئایندەیەکی سەرکەوتووانە و سەربەرزانە و بەردەوامی گەلی عێراقیش ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگرێت و پاڵپشتیش لە تواناسازی دەکات.

**چۆن یۆنامی بەڕێوە دەبرێ؟**

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا سەرۆکایەتی نێردەکە دەکات و دوو جێگیریش پاڵپشتیی لێ دەکەن و یارمەتیی دەدەن، یەکێکیان سەرپەرشتیی کاروباری سیاسی و هەڵبژاردن و دووەمیش سەرپەرشتیی هەوڵە مرۆیی و گەشەپێدەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات و ئەرکی ڕێکخەری نیشتەجێ و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە عێراق ڕادەپەڕێنێ. هەروەها نێردەکە بە پاڵپشتیی بەڕێوەبردنی پاڵپشتیی وەگەڕخەر (التشغيلي)، کاروباری سیاسی و کاروبارەکانی بنیادنانی ئاشتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەپەڕێنێ

هەروەها لەمیانی بڕیاری ٢٤٧٠ ی ساڵی (٢٠١٩)، کە لە ٢١ی ئایاری ساڵی ٢٠١٩ دا دەرچووە، ئەنجوومەنی ئاسایش ئەرك و کار و بەرپرسیارییەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ یارمەتیدانی عێراق تا ٣١ مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٢٠ درێژ کردەوە.

ژمارەی کادیرە ڕێگەپێدراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ٨٥٢ کەسن (٣٣١ کەسیان نێودەوڵەتین و ٥٢١ کەسیشیان نیشتمانین).

گوژمەی نێردەکە بۆ ساڵی ٢٠١٩ : ١٠٥,٧ ملیۆن

دۆلاری ئەمریکی بوو.

# چاوپێکەوتن لەگەڵ

## جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بۆ کاروباری سیاسی و یارمەتیدانی پرۆسەی هەڵبژاردن

# ئەلیس وۆلپۆڵ




**پێویستە شانازی بکەین بەوەی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق نێردەیەکی نێونەتەوەیی ئەوتۆیە ژن سەرکردایەتی دەکات، ئەمەیش دەتوانێ ئەو پەیامە گرنگە بگەیەنێ کە دەڵێ نەتەوە یەکگرتووەکان پابەندە بە وەدیهێنانی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز لە هێزی کاری خۆی، بەتایبەتیش لە وڵاتێکدا کە تیایدا ژن بۆ وەدەستهێنانی پۆستی سەرکردەیی، ڕووبەڕووی گرفتی لەمجۆرە بووەتەوە**

**ئەو شتانە چین کە لە ساڵی ٢٠١٩ زۆرترین شانازی پێ دەکەیت؟ ئاخۆ شتێکی دیاریکراوی بەرجەستە و دیار هەیە کە جێبەجێت کردبێت، یان لە جێبەجێکردنیدا بەشدار بووبیت؟**

لەهەنبەر کارکردنمان لەگەڵ گەنجانی سەرانسەری وڵات بە درێژایی ساڵی ٢٠١٩ هەست بە شانازی دەکەم. بێگومان ڕۆڵی گەنجانی عێراقی لەهەنبەر ئایندەی وڵاتەکەیاندا ڕۆڵیکی سەرەکی و تەوەرەییە ، هەروەها بەنیسبەت زۆربەیانەوە ساڵی ٢٠١٩ ساڵێك بووە بە ڕابوونێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەناسرێتەوە. لە ماوەی ئەو ساڵەدا سەرۆکایەتیی چەند وۆرکشۆپێکم کردووە کە لە چەندان پارێزگەی سەرانسەری ئەو وڵاتەدا بۆ چالاکوانە گەنجەکانی نێو جڤاکە خۆجێیەکان بەڕێوەچوون، تیایاندا زۆر سەرسامی گوڕوتاو و پابەندبوونی ئەو کەسانە بووم کەوا لەگەڵ کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ئابوورییەکانی جڤاکەکانیان مامەڵەیان دەکرد، هەروەها سەرسامی مامەڵە زیندووەکەیان بووم لەگەڵ سیاسی و بەرپرسە خۆجێییەکان.

عێراق بە شێوەیەك زۆر دەرهاوێشتە بە گەلێکی گەنج دادەندرێ، چونکە تەمەنی ٪٧٠ دانیشتووانەکەی لە ٢٥ ساڵ تێناپەڕێ. هەروەها سوود وەرگرتن لە توانایەکانی ژمارەیەکی گەورەی دانیشتووانی گەنج بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکارییەکی پڕ مانا و مەبەست بۆ نێردەکە جێگەی جەختکردنەوەیەکی گرنگە. گەنج و لاوانی عێراق ئەوەیان پیشان دا کە لە هەوڵیاندا بۆ وەدیهێنانی ئایندەیەکی باشتر، زۆر چالاك و داهێنەرن و خاوەن کاری کۆمەڵایەتی و ئازایەتین. ئەو لاوە کچ و کورانە بەشی هەرە گەورەی ئەو عێراقییانەیان پێکهێناوە کە لە خۆپیشاندانە ملیبیە بەرفراوانەکانی نێو بەغدا و زۆرێك لە ناوچەکانی دیکەی ئەو وڵاتەدا هەر لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ بەشدارییان کردووە. جێگەی داخ و کەسەرێکی گەورەشە کە زۆربەی قوربانیانی بەکارهێنانی توندوتیژییەکی زێدەڕۆیانە و چەندان پێشێلێکاریی دیکەی مافەکانی مرۆڤ کە هاوتەریب بوون لەگەڵ خۆپیشاندانەکان، گەنجانی تازە پێگەیشتوو بوون. نێردەکە بە درێژاییی دوا مانگە پڕ لە شڵەژانەکانی ساڵی ٢٠١٩، پێوەندیی لەگەڵ خۆپیشاندەرانی گەنجدا بەردەوام بووە، من خۆم زۆر بە توانای خۆڕاگری و عەوداڵییان لەهەنبەر گۆڕانکاری، کاریگەر بووم.

یەکێك لە گرنگترین پەیامەکانم بۆ گەنج و لاوانی عێراقی هاندانیان بوو بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، جا چ وەك دەنگدەر چ وەك پاڵێوراوانی ئایندە بوویێت، بۆ ئەوەی دەنگیان ببیسترێ و بژاردەکانیان تۆمار بکرێ. دەزانم ئەوان لە سەرکردە






سیاسییەکانی ئێستە بێهیوا بوون، بەڵام من هیواخوازم ئەو دوا یاسایەی هەڵبژاردن بۆ هێنانە پێشەوەی چەند سیاسییەکی نوێ بۆ نێو پەرلەمان یارمەتیدەر دەبێت کە پێوەندی گرتن لەگەڵیاندا ئاسان بێت و بتواندرێ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ. هێشتاکەش هەست بە نائاسوودەیی دەکەم کاتێك درك بەوە دەکەم دەنگدەران زۆر بە کەمی -بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٨- ڕوو لە بنکەکانی دەنگدان دەکەن. چونکە هەر دەبێ نوێنەران و ڕێبەرە سیاسییەکانی نێو عێراق متمانەی لاوان بەدەستبێنن بۆ ئەوەی لاوان لە ئایندەدا بە متمانەوە تەقلی کردەی هەڵبژاردنی سیاسی ببن.

**لە زۆر بۆنەی ساڵی ٢٠١٩ دا گوتت دەبێ ژن لە عێراق بەپێی پێویست و تەواو، بەشداری لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی دروستکردنی بڕیاردا بکەن. بۆچوونت لەهەنبەر دۆخی هەنووکەیی ژنی عێراقیدا چییە؟**

نائامادەیی کردەی نوێنەرایەتیکردنی ژن لە ژیانی گشتیی عێراقدا بۆ من هەر بە پرسێکی پڕ لە نیگەرانی دەمێنێتەوە. بەشداریکردنی ژن لە دەستە و لیژنەکانی دروستکردنی بڕیار، بە حکوومەتیشەوە، بەداخێکی گەورەوە زۆر کەم و دیاریکراوە، هیچ وڵاتێکیش ناتوانێ کارامەیی و ئەزموونەکانی نیوەی دانیشتووانەکەی بەمشێوەیە پشتگوێ بخات. نێردەکە بەبەردەوامی داوای ڕەخساندنی دەرفەتە ڕاستەقینەکانی کردووە لە کردەکان و پۆستەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و حکوومی، لەبەردەم زۆرێك لە ژنانی شیاندراو و شارەزای عێراقی. من خۆم چەندان جار بە ئاشکرا باسم لەوە کردووە کە پێویستە عێراق کارێکی زۆر بکات بۆ ئەوەی ژنانی بەهرەمەند دەرفەتی وەهایان بۆ بڕەخسێندرێ پۆستەکانی سەرکردایەتی وەدەستبێنن، جا ئەگەر لە پەرلەماندا بێت، یانیش لە حکوومەتە خۆجێییەکان و دادگەکان و پیشەی گشتی و بواری دبلۆماسی و ئەکادیمی و کاروبارەکان و جڤاکی مەدەنی بێت. عێراق کە ڕەزامەندی لەسەر ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی گشت جۆرە هەڵاواردنێکی دژ بە ژن (CEDAW) و چەند چوارچێوەیەکی دیکەی نێودەوڵەتی لەپێناو ڕابوونی دۆخی ژن دەربڕیوە، ئێستە لەسەری پێویستە ئەو پابەندبوونانە بکاتە کردار.

ئەو خۆپیشاندانە گەورە میللییانەی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ سەریان هەڵدا، بەشداریکردن و تەقلیبوونێکی بەرفراوانی ژنانی بەخۆیەوە بینی، ئەوان لەپێناو هێنانەکایەی چەند ڕیفۆرمێکی فراوان بۆ بەرپەرچدانەوەی کەلتوورێکی گەورەی گرفت و ستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە هەڵپەسێردراوەکان بەسووربوونەوە پێداگربوون. ئەم بزووتنەوەیە بۆ ڕەخساندنی دۆخی دامەزراندنی ژن لەنێو دەستگە حکوومییەکان ترووسکاییەکی هیوا دەڕەخسێنێ دوای ئەوەی ڕیفۆرمیان تیادا دەکرێ. بەڕاستی جێگەی بێهیواییە کە ئەم دەرفەتە بێهاوتایە بۆ بنیادنانی هەمەڕەنگی و هەمەچەشنی لە سەرکردایەتیکردنی عێراق، تا ئێستەیش درکی پێنەکراوە.

من هێشتاکە سەرسامی ئەو ڕۆڵ و بەشدارییە داهێنەر و کارایانەم کەوا ژنە چالاکەکانی عێراق ڕایانپەڕاند، بە ئەندامانی کۆمەڵەی ڕاوێژکاری ژنانەی نێردەکەشەوە. کۆمەڵەی ڕاوێژکاری لە ساڵی ٢٠١٩دا سەلماندی بۆ پێشکەشکردنی شیکردنەوە و ڕاوێژی زۆر ئاستبەرزی جۆری بۆ بەڕێوەبەرایەتیی نێردەکە و کەسانی دیکەش سەبارەت بە چەندان پرس سەرچاوەی بەهایەکانە، وەك ڕیفۆرمی بواری هەڵبژاردن و توندوتیژیی خانەوادەیی و چاوگێڕانەوەی هەنووکەیی دەستووری، لە کاتێکدا ئاستی بەشدارپێکردنی شارەزایانی ژن لەو لیژنانە بەجۆرێکی بێهیواکار نزم بوو کە حکوومەت سەبارەت بە ڕیفۆرمەکانی یاسادانان و دەستووری پێکی هێنابوون.

**بەدرێژاییی ساڵی ٢٠١٩ لەنێو ڕێزەکانی نێردەکەدا**



**بەشدارییەکی چالاکانەت لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەزدا کرد ، ئەدی ئێستە نێردەکە بۆ ڕاکێشانی هەرچی زیاتری ژن چی بە دەستەوەیە؟**

پێویستە شانازی بکەین بەوەی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق نێردەیەکی نێونەتەوەیی ئەوتۆیە ژن سەرکردایەتی دەکات، ئەمەیش دەتوانێ ئەو پەیامە گرنگە بگەیەنێ کە دەڵێ نەتەوە یەکگرتووەکان پابەندە بە وەدیهێنانی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز لە هێزی کاری خۆی، بەتایبەتیش لە وڵاتێکدا کە تیایدا ژن بۆ وەدەستهێنانی پۆستی سەرکردەیی، ڕووبەڕووی گرفتی لەمجۆرە بووەتەوە.

هەرچەندە لە چوارچێوەی نێردەکەدا بۆ دیاریکردنی زۆرێك لە کارمەندانی ژن، هەندێك پێشکەوتن وەدەستهاتوون، بەڵام هێشتاکە زۆرێك لەو کارانە ماون کە دەبێ لە بواری دامەزراندن و پێشخستنی وەزیفی بۆ پاراستنی کارمەندانی لێهاتوو و شیاو و بەکێشکردنیان بیانکات، جا ئەگەر کارمەندانی نێودەوڵەتی یانیش عێراقی بن. لە ئێستەدا ڕێژەی ژنانی کارمەند لە نێردەکەدا ٢١٪ ئەمەیش زۆر لە خوار ئاستی ئەو تێکرایەیە کە لە گشت نێردە مەیدانییەکاندا هەیە، بەڵام بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو بەرزبوونەوەیەکی بەخۆیەوە بینیوە.

**پاراستنی کەمینەکان و پتەوکردنی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان بەشێکە لە کار و ئەرکەکانی نێردەکە، ئایا لە ساڵی ٢٠١٩ دا لەم بوارەدا کاری کردووە؟**

نێردەکە بۆ پتەوکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان، بەردەوام کۆمەڵێك چالاکیی جێبەجێ کردووە، بۆ نموونە: بەدرێژاییی ساڵی ٢٠١٩ بۆ چارەکردنی ئەو گرفتە بەردەوامانەی ڕووبەڕووی ئایینزای ئێزیدی دەبێتەوە، کارمان لەگەڵ کەسانی سەر بەو ئایینزایە کردووە، هەروەها هەوڵەکانمان لەگەڵیاندا بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەگەرانەش بووە لەبەردەم گەڕانەوەیەکی بەردەوام و بێمەترسی بۆ سەر ماڵو حاڵی خۆیان کە دەبنە ڕێگر ، هەروەها بەردەوامبوونی دەربازبوون لە سزای ئەو پێشێلکارییە تۆقێنەرانەی لەهەنبەر یاسای نێودەوڵەتی دەکرێ و بەدژی زۆرێك لە خانەوادە ئێزدییەکان پێڕەو کراوە، تەوەرێکی دیکەی کار و کۆششەکانمان بووە.

لەگەڵ کار و پێوەندیی بەردەوامم لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی سەر بە کۆمەڵە و جڤاك و کەمینەکان، بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێك چاوم بە سیاسیەکانی مەسیحی و شەبەك و ئێزدیی دەکەوێ. هەروەها لەگەڵ ڕێبەران و پیاوانی ئایینیش لە پێوەندیی بەردەوامداین ، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٩ دا چاوم بە ئەسقەفەکانی مووسڵ و بەسرە کەوت، چونکە هەر یەکێك لەوان لە ئاشتەواییی خۆجێیی و دەستپێشخەرییەکانی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی و پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان، ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن. جگە لەمانەیش، لە ماوەی پێوەندیی بەردەوامم لەگەڵ سەرۆك و ڕێبەرە عەشایرییەکانی هەردوو پارێزگەی بەسرە و ئەنبار بە نموونە، جەختم لەسەر پاڵپشتیکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووەتەوە بۆ ئەو هەوڵ و کۆششانەی لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەرەکان بۆ دابڕبوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نێو جڤاکە خۆجێیەکان دەیگێڕن، بەتایبەتیش ئەوەی بەهۆی نەبوونی سەقامگیریی سیاسی لەم ماوانەی دواییدا سەری هەڵدا.

**بەشێك لە ئەرك و کارەکانی سەرشانی نێردەکە (بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ٢٠١٧/٢٠١٣) بەندە بە پرسی بێسەروشوێنانی کوێت و هاووڵاتییانی وڵاتانی دیکە و موڵکوماڵی بزربووی کوێتی، ئێستە لەهەنبەر ئەم پرسەدا بارودۆخەکە لە چی دایە؟**

پێمخۆشە بڵێم ساڵی ٢٠١٩ لەهەنبەر ئەو پێشکەوتنانەی لەم دۆسیەیەدا هاتنە ئاراوە ساڵێکی زۆر پڕ بەرهەم بوو. بۆ یەکەمین جار و لە ماوەی ١٥ ساڵ ڕاستیی ئەو بۆچوونەمان سەلمێندرا کە هەندێك لەو ئێسکوپرووسکانەی (رفات) لە عێراق دۆزرانەوە هی کوێتییەکانە. تیمی هاوبەشی وەزارەتی بەرگریی عێراق و لیژنەی نیشتمانیی کوەیتی بۆ کاروباری تایبەت بە بێسەروشوێنان و دیلەکانی جەنگ لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠١٩ دا لە دوو شوێنی شاردانەوەی نێو پارێزگەی موسەنادا چەند هێسکوپرووسکێکیان دەرهێنا. دوای چەند پشکنینێکی سەرەتایی لە بەغدا، لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٩ ئێسکووپرووسکەکان درانەوە لایەنی کوەیتی، هیواخوازین پشکنینەکانی بەڵگەی تاوانکاری - کە ئێستە لەسەر ئێسکوپرووسکەکان دەکرێن- بیسەلمێنن کە هی هاووڵاتییانی کوەیتن. نێردەکە یارمەتی و پاڵپشتیی پێشکەشی ئەو کردەیە کردووە، بۆ ئاسانکاری لەپێناو سەردانیکردنی تیمێکی بەرپرسانی کوەیتی بۆ پەیمانگەی پزیشکی دادی لە بەغدا و گواستنەوەی چەند نموونەیەکی هەڵبژێردراوی ئێسك بەرەو کوەیت، لە مانگی حوزەیراندا فڕۆکەکانی خۆشمانی خستوونەتە بەردەست . من پێم وایە ئەو هاوکارییە بنیادنەرانەیە لەنێوان دەستهەڵاتەکانی عێراقی و کوەیتی هیوامان پێدەبەخشێ، هەروەها زۆر سوپاسگوزاری ئەو سەرکردایەتییە بەهادار و بەردەوامەم کەوا لیژنەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور لەنێو لیژنەی سێینەی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە بێسەروشوێنانی کوەیتی، پیشانی دا.

هەر دەبێ ئەوەش بڵێم کە کوەیت لەمیانی سەرکردایەتیکردنی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٩ سەبارەت بە کەسانی بێسەروشوێنی نێو ململانێی چەکداری، یەکەمین بڕیاری لەسەر خشتەی کارەکان بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش دارِشت و دانا. هەروەك چۆن لە گوتەکەشم بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی قوربانیانی بەزۆر ڕفاندن لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٩دا پێشکەشم کرد، تیایدا ڕوونم کردووە بڕیاری ٢٤٧٤ (٢٠١٩) بە هۆکارێکی گرنگی کردنەوەی باسوخواسی مافی خانەوادەی قوربانیان دادەندرێ لە زانینی چارەنووس و شوێن و سۆراغی خۆشەویستانیان. پرسی ڕفێندراو و بێسەروشوێنان لە عێراقدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی دەبێت، چونکە سەتان هەزار کەس لە ماوەی چەند دەیەیەکدا لە گشت پێکهاتە و نەژادەکاندا بە هۆی ململانێی چەکدارییەوە بێسەروشوێن بوون.

سەبارەت بە موڵك و ماڵە بزربووەکانی کوەیتیش، ساڵی ٢٠١٩ پێشکەوتنێکی کرۆکییانەی بەخۆیەوە بینی، چونکە لە کۆتاییەکانی ئاب و جارێکی دیکەش لە کۆتاییەکانی تشرینی یەکەمدا، عێراق بە دوو کەرەتی گەورە پەڕتووکی دایەوە پەڕتووکخانەی مەڵبەندیی کوەیت و زانکۆی کوەیت، تێکڕای ئەو ڕێژە پەڕتووکەی ڕادەستی کوەیت کرایەوە نزیکەی ٢٤٠٠٠٠ پەڕتووك بوو. لەگەڵ شادمانیمان بەو پێشکەوتنانە، نێردەکە لە داواکارییەکانی خۆی بۆ گەڕاندنەوەی ئەو موڵك و ماڵە بزرانە بەردەوام دەبێت کە هێشتاکە وەك پرسێکی هەڵواسراوی ئەرشیفی نیشتمانیی کوەیتی ماونەتەوە.

**کاری لە پێشینەی لایەنی سیاسیی نێو کاری نێردەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ چییە؟ ڕێگەی وەدیهێنانی چۆن دەبینیت؟ ئایا پێشبینیی ڕەوتێکی دژوار دەکەیت؟**

ڕوون و ئاشکرایە عێراق لە ئێستەدا ڕووبەڕووی چەند ئالنگارییەکی ئاڵۆزی زۆر نائاسایی سیاسی بووەتەوە. چەند هەفتە و مانگێکی لە چەسپاندنی هەندێك سەقامگیری و سەرکردایەتیی داهاتوو، گرنگییەکی زیندووانەی هەیە کە ئەو وڵاتە تا ئەوپەڕی پێویستی پێی هەیە. یەکێك لە پرسە هەرە پێداگر و لە پێشینەکانیش هەڵبژاردن و دانانی سەرۆکوەزیرانی نوێیە، پێویستە نەك هەر لە لایەن قەوارە گەورە سیاسییەکانەوە پەسند بکرێ، بەڵکو دەبێ لە لایەن ئەو خۆپیشاندەرانشەوە ببێتە جێگەی پەسندکردن کە هەوڵ و کۆششە پڕ لە ئازایەتی و بەردەوامەکانیان بووە هۆی ئەو گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە لە ئێستەدا زۆر پێویستن. نێردەکە هەوڵ دەدات بۆ ڕاپەڕاندن و پێڕەوکردنی خشتەی کاری ئاڵۆزی سیاسی و یاسایی قۆناغی داهاتوو، پاڵپشتیی لە سەرۆکوەزیرانی نوێ و حکوومەتەکەی بکات.

یەکێك لەو بوارانەی دەمەوێ جەختی لەسەر بکەمەوە ڕیفۆرمی بواری هەڵبژاردنە، من شانازی دەکەم بەو ڕۆڵەی تیمی یارمەتیدانی کردەی هەڵبژاردن لە مەسەلەی ڕاوێژ و بانگەشەکردن سەبارەت بە یاسای نوێی هەڵبژاردن و یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا گێڕای. سەبارەت بە ئامادەکارییەکان بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی ئازادانە و پاك لە ئایندەدان بەوپەڕی هەوڵ و کۆششی خۆشمانەوە کار بۆ یارمەتیدانی کۆمسیۆنەکە دەکەین ، جا لەبەرئەوەی ئەمە بەشێکە لە چارەسەری ئەو کەرتبوون و دابڕانە سیاسییەی ئەو وڵاتە تیایدا دەژیەت، هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی توانایەکی باشتر لەسەر پرسی سەرکردایەتییە سیاسییەکان و بەردەوامی پێوەندی لەگەڵیاندا، تێڕوانینێك لە کردەی هەڵبژاردن وەك کردەیەکی پاك لەسەر ئاستی نیشتمانی و پارێزگەکانیشدا بە مەسەلەیەکی گرنگ دادەندرێ ، بەتایبەت لەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە. هەروەها ناکرێ چارەسەری ئەو کەلتوورە بکرێ کە خۆی لەو سەرکردایەتییانەدا دەبینێتەوە ملکەچی لێپرسینەوە نابن، هەروەها گەندەڵییەکی بەربڵاو و تەشەنەسەندوو و نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی ژنان لە کردەکانی دروستکردنی بڕیار، تەنیا لەمیانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگەکاندا دەبێت کە پاڵێوراو و هەڵبژێردراوەکانی نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینە دەنوێنن.

ئەم هەموو کارە لەپێشینە و سەرلیستانە لە تیمەکانی سیاسی و هەڵبژاردنەکان و کەسانی تایبەت بە بەرگریکردن لە مافی مرۆڤی نێو نێردەکە دەبنە داواکارییەکی پێداگر ، جا ئەگەر ئەو کەس و تیمانە بن کە لە بەغدان، یانیش هەر نووسینگەیەکی دیکەی مەیدانی کە لە سەرانسەری عێراق کار دەکەن، بەردەوام گونجان و هەماهەنگییەك لەنێوان زۆرێك لە ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکاندا بهێننە ئاراوە. من لەهەنبەر ئەو کار و دەستکەوتە مەزنانە زۆر شانازی دەکەم کە لە هەلومەرجی زۆر سەختی نێو ساڵی ٢٠١٩دا وەدەستیان هێناوە و پێی سەرسامم، گومانیشم نییە لەوەی دەتوانن ڕووبەڕووی ئالنگارییەکانی ساڵی ٢٠٢٠ یش ببنەوە و بەسەریاندا زاڵبن

## چاوپێکەوتن لەگەڵ

### جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی لە عێراق/ هەماهەنگیکاری نیشتەجێ/ هەماهەنگیکاری کاروباری مرۆیی

# خاتوو مارتا ڕۆیداس



> پێکهاتەی گەشەپێدانی ژێرخانیش هەیە کە بەرنامەی وەدیهێنانی سەقامگیری یارمەتیدەرە لە پاڵپشتیکردنی و لە ساڵی ٢٠١٩ دا لە پاڵپشتیکردنی بەردەوام بوو.

**چۆن ڕۆڵی خۆت هەڵدەسەنگێنی وەك جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی لە عێراق/ هەماهەنگیکاری نیشتەجێ/ هەماهەنگیکاری کاروباری مرۆیی کە سەرپەرشتیی هەوڵە مرۆیی و گەشەپێدەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەکەیت؟**

ساڵی ٢٠١٩ یەکەمین ساڵ بوو کە تیمی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەپێی میکانیزمی نوێی ڕیفۆرمی پەیکەرەی گەشەپێدەرانە کار بکات. کەواتە کەمێك پێشکەوتنمان بەخۆمانەوە بینیوە. ئەمەیش واتای ئەوەیە میکانیزمی هەماهەنگی کەمێك دەگۆڕێ و بێگومان لە گەڵیشیدا ئامرازەکانیش دەگۆڕێن. لەبەرئەوە، ئەمساڵ بۆ دانانی چوارچێوەیەکی نوێی هاوکاری هەوڵێکمان خستە گەڕ کەوا پەیکەرەی گەشەپێدەر لەمیانییەوە کار دەکات.

هەروەها بۆ نوارین لە چۆنییەتیی پێشکەوتنی دۆخەکە لە عێراق، گەیشتووینەتە ڕەشنووسێکی سەرەتایی، لەوانەشە بەهۆی لێڵی و نارۆشنی لە گۆڕەپانی سیاسیدا، دەستکردن بە جێبەجێکردنەکە دوا بخەین.

بەلای کەمەوە وەك پەیکەرە و پێکهاتەیەکی گەشەپێدەر بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێك دەرئەنجام بەشێوەیەکی هاوبەش کارمان کردووە کە هەمووان لەسەری ڕێککەوتوون و دەکرێ لەهەنبەر دەرئەنجامە گەشەپێدەرەکانەوە بپێورێن. ئەمەیش هەنگاوێکی باشە بەرەو پێشەوە.

**ئەو بوارە لەپێشینە و سەرلیستانە چین کە تیایدا زۆربەی پڕۆژە مرۆیی و گەشەپێدەرەکانی ساڵی ٢٠١٩ جێبەجێ کران؟**

سەبارەت بە بەرنامەی مرۆیی، مەسەلەکە لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە، بەو واتایەی هێشتاکە کارکردن بۆ پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی کەسانی نیشتەجێی نێو خێوەتگەکان بەردەوامە. هێشتاکەش ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتووان لە خێوەتگەکاندا هەن. بەڵام بەرەو دۆزینەوەی چارەسەری بەردەوام، دەستمان بە پێشکەوتن کردووە، ئەمەیش واتای هەوڵی وەرچەرخاندن و گۆڕانی کەسەکانە لە دۆخی خێوەتگەکانەوە بەرەو چارەسەری دیکە.

با کەمێك بۆت ڕوون بکەمەوە؛ لە ترۆپکی قەیرانی داعشدا، ٦ ملیۆن ئاوارە هەبوون. دوای دوو ساڵ و نیویش، زیاتر لە ٤ ملیۆن کەس گەڕانەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان.

ئەوانەی گەڕانەوە چارەسەرێکی ئاسانی گەڕانەوەیان لەبەردەستدابوو- خانووەکانیان وەك خۆی مابوویەوە، یانیش پێویستی بە کەمە نۆژەنکردنەوەیەك هەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دووبارە پەیوەستبوونەوەیان بە جڤاکەکانی خۆیان بەپێی توانا کردەیی بوو. کەچی ئاوارەکانی دیکە پێویستیان بە ڕێباز و ڕەوتێکی جیاوازتر بوو، واتا پاڵپشتیکردنێکی کارا و چالاکتر کە زۆر بە دۆخی سرووشتی بچێت. سەبارەت



بەو کەسانە و لەپێناو چارەسەری بەردەوام پێویستمان بە دانانی بەرنامەی پاڵپشتێکردنێکی سیستماتیك هەیە. لە ساڵی ڕابردوودا، لەپێناو دۆزینەوەی جێگرەوە بۆ ئەو ئاوارانە زۆر کارمان کرد. بێگومان بۆ یارمەتیدان و پاڵپشتیکردنیان، چەند بەرنامەیەکی مرۆییانەی ڕێکوپێك هەبوون وەك: دراو و تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن و نیشتەجێکردن و پاڵپشتیکردن بۆ خۆئامادەکاریی هەنبەر کارەساتە سرووشتییەکانی وەك زەمینلەرزە و لافاوەکان. کۆی ئەمانەیش دەکەونە نێو چوارچێوەی ئەرك و بەرپرسیاریەتییە مرۆییەکانمان.

چارەسەرە بەردەوامەکان پاکێجێکی پاڵپشتیکردن پێکدەهێنن کە پێویستی بە یارمەتیی مرۆیی و گەشەپێدەرانە هەیە. لەو دۆخانەدا جەختکردنەوەیەکی گەورە لەسەر بنیادنانی پتەوی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی نێو جڤاکی خۆجێی بوونی هەیە. ئەمەیش دامەزراندن و کارکردن لەگەڵ جڤاکی خۆجێیی و هتد دەگرێتەوە.

هەروەها پێکهاتەی گەشەپێدانی ژێرخانیش هەیە کە بەرنامەی وەدیهێنانی سەقامگیری یارمەتیدەرە لە پاڵپشتیکردنی و لە ساڵی ٢٠١٩دا لە پاڵپشتیکردنی بەردەوام بوو. هەروەها لە لایەنی گەشەپێدەرشەوە کارمان بۆ بەهێزکردنی ڕەگەز و لایەنە دەستگەییەکان کردووە، وەك هەردوو وەزارەتی پەروەردە و تەندروستی. هەروەها بۆ یارمەتیدانی حکوومەت و لەپێناو پێشخستنی سیستمە بەهێزەکانی سەروەربوونی یاسا، کار بۆ پاڵپشتیکردنی یاسایی و خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان دەکەین.

هەروەها دەبێ ئاماژە بە پێکهاتەیەکی دیکەی بەهێز بکەین کە پێشدەخرێ، ئەویش گەشەپێدانی کشتوکاڵی و بەڕێوەبردنی سەرچاوە سرووشتییەکانە. چونکە هەرچەندە ئێمە هێشتا لە ناوچە ئازادکراوەکاندا چالاکین، بەڵام هێشتاکە زۆر پێشهات لە باشووری عێراقدا ڕوو دەدەن، وەك بەسرە بە نموونە.

**لە ساڵی ٢٠١٩ دا قەیرانێکی بەردەوامی مرۆییمان بینی، بەتایبەتیش لەگەڵ دوا پێشکەوتنەکان لە سوریا و هاتنی شەپۆلی پەناخوازانی سوری بەرەو عێراق، ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەم کەسە بێدەرەتانانە چی کردووە؟**

هێشتاکە سورییەکانی نێو هەرێمی کوردستان لە خێوەتگەکانی نێو دهۆك و دەوروبەریدان. هاتنی شەپۆلی نوێی پەنابەران سادە و خاکەڕاییانە بوو، نزیکەی ٢٠ هەزار کەس دەبوون. جا لەبەرئەوەی ژمارەی ئێستە نزیکەی ٢٥٠ هەزار کەسە، ئەوا دژوار نەبوو باوەش بۆ بیست هەزار کەسی دیکەش بکرێتەوە، بەتایبەتیش دەسەڵاتە کوردییەکان بۆ پێشوازیکردن و وەرگرتنی شەپۆلە نوێیەکە لەوپەڕی ئامادەباشیدا بوون. جا لەو کاتەی زۆربەی پەناخوازانی سووری کە لە سنوور پەڕیبوونەوە کورد بوون، ئەوا جێکردنەوە و وەرگرتنیان لەنێو دانیشتووانی ئێستەدا ئاسان بوو، هەروەها ڕێگەشیان پێ درا خێوەتگە بەجێ بهێڵن، بەتایبەت ئەگەر لە دەرەوەی خێوەتگەکەدا سەرچاوەیەکی داهات شك ببەن.

**هەرچەندە تەنگوچەڵەمە و ئاستەنگ هەن، بەڵام خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە گەیاندنی یارمەتییەکان بۆ ئەو ناوچانە بەردەوام بوو کە ماوەیەکە ئازاد کرابوون. ئایا تۆ ڕازی لەو کارانەی تا ئێستە وەدیهاتوون؟**

بەردەوام دەتوانین شتی زیاتر بکەین. بەڵام

> **چارەسەرە بەردەوامەکان پاکێجێکی پاڵپشتیکردن پێکدەهێنن کە پێویستی بە یارمەتیی مرۆیی و گەشەپێدەرانە هەیە. لەو دۆخانەدا جەختکردنەوەیەکی گەورە لەسەر بنیادنانی پتەوی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی نێو جڤاکی خۆجێی بوونی هەیە. ئەمەیش دامەزراندن و کارکردن لەگەڵ جڤاکی خۆجێیی و هتد دەگرێتەوە**





ڕازیم لەهەنبەر تواناکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کاروبارانەی بڕیاری ڕاپەڕاندیانمان دابوو. بێگومان هێشتاکە ئاستەنگ لەبەردەم ئاوێتەکردنەوەی ئەو خانەوادانە هەیە کە پێوەندییان لەگەڵ داعشدا هەبوو، بەڵام ئێمە کار لەسەر ئەو دۆخانە دەکەین و هەندێك پێشکەوتن وەدی دەهێنین.

ئەو ئامانجانەشمان هێنایەدی کە بەخۆمانمان دانابوون، من لەمبارەیەوە ڕازیم.

**بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندان ئاژانس و سندووق و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەشدارییەکی بەهێز و کارایان لە هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەدا هەبوو کە بەمدواییانە ئازادکراون. دەتوانی لەمبارەیەوە زانیاریی زیاترمان پێ ببەخشی؟**

دەبێ بڵێم کە ئەم مەسەلەیە هێواشترە. بێگومان پێکهاتەی وەدیهێنانی سەقامگیری تا ڕادەیەك خێرا بوو، بەڵام ئەم مەسەلەیە تەنیا پێوەندیی بە ژێرخانەوە هەیە و لە ڕووی تەکنیکیشەوە ئاسانترە. دەڵێم " تەنیا" بەڵام هێشتاکە لە ژێرخاندا پێویستمان بە پاڵپشتییەکی زۆر هەیە. زۆربەی کاروبارە دوورمەودایەکانی وەك وەگەڕخستن و پێشخستنی سیستمەکانی تەندروستی و نیشتەجێکردن و فێرکردن و ئاشتەوایی و سەرووەریی یاسا، هەوڵ و کۆششێکی دوورمەودای گەرەکە و پێویستی بە چەند دەستگەیەك هەیە پاڵپشتیی بەهێزیان هەبێت. پێم وایە ئەم پلانە تا ئێستەیش هەڵواسراوە.

**نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٩دا سەبارەت بە کردەی پارە بەخشین بۆ یارمەتیدانی عێراق چەند بانگەوازێکی بڵاو کردەوە. هەڵسەنگاندنت بۆ وەڵامدانەوەی بەخشەران چییە؟**

بانگەوازێکی ساڵانە هەیە. هەروەها پلانی کاردانەوەی مرۆیی لە کانوونی یەکەمی ساڵی پێشوودا دەستی پێدەکرێ، لەگەڵ دەرخستەیەکی گشتیی بۆ کاری مرۆیی جیهانی. ڕاستییەکەی، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ دا بانگەوازمان کرد. هەروەها کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران بۆ پەناخوازان پلانێکی تایبەت بە کاردانەوەی هەیە و بەشێوەیەکی جیا ڕادەگەیەندرێ و دەستی پێدەکرێ.

منیش وەك هەماهەنگیکاری کاروباری مرۆیی، چاودێریی پلانی کاردانەوەی مرۆیی دەکەم و کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ کاروباری پەنابەران چاودێریی پلانی کاردانەوەی هەنبەر پەناخوازان دەکات. سەبارەت بە پلانی کاردانەوەی مرۆییش تێکڕا و ئاستی کاردانەوەی بەخشەران بەرز بوو. پێشم وایە دەبێ هەست بە ڕەزامەندی بکەین. بەخشەران متمانەیان بەو بناغە شیکردنەوەییە هەیە کە ئێمە سەبارەت بە داواکارییەکانمان پێیان دەبەخشین. پێدەچێ ئەوانیش متمانەیان بە توانای ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئێمە و ئەو ڕاپۆرتانەش هەبێت کەوا سەبارەت بەو کار و پڕۆژە ڕاپەڕێندراوانە پێشکەشیان دەکەین. مەسەلەکەش پشت بە شێوازی هەژمارکردنی پارەبەخشینەکە دەبەستێت، بەڵام ئێمە گەیشتینە ٩٠٪ی ئەو پارە بەخشراوەی داوامان کردبوو، کە لەسەر ئاستی جیهانیدا ڕێژەیەکی بەرزە.

**ساڵی ٢٠١٩ ساڵێکی دەوڵەمەند و تێروتەسەل بوو، بەڵام بۆ عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە عێراقدا پڕ لە ئالنگاری و کۆسپ بوو. ئەو کار و مەسەلانە چین کە لە ساڵی ٢٠١٩دا زۆر جێگەی شانازین ؟**

پێم وایە گرنگترین کار و مەسەلەیەك پێڕەوکردنی پلانی چارەسەرە بەردەوامەکان و پێشکەوتنە لە هەوڵەکانی گەڕاندنەوە و دووبارە شیاندنەوەی ئەو خانەوادانەی پێوەندی و وابەستەییان لەگەڵ داعشدا هەبوو. ئەم دوو مەسەلەیەش بێگومان پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. سەبارەت بەم دوو پرسە پلانێکی دژوارە. بەڵام ئێمە تیایدا سەرکەوتن وەدەستدەهێنین. بەشێوەیەکی سەرەکی ئەمە پرسی سەرەکییە ئەگەر بمانەوێ وەك هەمەکییەك ڕەگەز و لایەنێك لە ئەجیندای مرۆیی و گەشەپێدەر هەڵبژێرین.

**ئەو تەگەرە سەرەکییانە چی بوون کە لە ساڵی ٢٠١٩دا هاتنە بەردەمتان و چۆنیش بەسەریاندا زاڵبوون؟**

ڕۆیداس: کێ دەڵی ئێمە بەسەریاندا زاڵبووین؟ تەگەرە گەورە و سەرەکییەکان؟ من گوتم ئێمە سەبارەت بەو خانەوادانەی پێوەندی و وابەستەییان بە داعشەوە هەبوو، هەندێك پێشکەوتنمان وەدیهێنا، ئەمەیش دروستە، بەڵام هێشتاکە بەرهەڵستییەکی بەهێز لەبەردەم چارەسەرکردنی ئەم هەموو پرسەدا هەیە. بێگومانیش دەزانین ئەو بەرهەڵستییە لەکوێڕا دێت. ئەمە مەسەلەیەکی مێژووییە. بەڵام ئەگەر چارە نەکرێ، جڤاکێکی سرووشتی و بناغەیەکی پتەوی ئایندەمان نابێت.

ئەوەی باشە ئەوەیە ئێمە، بە شێوەیەکی تاکەکەسییانە و لە چەندان پارێزگەی جۆراوجۆردا توانیمانە لە زۆر بواردا ئەم پلانە بگەیەنینە سەر. لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆشدا توانیمانە چەند بەڵگەنامەیەکی سەلمێنەری کەسییانە بۆ زۆرێك لەو کەسانە دەربکەین کە لەم مافە سەرەکییەی هاووڵاتیبوون بێبەشن.

ئەمەیش یەکێکە لەو بوارانەی کە تیایدا ڕووبەڕووی چەندان ئالنگاری بووینەوە، بەڵام کار بۆ چارەکردنیان دەکەین.

هەروەها لە کۆتایی ساڵدا ئالنگارییەکی دیکە سەری هەڵدا، لەبەرئەوە، نازانم چۆن چارە دەکرێت، ئەویش ئەو مەسەلانەن پێوەندییان بە گەیشتنەوە هەیە.

چونکە ئێمە زۆر حاڵەتی ڕێگەلێگرتن و پەکخستنی گەیشتنمان بینی، بەهۆی گرفتی دەرچوونی ڕێگەپێدانەکانی گەیشتنەوە نەمانتوانی بگەینە هەندێك لەو جڤاکە خۆجێیانەی کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە، زۆرجاریش لە خاڵەکانی پشکنین ڕووبەڕووی گرفتی گەیشتن دەبووینەوە، چونکە لە زۆربەی دۆخەکاندا دانیان بە ڕەوایی ئەو ڕێگەپێدانانە نەدەنا.

**کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی یۆنامی لە بواری مرۆیی و گەشەپێدەرانەی ساڵی ٢٠٢٠ دا چین و گەورەترین ئالنگارییەکانیشی چین؟**

گرنگیدان و ڕەچاوکردنی کاری لەپێشینە لە دوو مەسەلەی هاوتەریب و دووانەدا خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش: چارەسەرە بەردەوامەکان و خانەوادەکانی وابەستە بە داعشە. لەبەرئەوە، بەوپەڕی توانامانەوە کار بۆ چارەکردنیان دەکەین.

سەبارەت بە بڕگەی دووەمی پرسیارەکەشت کە دەڵێ هەندێك لە ئالنگارییە گەورەکان چین؟ جارێکی دیکە دەیڵێمەوە کە مەسەلەی گەیشتنە، چوونکە مەسەلەیەکی کرۆکییە و لەسەرمان پێویستە بەسەریدا زاڵبین.

لەسەریشمان پێویستە بنوارین کە چۆن مەسەلەکان لە عێراقدا دەچنە پێشێ، بۆ ئەوەی بۆمان ڕوونبێتەوە ئاخۆ پێداویستیی دیکە هەن ئێمە پێشبینیمان نەکردبن و دەبێ بەرپەرچی بدەینەوە، یانیش لەسەرمان پێویستە هەندێك بەرنامە دوا بخەین کە پلانمان بۆیان داڕشتبوو. لە ئێستەدا دۆخێکی نادڵنیایی هاتووەتە پێشێ.



# نووسینگەی کاروباری سیاسی

## چاوپێکەوتن لەگەڵ

**بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری سیاسی لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق**

# بەڕێز "مانوج ماسیۆ"

> **نێردەکە سەبارەت بە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی گفتوگۆی سەرانسەری سیاسی و سەقامگیری لەسەر ئاستی نیشتمانی و جڤاکیدا، ڕاوێژ و پاڵپشتی پێشکەشی حکوومەتی عێراقی و گەلی عێراق دەکات**



**دەکرێ لە ڕوانگەی نووسینگەکەی خۆتانەوە ساڵی ٢٠١٩ پوخت بکەیتەوە؟**

ساڵی ٢٠١٩ لە سیاسەتی عێراقیدا ساڵێکی پڕ لە شلەژان و شپرزەیی بوو ، چونکە ئەو وڵاتە لە مێژووی خۆیدا گەورەترین شەپۆلی نارەزایی بەخۆیەوە بینی و بەهۆیەوە سەرۆکوەزیران دەستی لە کار کێشایەوە. ئەم هەموو ڕووداوانە بوونە هۆی نەمانی سەقامگیریی سیاسی و گوشاری سەر نووسینگەی کاروباریی سیاسی نێو نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە ئێستە لە کار و ئەرکەکانی بەردەوامە، زیاتر بوو. لە ساڵی ٢٠١٩ دا سەقامگیریی سیاسی و پێوەندیی نێوان جڤاکەکان و پێوەندیی نێوان بەغدا و هەولێریش چوار لایەنی ئەو ئەرکە بوون کە لە میانی ئەمساڵەدا گۆڕانکاریی گرنگیان بەخۆیانەوە بینی.

**نووسینگەی کاروباری سیاسی لە عێراق چۆن پاڵپشتی سەقامگیریی سیاسی دەکات؟**

نێردەکە سەبارەت بە پتەوکردن و



پاڵپشتیکردنی گفتوگۆی سەرانسەری سیاسی و سەقامگیری لەسەر ئاستی نیشتمانی و جڤاکیدا، راوێژ و پاڵپشتی پێشکەشی حکوومەتی عێراقی و گەلی عێراق دەکات. نووسینگەکە لە ساڵی ٢٠١٩دا پاڵپشتیی لە هەوڵە چاکەخوازەکانی خاتوو "جینین پلاسخارت"ی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد بۆ زەمینەسازکردنی گفتوگۆی نێوان سەرکردە سیاسییەکان لەپێناو کەمکردنەوەی توندیی ململانێیەکان و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی. هەروەها نووسینگەکە لەسەر ئاستی نیشتمانی و جێبەجێکار و تەنانەت ئاستی خۆجێییشدا لە پێوەندیی بەردەوامدا بوو، جەختیشی لەسەر پێداویستییەکانی ژنان و گەنجان و ئەو کەسانە کردەوە کە سەر بە کەمینە نەژادی و ئاینییەکانن.

**نارەزاییەکانی عێراق بە چ شێوەیەك کاریگەریی بەسەر نووسینگەکەتانەوە دەبێت؟**

بێگومان، بەهۆی کاریگەری دروستکردن لەسەر ئەو وڵاتە گوزارشتکردن لە ستمە سیاسییەکان، نارەزاییەکان تەوەری کاری نووسینگەکە بوون، لە رووی تێگەیشتن لە هۆیە شاراوەکان و چاودێریکردنی رووداوەکان و پاڵپشتیکردنی گفتوگۆی سیاسی. لەگەڵ فراوانتربوونی نارەزاییەکانیشدا، نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵێکی گرنگی لە نێوەندگیری و بەیەکتر گەیاندنی خۆپیشاندەران و حکوومەت و لایەنە سیاسییەکاندا هەبوو. هەروەها نووسینگەی کاروباری سیاسیش بەشێوەیەکی راستەوخۆ و بە پێوەندی گرتن لەگەڵ گشت ئاستەکان و زەمینەسازی بۆ کۆبوونەوەکان، پاڵپشتیی لەو کردەیە کرد بۆ ئەوەی زۆربەی لایەنەکان بتوانن گوزارشت لە را و بۆچوونی یەکتری بکەن و تێگەیشتنی لایەنی بەرانبەر وەدەستبێنن.

**باسی کار و چالاکییەکانت کرد لەسەر ئاستی جڤاکی، نووسینگەکەتان چۆن لەمەدا بەشداری کرد؟**

ۆرکشۆپەکانی تایبەت بە گەنجان لەسەر ئاستی جڤاکیدا یەکێك بوو لە بەشدارییە گرنگ و کردارییەکانی چاکترکردنی پێوەندییەکان، چونکە نووسینگەکە لە ساڵی ٢٠١٩ دا و لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا و بە راوێژ لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و بە پاڵپشتیی هاوبەشە خۆجێییەکان، چەند ۆرکشۆپێکی بەرێوەبرد. ئامانجی ئەو ۆرکشۆپانەش پاڵپشتیکردنی نەوە گەنجەکانی عێراقی بوو لەمیانی بنیادنانی توانای بنیادنانی ئاشتی و چارەسەرکردنی ململانێیەکان و ئاشتیی جڤاکی. دەرفەتی ئاڵوێرکردنی بۆچوونی کەسە بەشدارەکانیش درا لە رووبەرووبوونەوەی ئەو ئالنگارییانەی رووبەروویان بوونەتەوە، گفتوگۆش لەسەر چارەسەرەکان کرا و پێوەندییەکی راستەوخۆشی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومی رەخساند؛ بە پارێزگەر و ئەندام پەرلەمانەکانیشەوە.

**شێوە و نۆرمی ئەو ۆرکشۆپانە چۆن بوون؟**

ۆرکشۆپەکان لەسەر ئاستی پارێزگەکاندا بەرێوەچوون و ماوەی سێ رۆژ بەردەوام بوون. لە هەردوو رۆژی سەرەتادا، کۆمەڵەیەکی هەمەچەشنی گەنجان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەشداریکردنی گەنجان لە بنیادنانی ئاشتی و سەقامگیریی جڤاکی و ستراتیژەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێ لە پارێزگەدا بەشدار بوون. لە رۆژی سێیەمیشدا سیاسییەکانی نێو پارێزگە دێنە نێو گفتوگۆیەکان و لەگەڵ گەنجان سەبارەت بەو ئالنگارییانە گفتوگۆ دەکەن کە رووبەرووی پارێزگە دەبنەوە، ئەمەیش بۆ دامەزراندنی چەند کەناڵێکی پێوەندی لەنێوان گەنجان و دروستکەرانی بریار بوو، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی بریار دروستکاران بزانن پێداویستی و مەسەلە هەرە لەپێشینەکانی گەنجان چین.

ئەو ۆرکشۆپانە لە ساڵی ٢٠١٩دا نزیکەی ٤٠٠ گەنجی بەشدارییان کۆکردەوە کە ١٦٢ کەسیان ژنانی گەنج بوون. تا ئێستەیش، لە ١٤ پارێزگەدا ۆرکشۆپ سازکراون. چوار ۆرکشۆپیش دواخران، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٠ ساز دەکرێنەوە. دواتر ئەم ۆرکشۆپانەش بە بەرێوەبردنی کۆبوونەوەیەکی نیشتمانی بۆ گەنجان کۆتاییان پێ دێ کە تیایاندا داوا لە هەر سێ سەرۆکایەتییەکە و سەرکردە قەوارە سیاسییەکانیش دەکرێ تیایاندا بەشدار بن.

**ئایا هیچ پێشکەوتنێکت لە پێوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێردا بەدی کرد؟**

پێوەندیی باشی نێوان ئەم دوو لایەنە بۆ سەرانسەری عێراق زۆر گرنگە. یۆنامیش بۆ پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی حکوومەتی عێراقی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵواسراوەکانی نێوانیان بەشێوەی گفتوگۆ، سەرپشککراوە . نێردەکە لە ساڵی ٢٠١٩ دا کارئاسانی و راگەیاندنی سەبارەت بە پێوەندیی پێشکەوتووی نێوان هەردوو حکوومەت راگەیاند. ئەو نزیکبوونەوە بەرچاوەی نێوان بەغدا و هەولێریش لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٩دا بووە هۆی راگەیاندنی رێککەوتنێکی مەبدەئی بۆ دابەشکردنی نەوت و داهاتەکان. هیواخوازین جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتننامەیە ببێتە هۆی هاتنەکایەی قۆناغ و ماوەیەکی نوێی متمانە و هاوکاریی نێو ساڵی ٢٠٢٠ و بەسەرەوە.

**ساڵی ٢٠٢٠ چۆن دەبینیت؟**

ساڵی ٢٠٢٠ بۆ عێراق ساڵێکی پڕ لە ئاستەنگ و ئالنگاری دەبێت- دەبێ حکوومەتێکی نوێ پێکبێت، هەروەها چەند ستەم و نادادپەروەرییەکی نێو پرۆژەی سیاسی هەن پێویستیان بە چارەسەر هەیە، هەروەها ئەگەری بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکانیش لە گۆرێدایە. کۆی ئەم پرسانە لە پێودانگی ئەرك و بەرپرسیارییەکانی نێردەکەوە پێویستیان بە بەشدارییەکی کارا هەیە. هەروەها نووسینگەی کاروباری سیاسی بۆ کارکردن لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵواسراوەکانی وەك ریفۆرمە دەستوورییەکان، پێوەندیی نێوان بەغدا و هەولێر و ناوچە کێشە لەسەرەکان و دانانی چەند یاسایەك و نوێنەرایەتیکردنی دیموکراسییانە، پاڵپشتی لە سەرکردایەتیی نێردەکە دەکات. هەروەها نووسنیگەکە کار بۆ دابینکردن و دەستەبەرکردنی رووبەرێك دەکات بۆ ئەوەی نوێنەرانی جڤاکەکان و خۆپیشاندەران و سەرکردەکانی ژنان و گەنجان و کەمینەکان و رێبەرە ئاینییەکان بتوانن لە کردەکانی دروستکردنی بریاری سیاسیدا -کە ئایندەی خۆیان و عێراقیش پێکدەهێنی- رۆڵێکی کارا بگێرن.

نێردەکە ۆرکشۆپێکی بۆ گەنجانی سەرانسەری عێراق رێکخست و پێوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حکوومی بۆ گەنجان فەراهەم کرد.



# نووسینگەی یارمەتیدانی پرۆسەی هەڵبژاردن

"گشت سیستەمە دیموکراسییەکان هەڵبژاردن بەڕێوە دەبەن، بەڵام گشت هەڵبژاردنێك دیموکراسییانە نییە"

## چاوپێکەوتن لەگەڵ

### گەورە ڕاوێژکاری کردەی هەڵبژاردن و سەرۆکی تیمی تەواوی یارمەتیدانی هەڵبژاردن

# د. ئەمیر ئاراین



**گرنگترین کارە ڕاپەڕێنراوەکانی نووسینگەی یارمەتیدانی کردەی هەڵبژاردنی سەر بە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٩دا چی بوون؟**

لەگەڵ ئەو سەرکەوتنانەی لە دەستەبەرکردنی یارمەتیدانی تەکنیکی کردەی هەڵبژاردن بۆ حکوومەتی عێراقی و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وەدەستهاتن، بەڵام بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوای سیاسییەوە، ساڵی ٢٠١٩ ساڵێکی پڕ لە ئالنگاری بوو.

لە ساڵی ٢٠١٩دا نووسینگەی هەڵبژاردن لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لەپێناو ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگەکان- کەوا بڕیارە لە نیسانی ساڵی ٢٠٢٠ بەڕێوەببرێت و دواتریش ڕەتکرایەوە- بە کارایی و چالاکییەوە کاردەکات.

نووسینگەی یارمەتیدانی کردەی هەڵبژاردنی سەر بە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدان لە عێراقدا (یۆنامی)، بۆ گەڵاڵەکردنی پلانە ستراتیژییە چوار ساڵییەکەی ( ٢٠١٩- ٢٠٢٢)، یارمەتیی تەکنیکیی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی داوە. هەروەها بەشێکی سەرەکیی کردەی پلاندانانی ستراتیژی بریتی بوو لە بەڕێوەبردن و فەراهەمکردنی وۆرکشۆپ بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ. دوای ئەمەیش، بۆ پلاندانانی ستراتیژی چوارچێوەیەکی ڕوون دانراوە و لەلایەن لیژنەی پلاندانانی ستراتیژی و ئەنجوومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە، ڕەزامەندیی لەسەر دراوە.

نووسینگەی یارمەتیدانی کردەی هەڵبژاردن لە ساڵی ٢٠١٩دا لەگەڵ ئەنجوومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و لیژنەی یاساییدا، بۆ چاوگێڕانەوە بە زنجیرەیەك سیستمی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان و چاوگێڕانەوە بە چەند ڕەشنووسێکی چوارچێوەی یاساییانەی هەڵبژاردنەکان، کارەکانی چڕ کردەوە. هەروەها تیمەکە لەگەڵ لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ چاوگێڕانەوە بە چوارچێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکان کاری کردووە. نووسینگەی

یارمەتیدانی کردەی هەڵبژاردن لەهەنبەر پێشنیازەکانی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگەکان و لیژنەی سەرۆکایەتیی ڕیفۆرمی هەڵبژاردن و پڕۆژەی پێشنیازەکانی ئەنجوومەنی وەزیران و یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، چەندان ڕاسپاردەی جۆراوجۆری پێشکەش کردووە و تیشکی خستووەتە سەر ئەو پرس و بابەتانەی کە دەبێ لە لایەن لیژنەکەوە چارەسەر بکرێن، بۆ گونجاوترین بژاردەش لە ڕەوتی ژینگەی عێراقیدا، چەند ڕاسپاردەیەکی دەستنیشانکردووە.

نووسینگەکە کۆیاسا (الاحکام) پێشنیازەکراوەکانی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی خستووەتە ڕوو و سەبارەت بە دابەشکردنی کورسییەکان و زەروورەتی پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی داواکارییەکانی تایبەت بە نوێنەرایەتی ژن ڕوونکردنەوەشی پێشکەش کردووە، پێشنیازەکانیشی لەسەر بنەمای ئەزموونە بەراوردکراوەکان و باشترین ڕێکاری وڵاتانی دیکە پێشکەش کردووە.

تۆمارکردنی ناوی دەنگدەرانیش بە گرنگترین لایەنی نێو کردەی هەڵبژاردن دادەندرێ، چونکە کوالیتیی تۆماری هەڵبژاردن کاریگەری بەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە دەبێت و پاکی و ڕاستگۆییەکەی دیاری دەکات. جا بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی پاك و بێخەوش بەڕێوەبچن، دەبێ تۆماری ناوی دەنگدەران بەبێ هیچ جۆرە هەڵاواردنێك گشت پێکهاتە و چین و توێژێکی جڤاك بگرێتەوە.

لەمبارەیەوە، نووسینگەی یارمەتیدانی کردەی هەڵبژاردنی سەر بە نێردەکە لە پێناو بەڕێوەبردنی ۆرکشۆپێکی سێ ڕۆژە سەبارەت بە تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران، یارمەتیی تەکنیکی پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کردووە. ئامانجی وێرکشۆپەکە هۆشیارکردنەوەی بەشدارەکانە سەبارەت بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران لەسەر بنەمایە کارپێکراوەکان. مەشقەکەس بۆ تواناداركردنی کۆمسیۆن لە دەرکردنی بڕیار سەبارەت بە تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران زۆر پێویستبوو .

هەروەها نووسینگەی یارمەتیدانی کردەی هەڵبژاردن، سەبارەت بە گرتنەبەری چەند کردە و ڕێوشوێنێکی باشی هەڵبژاردن کە ئامانجی چاکترکردنی توانایەکانی دەستەی هەڵبژاردنە لە چەندان بواری تەکنیکیدا، کۆمەکی بەردەوامی تەکنیکی پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دەکات. لەمبارەیەوە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا داوای لە نووسینگەی یارمەتیدانی کردەی هەڵبژاردنی یۆنامی کردووە لە دیاریکردن/ و پێشخستنی مادە مەشقییەکان و پێشکەشکردنی زنجیرەیەك بەرنامەی مەشقی هەڵبژاردن- کە تیایاندا " لایەنە سەرەکییەکانی مەشق"ی تیادا بوو- یارمەتیی تەکنیکیان پێشکەش بکەن. نووسینگەکەش لەمیانی دەستەبەرکردنی کەسێکی پسپۆڕ بۆ پێشکەشکردن و بەڕێوەبردنی چەند کۆبوونەوەیەکی چوار ڕۆژی سەبارەت بە " لایەنە سەرەکییەکانی مەشقکردن" بۆ نزیکەی ٥٤ کەسی بەشدار، وەڵامی داواکارییەکەیانی دایەوە. ئامانجی سەرەکیی ۆرکشۆپەکە نواڕین بوو لە تیۆر و پێڕەوکاری و دیاریکردنی خاڵە بەهێزەکان و ئەو ئالنگارییانەی هەریەکێك لە کار ئاسانکارەکان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

کەسی شارەزا و پسپۆڕی بواری تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان لە نووسینگەی یارمەتیدانی کردەی هەڵبژاردن هەڵسەنگاندنێکی خێرای توانایەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد، هەروەها وێرکشۆپێکی چڕی سێ ڕۆژەش سەبارەت بە " لایەنە سەرەکییەکانی وێناندن و بەڕێوەبردنی داتایەکان" بۆ کۆمەڵە فەرمانبەرێکی ١٥ کەسی بەڕێوەچوو.

نووسینگەکە بە هاوبەشی لەگەڵ یەکەی جۆری کۆمەڵایەتی لە یۆنامی، سەبارەت بە کردەکانی هەڵبژاردن ۆرکشۆپێکی بەڕێوەبرد کە ڕەچاوی جۆری کۆمەڵایەتی دەکات، لە پێکهێنانی خاڵەکانی هەماهەنگیی جۆری کۆمەڵایەتی لە نووسینگە مەیدانییەکانی هەڵبژاردندا یارمەتیی پێشکەش کرد. لەو بابەتانەی خستنیە بەرباس ئەو چوارچێوە نێودەوڵەتی و نیشتمانییانەن کەوا پاڵپشتیی لە بەشداریی سیاسییانەی ژن و دەورەی هەڵبژاردن و ڕەچاوکردنی جۆری کۆمەڵایەتی دەکات لە کردەکانی هەڵبژاردندا.

هەروەها ڕۆڵی خاڵەکانی هەماهەنگیی جۆری کۆمەڵایەتی دیاری کران لە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی هۆشیاربوونەوە و درککردن بە جۆری کۆمەڵایەتیی نێو کردەکانی هەڵبژاردن لە نووسینگەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر ئاستی پارێزگەکان و لەمیانی کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوە نا حکوومییەکان.

**ئالنگارییەکانی ساڵی ٢٠١٩ چی بوون؟**

یەکێك لە ئەزموونە هەرە گرنگەکانی فێربوون و پەند وەرگرتن لە کاری هەڵبژاردن لە عێراقدا ئەوەیە ئێمە فێربووین لەهەنبەر هەر شتێکی کتوپڕدا ئامادەباش و بەئاگا بین. ئەمەیش دروستە بە نواڕین لە وەرچەرخانی بەردەوامی گفتوگۆیەکان سەبارەت بە خشتەی هەڵبژاردنەکان و پێشنیازەکانی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان. زۆربەی جار وەك ڕێککەوتنێکی سیاسی دەخرێتە ڕوو، کە دەکرێ ڕەت بکرێتەوە یانیش دوای ماوەیەکی کەم ببێتە شتێکی دیکە. ئەمەیش ڕاستە، بۆ نموونە، لە ١ی نیسانی ساڵی ٢٠٢٠ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکان ڕاگەیەندرا، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت دواخرا بەبێ ئەوەی وادەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان باس بکرێ. ئەم ڕاڕاییەش کار لە کردەی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان و تەرخانکردنی سەرچاوە و فەرمانبەرانیش دەکات.

تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت عێراق بە کەشوهەوایەکی دژواری کردەکانی هەڵبژاردن دادەندرێ چونکە هەتا ئێستەیش دۆخی ئەمنی ناجێگیرە.

چاوگێڕانەوە بە سیستمی تەکنۆلۆژیای زانیاریی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئالنگارییەکانی دیکەی نێو ئەم ساڵە بوو. ململانێیەکی توند و بەردەوام بۆ دیاریکردنی ئەو کۆمپانیایانە هەبوو کە جێگەی متمانەن و دەکرێ وردبوونەوە لە سیستمی بەڕێوەبردنی ئەنجامەکانی کۆمسیۆن بکات، ئەمەیش لە هەر لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە ئەنجوومەنی کۆمسیاران میکانیزمەکانی دەنگدانی ئەلیکترۆنی لە ساڵی ڕابردوودا بەکارهێنا. جا وەك وەڵامدانەوەی داواکاریی کۆمسیۆنەکە، نێردەکە کتابێکی پێشکەشکرد کە چوار کۆمپانیای دیکەشی گرتەوە، دوو لەو کۆمپانیایانە دوورخرانەوە چونکە نەگونجاو بوون، دوو کۆمپانیایەکەی دیکەش خرانە بەر چاوگێڕانەوەی هەواڵگریی عێراقی. تاکو ئێستەیش، کۆمسیۆنەکە هیچ گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای وردبینیکار نەکردووە.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش لە هەرێمی کوردستان زۆر سوپاسگوزارە لەهەنبەر ئەو یارمەتییەی نووسینگەی یارمەتیدانی کردەی هەڵبژاردن پێشکەشی کردووە، هەروەها بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی و پاڵپشتییەکی زیاتر، چەند نووسراوێکیش بۆ بەڕێوەبەرایەتیی باڵای نێردەکە نێردرا. جا لەبەرئەوەی فەرمانبەرانی نووسینگەی یارمەتیدانی کردەی هەڵبژاردن لە نووسینگەی هەولێردا بەردەوام بوونیان نەبوو، هەندێك جار زۆر دژوار بوو پاڵپشتیی بەردەوامی تەکنیکی بۆ یارمەتیدانی ئەو دەستگەیە پێشکەش بکرێ.

**کاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە ساڵەکانی ئایندەدا چۆن دەبینیت؟**

**وەڵام:** دەبێ کۆمسیۆن وەك دەستگەیەکی سەربەخۆ و دوور لە هەر فشار و دەستوەردانێکی سیاسی، جەخت لەسەر پتەوکردن و چڕکردنەوەی هەوڵەکانی خۆی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەوپەڕی شەفافیەت و لێپرسینەوەی تەواوی چالاکییەکانی هەڵبژاردن بەڕێوەببات، تاکوو بۆچوون و باوەڕی جەماوەر لەهەنبەر خۆیدا چاکتر بکات. سەرکەوتنیشی لەم مەسەلەیەدا بەندە بە ڕیفۆرمە ئایندەییەکانی نێو دەستگاکە وەك کردەی هەڵبژادنی ئەنجوومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆندا، چونکە شەفافیەت دەبێتە هۆی ڕەواندنەوەی گومانەکان لە هەبوونی کاریگەریی دەرەکی و لایەنگریی سیاسیی نێو ئەنجوومەنەکە.

گرنگترین لایەنی هەڵبژاردن خۆی لەوەدا دەبینێتەوە هانی دەنگدەران بدرێ دەنگ بدەن، هەروەها کارکردی (الاداء) دەسەڵاتە دیموکراسییەکان باشتربێت کاتێك زۆرترین خەڵك دەنگ دەدەن. هەروەها ئەرکی ڕۆشنبیرکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی دەنگدەرانیش لە ئەرکەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە، زۆریش پێویستە بەرپەرچی ئەو چەمك و تێگەیشتنە بدرێتەوە کە پێی وایە یەك دەنگ جیاوازی دروست ناکات، زۆریش پێویستە کۆمسیۆن بۆ چاکترکردنی باری دەنگدانێکی باشتر، چەند ڕێگەیەکی نوێ بدۆزیتەوە و خەڵك بەهۆیەوە زیاتر هان بدرێن دەنگ بدەن، هەروەها دەبێ چەند ستراتیژێکی نامەی کارا دابنێت.

هەروەها دەبێ پرسی نوێنەرایەتیکردنی هەردوو ڕەگەز و کەمینە نەژادییەکانی نێو ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمسیاران و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەری بەشەکان و فەرمانبەرانی کۆمسیۆنەکە، سەرلیستی ئامانجە کورتمەودا و دوورمەودایەکانی کۆمسیۆنەکە بێت بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی پێویستی ژنان و نوێنەری کەمینەکان بێنە نێو میلاکی کۆمسیۆنەوە.

لە کۆتاییدا، دەبێ کۆمسیۆنەکە بۆ وەدیهێنانی توانا و سەرچاوەی سەربەخۆ و خۆبەسی ( الاکتفاء الذاتی) ئامادە بکرێ، تاکوو لەپێناو بنیادنانی فەرمانبەرانی شیاندراو و پاراستنیان چەند توانایەکی سەرەکی هەبێت ، بشتوانێ یاسا دابنێت و چوارچێوە یاساییەکان نوێ بکاتەوە، وەك پێشتریش باسمان کرد، کۆمسیۆن دەتوانێ متمانەی جەماوەر وەدەستبێنێ، ئەمەیش ڕێگە بۆ هەنگاوەکانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی کردەکانی هەڵبژاردن خۆش دەکات.




# نووسینگەی مافی مرۆڤ

## پرسیار و وەڵام لەگەڵ

### سەرۆکی نووسینگە

# خاتوو "دانییل بیل"

**بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٩ چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

ئەمساڵە چاکتربوونێکی باشتری دۆخی ئەمنی بەخۆیەوە بینی، ئەمەیش لە پتەوکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا بووە هۆی چەند لێکەوتەیەکی ئەرێیی ، گرنگترینیان سنووربەندبوونی ژمارەی قوربانییە مەدەنییەکانە بە بەراورد بە ساڵەکانی پێشوو. لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە ئەرێییەشدا، هێشتاکە نیگەرانییەکی گەورە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ هەن، بەتایبەت لە هێنانەکایەی دادپەروەری و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لەنێو خۆپیشاندانەکان و دەستەبەرکردنی پەروەردە و فێرکردن و پاراستنی مافی نەژاد و کۆمەڵە هەمەچەشنەکان لە عێراق و هتد.

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەکە لە ساڵی ٢٠١٩دا، پاڵپشتیی لە چەند هاوبەشییەکی بەرپا کرد و بۆ پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی پاراستن و پشتگیریکردن و پتەوکردنی مافەکانی مرۆڤیش بۆ هەموو عێراقییەکان، چەند هاوبەشییەکی نوێی لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا بنیادنا. ئەمەیش بۆ پاراستنی هەمەچەشنی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و بنیادنانی توانایەکی کارا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی تۆندڕۆیانە زۆر یەکلاکەرەوەیە، چونکە بۆ سەقامگیریی دوورمەودای عێراقی شتێکی زۆر پێویستە. دەرئەنجامەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دەخرێنە بەردەم دەسەڵاتە پێوەندیدارەکان و بۆ چارەسەرکردنی دۆخی مافەکانی مرۆڤیش چەند ڕاسپاردەیەکی تێروتەسەل پێشکەش دەکەین.


**ئەو پێشکەوتنانە چین کە لە ساڵی ٢٠١٩ دا لە عێراق تێبینیتان کردوون؟**

سەبارەت بە پاراستنی خەڵکی سڤیل، ژمارەی قوربانییان لەنێو ڕیزی جڤاکە خۆجێیەکان زۆر کەمتر بوو. بەشێوەیەکی گشتیش لە ساڵی ٢٠١٩ دا ئاستی ئەو زیانانەی پێوەندییان بە ململانێیەکانەوە هەبوو، زۆر دابەزی، بۆنموونە: ژمارەی قوربانیانی سڤیل ٩٠٧ کەس بوون ( کە لەو ژمارەیەدا ١٠٤ کەسیان منداڵ بوون، ئەمەیش نزمترین ژمارەیە لەو کاتەی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لەنێو نێردەی یۆنامی لە ساڵی ٢٠٠٨ وە دەستی بە تۆمارکردنی ژمارەی قوربانییەکان کردووە. هەر بۆ بەراوردیش، نووسینگەکە لە ساڵی ٢٠١٨دا ٢،٣٩٦ بەرکەوتووی لە ڕیزی خەڵکی سڤیل و ٨،٠٧٩ کەسی لە ساڵی ٢٠١٧ تۆمارکردووە، ئەمەیش بەڵگەی دابەزینی ئاست و ژمارەی قوربانیانە لە دوای شکستهێنانی داعش لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ دا.

ژمارەی قوربانییەکان لە ساڵی ٢٠١٤ و لە کاتی ململانێ لەگەڵ ڕێکخراوی داعش گەیشتە ترۆپك کاتێك ژمارەی قوربانیانی سڤیل گەیشتە ٣٥،٤٠٨ قوربانی.

**لە کاتی دەرخستنی سەرانسەریی وەرزی تایبەت بە عێراق لەبەردەم ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١٩ چی ڕووی دا؟**

حکوومەتی عێراقی لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٩دا بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لە دەرخستنی سێیەمی سەرانسەریی وەرزیی تایبەتدا بەشداری کرد کە لەلایەن ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ بۆ سێیەم جار ڕێکخرا. وەزیری دادی عێراقی سەرۆکایەتیی شاندەکەی کرد و گێڕانەوەیەکی تیرۆتەسەلی سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانە پێشکەش کرد کە لە هەردوو دەرخستەی




**لە ساڵی 2019 دا ئاستی ئەو زیانانەی پێوەندییان بە ململانێیەکانەوە هەبوو، زۆر دابەزی، بۆنموونە: ژمارەی قوربانیانی سڤیل 907 کەس بوون ( کە لەو ژمارەیەدا 104) کەسیان منداڵ بوون، ئەمەیش نزمترین ژمارەیە لەو کاتەی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لەنێو نێردەی یۆنامی لە ساڵی 2008 وە دەستی بە تۆمارکردنی ژمارەی قوربانییەکان کردووە.**

یەکەم و دووەمەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەگەڵیشیدا ئەوەش هەبوو کە پێوەندیی بە مافەکانی ژن و پێڕەوکردنی دادپەروەری و مافی کەمینەکان و ڕزگاربووەکانی قۆناغی دوای ململانێ و پەروەردە و فێرکردنیش هەبوو. ١١٠ نوێنەری وڵاتانی ئەندام بەشدارییان لەو گفتوگۆیەکانی دواتر کرد، ئەمەش بەڵگەی بایەخی جڤاکی نێودەوڵەتییە لەهەنبەر دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا.

**چیتان کرد بۆ زیاترکردنی بەشداریی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە میکانیزمی ئەو دەستە و ئەنجوومەنانەی بەپێی پەیماننامەکان پێکهاتوون و بەشداریکردنیان لە دەرخستەی سەرانسەریی وەرزیدا چۆن بوو؟**

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەکە لە ساڵی ٢٠١٩دا ١٣ دانیشتنی بۆ تواناسازی ڕێکخست کە ٢٣٠ کەسی بەشداری گرتەوە، ئەو کەسانەش نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و تۆڕەکان و بەرگریکارانی مافەکانی مرۆڤی نێو لە بەغدا و بەسرە و هەولێر و کەرکووك و مووسڵ و نەجەف و نەینەوا و سلێمانی بوون. ئەم دانیشتنانە هانی ئاڵوگۆڕکردنی هزر و بۆچوونەکانی دا و بۆ ئاشکراکردنی توانای کەسانی بەشدار بووە یارمەتیدەر، بۆ ئەوەی لە ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتانە بەشداربن کە بەپێی پەیماننامەکان لەگەڵ میکانیزمەکانی دەستە و ئەنجوومەنی دامەزراوەکان هاوتەریبن، هەروەها کردەی دەرخستنی سەرانسەریی وەرزی بۆ گەیاندنی ئەو هۆکارانە بەڕێوەچوو کە نیگەرانی لە لای لایەنە کارایەکانی نێو جڤاکی مەدەنی دروست دەکەن، هەروەها گەیاندنی دەنگیشیان یەکێك بوو لە خاڵە پێویستەکانی دیکە.

**ئەدی سەبارەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا چیتان کرد؟**

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەکە بەشێوەیەکی چالاك چاودێریی خۆپیشاندانە هەنووکەییەکان دەکات. نووسینگەکە لە چاریەکی کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ دا زیاتر لە ٥٠٠ چاوپێکەوتنی لەگەڵ قوربانیان و گەواهیدەران و خانەوادە و دەسەڵاتە حکوومییەکاندا بەڕێوە بردووە. هێشتاکەش پاراستنی ئەو خۆپیشاندەرانەی بەشداریی ئەو خۆپیشاندانانە کە دەکەن مۆرکێکی ئاشتییانەی هەیە، لە کۆتایی ئەمساڵەدا جێگەی نیگەرانییەکی گەورەیە. گەورەترین پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کە لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا دیکۆمێنتکراوە، بریتیبوو لە کوژرانی ٣٦٢ خۆپیشاندەر (کە هەڤدەیان منداڵ بوون) و بریندابوونی ٢،٢٨٦ کەسی دیکە بە دەستی هێزەکانی ئاسایش و ئەو گرووپانەی بە ”میلیشیا“ ناسراون. جگە لەمانەیش، نووسینگەکە چەند دۆخێکی ئەشکەنجەدان و ڕەفتاری نامرۆڤانە و سووکوڕیسواکار و ڕفاندن و دەستگیرکردن و دەستبەسەرکردنێکی بێویژدانانەی تۆمار کردووە. نووسینگەکە سێ ڕاپۆرتی گشتی دەرکردووە و تیایاندا گوزارشتی لەو ترس و نیگەرانییانە کردووە و داوای سزادانی تاوانکارانی کردووە و جەختی لەسەر پێویستیی دووبارە چاوگێڕانەوەی بەو ڕێنماییانە کردووە کە سەبارەت بە بەکارهێنانی هێزی بکوژانە و نابکوژانە و پاراستنی مافی ئازادیی ڕادەربڕین و گردبوونەوەی ئاشتییانە، کاریان پێ دەکرێ.

**نووسینگەکە چۆن و بە چ شێوەیەك پاڵپشتیی لەو هەوڵانەی حکوومەت دەکات کە لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە بەرقەرارکردنی دادپەروەری دەیانخاتە گەڕ، بەو هەوڵانەش کە لە دوای کۆتاییهاتنی هەژموونی ڕێکخراوی داعش دەیانگرێتەبەر؟**

نووسینگەکە لە ساڵی ٢٠١٩ دا بەشێوەیەکی پتەو و توندوتۆڵ لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای دادوەران و وەزارەتی داد سەبارەت بە بەرقەرارکردنی دادپەروەری و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی چاودێریی هەنبەر دادگەییکردنەکان و سەردانیکردنی شوێنەکانی دەستگیرکردن، هاوکاریی کردووە. دەرئەنجامەکان سەبارەت بە پاراستن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە بەرقەرارکردنی دادپەروەری و نەبوونی پێوەرە سەرەکییەکانی دادگەییکردنێکی دادپەروەرانەی ئەو کەسانەی ت بە ئەندامبوون لە ڕێکخراوی داعش تۆمەتبارن و پاراستنی مافەکانیان لەو دادگەییانەی پێوەندییان بە داوایەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەیە، نیگەرانییان دروست کرد.

نووسینگەکە لە ١ی کانوونی دووەم- ٣١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩، چاودێریی ٧٩٣ دانیشتنی دادگەیی کرد، لەوانە دانیشتنەکانی دادگەیکردنی لێکۆڵینەوەیی و جەختکردنەوە لەسەر ئەو داوایانەی لە سەرانسەری وڵاتدا پێوەندییان بە تیرۆرەوە هەیە. نووسینگەکە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ دا بە هاوبەشی لەگەڵ نووسینگەی کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕاپۆرتێکی لەگەڵ دەرئەنجامەکانی بەناونیشانی: مافەکانی مرۆڤ لە سایەی بەرقەرارکردنی دادپەروەری لە عێراق: دادگەییەکان بەپێی یاسایەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و کاریگەرییەکانی لەسەر دادپەروەری و لێپرسینەوە و یەکییەتیی کۆمەڵایەتیی دوای قۆناغی ڕێکخراوی داعش، بڵاوکردەوە. ڕاپۆرتەکە ئەو دەرئەنجامەی هێناوەتە کایەوە کە ڕێز لە پێوەرە سەرەکییەکانی دادگەیکردنێکی دادپەروەرانە نەگیراوە و ئەو پێشێلکارییانەی ئاماژەیان پێ کراوە پێوەندیی بە یەکسانی هەیە لەبەردەم دادگەکان و دانیشتنە دادپەروەرەکانی دادگەییکردن لە سایەی ناکارایی بەرگری و توانای دیاریکراو لە تانەدان لە بەڵگەکان. ئەوەی ئەم دۆخەش ئاڵۆزتر دەکات پشتبەستنێکی زێدەڕۆیانەیە بە ددانپێدانانەکان و بەدواداچوونێکی ناتەواو سەبارەت بەو داواکاری و بانگەشە بەردەوامەکانی تایبەت بە ئەشکەنجەدان و ڕەفتاری خراپ، ئەمەیش دەبێتە هۆی زیاترکردنی لایەنەکانی بێبەشکردن و ئەو ترسانەی پێوەندییان بە نەبوونی دادگەییکردنێکی نادادپەروەرانەی تۆمەتبارانەوە هەیە. ڕاسپاردەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەبوونی سیستمێکی بەهێز و شەفاف و دادپەروەرانەی دادگەیی، بە مەرجێکی سەرەکیی دەوڵەتی دیموکراسی دادەندرێ کە دەبێتە هۆی متمانەکردن بە دەستگە و دامەزراوەکانی، ئەمەیش بە ڕۆڵی خۆی پتەویی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕۆیی توندوتیژانە پتەوتر دەکات.

نووسینگەکە لەگەڵ ئەمانەشدا، بەرنامەیەکی مەنهەجییانەی بۆ چاودێریی گرتووخانەکان دانا. نووسینگەکە لە تەمموز- کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩دا، لەسەرانسەری عێراقدا سەردانی ٤٩ مەڵبەندی دەستگیرکردنی کرد. ئامانجی بەرنامەکە پاڵپشتیکردنی ئەو هەوڵانەی حکوومەتی عێراقییە بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی کردەی پاراستنی مافی ئەو تاکانەی دەستگیرکراون و دۆزینەوەی چەند ڕێگەیەکی کارایە بۆ نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و ڕەفتاری خراپ. بە هەمانشێوەش، نووسینگەکە یارمەتیی حکوومەتی عێراقی دا لە جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە ٢٤٢٧ ی ئەنجوومەنی ئاسایش کە ئەنجوومەنەکە لە ڕێکەوتی ٢١ حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٩ دا دەری کرد، ئەمە یەکەمین بڕیارە ئەنجوومەنەکە سەبارەت بەو کەسانە دەری دەکات کە بە بێسەروشوێنی نێو ململانێیە چەکدارییەکان دادەندرێن.

هەروەها سەبارەت بە پاراستن و بەدواداچوون بۆ ئەو کەسانەی کەوتوونەتە نێو ڕفاندنی زۆرەملێەوە، یارمەتی و پاڵپشتیی پێشکەشی هەوڵەکانی حکوومەتی عێراقی کراوە. نووسینگەکە لەمبارەوە تێبینییەکانی خۆی لەسەر پڕۆژە بڕیاری پاراستنی

تاکەکەسەکان لە ڕفاندن و بزرکردنی زۆرەملێیانە دەربڕیوە کە لە ٢٩ ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٩ دا خراوەتە سەر مێزی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە.

هەروەها بەپێی ئەو ئەرکەی ئەنجوومەنی ئاسایش بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٤٧٠ی ساڵی ٢٠١٩ خستوویەتییە سەرشانی نێردەکە، ئەوا بۆ پتەوترکردن و بەرەوپێشبردنی لێپرسینەوە لەو تاوانانەی داعش کردوونی، پاڵپشتیی و یارمەتی پێشکەشی تیمی نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوە دەکات.


**لە ساڵی ٢٠١٩ دا چ کارێك لەپێناو چارەسەرکردنی توندوتیژیی سێکسی و توندوتیژیی ڕەگەزی جێبەجێ کراوە؟**

بە درێژایی ساڵی ٢٠١٩ و ئێستەشی لەگەڵدا بێت پاڵپشتیکردن و پاراستنی مافی ژنان و کچان لە عێراق سەرچاوەی نیگەرانی بووە، گەرچی هەندێك پێشکەوتن هاتووەتە دی، بەڵام کردەکانی یاسادانان کە زۆر لەمێژە چاوەڕوانین بێنەدی، هێشتاکە پەکی کەوتووە. لەگەڵ ئەمانەشدا، نووسینگەکە بەردەوامە لە تۆمارکردنی دۆخەکانی کوشتنی تایبەت بە ڕەگەز ( ئەوەی بە تاوانەکانی شەرەف دەناسرێ).

پێشنیازی یاسای ژنە ڕزگاربووەکانی ئێزدی پێشکەوتنێك بوو کە نێردەی یۆنامی لە بواری پاراستنی ژنە ڕزگاربووەکانی ئێزدی پێشوازییەکی گەرمی لێکرد. هەروەها سەرۆکایەتیی کۆماریش لە ڕێکەوتی ٧ی نیسانی ساڵی ٢٠١٩دا پڕۆژە یاسای پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەران کردووە و چاوەڕوان دەکرێ بخرێتە بەردەم پەرلەمان. ئەم پڕۆژە یاسایە وەك ئاماژەیەکی ڕوونە لەوەی حکوومەتی عێراقی بۆ دەستەبەرکردنی لێپرسینەوە لەو کارە وەحشیگەرانەیەی لە هەنبەریاندا کراوە، پاڵپشتیی لە پێکهاتەی ئێزدی و بەتایبەتیش ژنە ڕزگاربووەکانیان دەکات. لەنێو چەند پرسی دیکەشدا، پڕۆژە یاسایەکە بە کۆڕبەندێك دادەندرێ، بۆ ئەوەی تیایدا گفتوگۆ لەسەر پرسی ئەو منداڵانە بکرێ کە بەهۆی توندوتیژیی سێکسییەوە لەدایکبوون ، تاکوو لە لە یاسایە عێراقییەکاندا بپارێزرێن. نووسینگەکە لە پاڵپشتیکردنی هاوبەشانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بانگەشەکردن لەو کردەیەدا بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی ئەو یاسایە کەسانی ڕزگاربووی نێو پێکهاتەکانی دیکەش بگرێتەوە، لەوانە پیاوان و منداڵان و فراوانکردنی پێناسەی توندوتیژیی سێکسی، بۆ ئەوەی هاوسەرگیریی زۆرەملێ و کۆیلەکردنی سێکسیش بگرێتەوە.

بەهەمانشێوەش، نێردەکە پێشوازییەکی گەرمی لەو فەتوایە کرد کە سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ڕووحانیی ئێزدی لە ٢٤ی نیسانی ساڵی ٢٠١٩ دا دەریچواند و تیایدا جەختی لەسەر پێشوازییەکی گەرمی هەنبەر گەڕانەوەی ئەو کەسە ئێزدییانە کرد کە لە تاوانەکانی ڕێکخراوی داعش ڕزگاربوون. لەگەڵ ئەمەیشدا، نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا بەردەوامە لە بانگەشە و داواکاریی بۆ پاراستنی ئەو منداڵانەی بەهۆی توندوتیژیی سێکسیی لەهەنبەر ژنە ئێزدییەکانەوە لەدایکبوون، چونکە جڤاکە خۆجێیەکانی دایکەکانیان هێشتاکە دەیانبێزێنن. خودی ئەم دۆخە پڕ لە نیگەرانییەش پێویستی بە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و کردەی توانادارکردنی دایکەکان هەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵ منداڵەکانیان بگەڕێنەوە نێو جڤاکە خۆجێیەکانیان.

نووسینگەکە سەبارەت بە پاڵپشتیکردن و پاراستنی مافەکانی ژنیش، بەشداری لە داواکردنی پڕۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خانەوادەیی کرد کە ئێستە لە قۆناغی کۆتایی چاوپێداگێڕانەوە پەڕیوەتەوە و پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکرێ. هەروەها نووسینگەکە سەبارەت بە




ئاوێتەکردنی بنەما و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ لەنێو پڕۆژە یاسایەکەدا یارمەتیی تەکنیکی پێشکەشی حکوومەتی عێراقی کردووە، بۆنموونە: هەریەکە لە نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکە و نووسینگەی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە هەردوو هەرێمی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، لە ڕۆژانی ١٩ و ٢٠ ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٩ و بە پاڵپشتیی هاوبەشانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ۆرکشۆپێکی تەکنیکییان لە بەیرووتی لوبنان لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی شورای دەوڵەت ڕێکخست، ئەمەیش بووە هۆی زەمینەسازکردن بۆ چەند گفتوگۆیەکی یەکلاکەرەوە و دۆزینەوەی چارەسەرەکان بۆ ئەحکامە پێویستەکان لەپێناو پاراستنی کەسانی ڕزگاربوو و ئەو کەسانی کەوتوونەتە بەر مەترسیی توندوتیژیی خانەوادەیی. لەگەڵ ئەمانەشدا، نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ پاڵپشتی لە ڕاوێژ و داواکاریی تایبەتی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ژنان و حکوومەت و هاوبەشە پێوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە.

نووسینگەکە لە ساڵی ٢٠١٩ دا لە چاودێریکردنی کردەکانی کوشتنی تایبەت بە ڕەگەز ( کە بە تاوانەکانی شەرەفیش دەناسرێن) بەردەوام بووە، نووسینگەکە لە بەغدا و هەرێمی کوردستان و پارێزگەکانی دیکەی سەرانسەری عێراق٢٨ حاڵەتی کوشتنی تۆمار کردووە. هێشتاکەش نیگەرانییە باوەکە خۆی لە برینی ( اختراق)ی پەیکەرە کۆمەڵایەتییەکانی عێراقدا دەبینێتەوە و بەڵگەی زەرورەتی خستنەگەڕی زۆرێك لە هەوڵ و کۆششەکانە لەوەی کە دەبێ پابەندبوونێکی بەهێزتر بۆ دەستبەرکردنی پاراستنی ژنان و کچان هەبێت لەو تاوانە قێزەونانە. لەمبارەیەوە، نووسینگەکە بەردەوام دەبێت بۆ داواکاری و بانگەشە بۆ ڕەتکردنەوەی مادەکانی ١٣٠ و ١٣١ و ١٢٨ و ٤٠٩ی یاسای سزادانەکان کەوا سزای تاوانی کوشتن سووکتر دەکات کاتێك بە ناوی شەرەفەوە دەکرێ.

**سەبارەت بە پاڵپشتیکردن و پاراستنی مافی پەروەردە و فێرکردنی هەمووان چی کراوە ؟**

نووسینگەکە بۆ شرۆڤەکردنی توانای وەدیهێنانی فێرکردن لە جڤاکەکانی دوای ململانێ لە عێراق بەرنامەیەکی نوێی جێبەجێ کردووە. ڕاپۆرتی یەکەم لەنێو زنجیرەی ڕاپۆرتەکانی دیکەدا لەژێر ناونیشانی: "کاریگەریی لێکەوتەکانی هەژموون و کۆنترۆڵی داعش لەسەر ڕەخساندنی دەرفەتەکانی پەروەردە و فێرکردن"، باس لە کردەی پەروەردە و فێرکردنی نێو عێراق دەکات. نووسینگەکە لە ساڵی ٢٠١٩ دا ٢٣٧ چاوپێکەوتن و ڕاوێژی کۆمەڵایەتی لەگەڵ منداڵان و گەنجان و دایبابان و مامۆستایان ساز داوە -بە خێوەتگەکانی ئاوارەکانیشەوە- بەتایبەت لەو ناوچانەی پێشتر لەژێر کۆنترۆڵی ڕێکخراوی داعشدا بوون. دەرئەنجامەکان دوو ئاڵنگاریی دیاریکراوی سەرەکییان دیاری کرد کە ڕووبەڕووی ئەو جڤاکانە بوونەتەوە و بریتین لە، یەکەم: نەبوونی ڕێگە گونجاوەکانی گەڕانەوە بۆسەر پەروەردە و فێربوون کە دەکرێ لەنێویەوە چارەسەری ئەو بۆشاییە مەعریفییە بکرێ کە بەهۆی وازهێنانی چەند ساڵە لە پەروەردە و فێرکردن سەری هەڵداوە. ئاڵنگاریی دووەمیش بریتییە لە کەمی و دیاریکراویی دەرفەتەکانی وەدەستهێنانی ئەو بەڵگەنامە سەلمێنەرانەی کە لە خوێندنگەکاندا دەبنە هۆی تۆمارکردن.

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بەردەوام دەبێت لە دەستەبەرکردنی ئەوەی کە گشت منداڵانی عێراقی بتوانن بچنەوە بەر خوێندن، هەروەها نووسینگەکە لەگەڵ دەسەڵاتە فیدراڵی و خۆجێیەکان و لایەنە کارایە پێوەندیدارەکانی نێو جڤاکی مەدەنی لەپێناو دیاریکردنی چەند چارەسەرێکی دیاریکراو و کرداری، پلان بۆ بەڕێوەبردنی چەند گفتوگۆیەکی مێزگردی دادەنێت ، هەرروەها ڕاپۆرتی دووەمیش دەردەچێت کە جەخت لەسەر ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن و فێربوون بۆ کچان و کوڕانی گەنج دەکاتەوە.

**چۆن نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق چارەسەری مافی کەسانی سەر بە گرووپە هەمەچەشنە نەژادی و ئایینییەکانی نێو عێراق دەکات؟**

لەخۆگرتن و لەئامێزگرتنی نەژادەکان و تائیفە هەمەچەشنە عێراقییەکان لە عێراق، بۆ سەقامگیربوونی دوورمەودا و بەردەوام مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. لەبەرئەوە، نووسینگەی




مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەکە بەدرێژاییی ساڵی ٢٠١٩ لەپێناو هەمووارکردنی پانتاییەکی گفتوگۆ لەنێوان دەسەڵاتە فیدراڵی و خۆجێیەکان و ڕۆڵە و ئەندامانی نێو جڤاکی خۆجێیی و جڤاکی مەدەنی، بەچەندان ڕێگەی جیاواز کاری کردووە، بێگومان ئەمەش لەپێناو گوێگرتن لە هۆکارەکانی نیگەرانی و دۆزینەوەی ڕێگەی چارەسەر بووە.

لیژنەی دادوەری لە کانوونی ساڵی ٢٠١٩دا، سەبارەت بە هەڵاواردنی ڕەگەزپەرستانە و بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردن و پاراستنی مافی مرۆڤی کەمینەکان، ڕاسپاردەکانی خۆی بۆ حکوومەتی عێراقی دەرکرد. جا نووسینگەکە وەك پاڵپشتییەك بۆ ئەو هەوڵانەی حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانە وەگەڕیان دەخات، ١٢ گفتوگۆی مێزگردی ڕێکخست کە تیایاندا بەرپرسانی حکوومی و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و لەگەڵیاندا نوێنەری کەمینەکان لە زۆر شوێنی جیاجیاوە بەشداربوون. لە ئەنجامی ئەمەدا، دوو تیمی کار لە کەمینەکان پێکهات، پێکهێنانی ئەم دوو تیمەش بۆ دۆزینەوەی پانتاییەك بوو لەنێوان دەسەڵاتە حکوومییەکان و جڤاکە زیان لێکەوتووە خۆجێیەکان  بۆ ئەوەی چارەسەرەکان بۆ ئالنگارییە هەنووکەییەکان بدۆزرێنەوە. جگە لەمانەیش، بۆ دەرچوواندنی چەند بەڵگەنامەیەکی ناسنامەی یەککگرتوو بۆ قەرەجەکانی ڕۆما لە عێراق، لە ئاداری ساڵی ٢٠١٩دا  ڕێنمایی (توجیه) حکوومی دەرچوو بەشێوەیەك دەرفەتی یەکسانی پەروەردە و فێربوون و تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی تەندروستییان بۆ ڕەخسێ.

نووسینگەکە بە درێژایی ساڵی ٢٠١٩ لەپێناو پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی مافی کەمینەکان و کەمینە ئایینییەکان، لە سەرانسەری وڵاتدا هەڵمەتێکی بانگەشەکردنی دەستپێکرد. هەروەها فیستڤاڵی سینەمایی بۆ مافەکانی مرۆڤ بە سەرانسەری عێراقدا گەڕا، چونکە کۆمەڵێك فیلمی کورت نمایش کران کە لە ٢٤ فیلم پێکهاتبوون و تایبەت بوون بە مافەکانی مرۆڤ، لە فیستڤاڵەکەدا فیلمەکانی ٣×٣ کێبڕکێیان کرد، ئەو فیستڤاڵەش لە شاری بەغدا بەڕێوە چووبوو. ئەم فیستڤاڵە نووسەرە عێراقییەکانی توانادار کرد لەمیانی ڕاکێشانی سەرنجەکان بۆ ئەو ئالنگارییانە بەهرەکانی خۆیان دەربخەن کە ڕووبەڕووی کەمینە ئایینییەکان دەبنەوە لەگەڵ پترکردنی هۆشیاری لەهەنبەر مافەکانی مرۆڤ. هەروەها نووسینگەکە لە ماوەی نێوان هەردوو مانگی ئادار و ئاب، لەنێو چالاکیی فیلمەکاندا ٣٦ چالاکیی کورتی ڕێکخست کە لە ١٧ پارێزگەدا ٤١٥٨ نێرومێی عێراقی بەشدار بوون.

نووسینگەکە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠١٩دا، پاڵپشتیی پێشکەشی ئەو پڕۆژە تەکنیکییانە کرد کە بریتی بوون لە بڵاوکراوەی سەر دیوار، ئەم پڕۆژانە لە حەوت پارێزگەدا بەڕێوەچوون  تیایاندا ئەو پرسانەی مافی مرۆڤ بەرجەستەکرابوون کە بە لای گەلی عێراقەوە گرنگن. ئەو پرسانەی بەرجەستە کرابوون بریتی بوون لە توندوتیژیی خانەوادەیی و ژیانی ژن و مێردایەتی و منداڵان و هەڵاواردن و گەندەڵی. چالاکییەکانی بڵاوکراوەی سەر دیوار لە پارێزگەکانی ئەنبار و نەجەف و کەربەلا و مووسڵ و میسان و ناسرییە و بەسرە و بەغدا بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی گفتوگۆکردن لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە شوێنە گشتییەکان بەڕێوەچوون.

**کارە هەرە لەپێشینە و سەرلیستەکانی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەکە بۆ ساڵی ٢٠٢٠ چین؟**

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٠ یشدا لە پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی حکوومەتی عێراقی بەردەوام دەبێت،  بۆ ئەوەی بتوانێ ستراتیژە نیشتمانییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ جێبەجێ بکات و دەرفەتە گەشەسەندووە نوێیەکانی هاوکاری دیاری بکات.

کارە سەرلیست و لەپێشینەکانی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ئەمانەن:

*پاڵپشتیکردنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە بواری بەرقەرارکردنی دادپەروەری، بە پرسەکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریشەوە.

* پاڵپشتیکردن و پاراستنی ئازادیی ڕادەربڕین و گردبوونەوەی ئاشتییانە و فراوانکردنی کەشی دیموکراسییانە و مەدەنییانە.

* پاڵپشتیکردنی هەمەچەشنی و یەککگرتوویی و پتەویی کۆمەڵایەتی و پاراستنی مافی کەمینە نەژادیی و ئایینییەکان لەمیانی نەهێشتنی دۆخی هەڵاواردن، بە وەدەستهێنان و زەمینەسازکردن بۆ پەروەردە و فێربوون و پتەوکردنی دەستپێشخەرییە خۆجێیەکانی ئاشتیشەوە.

* پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی یەکسانی و پاراستنی مافەکانی ژن بە لادانی قالبە نۆرمییەکانی هەڵاواردن و ستەم و نارەوایی دژ بە ژن و کچانی سەر بە کەمینە نەژادییەکان.

* پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕابردوو و هەنووکەدا، بە چارەسەرکردنی دۆخەکانی ڕفاندنی زۆرەملێیانەشەوە.

* هۆشداریی پێشوەختە و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لە دوای کۆتایی هاتنی ململانێ.

* بەرەنگاربوونەوەی هەڵاتن لە سزادان و پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی ئەو کەسانەی لە توندوتیژیی سێکسیی نێو  ململانێیەکان ڕزگار بوون.

* پاڵپشتیکردنی پاراستنی منداڵان،  بە تایبەتیش ئەو منداڵانەی ململانێ زیانی پێگەیاندوون، یانیش دەستبەسەر کراون.

نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٠دا و لەمیانی تۆمارکردن و پێشکەشکردنی زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی پێشتر لە چەند ناوچەیەکی جۆراوجۆردا لەژێر دەسەڵاتی داعش ژیاون،  جەخت لەسەر پاراستنی جڤاکە بێدەرەتان و پەراوێزخراوەکان دەکات بە ئاوارەکانیشەوە. هەروەها پرسێکی دیکە کە نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق کاری لەسەر دەکات، ڕفاندن و بزرکردنی زۆرەملێیانە و پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەستگەکانی ڕاگەیاندن و هاوکاریکردنە لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی عێراق و دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤە لە هەرێمی کوردستان و داکۆکیکاران لە مافی مرۆڤ و کەسانی چالاك.




# نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان

## پێشەکی:

ساڵی ٢٠١٩، هاوکاتە لەگەڵ ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنی چاکسازی لە پەیکەرە و ئۆرگانی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی توانای نووسینگەکانی ڕێکخەرە نیشتەجێیەکان، وەك لایەنێکی زۆر گرنگی بۆچوون و ڕوانگەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوەی کە پەیکەرە و پێکهاتەی نووسینگەکانی ڕێکخەرە نیشتەجێیەکان بە سەربەخۆیی و تواناداری و بێلایەنی بمێننەوە.

**ڕۆڵی نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان لە پاڵپشتیی جێبەجێکردنی ئەرك و کار و لێپرسراویەتییەکانی نێردەکەدا چییە؟**

نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان (DCO) ئەو بەشەیە کە بۆ ڕاپەڕاندن و جیبەجێکردنی ئەرك و کار و لێپرسراویەتییەکانی نێردەکە سەبارەت بە پێشکەشکردنی پاڵپشتی بە عێراق لە هەوڵەکانی خۆیدا بۆ سەقامگیرکردنەوە و دووبارە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، پاڵپشتی و یارمەتیی هونەری و ڕاوێژکارییانە پێشکەشی جێگری نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق- ڕێکخەری نیشتەجێ و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی- دەکات. نووسینگەکە بەتایبەتی بۆ کێشانی ستراتیژ و پلاندانان و جێبەجێکردن و چاودێریکردنی بەرنامە گەشەپێدەرەکان، ئەرکی سەرکردایەتیکردنی تیمی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکانی خراوەتە سەرشان، وەك چۆن لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریی بەردەوامی گەشەپێدەرانە (UNSDCF) و لە چوارچێوی ستراتیژی تەواو (ISF) دیاری کراوە.



**نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدەان چۆن ئەم ڕۆڵە دەگێڕێ؟**

نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان لەمیانی چوار چالاکیی سەرەکیدا ئەمە جێبەجێ دەکات، ئەوانیش: (١) دامەزراندن و درێژەدان بە هاوبەشی لەگەڵ ئەو لایەنە عێراقییانەی لە بواری گەشەپێداندا کار دەکەن، (٢) پلاندانان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکان و بانگەشە بۆ گەشەپێدان لە عێراق، (٣) چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی کاری گەشەپێدەرانە لە عێراق. هەروەها نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدەرانە پەیوەندی لەگەڵ گشت لایەنە کارایەکانی بواری گەشەپێدان دەبەستێ (وەك بەخشەران و کەرتی تایبەت و کۆمەڵی مەدەنی و ئەو وەزارەتانەی سەر بە حکوومەت) کە لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و خوار نیشتمانی (پارێزگەکان و کۆمەڵە خۆجێیەکان) تەڤلی کاری گەشەپێدان دەبن ، تەڤلیبوونی ئەم لایەنانەش لەمیانی ئەو کۆڕبەندە هەمەجۆرانەیە کە نووسینگەکە ڕێکیان دەخات یانیش تیایاندا ئامادە دەبێت (وەك کۆڕبەندی"المنتدی" هاوبەشە گەشەپێدەرەکان و ئەنجوومەنەکانی پلاندانان و گەشەپێدان لە پارێزگەکان و ئەو لیژنە لاوەکییانەی سەبارەت بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لەسەر ئاستی پارێزگەکان پێکهاتوون و کۆبوونەوەکانی تیمی هەماهەنگیی گەشەپێدەرانەی ناوچەیی لەسەر ئاستی پارێزگەکان) و چەندان کۆمەڵەی دیکەی کار، کۆی ئەمانەش لەپێناو زانیاری وەرگرتن و پاڵپشتیکردنی لایەنە کارایەکانی نێو بواری گەشەپێدەرانەیە.

## کار و چالاکی و دەستکەوتە سەرەکییەکانی نووسینگەی گەشەپێدەرانە لە ساڵی ٢٠١٩ دا

یەکێك لە گرنگترین کار و دەستکەوتە سەرەکییەکانی نووسینگەی گەشەپێدەرانە، لەژێر سەرکردایەتیی جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق - ڕێکخەری نیشتەجێ و ڕێکخەری کاروبارە مرۆییەکان لە ساڵی ٢٠١٩ دا دانانی چوارچێوەی نوێی کاری نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ هاوکاریی گەشەپێدەرانەی بەردەوام کەوا ماوەی ٢٠٢٠-٢٠٢٤ دەگرێتەوە. چوارچێوەی نوێی هاوکارییەکە وەك بەشداریکردنی پەیکەرەی گەشەپێدەرانەی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ پاڵپشتیکردنی پێشکەوتنی ئەو وڵاتە بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام و تێروتەسەل، لەگەڵ پابەندبوون بە دەرنەهاوێشتنی هیچ کەسێك و مافەکانی مرۆڤ و پێوەرەکان و چەند پابەندبوونێکی دیکەی نێودەوڵەتی. هەروەها گوزارشت لە کاردانەوە و وەڵامدانەوەیەکی بەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ یارمەتیدانی عێراق لە چارەسەرکردنی سەرلیست و مەسەلە هەرە لەپێشینەکانی و ئەو بۆشایی و

کۆسپانەی دێنە بەردەم ڕێگەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە و لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام.

دووەم کاری وەدیهێنراویش ئەو پاڵپشتییە هونەرییە بوو پێشکەشی ئەو کۆمەڵانەی کار کران کەوا بەدوای بزووتنەوە و چالاکیی دانیشتوان (PTM) دەچن، هەروەها بەرنامەی سارێژبوونەوە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان (RRP)، ئەمەیش لەپێناو هەماهەنگی و ڕێکخستنی جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکبوونەوە و توانای ڕووبەڕوبوونەوەی قەیرانەکانە کە ماوەی دوو ساڵ دەخایەنێ ٢٠١٨-٢٠١٩ (RRP) و سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنگرەی نێودەوڵەتیی کوەیت بۆ ئاودانکردنەوەی عێراق لە شوباتی ساڵی ٢٠١٨دا دەستپێکردنەکەی ڕاگەیاند. بەرنامەی چاکبوونەوە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان وەك سەکۆی پێکهاتە و پەیکەرەی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە عێراق بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتییەکی ئاراستەکراو و سیستماتیك بۆ ئەو جڤاکە خۆجێییانە کار دەکات کە سەرلیستن و سەرلەنوێ کەوتوونەتە بەر مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕۆیی، هەروەها بۆ پاڵپشتیکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و فراوانکردنی پانتایی بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا کار دەکات. هەروەها " ڕاپۆرتی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان" سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی " تیشك خستنە سەر کار و دەستکەوتە وەدیهێنراوە سەرەکییەکانی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، ئامادەکراوە، هەوڵی نەهێشتنی ئەو بۆشایی و کۆسپانەش دەدات کە کەوتبوونە سەر ڕێگەی کارەکان و ئەو پەندانەی لێیان فێربوون.

سێیەم کار و دەستکەوتی وەدیهێنراویش هەماهەنگی و کاری سیستماتیکانەی کۆربەندی هاوبەشە گەشەپێدەرەکان بوو (DPF) کە وەك چەترێکی سەرتاپاگیری میکانیزمەکانی هەماهەنگی و ڕێکخستنی بەهاناوەچوون کار دەکات لەمیانی جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکبوونەوە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان، کارئاسانی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. لەمبارەیەوە یادداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە ڕۆژی ١ی ئابی ساڵی ٢٠١٩ لەنێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و وەزارەتی پلاندانان بۆ دامەزراندنی سندووقی چاکبوونەوە و گەشەپێدان واژۆ کراوە ، ئەمەیش بۆ پاڵپشتیکردنە لە جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکبوونەوە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و و جێبەجێکردنی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریی گەشەپێدانی بەردەوام ٢٠٢٠- ٢٠٢٤ لە ئایندەدا.

لقە مەیدانییەکانی نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدەرانە لە پارێزگەکاندا ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاڵپشتیکردنی لیژنە لاوەکییەکانی حکوومەت گێڕاوە، ئەمەیش بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوامە لەمیانی ڕێکخستنی ٢٠ کۆبوونەوە بۆ ئاڵوێرکردنی زانیارییەکان سەبارەت بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، کە هاوشان و هاوپیشە حکوومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کەرتی تایبەت و چەندان لایەنی دیکەی گرنگی پێوەندیداری گرتەوە. هەروەها ئەو نووسینگانە پاڵپشتییان پێشکەشی ئەنجوومەنەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی نێو پارێزگەکانیش کرد.

# کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدەر لە ساڵی ٢٠٢٠ دا



کارەلەپێشینەوسەرلیستەکانی نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدەرانە لە ساڵی ٢٠٢٠دا لە سێ بواردا چڕبوویەوە:

١) چاودێریکردنی جێبەجێکردنی "چوارچێوەی هاوکاری" نوێ لەمیانی کۆمەڵەکانی کار لەسەر کارە لەپێشینە و سەرلیستەکان، یانیش پلانەکانی کاری هاوبەش، یان بەرنامەڕێژیی هاوبەش و بەرنامە هاوبەشەکانی سەر بە پەیکەرەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢) ئامادەکردنی ستراتیژی پارە تەرخانکردن و بەخشین لەپێناو ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام.

٣) تەواوکردنی ستراتیژی پەیوەندی و وابەستەیی تایبەت بە چوارچێوەی هاوکاری.

٤) نوێکردنەوەی ستراتیژی هەرێمییانەی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN CCS) نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدەرانە لەپێناو چاودێریکردنی چوارچێوەی نوێی هاوکاری، لە نزیکەوە لەگەڵ کۆمەڵەکانی کاردا لەسەر کارە لەپێشینە و سەرلیستەکاندا کاردەکات، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵە کارکەرەکانیشدا لەسەر چەند مەسەلەیەکی دیاریکراو کار دەکات کە بوونیان هەیە و/ یان تیمەکانی کار وەك کۆمەڵەی کاری چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن (M&E) و کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەیوەندییەکان و کۆمەڵەی کاری تایبەت بە ڕەگەزی کۆمەڵایەتی، هەروەها دەست بە ئامادەکردنی چەند ڕاپۆرتێکی وەرزی (الدوری) دەکات و پێشکەشی لیژنەی ئاراستەکاری هاوبەشی سەر بە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریی گەشەپێدانی بەردەوام (UNSDCF)ی دەکات. ئەو دەرخستە و نمایشە ساڵانەییەی تایبەت بە پێشکەوتنی وەدیهاتوو بە ئاراستەی سەرلیستە ستراتیژییەکان و دەرئەنجامەکان، هەروەها هەڵسەنگاندنی گۆڕانکارییە گرنگەکان لە ڕەوتی هەرێمییانە دەتوانێ سەبارەت بەو بەشداری و یارمەتییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێشکەشکردنیان پلان دادەڕێژێ، ڕێککەوتنێك لەگەڵ حکوومەت و هاوبەشە گەشەپێدەرە پەیوەندیدارەکان بهێنێتە ئاراوە. لیژنەی ئاراستەکارانەی هاوبەشی (JSC) سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکارییەکی بەردەوامی گەشەپێدان (UNSDCF) ئەو لایەنەیە کە سەبارەت بە پرسی هاوبەشی و موڵکایەتیی نیشتمانی ڕۆڵی بزوێنەرێکی سەرەکی دەگێڕی. لەمبارەیەوە پەیکەرەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمیانی پێشکەشکردنی ئەو کارئاسانی و هەماهەنگییەی لە لایەن نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدەرانە دەستەبەری دەکات، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتە ساڵانەییەدا دەستێکی باڵای لەو پێشکەوتنەدا دەبێت کە لە لەمیانی " ڕاپۆرتی یەکگرتووانەی هەرێمی سەبارەت بە دەرئەنجامەکان" و وەدیهێنانی دەرئەنجام و بەرهەمەکانەوە بە بەکارهێنانی (سەکۆی زانیارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان) بۆ لیژنەی ئاراستەکاری هاوبەشی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و حکوومەتی عێراقی بەدەستهاتوون، لە هەمان کاتیشدا ئەوەش دەستەبەر دەکات کە ڕاپۆرتەکە لە ڕاپۆرتە تایبەتمەندەکانی بابەتەکە/ کەرتی دیاریکراو ببێتە هۆی ئەوەی حکوومەت لە چوارچێوەی ناوەندە باڵایەکانی سیاسیدا لە نمایش و دەرخستە نیشتمانییەکانی خۆبەخشیدا بەشدار بێت.

هەرچەندە بەشداریکردنی داراییانەی پەیکەرەی گەشەپێدەرانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە گەشەپێدانی نیشتمانیدا بەگشتی و بەشێوەیەکی ڕێژەیی کەمە، بەڵام کێشانی نەخشەی ستراتیژی پارەبەخشین بە ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام سەرلیستێکی دیکەی گرنگە. لەبەرئەوە، جەختکردنەوەی تەقلیدییانەی چوارچێوەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی گەشەپێدان (UNDAF) لە ئاراستەکردنی پاڵپشتی و یارمەتیدانی لایەنە بەخشەرەکان بۆ وەدیهێنانی دەرئەنجامە هاوبەشەکانی پەیکەرەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوانەیە ببێتە هۆی وەبەرهێنان و سوودبینین لە توانای ڕێکخەرانەی پەیکەرەی گەشەپێدەرانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردنی حکوومەتەکان لە دانان و جێبەجێکردنی ستراتیژە بەردەوامەکانی پارەبەخشین. بەمەیش " چوارچێوەی هاوکاری" لە " چاودێریکردنی پارە وپوولەوە" بەرەو پارە بەخشین فراوانتر دەبێت، چونکە پێشبینیکراوە ئەو هەوڵانە بۆ هەماهەنگی و گونجاندنی یارمەتییە نێو دەوڵەتییەکان و ئاوێتەکردنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لەنێو بەرنامەی گەشەپێداندا.

هەروەها نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدەرانە (DCO)، بە یارمەتیی پسپۆڕ و شارەزای ڕاوێژکاریی دەرەکی، لە دارشتنی ستراتیژی پێوەندیی تایبەت بە چوارچێوەی هاوکاریی نوێ، یارمەتیی تیمی کاری نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە پێوەندییەکان دەدات، ئەم ستراتیژە بەشێوەیەکی زۆر ئاسان و ورد یارمەتیی پەیکەرەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان دەدات، ئەم یارمەتیدانەش بۆ گواستنەوەی گشت ئەو کارانەی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە بۆ یارمەتیدانی ئەو وڵاتە و لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام دەیانکات.

هەروەها نووسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدەرانە لەپێناو ڕەچاوکردنی ڕەوتەکان و هۆکارە بزوێنەرە گۆڕاوەکانی نێو ئەو وڵاتەدا بەشێوەیەکی خوولییانە کار بۆ نوێکردنەوەی هەڵسگاندنی هەرێمییانەی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات-وەك چۆن لە بنەمایە ئاراستەکارەکانی چوارچێوەی هاوکاریی نوێشدا هاتووە- ئەمەیش وەك سەرچاوەیەکی شیکردنەوەیی کاتی هەنووکەیە، دەتوانێ کاتی پێویست بۆ دارشتنی چوارچێوەی نوێی هاوکاری کەم بکاتەوە، هەروەها لەوانەیە هەڵسەنگاندنی هاوبەشی هەرێمییانە لە ڕووداوێکی دابڕاوەوە بکاتە ئەرکێکی سەرەکییانەی شیکردنەوەیی.



# تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوە لەو تاوانانەی لە لایەن داعشەوە کراون ( یونیتاد)

تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەدرێژایی زیاتر لە ساڵێك و سەرەتای دەسپێکردنی بە کارەکانی لە عێراق، بەشێوەیەکی تەواو کارەکانی جێبەجێ دەکات، بۆ پاڵپشتیکردن و ڕاپەڕاندنی کارەکانی زیاتر لە ١٣٠ کارمەند لە خۆدەگرێ، بە لێکۆڵەران و کارمەندانی یاسایی و پسپۆڕانی بواری بەڵگەکانی تاوان و فەرمانبەرانی تایبەت بە پاراستنی گەواهیدەران. هاوکات لەگەڵ ئەم کارانەشدا، لەپێناو ئاسانکاری لە کردەی کۆکردنەوەی مادە سەلمێنەرەکان و ئەنبارکردنیان و شیکردنەوەیان بەپێی چەند پێوەرێکی نێودەوڵەتی، چەند ڕێکارێکی وەگەڕخستن و ئامێری تەکنۆلۆژی و چەند سێکتەر و پاشکۆیەکی بەڵگەکان دانراون.

تیمەکە ستراتیژەکانی خۆی فراوانکردووە، توانایە تەکنیکییە زۆر و زەوەندەکانیشی بۆ ئەم مەبەستە خستووەتە بەردەست، ئەمەیش بە پشتبەستن بە بەشدارییەکانی دەرەوەی ئەو گوژمەیەی لە لایەن وڵاتانی ئەندامەوە پێشکەش کراوە، بۆ ئەوەی چەند کارێکی لەپێشینە بگرێتەوە و دەستەبەری ئەوە بکات کە بایەخدان و ئامانجە سەرەکییەکانی گشت پێکهاتەیەکی سەرانسەری عێراق بگرێتەوە کە بەهۆی تاوانەکانی داعش لە عێراق زیانیان بەرکەوتووە.

هەروەها تیمەکە چالاکییە سەرلیستە بەئامانجگیراوەکانی لەسەر ئاستی مەیدانی لە شنگال و مووسڵ و تکریت و چەند شوێنێکی دیکەی سەرانسەری عێراق دیاری کردووە، ئەمەیش لەپێناو کۆکردنەوەی بەڵگەنامە سەرەکییەکان و ئەو مادانەیە کە پێوەندییان بەڵگەی تاوانکارییەوە هەیە، لەگەڵ ئەوانەی پێوەندییان بە گەواهیدەرەکانەوە هەیە و دەتوانن بۆشاییی نێو بەڵگەکان پڕ بکەنەوە، بێگومان ئەمەیش بۆ پاڵپشتیکردنی سکاڵا و داواکارییە خۆجێیەکانە.

هێشتاکەش کارکردن لەگەڵ کەسە ڕزگاربووەکان و جڤاکە زیان لێکەوتووە خۆجێیەکان چەقی هەوڵە وەگەڕخراوەکانن، چونکە تیمەکە بۆ پاراستنی گەواهیدەران و پێشکەشکردنی پاڵپشتی بۆ دابینکردنی ئەو دۆخەی کە زۆربەی تاکە بێدەرەتان و هەژارەکانی جڤاکی عێراقی بتوانن ڕووداوەکانی ڕابردوو بگێڕنەوە، چەند ڕێکارێکی پێشکەوتوو جێبەجێ دەکات.

## هاوکاریکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراق

هێشتاکە پاڵپشتی و هاوکاریی تیمەکە لەگەڵ حکوومەتی عێراقی چەقی کارەکانی تیمەکەیە بۆ هەوڵدان لەپێناو گەڕاندنەوەی مافی قوربانییان و سزادانی ئەوانەی گەورەترین بەرپرسیاریی ئەو تاوانانەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە داعش لە عێراقدا کردوونی. هەروەها لە بوارەکانی وەك هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و شیکردنەوەی بەڵگەکان بەهۆی ترشی ناوەکی و دیجیتاڵکردنی بەڵگە یاساییەکان، پاڵپشتیی تەکنیکی و تواناسازی پێشکەش کراون. هاوکاریش لەگەڵ حکوومەتی عێراقی لە جێبەجێکردنی چالاکییەکانی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی کارا ڕۆڵێکی تەوەرییانەی بینیوە ، چونکە تیمەکە توانیان پشت بە چەندان جۆرە بەڵگەی بەردەست و مادەی بەردەستی  دیجیتاڵی ببەستن کە لەلایەن حکوومەتی نیشتمانی وەك هەوڵێك بۆ وەدیهێنانی کارە لەپێشینەکانی لە بواری لێکۆڵینەوەدا خستبوویە بەردەستیان. هەروەها بەپشتبەستن بەو هاوکارییە چڕەی نێوان تیمی لێکۆڵینەوە و دادگەی عێراقی هەبوو، ئەوا لە وڵاتی سێیەمدا پاڵپشتیی ڕاستەوخۆ پێشکەشی ڕێکارە بەرپایەکانی بواری تاوانکاری کرا سەبارەت بەو تاوانانەی داعش لە عێراقدا کردوونی، بە پێشکەشکردنی گەواهیی گەواهیدەران بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە بارەگەی  تیمەکە لە بەغدا. ئەمەیش لە جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ی ساڵی ( ٢٠١٧)ی ئەنجوومەنی ئاسایش بە هەنگاوێکی گرنگ  و سەرکەوتنێکی هاوبەشی حکوومەتی عێراق و تیمی لێکۆڵینەوە دادەندرێ، ئەمەیش بە پشتبەستن بە ویستێکی هاوبەش بۆ وەدیهێنانی لێپرسینەوە هاتەدی، بەجۆرێك لەگەڵ ئەو ئەرك و بەرپرسیارییانە بگونجێ کە ئەنجوومەنی ئاسایش خستوویەتییە سەرشانی.

## نوێکردنەوەی ئەرك و بەرپرسیاری و ماوەی کار




لەسەر داوای حکوومەتی عێراقی، ئەنجوومەنی ئاسایش بە کۆی دەنگ بڕیاری لەسەر درێژکردنەوەی ئەرك و بەرپرسیاری و ماوەی کاری تیمی لێکۆڵینەوەدا و ماوەی ساڵێك درێژکرایەوە، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە پاڵپشتیکردنی هەوڵە نیشتمانییەکان بۆ سزادانی ئەندامەکانی ڕێکخراوی داعش لە ڕێگەی کۆکردنەوە و پاراستن و ئەنبارکردنی بەڵگەکانی تایبەت بە مەترسیدارترینی ئەو تاوانانەی لە عێراق کراون، بەشێوەیەك لەگەڵ پێوەرە پێوانەییە کردەییەکان بگونجێ.

هەروەها لەمیانی بڕیاری ژمارەی ٢٤٩٠ ی ساڵی (٢٠١٩)ی ئەنجوومەنەکە، جەخت لەسەر پاڵپشتیکردنی بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ی ساڵی (٢٠١٧) دەکاتەوە کە بەهۆیەوە ئەنجوومەنەکە بەسەرۆکایەتیی ڕاوێژکاریی تایبەت "بەڕێز کەریم خان" دامەزراوە. دووبارە ئەنجوومەنەکە لە بڕیارەکەیدا جەختی لەسەر ڕێزگرتن لە سەروەری و سەلامەتییە هەرێمییەکەی عێراق و یەکییەتیی زەوییەکانی کردووەتەوە، پێشوازیشی لە هەوڵە گەورەکانی حکوومەتی عێراقی کردووە لەهەنبەر شکستپێهێنانی ڕێکخراوی داعش و ڕەزامەندیی لەسەر نوێکردنەوەی ئەرك و کار و ماوەی مانەوەی تیمەکە دەربڕیوە. هەروەها ئەنجوومەنەکە تێبینیشی کردووە کە ڕێکخراوی داعش بە مەترسییەکی گەورە دادەندرێ و هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات و ئەو تاوانانەشی شەرمەزارکرد کە ئەو ڕێکخراوە دەیانکات. ئەنجوومەنەکە جەختیشی لەسەر لێپرسینەوە لە تاوانکاران کردووەتەوە و پەردە لەسەر ئەو تاوانانەش ڕادەماڵێ، چونکە وەك شێوازێکی تیرۆر و تۆقاندن بەکارهاتوون و بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە کاری تیمەکە دەبێتە هۆی پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و توندڕۆیی توندوتیژانە.

تیمی لێکۆڵینەوە لە دوای درێژکردنەوەی ماوەی ئەرك و بەرپرسیارییەکانیشی، بۆ پتەوترکردنی هاوبەشییەکەی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەوڵدانیان بۆ سزادانی تاوانکاران، لە بەخشینی پێگەی هەرە بەرز و سەرلیست بەردەوام بووە.





# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆراك و کشتوکاڵ

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆراك و کشتوکاڵ (فاو)، پابەندە بە وەدیهێنانی پێداویستییە دوورمەودایەکانی ئەو دانیشتووانە بێدەرتانانەی عێراق کە بەهۆی ساڵانێکی دوورودرێژی ناسەقامگیری و شپرزەییەوە زیانیان بەرکەوتووە. جا لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئالنگارییە زەبەلاحانەی ڕووبەڕووی عێراق بوونەتەوە، کشتوکاڵ بە برِبڕەی پشتی ڕێگەکانی پەیداکردنی دەرامەت و گوزەرانی ناوچە گوندییەکان دادەندرێ. هەروەها پاراستنی بەرهەمی خۆراك و دووبارە بنیادنانەوەی کەرتی کشتوکاڵ، بۆ ڕێگەگرتن لە برسییەتی و دەستەبەرکردن و هەموارکردنی ڕێگەکانی وەدیهێنانی توانای خۆڕاگری لەبەردەم قەیرانە مرۆییەکاندا دوو هۆکاری کرۆکین.

لەبەر ئەم هۆیانە، ڕێکخراوی فاو بەشێوەیەکی کارا لەپێناو پڕکردنەوەی بۆشاییی نێوان چالاکییە مرۆییەکان و گەشەپێدەرەکان کار دەکات، بە گواستنەوەی کشتوکاڵ و ڕێگەکانی پەیداکردنی دەرامەت و گوزەران و بەرهەمهێنانی خۆراك، بەرەو وەدیهێنانی دۆخی چاکبوونەوەی جووتیارە بچووکەکان لەمیانی ئەو چالاکییانەی دەبنە هۆی کردەی دووبارە شیاندنەوەیەکی دوورمەودا.

## کورتەباسێك سەبارەت بە ساڵی ٢٠١٩

ئاوارەییی نێو وڵات و شەپۆڵەکانی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان، لەمیانی کێبڕکێکردن لەسەر خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و ئەو سەرچاوە سرووشتییانەی دەگمەنن، گرژییەك دەهێنێتە ئاراوە - هەروەها ئاستی ئەو دۆخە بەهۆی شپرزەیی و خراپیی ژینگەیی و گۆڕانی کەشوهەوا زیاتر بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێ. ڕێکخراوی کشتوکاڵ و خۆراکیش بۆ بینادنانەوەی ژیانیان و وەرچەرخان لە پشتبەستن بە یارمەتی و کۆمەکەکانی جڤاکی نێودەوڵەتی بەرەو پشتبەخۆبەستن دەرفەت بۆ ئاوارە گەڕاوەکان و خانەوادە خانەخوێیەکانیان دەڕەخسێنێ ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە زۆربەی ئاوارەکان پێش هەڵاتن و بەجێهێشتنی ماڵ و حاڵی خۆیان ڕێگەی ئەو دەرامەت و گوزەرانەیان هەبوو کە لەسەر کشتوکاڵ بنیادنرابوو.

ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵیش بۆ بنیادنانی توانای خۆڕاگری لەبەرانبەر قەیرانەکانی عێراق لە ڕێگەی دووبارە شیاندنەوە و نۆژەنکردنەوەی سیستەمەکانی ئاودێڕیی نێو ناوچە گوندنشینەکان، لەگەڵ هاوبەشانی کار دەکات. هەروەها لەمیانی مەشق و بنیادنانی توانایەکانەوە کار بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی کارامەییەکان و زانیاریی بەرهەمهێنەرانی خۆراك دەکات کە پێوەندییان بە کشتوکاڵەوە هەیە. هەروەها لە پێشخستنی زنجیرەیەك بەها بۆ بەرهەمە هەڵبژێردراوەکانی کشتوکاڵی کار بۆ وەبەرهێنان دەکات، هەروەها سیستەمەکانی زانیاری و هۆشداریی پێشوەختە پێش دەخات. ڕێکخراوی فاو لەمیانی دابەشکردنی تۆوەکان و پاکێجی پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی سەوزەوات و پاکێجی پێداویستییەکانی خانووە پارێزراوەکان و باغچە و پاڵپشتیکردن لە پاراستنی هەمەچەشنیی بایۆلۆژی و بازارکردنی کشتوکاڵەکانی ماڵەوەیی لە هەریەکە لە ئەنبار و نەینەوا و کەرکووك و سەلاحەدین، کار لەسەر پاراستنی ڕێگەکانی وەدیهێنانی دەرامەت دەکات .

لەبەر زۆریی ئاڵۆزییەکان لەو وڵاتەشدا پێدەچێ ئەو کەسانەی سەرچاوەی گەورە و هەمەچەشنیان نییە، بەهۆی ئەو دۆخەوە زیاتر زیانیان بەرکەوتبێ. ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ لە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەی پشت بە دراو و داراییی وابەستە بە پێشخستنی ڕێگەکانی وەدیهێنانی دەرامەت و گەشەپێدانی کشتوکاڵین، شارەزاییەکی گەورەی وەدەستهێنا. ڕێکخراوی فاو لە ساڵی ٢٠١٩ لە پێشخستن و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی دراو بەرانبەر کار لە ڕەوتی پاڵپشتیکردنی بنەمایە بەرهەمییەکان و ڕێگەکانی وەدیهێنانی دەرامەت و پاراستنیان بەردەوام بوو. جگە لەمانەیش، ڕێکخراوی فاو کار بۆ دووبارە نۆژەنکردنەوە و شیاندنەوەی پرۆژەی ئاودێریی جەزیرە دەکات لە نەینەوا کە ئاو بۆ ٧٠،٠٠٠ هێکتار زەویی دابین دەکات بۆ مەبەستی کشتوکاڵ و بەکارهێنانە خۆجێییەکانی دیکەی وەك ئاودانی ڕەشەوڵاغ و مەڕوماڵات.

**ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵیش بۆ بنیادنانی توانای خۆڕاگری لەبەرانبەر قەیرانەکانی عێراق لە ڕێگەی دووبارە شیاندنەوە و نۆژەنکردنەوەی سیستەمەکانی ئاودێرێی نێو ناوچە گوندنشینەکان، لەگەڵ هاوبەشانی کار دەکات**

## گۆڕانی کەشوهەوا و ئاسایشی خۆراکی

هۆکارە سەرەکییەکانی هەژاری و نەبوونی ئاسایشی خۆراکی لە عێراقدا لە ململانێیەکان و نەبوونی ئاسایش و گەشەکردنی خێرای دانیشتووان و ئەو شوێنەوارانەدا خۆی دەبینێتەوە کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە دروست دەبن؛ بە کەمبوونەوەی بەردەوامی ئاو و ئەو بیابانبوونەشەوە کە بەردەوام لە هەڵکشاندایە. هەروەها بەرزبوونەوەی بەردەوامی پلەکانی گەرما و کەمیی ئاو، کاریگەرییەکی نەرێیی لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵیدا دەبێت، گەرچی بۆ زۆرێك لە دانیشتووان گرنگییەکی بەرچاوی هەیە، ئەمەیش بەهۆی ساڵە دووردرێژەکانی ململانێ و خراپ بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو و ژێرخان و بەرهەم و بیابانبوون دەگەڕێتەوە.

ڕێکخراوی فاو کار بۆ چاککردنەوەی کارایی ئاوی ئاودێری و بەڕێوەبردنی ئاو لە کێڵگەکان و کۆکردنەوەی ئاوی نێو کێڵگەکان و تۆڕەکانی ئاوی ئاودێری و سیستەمەکانی ئاودانی مەڕوماڵات و ئاژەڵ و تەکنۆلۆژیایەکانی وەك: ( دامەزراوەکانی سوود وەرگرتن لە ئاو، و ئامێرەکانی ئاودان و دەستپێشخەرییەکانی دراو لە بەرانبەر کار) دەکات. هەروەها ڕێکخراوی فاو چەند تروومپایەکی ئاودێریش فەراهەم دەکات کە بە وزەی خۆر کار دەکەن و تایبەتن بە ڕاکێشانی ئاوی ژێر زەوی و ئاوی سەر زەوی و سیستەمەکانی ئاودانی ئاژەڵ، لەپێناو بەدیارخستنی سوودەکانی چاکترکردنی کارامەیی و کوالیتیی ئەو ئاوەی کە دەکرێ ئەو ئامێرانە دەستەبەریان بکەن.

بەشێوەیەکی دیاریکراوتریش، ڕێکخراوی فاو لەمیانی پاڵپشتیکردنی توانایەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵسەنگاندنێکی ستراتیژی لە هەنبەر مەترسییەکانی تێکچوونی زەوییەکان و پاڵپشتیکردنی جێبەجێکردنی ئەو کردانەی زەویوزار کە لەسەر ئاستی جیهانیدا سەلماندوویانە لە کردە دوورمەودا و بەردەوامەکانن، کار بۆ یارمەتیدانی حکوومەتی عێراقی دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ بەرپەرچی مەترسییەکانی تێکچوونی باری زەویوزارەکان بداتەوە.

## هۆشداریی پێشوەختە- کشتوکاڵ، و ئاسایشی خۆراکی و خۆراکپێدان

ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ ( فاو) بە سازکردنی زنجیرەیەك دانیشتن و کۆبوونەوەی مەشقییانە و بنیادنانی توانایەکان لە عێراق بۆ تواناداركردنی فەرمانگە نیشتمانییەکان لە شیکردنەوەی توانایەکانی ئامادەباشی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر قەیرانێکی شیمانەکراو، پابەندە بە پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی کردەی بەکارهێنانی هۆشداریی پێشوەختە و خۆئامادەکردنی تایبەت بە کشتوکاڵ و ئاسایشی خۆراك و خۆراکپێدان. جگە لەمانەیش، ڕێکخراوی فاو و حکوومەتی عێراقی بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی پلەی کاردانەوە لەسەر ئاستی وڵات، هاوبەشییەکی بەهێزی هونەری پێشدەخەن. هەروەها دیاریکردن و چاودێرێکردنی سەرلیستی مەترسیی ئەو کارەساتانەی کاریگەریی خراپ لە کشتوکاڵ و ئاسایشی خۆراکی و خۆراکپێدان بەجێ دەهێڵن، بۆ دەستەبەرکردنی ئامادەباشییەکی دروست لەهەنبەر هەڕەشەکانی دۆخە لەناکاوەکان و هەبوونی ستراتیژ و بەرنامەکانی خۆگونجاندن لە دوورمەودادا، بە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ دادەندرێ.

ڕێکخراوی فاو زۆر لەمێژە لەسەر بنەمای پێوەندییە چەسپاوە هونەرییەکانەوە چەند ۆرکشۆپێکی ڕاوێژکارییانەی سەبارەت شیکردنەوەی هاوبەش و سەرانسەریی سیستەمی چاودێریی خۆراك لە عێراقدا سازکرد. هەروەها ۆرکشۆپەکە لەهەنبەر دەستەی دەستووری خۆراکیی سەبارەت بە سیستەمێکی کارای نیشتمانی بۆ چاودێریکردنی خۆراك تێگەیشتنێکی باشتری ڕەخساند، هەروەها بۆ دیاریکردنی پێداویستییە زۆر لەپێش و سەرلیستەکانی پێشخستنی سیستەمی چاودێریی خۆراك لە عێراقدا، ڕێگەی بۆ دارشتنی ئەجینداى گەشەپێدانی ستراتیژی خۆشکرد . لەگەڵ ئەمانەشدا، بۆ بنیادنانی توانای کارمەندانی حکوومەت و سەبارەت بە هاوێرکردنی (الحجر) کشتوکاڵی بۆ پاراستنی خانەی سەرەتاییی بەکتریایی گیایی لە زیانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیەکانی قرکەرەکانی مێروو و ئەو نەخۆشییانەی لەوانەیە لە چەند کەناڵێکی هەمەچەشن و ناوچە سنوورییەکانەوە بێنە ژوورەوە، چەند کۆبوونەوەیەکی مەشقییانەی بەڕێوەبرد .

هەروەها ڕێکخراوی فاو لە ڕەوتی ئەو هەوڵانەی لەپێناو پاڵپشتیکردنی جڤاکە گوندییە کشتوکاڵییەکان بۆ پاراستنی تەندروستی و ڕێگەکانی وەدەستهێنانی دەرامەت و بژێوی و پاراستنی ئاسایشی خۆراکی و خۆراکپێدان و پاراستنی ئاژەڵەکان و دانانی ئاستێك بۆ ئەو نەخۆشییانە خراوەنەتە گەڕ کە بۆ مرۆڤ دەگوازرێنەوە و وەستاندنی هەڕەشە پەتاییەکان لە سەرچاوەوە، کار بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی توانایەکانی تەندروستیی ئاژەڵ دەکات. هەروەها لە دۆخەکانی نەخۆشیی تای قرم- کۆنگۆلیی خوێنبەربوون، کە دەبێتە هۆی تای خوێنبەربوون و مردنی ڕێژەیەکی زۆری گیاندارن، ڕێکخراوی فاو چەند ۆرکشۆپێکی ڕاوێژکارییانەی سازکرد. ئێستە ڕێکخراوەکە خەریکی دانانی سیستەمی هۆشداریی پێشوەختەیە -بە زمانی عەرەبی- لەهەنبەر نەخۆشییەکانی ئاژەڵ کە یارمەتیدەرە بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆر ورد سەبارەت بە گشت نەخۆشییەکانی ئاژەڵ لە عێراق و هاوکاریکردن لەگەڵ هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت. ئەم سیستەمە بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایلەوە زانیاری لە کارمەندانی چاودێریی کەرتی تەندروستیی ئاژەڵی کۆ دەکاتەوە، ئەمەیش بەشێوەیەکی زۆر گەورە کردەی دروستکردنی بڕیار بۆ پاڵپشتیکردنی میکانیزمی سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان پتەوتر دەکات و پێشی دەخات.

مۆرانەی سووری دارخورما یەکێکە لە پەتا و ئافاتە وێرانکەرەکانی دارخورما، هەروەها لە عێراقدا بووەتە هۆی گەیاندنی زیانێکی فراوان بە چەندان جۆری دارخورما. ڕێکخراوی فاو کار بۆ بنیادنانی توانای دەستگە کشتوکاڵییەکان و جووتیاران دەکات بۆ چاکترکردنی ڕێوشوێنەکانی دۆزینەوەی پێشوەختە و دەستنیشانکردن و چاودێریکردن و هاوێرکردنی ( الحجر) تەندروستی و بەڕێوەبردن، لەگەڵ ئەمانەشدا ڕێکخراوی فاو بۆ دەستەبەرکردنی هاوبەشیکردنی خاوەن بەرژەوەندییەکان لە ڕێکارەکانی خۆپارێزی و لەکاتی ئاڵوێرکردنی زانیاری و شارەزاییەکان، سەبارەت بە مەترسییەکانی ئافات و پەتایەکە چەند هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەی ساز کردووە. ئەم دەستپێشخەرییانە بە سەرکەوتوویی یارمەتیدەری سنووردارکردنی مۆرانەی سووری دارخورما بوون و زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ هێکتار دارخورمایان پاراستووە و لە عێراقدا بوونەتە هۆی پاراستنی دەرامەت و گوزەرانی زیاتر لە ١٠ ملیۆن خانەوادەی جووتیار. گەرچی ڕێکخراوەکە لەمبارەیەوە سەرکەوتنی وەدەستهێناوە، بەڵام هۆشداری دەدات لەوەی کە هۆشیاری و چاوکراوەیی لەهەنبەر مەترسیی هێرشکردنەوەی ئەو پەتایە زۆر پێویستن کە لە وڵاتانی دراوسێی عێراقەوە هێرش دەهێنن.







# بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەكگرتووەكان

## بەرنامەی كاردانەوە لەهەنبەر قەیرانەكان و تواناداری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان لە عێراقدا

ئامانجی " بەرنامەی كاردانەوە لەهەنبەر قەیرانەكان و تواناداری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان لە عێراقدا" بریتییە لە چاكتركردنی ڕێگەكانی وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە سەرەكییەكان بۆ زیاتر لە ٢٠ جڤاكی خۆجێیی لە سەرانسەری عێراق و هەرێمی كوردستانی عێراق. ئەو چالاكییانە ئەو ناوچانە بە ئامانج دەگرێ كەوا ژمارەیەكی زۆری پەناهەندە و ئاوارەیان لەخۆگرتووە و لە دۆخی ئاوارەبوونێكی درێژ مەودادا دەژیەن. ٥٧ پڕۆژەی ژێرخان بنیادنراون یانیش دووبارە نۆژەن كراوەنەتەوە، لەوانە (٢٥) ڕێگە و (٦) پڕۆژەی ئاوەڕۆی تەندروستانە و (٥) پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە و (٥) پڕۆژەی كارەبا و (١٢) خوێندنگە و هۆڵێكی بۆنەكان لە دیالە و وێستگەی چاودێریكردنی كەشوهەوا لە دهۆك و دوو پڕۆژەی نیشتەجێكردن یان (١،٠٢٣) خانوویان جێبەجێ كرد. زیاتر لە ملیۆنێك كەسیش سوودیان لەو پڕۆژانە وەرگرتووە.

هەروەها لە چوارچێوەی بەرنامەی پارە لە بەرانبەر كار لە هەرێمی كوردستاندا١،٣٤٢ دەرفەتی كار



ڕەخسێندراوە، لەنێو كەسانی سوودمەندیش (٧٣) ژن هەبوون. بەرنامەكە دەستەبەری ڕەخساندنی دەرامەتی ڕاستەوخۆش دەكات، لەمەیشدا ٥٤ پەناهەندە و ٥١٥ ئاوارە سوودیان وەرگرتووە. هەروەها ١،٢٠٢ كەسیان سوودمەند بوون كە لەنێویاندا (٤٤٦) ژن سوودیان لە پاڵپشتیكردنی پێشكەشكراوی تایبەت بە نۆژەنكردنەوەی موڵكەكان بینیوە. هەروەها ١،٣١٢ كەس كە لەنێویاندا (٥٥٧) ژن هەبوون، بەشدارییان لە خۆلی ڕاهێنانی گەشەپێدانی كارامەییەكانی پاڵپشتیكردنی وەدەستهێنانی دەرفەتی دوورمەودای ڕێگەكانی پەیداكردنی بژێویدا كردووە، بە خولەكانی ڕاهێنانی پێشخستنی كاروبارەكان و خولەكانی ڕاهێنانی پیشەییشەوە.

ئەوەی پاڵپشتی لە هەوڵ و كۆششەكانی بنیادنانی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەكان دەكات و بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەكگرتووەكان لە عێراقدا دەستی باڵای تیادا هەیە، ئەوەیە ئەو چالاكییانەی ئامانجیان پاڵپشتیكردنی توندوتۆڵی و یەكگرتوویی كۆمەڵایەتییە، دەرچواندنی دبلۆمێكی بەخۆیەوە بینی لەژێر ناونیشانی " دبلۆمی لێكۆڵینەوەكانی ئاشتی و ململانێ"، ئەمەیش لە زانكۆیەكانی مووسڵ و بەغدا و ئەنبار بوو كە ٤٣ قوتابی لەخۆگرت. لەسەر ئاستی جڤاكی خۆجێیشدا ٢٨٧ ڕێبەری ئایینی سەبارەت بە هاندان و پاڵپشتیكردنی گفتوگۆیەكان و پێكەوەژیانی ئاشتییانەدا چەند خولێكی ڕاهێنانیان بینی، لە هەمان كاتیشدا ١٢٥ گەنج ڕاهێنانیان پێ كرا كە لەنێویاندا ٥١ ژن هەبوون، ڕاهێنانەكەش لەپێناو چاودێریكردن و بەدواداچوون بوو بۆ ئەو هۆكارانەی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ململانێیەكان.



## سێکتەری پارەدان بۆ سەقامگیری

بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر داوای حکوومەتی عێراقی لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥ سێکتەری پارەدان بۆ سەقامگیری دامەزراند، ئەمەیش لەپێناو ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی عێراقییە ئاوارەکان و پتەوکردنی بناغەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوە و چاکبوونەوە و پارێزگەری لەهەنبەر دووبارە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی و توندڕۆیی بوو.

ئەو سێکتەرە لەو ناوچانە کار دەکات کە لە دەستی داعش ڕزگار کراون. تا کانوونی یەکەمی ٢٠١٩ هەگبەی سێکتەرەکە زیاتر لە ٣٥٥ پرۆژە لە خۆ دەگرێ- هەروەها زیاتر لە ٢٢٠٠ پرۆژەش لە ٣١ شارۆچکە و شاری ئازادکراودا تەواوکراون، ئەرك خراوەتە سەر بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی ئەنبار و نەینەوا و سەلاحەدین و دیالە و کەرکووك ئەو پرۆژانە تەواو بکات، هەروەها زیاتر لە ١٢٠٠ پرۆژە لە ئێستەدا کاریان تیادا دەکرێ، یانیش لە قۆناغی نەخشەدانانە.

هەروەها نزیکەی ١،٢ ملیار دۆلار لە ٢٨ بەخشەر وەرگیراوە کە حکوومەتی عێراقیش یەکێکە لەو بەخشەرانە. تا ئەمڕۆ زیاتر لە ٨ملیۆن عێراقی سوودیان لە سێکتەری پارەبەخشینی تایبەت بە سەقامگیری وەرگرتووە. کارە وەدیهێنراوەکان ئەمانەی خوارەوە دەگرنەوە:

- ٥٥٥ هەزار کەس دەتوانن دەرفەتی فێربوونێکی باشتر وەدەستبێنن.
- ١،٧ ملیۆن کەس دەتوانن چاودێرییەکی باشتری تەندروستی وەدەستبێنن.
- ٣،٣ ملیۆن کەس تۆڕی باشتری ئاویان هەیە.
- یەك ملیۆن کەس لە ئێستەدا کارەبایەکی باشتریان بۆ فەراهەم کراوە.
- تەواوکردنی ١٠٤ پرۆژەی ئاوەڕۆی تەندروستی، ئەم پرۆژانەش خزمەتی ١،٨ کەس دەکەن.
- هەروەها لەمیانی پارە لە بەرانبەر کار و بەخشینی پارەی کاش، دەرفەتی بەپەلەی دابینکردنی دەرامەت و گوزەران پێشکەشی زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس کراوە.
- چاکترکردنی خانوو و ماڵی ١٧١ هەزار کەس.
- ٤،١ ملیۆن سوودمەندیان ژنن.

## بەرنامەی چاککردنی کەرتی ئاسایش

### سەروەریی یاسای سەر بە بەرنامەی گەشەپێدەرانەی نەتەوە یەکگرتووەکان:

بەرنامەی کار بە شێوەیەکی گشتی لەو شیمانەیەوە هەڵدەقوڵێ کە ئاسایش مەرجی سەرەکیی سەقامگیریی دوورمەودا و گەشەپێدانی بەردەوامی عێراقە (ئامانجی ١٦ لە گەشەپێدانی بەردەوام). ئامانجیشی پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی هەر یەکە لە حکوومەت و لایەنە پێوەندیدارە ناحکومییەکانە لەپێناو ڕێبازێکی هاوسەنگتر و تەواوتر سەبارەت بە وەرچەرخانی کەرتی ئاسایش و دادپەروەری لە عێراقی دوای داعش، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر چاکترکردنی دۆخی دابینکردنی ئاسایش و دادپەروەریی خۆجێیی. جگە لەمانەیش، ئەم بەشداریکردنە لە جڤاکی مەدەنیدا وەبەرهێنانی بۆ دەکرێت و سوودی لێ دەبیندرێ بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی خۆجێیی ڕۆڵێکی کارا لە بەحکوومەتکردنی کەرتی ئاسایش و دادپەروەریدا بگێڕێ. بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی ڕەخساندن و دابینکردنی ژینگە و کەشێکی پاڵپشتکارانەیە بۆ بەشداریکردن لەگەڵ دروستکارانی سیاسەتەکان.





## كاره جێبەجێكراوه سەرەكییەكان لەو ماوەیەی ڕاپۆرتەكە گرتییەوە، ئەمانەی خوارەوە بوون:

### چاكتركردنی كەرتی ئاسایش و دادپەروەری:

- میكانیزمەكانی جێبەجێكردنی بەرنامەكانی چاكتركردنی كەرتی ئاسایش لە حكوومەتی عێراقی كە لە "٨ سیستم" خۆی دەبینێتەوە و بە هەماهەنگی و پاڵپشتیكردنی تەكنیكی و هەنگاوهەڵێنانی هاوكاتانە لە دۆخی جێبەجێكردندایە كە پێویستە لەگەڵ هاوبەشە چالاكەكانی دیكەی نێودەوڵەتی لەم بوارەدا هەڵبهێندرێن ( پەیكەرە و پێكهاتەی نیشتمانی و یاسادانان بۆ ئاسایشی نیشتمانی و دادپەروەریی دۆخی تاوانكاری و جێبەجێكردنی یاسا- لەگەڵ جەختكردنەوە بەشێوەیەكی تایبەت بۆ چاكتركردنی دۆخی پۆلیسی خۆجێیی و لێكۆڵینەوەكانی بواری تاوانكاری و چاودێریكردنی دیموكراسییانە و دامودەستگەییانە و فەرمانگەكانی هەواڵگری و بەرگری و ئاسایشی نێوخۆیی و پاراستنی ژێرخانی زیندوو و ستراتیژی سنوور).
- ڕاوێژ و یارمەتیدانی بەردەوامی تەكنیكی بۆ نووسینگەی ڕاوێژكاری ئاسایشی نیشتمانی و جێبەجێكردنی بەرنامەكانی چاكتركردنی كەرتی ئاسایش لە حكوومەتی عێراقی لە چوارچێوەی ئەو كارە سەرلیستانەی بە " هەشت سیستەم" دیاریكراون، هەروەها هەماهەنگی لە ڕاوێژ و یارمەتیدانی تەكنیكی كە لەلایەن هاوبەشی نێودەوڵەتییەوە پێشكەش دەكرێ.
- پرسی بەشدارییپێكردنی ژن لە كەرتی ئاسایش وەك بابەتێكی سەرتاپاگیری چەندكەرتی ئاخنراوەتە نێو كەرتی ئاسایشەوە.
- لەژێر سیستەمی " دادپەروەریی لە بواری تاوانكاری و جێبەجێكردنی یاسا" كە بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاوبەشانی نێودەوڵەتی تیایدا ڕۆڵی ڕێكخەری سەرەكی دەگێڕێ، نەخشەڕێگەی پۆلیسی خۆجێیی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی كاروباری پۆلیس دەست بە جێبەجێكردنی كراوە، هەروەها پشت بە ڕێكارەكانی كاری بە كۆمەڵی لێكۆڵینەوە تاوانكارییەكان بەستراوە وەك سیستمێكی نێوخۆیی وەزارەتی نێوخۆ كە هاوكات لەگەڵ ئەوەی پێشوودا جێبەجێ دەكرێ. (حكوومەت بە ڕاوێژكاری و یارمەتیدانی بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەكگرتووەكان، دەستی بە ڕوونكردنەوە و پشتبەستنی ورد كردووە).
- هاوتەریب لەگەڵ ئەم هەوڵ و كۆششانە و لەسەر بنەمای ئەو هەوڵانە و بۆ بەڕێوەبردنی پۆلیس و بەرزكردنەوەی ئاستی كارامەیی و شارەزایی، ٣٧ ڕاهێنەری پۆلیسی خۆجێیی و كەسانی پسپۆڕی بواری لێكۆڵینەوەی تاوانكاری لە خولە پێشكەوتووەكانی مەشقی ڕاهێنەران و بۆ چاكتركردنی كارایی پۆلیسی خۆجێیی و لێكۆڵینەوە تاوانكارییەكان لەگەڵ جەختكردنەوە بەشێوەیەكی تایبەت لەسەر ناوچە ئازادكراوەكان، ١٤١ ئەفسەری پۆلیسی خۆجێیی بە پلەی مامناوەندی مەشقیان پێ كراوە
- بە هاوكاری لەگەڵ جەماوەر و پۆلیسی خۆجێیی لە نەینەوا و ئەنبار و سەڵاحەدین و بەغدا و كەربەلا و بەسرە، بۆ جێبەجێكردنی ١٢ پڕۆژە لەوانەی كاریگەری و شوێنەواری خێرای ڕابوونیان هەیە، یارمەتیی ٩ ڕێكخراوی كۆمەڵی مەدەنی دراوە. چالاكییەكە بەرقەراركردنی پێوەندیی بەردەوام دەگرێتەوە لەگەڵ ١٦٩٩ كەسی جڤاكی خۆجێیی و پۆلیس و دەستهەڵاتە خۆجێیەكان.
- بۆ تێكەڵكردن و ئاوێتەكردن لە ئاسایشی جڤاكی لە قورنە/ بەسرە، پڕۆژەیەكی ئەزموونی بۆ یارمەتیدان لە تێكەڵكردن و ئاوێتەكردنی ١٠٠ جەنگاوەری پێشوو جێبەجێ دەكرێ ، بەشێوەیەك دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنێ بەرەو پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی و ئابووری و هەروەها دەستكردن بە دەستپێشخەریی گەشەپێدانی جڤاكی خۆجێیی بچن. ئامانجی گشتی لەو بەشدارییە پتەوكردنی ڕێبازی پێوەندیی نێوان ئاسایش و گەشەپێدانە.

### چاكتركردنی توانای پەنابردنە (احتكام) بەر دادپەروەری لەهەنبەر ئەو مێیانەی لە توندوتیژیی سێكسی و توندوتیژیی ڕەگەزی (جۆری كۆمەڵایەتی) زیانیان بەردەكەوێ:

- بەڕێوەبردنی خولێك بۆ مەشقكردن بە ڕاهێنەران و ٣٠ مەشقی سەرەكی بۆ ٣٣٠ فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان، سەبارەت بە هەڵمەتەكانی هۆشیاركردنەوەی تایبەت بە توندوتیژیی ڕەگەزی.
- پاڵپشتیكردن و یارمەتیدانی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییی دژ بە ژنان لە پلاندانان و بەڕێوەبردنی هەڵمەتێك بۆ ئاوارەكان و ئەو جڤاكە لۆكاڵییانەی لە هەرێمی كوردستاندا داڵدەی داون. هەڵمەتەكەش بۆ بەرەنگاربوونەوە و هۆشیاركردنەوەی هەنبەر توندوتیژیی ڕەگەزی بوو، لەمەیشدا پەیوەندی لەگەڵ ١٠٠١ ژن و پیاودا بەرقەرار كرا.
- سازدانی ٤ خولی ڕاهێنان سەبارەت بە پاراستنی ئەو ژنانەی لە توندوتیژیی ڕەگەزی ڕزگاریان بووە، هەروەها لێكۆڵینەوە لە چەند ڕووداو و پرسێك بۆ ٢٧١ فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان، هەروەها پاڵپشتیكردن و یارمەتیدانی ٦ بەرپرسی گونجانی خانەوادەیی لە بەڕێوەبەرایەتییەكە بۆ سەردانێكی توێژینەوەیی بەرەو میسر، سەردانەكەش سەبارەت بە چارەسەركردن و نەهێشتنی توندوتیژیی خانەوادەیی بوو.



# پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی دۆخی چاکبوونەوە و سەقامگیری لە عێراق لەمیانی گەشەپێدانی خۆجێیی

بەرنامەی پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی چاکبوونەوە و سەقامگیری لە عێراق لەمیانی گەشەپێدانی خۆجێیدا یارمەتیی پارەبەخشانی یەکییەتیی ئەوروپا دەدات بۆ بەهێزکردنی کارامەیی و شارەزایی دامودەستگە عێراقییەکان و نوێکردنەوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتییانەی نێوان هاووڵاتیان و دەوڵەت. بەرنامەکە لە ساڵی ٢٠١٩ بە هاوبەشی لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان دەستی پێکراوە و چەند پرۆژەیەکی سەرلیست و لەپێشینە جێبەجێ دەکات کە بە ڕاوێژ لەگەڵ دەستهەڵاتە خۆجێییەکانی نێو ٩ پارێزگە دەستنیشان کراون، پارێزگەکانیش ئەمانەن: ئەنبار و بەسرە و دهۆك و هەولێر و میسان و نەینەوا و سەڵاحەددین و سلێمانی و زیقار. پاڵپشتییەکە لەمیانی پێشخستنی توانا دەستگەییەکان و چاکترکردنی سیستمەکانی پەیداکردنی دەرامەت و هاوبەشیی نێوان هاوپیشە و هاوپۆستەکان لەگەڵ دەستهەڵاتە خۆجێیەکانی نێو یەکییەتیی ئەوروپا و توانادارکردنی جڤاکی مەدەنی بۆ پشتگیریکردنی پرسەکانی گەشەپێدانی خۆجێیی، جەخت لەسەر وەدیهێنانی خۆسەریی دەستهەڵاتەکان دەکاتەوە؛ لە دەستهەڵاتی مەرکەزییەوە بۆ دەستهەڵاتی خۆجێیی.

پرۆژە خۆجێیەکانی تایبەت بە چاکبوونەوەی شارستانی و پارێزگەری لە ژینگە و گەشتیاریی بەردەوامی ژینگەیی و وزەی بەردەوام لەگەڵ دۆزینەوەی دەرفەتەکانی کار لەنێویدا و جەختکردنەوە لەسەر گەنجان و ژنان، جێبەجێ دەکرێن. بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان لە ناوچە ئاوەدانەکانی خۆرئاوای موسڵ و هیت و یەسرب ، دەستی بە جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی تایبەت بە دووبارە شیاندنەوە و نۆژەنکردنەوەی خانووە زیانلێکەوتووەکان و ژێرخانی سەرەکی و پانتاییە کراوە گشتییەکان و دەستگە فێرکاری و پەروەردەییەکان و تەندروستییەکان کردووە. بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەمیانی ئۆڵومپیادەکانی داهێنان لە بەسرە و پێشبڕکێکردن بۆ دیزاینکردنی بەسرەی جوان و ئاخنینی هەندێك پێشنیازی گەنجانی ئەو شوێنە لە دیزاینکردنی ناوچەی سەوزی کراوەی بەسرەدا، لە چارەسەرکردنی ئالنگارییەکانی بەردەم گەشەپێدانی خۆجێییدا بەشداریی بە دەیان گەنجی پارێزگەکانی باشوور کردووە. جگە لەمانەیش، بۆ پەخشکردن و ڕۆژنامەگەریی وێنەدار زیاتر لە ٣٥ گەنج مەشقیان پێدەکرێ بۆ ئەوەی لە جڤاکی خۆجێیدا ببنە پەیامنێر.

## بەرنامەی ” بۆ پێشەوە“

بەرنامەی ” بۆ پێشەوە“ کە لە شوباتی ساڵی ٢٠١٩دا دەستپێکردووە کار بۆ توانادارکردنی پەناخوازانی سووری و جڤاکە خۆجێیە داڵدەدەرەکان و ئاوارەکانی ئەو ناوچانە دەکات کە بەهۆی قەیرانەکەوە زیانیان بەرکەوتووە. ئەم توانادارکردنەش لەمیانی بەشدارپێکردنیانە سەبارەت بە کردەی دووبارە بنیادنانەوەی ژیانیان. بەرنامەی سندووقی (الائتمان)ی هەرێمیی ئەورووپی بۆ کاردانەوە لەهەنبەر قەیرانی سووری (MADAD) پارە و گوژمە دابین دەکات، هەروەها بەهاوبەشی لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان جێبەجێ دەکرێ.

پرۆژەکە بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی کار و ڕێکخستنی ١٠ کۆبوونەوەی ڕاگەیاندن لە پارێزگەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی دەستپێکردووە، ئەمەیش بۆ هاندانی پرۆژە بچووك و مامناوەندییەکانی خۆجێییە بۆ ئەوەی پێشنیازی ئەو پرۆژانە پێشکەش بکرێ کە دەرفەتی کار بۆ زیاتر لە ٤٠٠ گەنجی کەمدەرامەت دەڕەخسێنێ، پێڕەوکردنیشی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠دا دەبێت. ئەمەیش پشتی ڕووپێوی بازاڕی کار بەستووە و ٥٠ دامودەستگەی بچووك و مامناوەندی و ٨ ڕێکخراوی ناحکومی گرتووەتەوە کە پێداویستیی خاوەنکارەکان و کەرتەکان و حەزی بەکاربردن و وەگەڕخستنی تاکە بەئامانجگیراوە سوودمەندەکانی جڤاکی دیاری کردووە. جگە لەمانەیش، بەرنامەی ” بۆ پێشەوە“ لە بواری ڕۆژنامەگەریی ڕادیۆیی و وێنەگرتندا لە هەرێمی کوردستان و نەینەوادا مەشقی بە ٤٥ گەنجی هەمان ئەو کۆمەڵانە کردووە بۆ ئەوەی لە جڤاکەکانیاندا ببنە پەیامنێر. هەروەها بەرنامەکە لە خێوەتگەی قووشتەپەی نزیك هەولێردا مەشقی بە ٦ ژنی پەناخواز کردووە و سالۆنی جوانکاری بۆیان کردووەتەوە، گوژمەی ئەم پرۆژەیەش لە لایەن خودی بەرنامەکە و هێلی لۆڤی ژنە گۆرانبێژ و خاوەنی سالۆنی ( لۆفیۆن) دەستەبەر کرابوو.

چالاکییە سەرەکییەکانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان (هابیتات) بریتییە لە دووبارە شیاندنەوە/ و نوێکردنەوەی خانووە زیانلێکەوتووەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی نیشتەجێبوون و مافەکانی زەوی و موڵکایەتی و چاککردنەوەی ژێرخانە بە چوارچێوەیەکی بچووك سەبارەت بە ئاو و ئاوەڕۆی دروست و پاکوخاوێنی و بنیادنانی توانایە تەکنیکییەکانی کادری شارەوانی بۆ چاککردنەوەی پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆی دروست و پاکوخاوێنی.



# بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە

## پڕۆژە گەورەکانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە لە عێراق ٢٠١٩

### بەکارهێنانی میکرۆب بۆ نەهێشتنی کاریگەری و شوێنەواری پاشماوەی پیسبوون کە جەنگ دروستی کردبوو

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە (UNEP) لە ئێستەدا دەستپێشخەریی چارەسەری بایۆلۆژی لە کەرکووکدا جێبەجێ دەکات، ئەم دەستپێشخەریش ئامانجی پتەوکردنی توانای خودییانەی سرووشتە بۆ لادانی شوێنەوار و کاریگەرییەکانی ڕژانی نەوت لەو ناوچانەی بەهۆی ململانێیەکانی نێو عێراقەوە زیانیان بەرکەوتووە. بەرنامەکە بە هاوکاریی کۆمپانیای نەوتی باکووری سەر بە دەوڵەت و وەزارەتی تەندروستی و ژینگە و پاڵپشتیکردنی ئاسانکارییەکان لەلایەن نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق، جێبەجێ دەکرێ. ئەم تەکنیکە لە هەوڵی بەکارهێنانی ئەو بەکتریایەدا کە بەشێوەیەکی سرووشتی لەنێو خاکدا هەیە وەك هاوپەیمانێکی بەهێزی نێو سرووشت لە پاککردنەوەی خاك و خۆڵی ژەهراوی و پیسبووودا بەکار دەهێندرێ.

پێشکەوتن لە لادانی گۆمەکانی زەیتی قورس هێواش بوو کە هێشتاکە لە دەروازەی ماڵی هاووڵاتیانی گەیارەدا ماوە؛ ئەو شارە بەرگەی گەورەترین و قوڕسترین شێوازەکانی زەویی سووتاوی گرت کە لەلایەن ڕێکخراوی داعش دژ بە دامەزراوە نەوتییەکان جێبەجێ کرا.

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، لە هەوڵی دەستکردن بە ڕێکارەکانی چارەسەر لەمیانی مەشقپێکردن و پاڵپشتیکردنی دیزاین و جێبەجێکردنی مەشقەکانی ڕوونکردنەوەی کردەکە، لە زەمینە سازی بۆ یارمەتیدان لە بنیادنانی توانای فەرمانبەرانی هەردوو وەزارەتی نەوت و ژینگە لە بوارەکانی لادانی ڕژانە نەوتییەکاندا ڕۆڵێکی کارای گێڕا.

چارەسەری بایۆلۆژی کردەیەکە و لەمیانیدا میکرۆبەکان بەشێوەیەکی سرووشتی پترۆڵ شی دەکەنەوە. ئاوێتەکردنی ڕەگەزە خۆراکبەخشەکان لە پەین و هۆکارەکانی پێکهاتنی وەك ئارد و وردەی دار و ئاو لەگەڵ خاکی پیسبوو بە نەوت، هەلومەرجی نموونەیی بۆ گەشەکردنی بەکتریا دەڕەخسێنن، ئەمەیش ئەو کردە سرووشتییە خێراتر دەکات کە بەهۆیەوە نەوت شی دەبێتەوە.

جا لەبەرئەوەی چارەسەری بایۆلۆژی چارەسەرێکی سەرەکی نییە، بەڵام چارەسەرێکی جێگەی ئومێد و ئاسان بۆ گرفتی پیسبوونی ژینگە بە نەوت لە عێراقدا دەبەخشێ، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە بەشێکی سەرەکیی ئامرازەکانی چارەسەری لادانی زۆرێك لە ڕژانە نەوتییەکانی نێو عێراق، ئەگەر هەر هەمووشیان نەبێت. لەگەڵ ئەمەیشدا پێویستە شێواز و ڕێگەی لادانەکە بەپێی هەلومەرجی تایبەتی هەر ڕژانێکی نەوتییەوە نەخشەی بۆ بکێشرێ، لەمەیشدا ڕەچاوی چەندان هۆکاری هەمەجۆر بکرێ لەوانە سرووشتی خاك و تایبمەتمەندییە کیمیاییەکانی خودی نەوت.

لە ئێستەدا ئەزموونی چارەسەری بایۆلۆژی لە بارەگای کۆمپانیای نەوتی باکوور و لە لای کێڵگەی نەوتیی (بابە گوڕگوڕ)ی مێژوویی پێڕەو دەکرێ، لەو شوێنەدا و بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٢٧ نەوت لە عێراق دۆزراوەتەوە. ئەم هەوڵ و بزاوتەش لە چوارچێوەی یارمەتیدانی بنیادنانی ئەو توانایانە کە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە (UNEP) لە پێناو چاکترکردنی بەڕێوەبردنی ژینگەیی بۆ کەرتی نەوت و غاز لە عێراق خراوەتە گەڕ و سەرلیستی دەبەخشێتە هەڵسەنگاندن و لادانی ئەو پیسبوونەی پێوەندیی بە ململانێیەکانەوە هەیە. جێبەجێکردنی ئەمەیش بە پاڵپشتیی بەرنامەی " نەوت لەپێناو گەشەپێدان"ی سەر بە حکوومەتی نەرویجی جێبەجێ دەکرێ.

# پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی کردەی لادانی داروپەردوو و دووبارە بەکارهێنانەوەی لە کەرکووکدا

جەنگی دژ بە داعش زیانی گەورەی لە پارێزگەی کەرکووك دا و ڕێژەیەکی یەکجار زەبەلاحی داروپەردووی لێ کەوتەوە. لادانی داروپەردووش بووە ئالنگارییەکی پێداگر و ڕێگر لەبەردەم گەڕانەوەی دانیشتووان بۆ ئەوەی دووبارە خانوو و ماڵەکانیان نۆژەن و ئاوەدان بکەنەوە. لەبەرئەوە، چاکبوونەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکانی پارێزگەی کەرکووك بەندە بە سەرکەوتن لە لادانی ئەو داروپەردووە زۆرە.

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە (UNEP) و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی بۆ کۆچ (IOM) ، لەپێناو پێڕەوکردنی شێوازێکی بەردەوام و دوورمەودا لە لادان و دووبارە بەکاربردنەوەی ئەو داروپەردووانەی جەنگی دژ بە داعش دروستی کردبوو، لە ساڵی ٢٠١٨ دەستیان بە جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی ئەزموونیی تایبەت بە داروپەردووی خۆرئاوای مووسڵ کرد، هەردوو ڕێکخراویش چەند بنەمایەکی ئاراستەکاری ژینگەییان پێشکەشی مەڵبەندەکانی دووبارە بەکاربردنەوەی داروپەردوو لە عێراق کرد.

هەر چەندە ئالنگاریی نێو کەڵەکەبوونی داروپەردوو لە پارێزگەی کەرکووك لە ڕەوتە شارستانییەکەی شاری مووسڵ جیاوازە، چونکە ئەو داروپەردووانە بەدرێژاییی ناوچە گوندنشینەکانی پارێزگەکە بڵاوبوونەتەوە، بەڵام ئەو نموونەیەی لە خۆرهەڵاتی شاری مووسڵدا پێڕەو کرا، نموونەیەکە و دەکرێ بۆ ئەوێش سوودی لێ وەربگیرێ.

لە دوای بەڕێوەبردنی ۆرکشۆپێکی تایبەت بە لادانی داروپەردوو کە لە لایەن زانکۆی کەرکووکەوە میوانداریی لێ کرا و هەر یەکە لە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق بە هاوکاری لەگەڵ پارێزگەی کەرکووك لە ئاداری ساڵی ٢٠١٩دا ڕێکیان خست،چەند کۆمەڵەیەکی کاری تایبەت بە داروپەردووەکان دامەزرێندران و گرنگیدانی خۆیان لەسەر ئەو ناوچانە چڕکردەوە کە بەهۆی ململانێیەوە زیانیان بەرکەوتبوو.

چەند دەرفەتێك هەن کە دەکرێ لەمیانی پلانێکی پتەو و تۆکمە و دروستی تایبەت بە داروپەردوو بڕەخسێندرێن، وەك دۆزینەوەی دەرفەتی کار و کەمکردنەوەی تێچووی کارەکانی دواتری بیناسازی و بەکارهێنانی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی کارامەتر و بەڕێوەبردنێکی باشتری ژینگەیی. لەبەرئەوە، زۆر گرنگە ئەو کەسانەی دەستیان لە پلانی چارەسەرکردنی داروپەردووەکاندا هەیە ئاگایی و زانیارییان لەهەنبەر ئەو دەرفەتانەدا هەبێت.

لەمبارەیەوە، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، سەبارەت بە داروپەردووەکانی کەرکووك پاڵپشتییەکی ڕاوێژکاریی هونەری پێشکەشی گرووپەکانی کار دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی داروپەردووەکان لە ١٠ گوند لەو گوندانەی بەهۆی ململانێوە زیانی گەورەیان بەرکەوتووە.

مەبەستیش لەو هەڵسەنگاندنە ئەوەیە لە کاتی ئامادەکردنی وێنای ئەو نموونانەی تێچووی بەسوودیان هەیە، بۆ دەستنیشانکردنی بژاردە کارایەکانی دووبارە بەکارهێنانەوەی داروپەردووەکان سوودیان لێ وەربگیرێ.

هەروەها سەرکەوتنێکی ئەرێنیی لە کۆکردنەوەی سەرچاوە نیشتمانییەکان و یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئالنگارییە وەدی هات کە داروپەردووەکان لە کەرکووك دروستیان کردووە، ئەمەیش دەبێتە هۆی ڕێگەخۆشکردن تاکوو بۆ یەکەمین جار لەسەر زەویی واقیعدا ڕێکارێکی کرداری پێڕەو بکرێ.



## پڕۆژەی تۆڕی ناوچە پارێزراوەکان

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، بە هاوکاریی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و ژینگە، دەستی بە جێبەجێکردنی پڕۆژەیەك کردووە کە پاشکۆی ژینگەی جیهانی (GEF) بۆ پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی هەنگاوە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی تۆڕێکی کارا و بەردەوامی ناوچە پارێزراوەکان گوژمەی بۆ تەرخان کردووە. جێبەجێکردنەکەشی لەمیانی دیاریکردنی چەشنییانەی تایبەتمەندییەکان و ئاخنین و پۆلینکردنی ناوچە شیمانەکراوەکانی پارێزراودایە کە لە پاراستنی سامانە گرنگەکانی هەمەچەشنیی بایۆلۆژی لە عێراق و بەکارهێنانی بەردەوام و دوورمەودا لەو وڵاتەدا گرنگییەکی زۆر وەردەگرێ. هەمەچەشنیی ژینگەیی لە عێراق ڕووبەڕووی چەندان ئالنگاری و هەڕەشە بووەتەوە. لە ڕوخسار و نمایە زەقەکانی پارێزگەریکردن لە هەمەچەشنیی ژینگەیی لە عێراقدا ناوچە پارێزراوەکان و تۆڕێکی سیستماتیك و بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەیە کە دەکرێ ببنە کلیلی پاراستنی جۆرەکان و پەناگەکان و درێژەدان بە توانای مانەوە. لە ئێستەدا ئەم تۆڕە سیستماتیك و بەڕێوەبەرایەتییە لە عێراقدا نییە. ناوچەکانی دەریاچە و زۆنگاوی دلمج و ناوچەی سەوزی تەیب و زەوییە تەڕەکانی نێوی وەك چەند شوێنێك هەڵبژێردراون کە لە مەسەلەی جێبەجێکردنی تۆڕی ناوچە پارێزراوەکانی عێراقدا سەرلیستن.

پڕۆژەکە ئەو کۆتوبەند و تەگەرانە ناهێڵێ کەوا بوونەتە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی کارای تۆڕی نیشتمانیی ناوچە پارێزراوەکان و جەخت لەسەر دیزاین و پلاندانان و جێبەجێکردنی پەیکەرەی نیشتمانیی ناوچە پارێزراوەکان دەکاتەوە، هەروەها لەمیانی ڕاوێژکردن بە لایەنە پێوەندیدارەکان و بنیادنانی توانایەکان و چەندان چالاکیی دیکەی گرنگ، چوارچێوەی دامودەزگایی و یاسادانانی تایبەت بەو ناوچانە پتەوتر دەکات. سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە و ئەو پەند و وانانەی لێی وەردەگیرێن دەبنە هۆی فراوانکردن و دووبارەکردنەوەی هەمان ڕێگە و شێواز بۆ ئەوەی ناوچەی دیکەی ئەم وڵاتە وەك ناوچەی پارێزراو ڕابگەیەندرێن.

پڕۆژەکە یارمەتیی عێراق دەدات پابەندبوونەکانی خۆی بەپێی ڕێککەوتنامەی هەمەچەشنیی بایۆلۆژی (CBD) بەرنامەی کاری تایبەت بە ناوچە پارێزراوەکان (POWPA) جێبەجێ بکات. دامەزراندنی تۆڕێکی نیشتمانی بۆ ناوچە پارێزراوەکان دەرفەت بۆ عێراق دەڕەخسێنێ لەگەڵ ڕەهەندە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی تایبەت بە ناوچە پارێزراوەکان لە نزیکمەودا ودوورمەودادا هاوڕێتم و گونجاو بێت، ئەمەش لەسەر بنەمای ئاماژەکردنە بە ئامانجی ئایشی ژمارە ١١ی ڕێککەوتننامەی هەمەچەشنیی بایۆلۆژی و بەتایبەتیش " دامەزراندنی ناوچەی نوێی پارێزراو" و " دامەزراندنی مەمەڕە بەیەکبەستەرەکان" و چەندان ڕێککەوتننامەی هەمە لایەنی ژینگەیی دیکە کە پێشتر عێراق واژۆی لەسەر کردووە. خاڵی بەهێزی ئەم پڕۆژەیەش: دامەزراندنی چەند پێگە و شوێنێکی ئەزموونییە کە دەتوانێ سوودی دوورمەودا ببەخشێتە ئامانجە سەرانسەرییەکە کە بریتییە لە پاراستنی هەمەچەشنیی بایۆلۆژی. ئەو چیرۆکانەی سەرکەوتن کە لە پێگە و شوێنە ئەزموونییەکاندا وەدیهاتوون دەکرێ لە ناوچەکانی دیکەی پارێزراوی نێو تۆڕەکەدا دووبارە بکرێنەوە.

چەند ڕووپێوێکی مەیدانی لە ساڵی یەکەمی پڕۆژەکەدا بەڕێوەبراون، بە بەڕێوەبردنی هەڵسەنگاندنێکی کۆمەلایەتی- ئابووریشەوە. هەروەها ناوچە سەرەکییە بایۆلۆژی و ڕۆشنبیرییەکانیش دەستنیشان کراون، لە دانانی دیزاینی تۆڕی ناوچە پارێزراوەکانیشدا سوود لەو زانیارییانە وەردەگیرێ.

لیژنەی نیشتمانیی ناوچە پارێزراوەکانیش ڕەزامەندی لەسەر دوو شوێنی ئەزموونی دەربڕیوە، هەروەها ئەنجوومەنی پاراستنی ژینگەش ڕەزامەندی لەسەر شوێنی دلمج دەربڕیوە، پێگەی (الگیب)یش هێشتاکە هەر ڕەچاو کراوە. ئامانجی سەرەکیی پڕۆژەکەش ڕادەستکردنی هەردوو شوێنە بە سکرتێریەتیی گشتیی ئەنجوومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی دوا ڕەزامەندی لەسەر بدەن بۆ ئەوەی وەك دوو شوێنی پارێزراو ڕابگەیەندرێن.



# بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان (پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان)

## نامەیەك لە بەڕێوەبەری بەرنامەکەوە

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان (پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان) لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕاسپێردراوە بۆ ئەوەی کار لەسەر پتەوکردن و هاندانی هەبوونی شار و شارۆچکە بەردەوامەکان بکات لەڕووی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی بە ئامانجی دەستەبەرکردنی پەناگە و شوێنی گونجاوی نیشتەجێبوون بۆ گشت کەسێك. بەرنامەکە لە ساڵی ١٩٩٦ وە لە چوارچێوەی بەرنامەی نەوت بەرانبەر خۆراك لە عێراقدا کار دەکات. بەرنامەکە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و لەمیانی دەستەبەرکردنی چارەسەر بۆ پەناگە و شوێنی نیشتەجێبوون و پلاندانان بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوە، بەشێوەیەکی مەزن و کارا بەشداری لە هەوڵەکانی چاکبوونەوە و دووبارە ئاوەدانکردنەوەدا کردووە، بەتایبەتیش لە بواری پاڵپشتیکردنی ئاوارەکان و ئەوانەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان.

بەرنامەکە لە چارەسەرکردنی پرسە هەمەجۆرە شارستانییەکاندا پێڕەوی ڕێبازێکی فرە ڕەهەند دەکات و بەشداری لە بەستنەوەی هەوڵە مرۆیی و گەشەپێدەرەکان و هەوڵەکانی ئاشتی لە عێراق دەکات کە بریتییە لە کاردانەوە لەهەنبەر دۆخە کتوپڕەکانی وەك دەستەبەرکردنی پەناگە و شوێنی نیشتەجێبوونیکی بێ مەترسی و گونجاو بۆ کەسانی ئاوارە و ئەو ئاوارانەش کەوا گەڕاونەتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، ئەم هەوڵانەش بەو بەرنامەیە تێپەڕیون کە ئامانجی بنیادنان و پێشخستنی توانای حکوومەتە خۆجێیی و نیشتمانییەکانە لە پلاندانان و بەڕێوەبردنی گەشەکردنی شارستانی، تادەگاتە ئەو هەوڵانەی زیاتر مۆرکێکی تیۆرییان هەیە، بە بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەکانی تایبەت بە دینامیکییەکانی گەشەکردنی شارستانی و کاریگەری و شوێنەوارەکانی ململانێی چەکداریشەوە.

جا لەو کاتەی عێراق لە قۆناغی کاردانەوەی هەنبەر دۆخە کتوپڕەکانەوە دەچێتە قۆناغی دووبارە ئاوەدانکردنەوە، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ نشینگە مرۆییەکان- لەمیانی دووبارە شیاندنەوەی خانوو و ماڵە زیانلێکەوتووەکان و دروستکردنی ئەو خانووانەی تێچوویان کەمە بۆ داڵدەدانی ئەو ئاوارانەی گەڕاونەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان و خانووەکانیان لێ تێکچووە، بەتایبەت بۆ ئەو خانەوادانەی هەژارترینن- چالاکییەکانی چاکبوونەوەی شارستانی لە عێراق ئاسانتر دەکات ، هەروەها بەرنامەکە پلان بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارانە دادەڕێژێ کە بەهۆی ململانێیەکەوە زیانیان بەرکەوتووە، لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی تایبەتن بە نیشتەجێکردن و مافی ئاوارەکان و ئەو کەسانەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، بەتایبەت لە مەسەلەی خاوەنداریەتیی زەوی و موڵکەکاندا.

بەرنامەکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی نشینگە نارەسمییەکان و هاندانی سیاسەتەکانی حوکمڕانییەکی ڕێکوپێك و دروست و خۆسەری، بەشێوەیەکی پتەو و توندوتۆڵ لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و حکومەتە خۆجێیەکان کار دەکات.

**وائیل ئەشهەب**

بەڕێوەبەری بەرنامەی عێراق، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان

## چالاکییەکانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان

### هاندانی چاکبوونەوەی شارستانی و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان لەو ناوچانەی تازە لە عێراقدا ئازاد کراون

لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ناوچە ئازادکراوەکان لە داعش و گەڕاندنەوەی ئاسایش بۆ ئەو ناوچانە، پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ شیاندنەوەی خودییانەی نیشتەجێکردن، ڕێبازێکی نوێی داناوە کە پشت بە نیشتەجێکردنێك دەبەستێ بەندە بە هەوڵ و کۆششی ڕۆڵەکانی جڤاکی خۆجێیی. بەپێی ئەم ڕێبازە پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستەبەری ئەوە دەکات کە توانای ڕۆڵەکانی جڤاکی خۆجێیی بۆ دووبارە شیاندنەوە و نۆژەنکردنەوەی ئەو خانوو و ماڵانە بنیادنراوە و وەگەڕخراون کە جەنگ وێرانی کردوون، دواتریش دەرفەتی کار و پاڵپشتیکردنی ڕێگەکانی گوزەران دەڕەخسێنێت و بۆ بەشداریکردن لە دووبارە ئاوەدانکردنەوەی جڤاکەکەیان هانیان دەدات. ئەو خانوو و ماڵانەش کە نۆژەن و چاك دەکرێنەوە لەمیانی نواڕین لە دوو پێوەری سەرەکییەوە هەڵدەبژێردرێن، ئەوانیش: (ڕ) ئاست و پلەی زیانی مادی لەمیانی هەڵسەنگاندنی مەیدانیی ئەندازیارانی پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە پشتبەستن بەو پۆلینکارییە دەستنیشان دەکرێن کەوا کۆمەڵەی پەناگە لە عێراق بڕیاری لەسەر داوە؛ (ب) پلە و ئاستی فشۆڵی و بێدەرەتانیی دۆخی کەسانی سوودمەند، ئەمەیش لەمیانی کۆبوونەوەکانی ڕاوێژکاریی جڤاکی و هەڵسەنگاندنی ئاستی بێدەرەتانیی کۆمەڵەی پاراستن و دەستهەڵاتە خۆجێیەکان دیاری دەکرێ.

ئەندازیارانی پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدرێژایی ماوەی پرۆژەکە لەو شوێنانەدان، لەوێ پێش ئەوەی خانووە چاککراوە و نۆژەنکراوەکان ڕادەست بکرێنەوە، کردەکانی هەڵسەنگاندنی مەیدانی و سەرپەرشتیکردنی چالاکییەکانی دووبارە شیاندنەوە و دوا پشکنین بەڕێوە دەبەن. هەروەها بوونی ئەو ئەندازیارانە بەشێوەیەکی بەردەوام دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکان لە ڕووی کوالیتییەوە بەشێوەیەکی بەرز بچنە پێش و جێبەجێ بکرێن. جا بە درێژایی ئەو ماوەیەی ئەو کردەیە خایاندوویەتی، ئەوا ڕۆڵە و خەڵکانی نێو جڤاکی خۆجێیی بۆ بنیادنان و دووبارە شیاندنەوە و چاککردنەوە لەمیانی چەند خولێکی تایبەتمەند بە بنیادنانی توانایەکان، کارامەیی پێویستیان پێشکەش

کراوە. دواتریش ئەم ڕێبازە دەبێتە هۆی تواناداركردنی تاکەکانی جڤاك لەسەر هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زیاترکردنی کردەی پشتبەخۆبەستن و گرتنە دەستی جڵەوی کاروبارەکان بەدەستی جڤاکە خۆجێییەکان، هەروەها هانی جڤاکە ڕەچاوکراوەکان دەدات بەشێوەیەکی سەربەخۆ گرفتەکانیان چارە بکەن، ئەمەیش دەبێتە هۆکارێکی یەکلاکەرەوە لە وەدیهێنانی سارێژبوونەوە و بنیادنانی توانای خۆڕاگریی بەردەم قەیرانەکان. پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٩دا زیاتر لە ٤٠٠ لەو خانوو و ماڵانەی نۆژەنکردووەتەوە کەوا لە خۆرئاوای مووسڵ دووچاری وێرانکارییەکی زۆر ببوونەوە.

## دروستکردنی یەکە سەرەکییەکانی نیشتەجێکردنی کەمخەرج بۆ لەخۆگرتنی ئەو کەسانەی لە کاتی ململانێیەکاندا ماڵوحاڵیان وێران بووە

لە ماوەی ململانێ لەگەڵ ڕێکخراوی داعشدا، زیاتر لە ٢٩،٠٠٠ خانوو بەتەواوی وێران بوون، هەروەها زۆربەی خاوەنی ئەو خانووانەش ماڵەکانیان جێهێشتووە بەبێ ئەوەی لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتەی خۆی لە نەبوونی خانوو و شوێنی حەوانەوەدا دەبینێتەوە، هیچ پاڵپشتییەکی بەسوودیان بکرێ ، کەوایە بۆ ئەو جۆرە کەسانە دژوارە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان. دا پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٩دا ٢٨٩ یەکەی سەرەکیی نیشتەجێکردنی لە ڕومادی و فەلووجە و کەرمەی پارێزگەی ئەنباردا بۆ داڵدەدانی نزیکەی ٢،٨٠٠ توێژی بێدەرەتان دروستکردووە کە ماڵ و خانووەکانیان بە تەواوی وێران بوون، ئەم خانووانە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێننەوە. هەروەها لەمیانی بەشدارپێکردنی ڕێژەیەکی زۆری ڕۆڵە و تاکەکەسەکانی جڤاکی خۆجێیی، پلانڕێژی بۆ سێ شوێنی شارستانی کراوە و دیزاین کراوە و پێشخراوە. ئەم یەکانە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و ژێرخانیان بۆ دابین کراوە؛ بە تۆڕەکانی ڕێگە و کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆی تەندروستیشەوە. ئەم یەکە سەرەکییانە بەشێوەیەك دیزاین و بونیاد نراون کە کەسانی گەڕاوە هەرکاتێك بیانەوێ و حەز بکەن، بتوانن بەشێوەیەکی ئاسۆیی یان ستوونی، ڕووبەرەکە فراوانتر بکەن.

هەروەها پرۆژەکە لەهەنبەر خولقاندنی فراوەژۆیی (التكامل) لەنێوان پلاندانانی شارستانی و دەستوەردانە مادییەکانی کردەی چاکبوونەوە و توانای خۆڕاگری لەهەنبەر قەیرانەکانی قۆناغی دوای ململانێدا، بە بەشدارییەکی گرنگ دادەندرێ ؛ چونکە دامەزراندن و دروستکردنی یەکە سەرەکییەکانی نیشتەجێکردن بۆ داڵدەدانی ئەو ئاوارە بێدەرەتان و هەژارانەی خانوو و ماڵیان وێران بووە، بە یەکێك لەو بنەمایە سەرەکییانە دادەندرێ کەوا " ستراتیژی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی نیشتەجێکردن"ی لەسەر بنیاد دەنرێ و حکوومەتی عێراقی و پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان دایانناوە بۆ ئەوەی وەك ڕێوانێك (دلیل) کار بکات و ئەو ڕێنماییانە دەستەبەر بکات کە تایبەتن بە دووبارە ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی خانوو و ماڵەکان لەو ناوچانەی بەهۆی ململانێیەکەوە زیانیان بەرکەوتووە.

## پاڵپشتیکردنی ئەو مافانەی تایبەتن بە نیشتەجێبوون و خانوو و خاوەندارێتیی زەوی و موڵکەکان

عێراق لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا چەندان شەپۆڵی ئاوارەبوونی بە کۆمەڵی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی گرفتێگی ئاڵۆزی تایبەت بە خاوەندارێتیی زەوی و موڵکەکان. ئەوەی ئەم ئالنگارییانەشی ئاڵۆزتر کردووە، هەبوونی چەندان هۆی جۆراوە لە پشت لەدەستدانی موڵك و ماڵەکان، بە دەستبەسەرداگرتنی (استملاك) لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، هەروەها توندوتیژیی تائیفی و گرفتە دژوارەکانی ئابووری و ململانێ لەگەڵ داعش، چەند هۆکارێکی دیکەی ئەو گرفتەن. زۆرێك لە خانەوادەکان بەهۆی کارە سەرکوتکارەکان و ئەو وێرانکارییەی داعش خستوویەتییەوە، خانوو و ماڵیان لە دەست داوە، هەروەها ئەو کردە سەربازییانەی بۆ ئازادکردنی ناوچە ئازادکراوەکان بەرێوەبەران، هۆیەکی دیکەی وێرانکردن بوون، ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و گەڕاوەکان چەند پەیام و بەیاننامەیەکیان تۆمارکردووە کەوا ئاماژە بەوە دەکەن دۆسییە ڕەسمییەکانی موڵکەکانیان بەچەند ڕەفتارێکی ئەنقەستانەی چەندان کۆمەڵە و گرووپی چەکدارەوە، بەتایبەتیش ڕێکخراوی داعشەوە، بزربوون یانیش تێکچوون و فەوتاون. هەندێك کەمینەی نەژادی و ئایینیی وەك ئێزیدییەکان ڕووبەڕووی ئالنگاریی زۆر مەترسیدار بوونەتەوە، چونکە بەهۆی سیاسەتەکانی هەڵاواردن کە لە هەفتایەکانی سەدەی ڕابردووەوە گیراونەتەبەر، هەرگیز ڕێگەیان پێ نەدراوە مافی خاوەندارێتیی خانوو و زەوییەکانیان بەشێوەیەکی ڕەسمی تۆمار بکەن. جگە لەمانەیش، زۆرێك لەو کەسانەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان سەبارەت بەو ڕێکارانە زانیاریی پێویستیان نییە کە لە پێشکەشکردنی داواکارییەکانی قەرەبووکردنەوە بەکار دەبرێن و دواتر دەخرێنە بەردەم حکوومەتی عێراقەوە.

جا پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەو پێیەی لە بواری مافەکانی نیشتەجێبوون و موڵکایەتیدا لایەنی پێشەنگە، لەمیانی کۆمەڵێك چالاکیدا، چارەسەری ئەو ئالنگارییانە دەکات ؛ لەوانە پێشکەشکردنی پاڵپشتیی یاسایی بۆ گەڕاوەکان بۆئەوەی بتوانن داواکارییەکانی قەرەبووکردنەوە ئامادە بکەن و ڕادەستی بکەن؛ هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە مافەکانی نیشتەجێبوون و زەویوزار و موڵکەکان، لەگەڵ جەختکردنەوە بەشێوەیەکی تایبەت لەسەر ژنان؛ و چارەسەرکردنی ململانێیەکانی هەنبەر زەویوزارەکان و موڵکەکان بەشێوەیەکی ئاشتییانە لەمیانی چەند دەستپێشخەرییەکی نێوەندگیریی خۆجێیی و دەرچواندنی چەند بڕوانامەیەکی تایبەت بە زەویی نیشتەجێبوون (تاپۆی نیشتەجێبوون) بۆ ئێزیدییەکانی ناوچەی شنگال و بەتایبەت ئەوانەی کە پێشتر هیچ بەڵگەنامەیەکی ڕەسمیی نیشتەجێبوون و موڵکایەتیی زەویوزاریان نەبووە. لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠١٩دا زیاتر لە ٣١٠٠ بەڵگەنامەی نیشتەجێبوون دەرکران و دابەشکران، ئەمەش دوای ئەوە هات کە دەسەڵاتە خۆجێیەکان و نوێنەرانی جڤاکی خۆجێیی ڕەزامەندیان لەسەریان دەربڕی.

## کارکردن لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێیەکان بۆ پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی چاکبوونەوە و وەدیهێنانی سەقامگیری

پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی پتەو و توندوتۆڵ لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێیەکانی ئەو ناوچانە کاردەکات کەوا بەهۆی ململانێیەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە، بە هەرێمی کوردستانی عێراقیشەوە کە زیاتر لە ٧٠٠،٠٠٠ ئاوارەی داڵدە داوە، ئەمەیش بۆ پتەوکردنی توانایەکانیەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و پێشخستنی توانایەکانی بۆ گرتنە دەستی جڵەوی کاروبارەکانی پلاندانانی تایبەت بە دووبارە ئاوەدانکردنەوە.

جا پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی ئەم دەستپێشخەرییانەدا و شانبەشانی دەسەڵاتە خۆجێیەکان دەستی بە نۆژەنکردنەوەی خانووەکان و ئەو ژێرخانە کردووە کە جەنگ وێرانی کردووە. مەسەلەکە هەر لەم ئاستەش نەوەستا، بەڵکو کاریان بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی شوێنە گشتییەکان و سێکتەرە تەندروستی و پەروەردەییەکانیش کردووە لەپێناو بنیادنانی شارە وێرانکراوەکان بۆ ئەوەی بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو زۆر باشتر بن. ئەم ڕێبازە گرتنەبەر و بەکارهێنانی ئەو تەکنۆلۆژیایانەش دەگرێتەوە کە زیان بە ژینگە ناگەیەنن؛ هەروەها بەکارهێنانی چەند مادەیەك کە لە چەند سەرچاوەیەکی عێراقی و بەرهەمهێنەری نێو عێراقدا دەست دەکەون؛ هەروەها ڕێبازەکە جەخت لەسەر ڕەخساندنی کار و پیشە و مشتوماڵکردنی شارەزاییەکانیش دەکات، بەتایبەت لەهەنبەر ژنان و لاواندا.

پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٩دا بۆ پێشخستنی پارکی یەرمووك لە خۆرهەڵاتی مووسڵ پرۆژەیەکی دەستپێکرد. پێشبینیش دەکرێ پێشخستنەکەی بە ڕووبەڕە بێهاوتایەکەی کاریگەرییەکی باشی لە چاککردنەوەی دۆخە وێرانەکەی هەبێت و لە هەمان کاتیشدا کاریگەرییەکی ئەرێیی لەسەر ئابووری و ژینگە و تەندروستی و سەلامەتی و پتەوترکردنی پێوەندیی نێوان جڤاکە خۆجێیەکانی نێو مووسڵدا جێبهێڵێ. پلانەکانی بەرنامەکانی پێشخستن لەمیانی ڕاوێژکردنی چڕ و ڕووبەڕوو لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێیەکان و ڕۆڵەکانی نێو جڤاکی خۆجێیی دانراوە، واتا لە ڕێگەی خۆبەخشانی سەر بە جڤاکە خۆجێیەکانەوە بووە بە لاوەکانیشەوە. هەروەها بەهۆی بەشداریپێکردنی گەنجان لە دووبارە دیزاینکردنەوەی وەك خۆزایەکی گشتیی هەمە ئەرك، ئەوە بووە شتێکی کردەیی پارکی یەرمووك بتوانێ ڕۆڵێکی گەورە لە پتەوکردنی شوناسی مەدەنی و کارلێکی کۆمەڵایەتی و گوزارشتی ڕۆشنبیریدا ببینێ.

## پێشخستنی نشینگە نا ڕەسمییەکان (هەڕەمەکییەکان)

وەزارەتی پلاندانان لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٦دا توێژینەوەیەکی پشکنین و بەدواداچوونی کرد، تیایدا ڕوونی کردەوە کە زیاتر لە ٣،٣ ملیۆن کەس لە نێوەڕاست و باشووری عێراق لە چەند نشینگەیەکی هەڕەمەکیدا دەژیەن. پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکوومەتی عێراقی بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی دەسەڵاتە خۆجێیەکان و هاووڵاتیانی نێو ئەو نشینگە هەڕەمەکییانە دەبنەوە، بەیەکەوە کار بۆ پێکهێنانی چەند چارەسەرێکی بەردەوام و درێژ مەودا دەکەن، ئەمە هەلومەرجە زۆر خراپەکەی گوزەران و کەمیی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و ڕێگەکانی ژیان و گوزەران و موڵکدارێتێکی دەستەبەر نەکراوی زەوییەکانیش دەگرێتەوە.

لەگەڵ گەڵاڵەبوون و پێکهاتنی یاسای نوێی نشینگە هەڕەمەکییەکاندا، لە ساڵی ٢٠١٩ بەرنامەیەکی ئەزموونی بۆ پێشخستنی نشینگە هەڕەمەکییەکانی موسڵ و ڕومادی و بەسرە جێبەجێ کرا. ئەم بەرنامانە لەڕووی دیاریکردن و ڕێکخستنوڕیزبەندکردنی چالاکییەکان بەپێی سەرلیستەکان (أولويات) و جێبەجێکردنی لەپێناو چاکترکردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵك و بەشداریکردن لە گەشەپێدانێکی دوورمەودای کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ ئەو نشینگە هەڕەمەکییانەی بە ئامانج گیرابوون، ڕێبازێکیان گرتەبەر کە لەسەر بنەمای بەشداری پێکردنی ڕۆڵە و تاکەکانی جڤاکی خۆجێیی لە پلاندانان و ئامادەکردنی بەرنامەکەدا بنیاد نرابوو، جا لەمیانی جێبەجێکردنی چەند چالاکییەکی وەك دامەزراندن و دروستکردنی تۆڕە نوێیەکانی ئاوەڕۆی دروست و ئاوی خواردنەوە؛ خۆ دەربازکردن لە زبڵ و خاشاك؛ قیرتاوکردنی ڕێگەوبانەکان؛ بنیادنانی چەند شوێنێکی نوێی گشتی، ئەم بەرنامە ئەزموونیانە بۆ دانیشتووانی ئەو نشینگە هەڕەمەکییانە ڕۆڵیان لە ڕەخساندنی نزیکەی ١٠٠٠ دەرفەتی کاری ڕۆژانە هەبوو، بە لاوانیشەوە.



# کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەناخوازەکان

کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەناخوازان UNHCR“ بۆ کاردانەوە لەهەنبەر پاراستن و یارمەتیدانی ئاوارە و پەناخوازانی نێو عێراق و دیاریکردنی چارەسەری سەرانسەری و هەمەگیر بۆ یارمەتیدان لە بنیادنانی ژیانیان، پاڵپشتیی لە حکوومەتی عێراقی دەکات. کۆمسیۆنەکە بۆ پاڵپشتیکردنی ئاوارە و پەناخوازەکان، سەرکردایەتیی پرسی پاراستن و هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە و کۆمەڵگەکان و پەناگە و سەرچاوە ناخۆراکییەکان دەکات ، هەروەها بۆ هەماهەنگی کاردانەوە و وەڵامدانەوەی پەناخوازانی سووری لەمیانی پلانی هەرێمی بۆ پەناخوازان و پتەوکردنی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان (۳RP) هاوکاریی حکومەت دەکات .



## ڕاستی و ژمارەکان:

### ■ دانیشتووان:

١,٤٤ ملیۆن ئاوارە- ٤,٤٦ ملیۆن ئاوارەی گەڕاوە- ٢٨٦٩٤٩ پەناخواز لەگەڵ کۆتایی هاتنی کانوونی یەکەمی ٢٠١٩

لە کۆی ٢٨٦٩٤٩ پەناخوازی تۆمارکراو لە عێراق، ٢٥٤٨١٠ پەناخوازی بە ڕەگەز سوورین، بەو کەسانەشەوە کە تازە لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریاوە هاتوون..

### ■ خێوەتگەکان:

١٠ خێوەتگەی پەناخوازان لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە میوانداری لە ٤١٪ پەناخوازانی سووری دەکەن و بە ژمارە لە ( ٩٩٠٠٠) کەس زیاترن، بە بەردەڕەش و کویلانیشەوە کە میوانداری لەو ئاوارانە دەکەن کەوا تازە لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریاوە هاتوون. ئەوانی دیکەی ڕێژەیان ٥٩٪ و نزیکەی ( ١٤٦٠٠٠) کەس دەبن و ئەو پەناخوازە سوورییانەن کەوا لە ناوچە شارستانییەکان و نیمچە شارستانییەکان و گوندییەکاندا دەژیەن.

کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، لە سەرانسەری عێراقدا (٤٠) خێوەتگەی ئاوارەکان بەڕێوە دەبەن کە بە ژمارە لە ٢٧٧٠٠٠ ئاوارە زیاترن.



# بوارە سەرەکییەکانی دەستوەردان ( التدخل)

## دەستوەردانەکانی پاراستن و وەدیهێنانی لایەنگری

کۆمیسیۆنەکە هاوتەریب لەگەڵ ماوەی سەرەکیی دەستەبەکاربوونیدا کۆمەڵێکی زۆر لە دەستەوەردانی پاراستن جێبەجێ دەکات و هەوڵێکی گەورەی پاڵپشتیکردن و لایەنگری دەدات بۆ دەستەبەرکردنی گەیشتنی کەسانی ئاوارەی زۆر بێدەرەتان بە یارمەتییە مرۆییەکان و وەدەستهێنان و مومارەسەکردنی تەواوی مافە سەرەکییەکانیان. ئەمە پێشکەشکردنی یارمەتی و نوێنەرایەتیکردنی یاسایی و چارەسەرکردنی کۆتوبەندە سەپێندراوەکانی سەر ئازادیی جوولە و هاتووچوو و باشترکردنی دەرفەتەکانی وەدەستهێنانی بەڵگەنامەی مەدەنییانەی سەلمێنەر و ئاسایش و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و پاڵپشتیکردنی دەروونیی کۆمەڵایەتی و دیاریکردن و حەواڵەکردنی کەسانی زۆر هەژار و بێدەرەتان بەرەو خزمەتگوزارییە تایبەتەکان و پێشکەشکردنی پاڵپشتی بە کەسانی ڕزگاربووی نێو توندوتیژیی سێکسی سەرچاوەگرتوو لە ڕەگەز و پاراستنی یەکییەتیی و پتەویی یەکەی خانەوادەش دەگرێتەوە. سەبارەت بە پەناخوازانیش، بەشێوەیەکی تایبەت جەخت لەسەر پەسندکردن و وەرگرتنیان و ئەگەری گەیشتنیان بە ئاسایش و تۆمارکردن و دیکۆمێنتکردنی داواکارانی پەناهەندەیی و زیاترکردنی دەرفەتەکانی دووبارە جێنشینکردنەوەیان لە وڵاتی دیکە و چەندان چارەسەری دیکەش دەگرێتەوە وەك بەشێك لە ڕێکارە جیهانییەکانی دابەشکردنی بەرپرسیارییەتییەکان. کۆمسیۆنەکە سەبارەت بە ئاوارەکان و لەپێناو گەڕانەوەی خۆویستانە و بێمەترسی و سەربەرزانە و بەبێ هەڵاواردن و بۆ دیاریکردنی چارەسەرە بەردەوام و دوورمەودایەکان لەگەڵ حکوومەت کار دەکات. هەروەها لەمیانی پێشکەشکردنی یارمەتییە یاساییەکان و پاڵپشتیکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی باری شارستانی لە وەزارەتی ناوخۆدا بۆ تواناداركردنی ئاوارەکان لە وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و هاتووچووکردنێکی بێمەترسی لە خاڵەکانی پشکنین و گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانیان و دابینکردنی دەرفەتەکانی کار، بەشێوەیەکی تایبەت جەخت لەسەر پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی وەدەستهێنانی بەڵگەنامەکانی باری شارستانی دەکرێتەوە.

ڕاپۆرتی چاودێریکردنی پاراستنی تایبەت بە کۆمسیۆن و دەرخستنی گشتیی پێداویستییە مرۆییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٠، دەری دەخات کە ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان و ئاوارە گەڕاوەکان هێشتاکە هەندێك لە بەڵگەنامە سەلمێنەرە تاکەکەسییانەیان نییە، وەك: پسوولەی خۆراك و کارتی باری شارستانی و ڕەگەزنامە و پاسپۆرت و بەڵگەنامەی لەدایکبوون و چەند بەڵگەنامەیەکی دیکە.

کۆمیسیۆن لە ساڵی ٢٠١٩دا بۆ دانانی چەند شاند و نێردەیەکی گەڕۆك هاوکاریی وەزارەتی ناوەخۆی عێراقی کرد کە تیایدا فەرمانبەرانی حکوومی لەپێناو دەرکردنی چەند بەڵگەنامەیەکی شارستانی بۆ ئاوارەکانی نێو خێوەتگەکان دابەش دەکران . جەختکردنەوەی سەرەکیی نێردە گەڕۆکەکانیش لەسەر دەرچوواندنی سێ بەڵگەنامەی زۆر گرنگەکەدا چڕکرابوویەوە کە بریتین لە بەڵگەنامەی باری کەسی و بەڵگەنامەی ڕەگەزنامەی عێراقی و بەپێی تواناش کارتی نیشتمانی. وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ کۆتایی هاتنی تشرینی دووەمی ٢٠١٩دا، نزیکەی ٧١٢٣ کارتی باری شارستانی و ١١٢٢٦ ڕەگەزنامەی عێراقی بۆ ئاوارەکان دەرکرد. کۆمسیۆنەکەش لە ساڵی ٢٠٢٠ لە پاڵپشتیکردنی ئەو شاند و نێردە گەڕۆکانەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بەردەوام دەبێت کە بۆ تۆمارکردنی بەڵگەنامە شارستانییەکان خەریکی کار و چالاکین.

هەروەها کۆمیسیۆنەکە بۆ دامەزراندنی داتابەیسی ئاوارەکان و ئەو ئاوارانەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، پاڵپشتیی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران دەکات . ئەم داتابەیسەش بۆ دابەشکردنی ١،٥ ملیۆن دیناری عێراقی مینبەرێکی زۆر نایاب دەستەبەر دەکات کە وەك پاداشتی گەڕانەوە یە و حکوومەتی عێراقی بۆ خانەوادەی ئاوارە گەڕاوەکان پابەندیی خۆی بۆ خەرجکردنی ڕاگەیاندبوو.

کۆمیسیۆنەکە سەبارەت بە ڕێگەگرتن لە توندوتیژیی سێکسی و توندوتیژیی ڕەگەزی و کاردانەوە لەهەنبەر پاراستنی منداڵ -بە باشترین ڕێکار- بۆ ئەو منداڵانەی لەژێر مەترسی و هەڕەشەدان، توانای هاوبەشەکانی وەك ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و فەرمانبەرانی حکوومی بنیاد دەنێ.

### بوونی کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەناخوازان لە عێراقدا

کۆمسیۆنەکە لەمیانی شەش ئۆفیسی سەرانسەرییەوە لەو وڵاتەدا کار دەکات، بە نووسینگەی هەرێمییانەی بەغداد و نووسینگە لاوەکییەکان لە هەولێر و دهۆك و مووسڵ و نووسینگە مەیدانییەکانی نێو سلێمانی و کەرکووکیشەوە.

* جگە لەو نووسینگانەی لەسەرەوە باسکران، ئەوا کۆمسیۆن و هاوبەشانیشی لە چەند ناوچەیەکی دیکەی ئەو وڵاتەدا بوونیان هەیە، وەك: بەسرە و حلە (بابل) و بەعقووبە (دیالە) و کەربەلا (کەربەلا) و نەجەف (نەجەف) و سامەڕا (سەلاحەدین) و کووت (واست) و خانەقین (دیالە).






## شوێنە بێمەترسییەکان بۆ دانیشتووانی ئاوارە

کۆمیسیۆنەکە لە مەڵبەندەکانی پاڵپشتیکردنی جڤاکیی سەرانسەری وڵاتدا کۆمەڵێك خزمەتگوزاری بۆ پەناخواز و ئاوارە و ئاوارە گەڕاوەکان و کەسانی بێ ڕەگەزنامە دەستەبەر دەکات. مەڵبەندەکانی پاڵپشتیکردنی جڤاکی بە شوێنی بێمەترسی و گشتی دادەندرێن، چونکە لەوانەیە ژنان و پیاوان و کوڕان و کچانی سەر بە باکڕاوندی جۆراوجۆر، بەتایبەت لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و ئاڵوێرکردنی بیروبۆچوون لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ کۆمسیۆن و هاوبەشەکانیشی تیایدا چاویان بە یەکتری بکەوێ. هەروەها مەڵبەندەکانی پاڵپشتیکردنی جڤاکی بە شوێنی بێمەترسی دەزاندرێن، لەو شوێنەدا پێشوازیی گەرم لە هەمووان دەکرێت بۆ ئەوەی چاویان بە کارمەندانی پسپۆڕی بواری پاراستن و وەرگرتنی ڕێنمایی و ڕاوێژ و خزمەتگوزارییەکان و یارمەتیدان بکەوێ. هەروەها ئەو مەڵبەندانە چالاکییەکانی سەرگەرمی و کاتبەسەربردنی وەك وەرزش و گەمەکانی منداڵان و نەوجەوانان و لاوان فەراهەم دەکەن. هەروەها تیایاندا زانیارییە سەرەکییەکانی تایبەت بە بابەتە جۆراوجۆرەکانی وەك پاراستنی منداڵ و توندوتیژیی سێکسی و توندوتیژیی ڕەگەزی و فێرکردن و تەندروستی و خزمەتگوزارییە یاساییەکانیش دەستەبەر کراون. مەشقی پیشەییش بۆ تواناداركردنی کەسانی ئاوارەی بێدەرتان و هەژار و برەودان بە شارەزایی و کارامەییەکانیان دەستەبەر کراوە.

## فەراهەمکردنی پەناگە و هەماهەنگیی خێوەتگەکان

کۆمیسیۆنی باڵا لەمیانی بەشدارییەکی کارا لە فەراهەمکردنی پەناگەدا، ئەوە دەستەبەر دەکات پەناخواز و ئاوارەکان و ئاوارە گەڕاوەکان لە عێراقدا پەناگەیەکی گونجاو و مادە سەرەکییەکانی بەهاناوەچوونیان بۆ دەستەبەر بکرێ. یارمەتییەکانی کۆمسیۆنەکە سەبارەت بە پەناگە بریتیە لە فەراهەمکردنی پەناگەیەکی گونجاو بۆ خێوەتگەی ئاوارە و پەناخوازەکان و دامەزراندنی کەرەڤانەی گەڕۆك ( یەکەکانی جێنشینکردنی پەناخوازان) و شیاندن و نۆژەنکردنەوەی خانوو و ماڵە زیانلێکەوتووەکان لەچەند ناوچەیەکی دیاریکراودا کەوا ئاوارەکان بۆیان گەڕاونەتەوە، ئەمەیش بۆ ئاوێتەکردنەوەی ئاوارەکانە.

لەبەرئەوەی کۆمیسیۆنەکە سەرۆکایەتیی کەرتی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان دەکات، ئەوا لەمیانی پێشکەشکردنی چەند خزمەتگوزارییەکی هەماهەنگیدار بۆ چاکترکردنی هەلومەرجی ژیانی ئەو ئاوارە و پەناخوازانەی لە خێوەتگەکاندا دەژیەن، لەگەڵ دەستهەڵاتە خۆجێیەکان و لایەنە چالاکەکانی نێو بواری مرۆیی کار دەکات. کۆمیسیۆنەکە لە سەرانسەری عێراقدا پاڵپشتی لە بەڕێوەبردنی ٤٠ خێوەتگەی ئاوارەکان و ١٠ خێوەتگەی پەناخوازان دەکات.

## پاڵپشتیکردنی خانەوادەکان بۆ وەدیهێنانی پێداویستییە سەرەکییەکانیان

کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، لەمیانی دابەشکردنی یارمەتیی پارەی کاش، بۆ وەدیهێنانی پێداویستییە سەرەکییەکانیان، یارمەتیی خانەوادە بێدەرەتانە ئاوارەکان و پەناخوازە هەژارەکان دەدات. بۆنموونە لەو شوێنانەی بازاڕیان تیادایە و سوودمەندان دەتوانن پێیان بگەن، پارەی بێمەرج بۆ وەدیهێنانی پێداویستیی ئەو کەسانە هۆکارێکی کارایە کە بەهۆی ئاوارەبوونەوە زیانیان بەرکەوتووە، ئەمەیش ڕێگە بۆ خانەوادەکان خۆش دەکات پێداویستییە هەرە لەپێشینەکانیان دیاری بکەن و کەرامەتی خۆیشیان بپارێزن و وایان لێ بکرێ کەمتر بکەونە بەر دۆخی پەناخوازی و ستراتیژە زیانبەخشەکانی ڕووبەڕووبوونەوە.

## سووککردنی باری قورسی هەلومەرجەکانی زستانی سەخت لەسەر شانی ئاوارە بێدەرەتانەکان

لە هەندێك ناوچەی شاخاویی عێراق و بەتایبەتیش لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کە ٩٩٪ پەناخوازانی سووری تیایدا دەژیەن، لەوانەیە پلەکانی گەرما لە وەرزی زستاندا بۆ کەمتر لە پلەی بەستان داببەزنە خوارەوە. یارمەتییەکانی خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجەکانی زستان، یارمەتیی ئاوارە و پەناخوازەکان دەدات بۆ ئەوەی بەسەر هەلومەرجە سەخت و دژوارەکانی زستاندا زاڵببنن. کۆمیسیۆنەکە بەدرێژاییی زستانی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ ، پلان بۆ ئەوە دادەنێت بگاتە ٦٦٦٠٠٠ ئاوارە و ١٥٧٠٠٠ پەناخوازی سووری و ١٦٨٠٠٠ پەناخوازی سەر بە نەژادەکانی دیکە، تاکوو بە دراو و پارە یارمەتیی زستانەیان پێببەخشێ. ئەم یارمەتییانەش بەردەوام زیندوو و کاران بۆ ئەوەی خانەوادە بێدەرەتانە ئاوارەکان لە هەلومەرجە سەختەکانی زستاندا بەشێوەیەکی باش سەرچاوە پێویستەکانی مانەوەیان لە ژیاندا بۆ دەستەبەر بکرێ.

## پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی پتەوی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لەکاتی پاڵپشتیکردنی وڵات لە هەوڵەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوەدا

کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی کاریگەری و شوێنەواری خێرایان هەیە و بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و پتەوی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ئاسانکاری بۆ دووبارە ئاوێتەکردنەوەی ئاوارەکان بە جڤاکە خۆجێییەکانیان جەخت لەسەر جڤاکی خۆجێیی دەکاتەو، یارمەتیی جڤاکە خۆجێیەکانی ئاوارە گەڕاوەکان دەدات. ستراتیژی کۆمسیۆنەکە ئامانجی ڕەخساندنی کەش و زەمینەیەکی گونجاوە بۆ ئاوارە گەڕاوەکان بۆ ئەوەی بگەنە قۆناغی پشتبەخۆبەستن و پتەوترکردن و زیاترکردنی توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان. پرۆژەکانیش بریتین لە چاککردنەوەی ژێرخانە سەرەکییەکانی

وەك بەڕێوەبەرایەتییەکانی کاروباری شارستانی و خوێندنگە و نۆڕینگەکانی تەندروستی و دامەزراوە کشتوکاڵییەکان (ترومپایەکانی ئاو و خانووی پلاستیکیەکان) و گەڕاندنەوەی خزمەتگوزارییەکانی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك.

## پاڵپشتیکردنی چارەسەری بەردەوام و پشتبەخۆبەستن

کۆمیسیۆنەکە هەوڵ دەدات پاشکۆخوازی کەم بکاتەوە و خۆژیێنی ( الاکتفاء الذاتی) لەنیو پەناخوازانی عێراقی پتەوتر و باشتر بکات، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو چارەسەرە بەردەوامەی هەڵیان بژاردووە. هەروەها ستراتیژی کۆمیسیۆنەکە جەخت لەسەر دەستەبەرکردنی ئاخنینی کەسانی پێوەندیدار دەکاتەوە بەنێو سیستمە یاسایی و کۆمەڵایەتییە باوەکان و لە چوار بواری پێگەییدا کار دەکات کەوا ڕەهەندە یاسایی و ئابووری و مەدەنی و کۆمەڵایەتی- ڕۆشنبیرییەکانی گرتووەتەوە. هەروەها ستراتیژەکە ئامانجی پاڵپشتیکردنی جڤاکە خۆجێیەکان و حکوومەتەکانە بۆ ئەوەی خێوەتگەکانی پەنابەران ئاوێتەی ژینگەی جڤاك و شوێنە خانەخوێیەکان بکرێن، لەگەڵ ڕوانگەی وەرچەرخاندنی خێوەتگەکان لە کۆتاییدا بەرەو چەند نشینگەیەکی بنیادنراو بۆ ئەوەی ببنە چەند گەڕەکێکی نێو شارە هاوسێیەکان و وەدەستهێنانی یەکسانی لە وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و گەیشتن بە بازاڕی کار و فێربوون، هاوتەریب لەگەڵ دانیشتووانی خۆجێیی.

کۆمیسیۆنەکە لەگەڵ وەزارەتە سەرەکییەکانی حکوومی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە چالاکەکانی بواری گەشەپێدان و کەرتی تایبەتدا کار دەکات، بۆ دەستەبەرکردنی کردەی ئاوێتەکردنێکی سیستماتیك بۆ کەسانی تایبەتمەند بە پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی و بەرنامە دوورمەودایەکانی گەشەپێدان لەمیانی داوا و بانگەشەی ستراتیژی و هەماهەنگی و ئەو بەرنامە هاوبەشانەی لەسەر بەڵگەکان/ یان بەرنامەدارییەکان بنیادنراون. بوارەکانی هاوبەشیی سەرەکی پاراستن و پاراستنی کۆمەڵایەتی و یارمەتیدانی یاسایی و ( دووبارە ئاوێتەکردنەوە) دەگرێتەوە بە گەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و پشتبەخۆبەستنیشەوە.





## دۆخی لەناکاو و کتوپڕی باکووری خۆرهەڵاتی سووریا

دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر دەستپێکردنی ململانێ لە سووریا، هێشتاکە پەناخوازانی سووری لە عێراق ڕووبەڕووی چەندان ئالنگاری بوونەتەوە، هێشتاکەش پەناخوازی نوێ بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێك تۆمار دەکرێن. هەروەها لە دوای هەڵکشانی دۆخی کوشتوکوشتار لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا لە نیوەی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩، عێراق شەپۆڵێکی پەناخوازانی سووری بەخۆیەوە بینی (١٨٩٩١ لەگەڵ کۆتایی هاتنی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩). پێشبینیش دەکرێ لەماوەی شەش مانگی داهاتوودا ژمارەی ئەو پەناخوازە نوێیانەی ڕوو لە عێراق دەکەن بەهەنگاوی هێواش و جێگیر بەردەوام بێت. جا لەو کاتەی ٨١٣٤ پەناخوازی نوێ لە جڤاکە شارستانی و گوندییەکانی هەرێمی کوردستان چوونەتە نێو خانەوادەکانیان، بەڵام زۆرینەی پەناخوازە نوێیەکان لە هەردوو خێوەتگەی بەردەڕەش و کویلانی پارێزگەی دهۆکدا پێشوازییان لێ دەکرێ.

ئەمەیش پێویستی بە خستنەگەڕی هەوڵی بەردەوامی گشت لایەنە چالاکەکانی بواری مرۆیی هەیە بە دەستهەڵاتە خۆجێیەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نا حکومییەکانیشەوە، بۆ ئەوەی گشت ئەو پەناخوازە نوێیانە پاراستن و خزمەتگوزارییە پێویستە سەرەکییەکانیان بۆ دابین بکرێ.





# ڕێکخراوی یونیسێف

## چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو حەمیدە لاسیکۆ

### نوێنەری ڕێکخراوی یونسێف



**کاره له پێشینه و سەرلیستەکانی ڕێکخراوەکە بۆ ساڵی ٢٠٢٠ لە عێراقدا چین؟**

کاره سەرلیستەکانمان بەردەوامبوونە لە پشتگیریکردن و سەرخستنی مافەکانی منداڵ لە عێراق و دەستەبەرکردن و وەدیهێنانی مافەکانیان لە پەروەردە و فێربوونێکی نوێ و چاودێریی تەندروستی و ئاوی پاك و پاراستنیان لە توندوتیژی. لە کارکردن لەگەڵ حکوومەت و گوشار دروستکردن بەردەوام دەبین، بۆ ئەوەی چەند سیاسەتێکی هاوڕێی منداڵ دابنرێ کە بتوانێ لەو وڵاتەدا دۆخی ژیانی منداڵان چاکتر بکات، لەگەڵ بەردەوامبوون لە پاڵپشتیکردن و هێنانەکایەی پێداویستییەکانی ئەو منداڵانەی ململانێیەکە ئاوارە و دەربەردەری کردوون.

ساڵی ٢٠٢٠ بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ دادەندرێ کە تیایدا چەندان دەرفەتی نوێ هەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا وەبیرمان دەهێنێتەوە کە کات بە خێرایی تێدەپەڕێ؛ چونکە حکوومەتی عێراقی و هاوبەشە نێو دەوڵەتییەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام و دوورمەودا لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٣٠ تەنیا دە ساڵیان لە بەردەمدا ماوە. لەبەرئەوە، ئێستە ئێمە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر پێویستمان بە کارکردن و دەستەبەرکردنی ئەو دۆخە هەیە کە نەیەڵێن هیچ منداڵێك لە دواوە بمێنێتەوە.

**بە ڕای تۆ ئەو مەسەلەیە چییە کە سەبارەت بە منداڵان و گەنجان لە عێراقدا، لە هەر مەسەلەیەکی دیکە پێداگرترە ؟**

منداڵانی عێراقی بەرگەی قورسترین باری ئەو توندوتیژییەیان گرتووە کە بە درێژاییی ساڵەکانی ڕابردوو سەرجەم بەشەکانی عێراقی گرتبوویەوە. جێگەی داخ و خەفەتیشە ئەوان هیچ پەناگەیەکی دوور لە مەترسیی توندوتیژییان نەدۆزییەوە تەنانەت لەو کاتەی لەنێو ماڵەکانی خۆیشیاندا بوون، چونکە ئەو هەواڵ و زانیارییە گەیشتووە کە ٪٨٠




منداڵان دووچاری جۆرێك لە جۆرەکانی ڕەفتاری توندوتیژانە بوونەتەوە جا چ لە ماڵەوە بێت، یانیش لە خوێندنگە. دەبێ منداڵان لە گشت جۆرە توندوتیژییەك بپارێزرێن.

هەروەها پرسی وەدەستهێنانی پەروەردە و فێرکردنێکی باش سەرچاوەی نیگەرانییەکی قووڵی یونیسێفە. زیاتر لە سێ ملیۆن منداڵ هەن لە تەمەنی یاساییی چوونە خوێندن و قوتابخانەدان، بەڵام دەرفەتی خوێندنێکی ڕێکوپێك و بەردەوامیان بۆ نەڕەخساوە، لەبەرئەوە، ئەوان ڕووبەڕووی مەترسیی توندوتیژی و خراپ سوود لێ وەرگرتن و زوو ژنهێنان و زوو شووکردن بوونەتەوە. هەروەها چەند ناوچەیەکی ئەو وڵاتە کە بەهۆی ململانێیەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە لە مەسەلەی ئامادەکردنی مامۆستایاندا دووچاری کەموکورتی بوونەتەوە، لە هەمان کاتیشدا نیوەی خوێندنگە حکوومییەکان لەم وڵاتەدا پێویستیان بە شیاندنەوە و نۆژەنکردنەوە هەیە.

پەروەردە و فێرکردن ئەو دەروازەیەیە کە لە ڕووی کەسی و نیشتمانییەوە تاکەکان بەرەو پێشکەوتن دەبات. لەبەرئەوە، لەسەر حکوومەتی عێراقی پێویستە بۆ دابەزاندنی ئاستی بێکاریی نێو ڕیزی گەنجان بەشێوەیەکی کاریگەرتر وەبەرهێنان لە پەروەردە و فێرکردنێکی باش و چاکترکردنی دەرفەتەکانی وەدەستهێنان و فەراهەمکردنی پەروەردە و فێرکردن و مەشقی پیشەیی بکات. پێم خۆشە بڵێم ئێمە لە ساڵی ٢٠١٩دا ( لێرەدا تیشك بخرێتە سەر یەکێك لە کار و دەستکەوتە وەدیهێنراوەکانی تایبەت بەم بوارە)

ئەو ڕووداوانەی بەمدوواییانە لە وڵاتدا ڕوویان دا، دەریانخست گەنجان بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان بە گوڕ و تاون، هەروەها لە بەشداریکردن لە پێکهێنانی ئایندەی وڵاتدا مکوڕن، هەروەها دەشبێ بەبێ ترسان لە توندوتیژی بتوانن ئەمە بکەن.

**لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا دەبینین یونیسێف یەکێکە لەو لایەنانەی زۆر بە توندی هۆشداری لەهەنبەر قەیرانی ژینگە و کەشوهەوا و کاریگەرییەکانی بەسەر منداڵاندا دەدات، ئایا لە عێراقیشدا ئەم مەسەلەیە دەبێتە جێگەی گرنگی پێدانی ئێوە، لە کاتێکدا بەهۆی ئەو دۆخە خراپە ژینگەییەی ماوەیەکی هێندە زۆر نییە بەسرا بەخۆیەوەی بینیوە دۆخی لەناکاوی تایبەت بە ژینگە و کەشوهەوا ڕاگەیاندرا ؟**

لە ساڵەکانی دواییدا و لەو جڤاکانەی لەسەر کەناری هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتدا دەژین، وشکەساڵی درێژخایەن بووە هۆی کەمبوونەوەیەکی زۆری ئاو. ئەم شوێنەوار و کاریگەرییانەش لە باشووری عێراقدا ڕوونتر دەرکەوتوون. داتا و بەیاننامەکانی ئەمدواییە ڕوونیان کردووەتەوە تەنیا ١٠،٧ لە سەدا و ٢٧،٢ لە سەدای دانیشتووانی بەسرە خزمەتگوزارییەکانی ئاو و ئاوەڕۆی تەندروستییان پێگەیشتووە کە خواستی پێوەرەکانی ئەو بەڕێوەبردنە دروستە دەهێنێتە دی کەوا ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و ڕێکخراوی یونیسێف دیارییان کردووە.

ڕێکخراوی یونیسێف لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵیی عێراق و حکوومەتە خۆجێیەکان و بەرپرسانی پێوەندیدار کار دەکات بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە لەوەی ئایا زانیاری و توانای پێویستیان هەیە بۆ کاردانەوە لەهەنبەر قەیرانە ئایندەییەکانی ئاو، چونکە ئێمە دەمانەوێ منداڵان و خانەوادەکانیان بەهۆی ژینگە و کەشوهەواوە ئاوارە و دەربەدەر نەبن، بێگومان ئەمەیش بەهۆی کارکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری دوورمەودا و بەردەوامی جڤاکە خۆجێیەکانە، دەنا جێگرەوەکە بۆ عێراق و ڕۆڵەکانی وێرانکار دەبێت.

**"کارە سەرلیستەکانمان بەردەوامبوونە لە پشتگیریکردن و سەرخستنی مافەکانی منداڵ لە عێراق و دەستەبەرکردن و وەدیهێنانی مافەکانیان لە پەروەردە و فێربوونێکی نوێ و چاودێریی تەندروستی و ئاوی پاك و پاراستنیان لە توندوتیژی"**



# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانستەکان و ڕۆشنبیری

## زیندووکردنەوەی گیانی مووسڵ

# یونسکۆ لە کاردا

## توندکردن و پتەوکردنی ئەو هەیکەل و تەلارانەی ماونەتەوە

لە ئێستەدا بەرزکەرەوەیەك لەسەر منارەی حەدبادا هەیە کە گەیشتن بە بنکەکەی و خاوێنکردنەوەی و جێگرکردن و پاڵپشتیکردنی ئەو منارە مێژووییە ئاسانتر دەکات. ئەو منارەیە زیاتر لە ٨٤٠ ساڵە بنیادنراوە. هەروەها یەکەمین کۆمەڵە ڕاگری هێشتنەوە و پتەوکردنی چوار دەوری مزگەوتی نووری بنیادنراوە، هەروەها چەند شریتێکیش بۆ پتەوکردن و ڕاگرتنی پایەکان، لە چوار دەوری دینگەکانی گومەتی مزگەوتەکە دانراون، هەروەها چەند ڕاگر و ئەستووندەیەکی دارین دادەندرێن بۆ ئەوەی وەك سیستمی ڕاگرتن و پتەوکردن بن. ژینگەی چوار دەوری منارەی حەدباش بەتەواوی پاککراوەتەوە، ئەمەیش وایکردووە گەڕان و سووڕان لە چوار دەوری ئەو بنکەیەی ماوەتەوە ئاسان بێت و هەروەها کارئاسانی بۆ گەیشتن بە پەیژەی دەرەکیی بەرچاو دەکات کە تا سەرووی منارەکە چووە. کردەی پاککردنەوە هاوکات لەگەڵ گەڕاندنەوەی بەشە مێژووییە شیمانەکراوەکانی لەژێر سەرپەرشتیی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەڕێوەدەچێت.


لەو پسپۆڕانەی لەگەڵ یونسکۆ کار دەکەن چەند ئەندازیارێکی بیناسازی هەن کە پسپۆڕن لە پتەوکردن و جێگیرکردن و یەکخستن و چاودێریکردنی کەلتووری مێژوویی و شوێنەواری، ئەو پسپۆڕانە لە چەندان چالاکیی گرنگی بواری یەکخستن و لە چەند شوێنێکی گرنگدا کاریان کردووە بە تاوەری بیزا ( ئیتاڵیا) و پەرستگەی جۆبیتەر ( هەسارەی موشتەری) لە بەعلبەك ( لوبنان) و پەرستگەی کۆشکی کچ لە بەترا ( ئوردن).

مەنسوور مەرعیدی پارێزگاری نەینەوا لە تشرینی یەکەمدا دەستپێکردنی ڕەسمیی کارەکانی دووبارە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی نووری لە شاری مووسڵی کۆن لەژێر سەرپەرشتیی یونسکۆ و پارێزگەی نەینەوا ڕاگەیاند. نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی نووری و منارە ئەفسانییەکەی بەپاڵپشتیی دەوڵەتی ئیمارات یەکگرتووی عەرەبی بوو کە هاوبەشێکی سەرەکیی دەستپێشخەریی یونسکۆیە " بۆ زیندووکردنەوەی گیانی مووسڵ".

**یۆنسکۆ بەشە پتەو و بەنرخەکانی تەلارەکانی هەڵبژاردووە و لە داروپەردووەکان جیا دەکرێنەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی دووبارە ئاوەدانکردنەوەدا لەژێر سەرپەرشتیی پسپۆڕانی نێودەوڵەتی و قوتابیانی بەشی شوێنەواری زانکۆی مووسڵ بەکاربهێندرێنەوە**







## هەڵگرتنەوەی مین و داروپەردوو

هێشتا کردەی لادانی مینەکان بەردەوامە. هەموومان دەزانین ناوچەکە بەهۆی بۆمبی چێندراو و مادەی مەترسیدار و تەقەمەنییەوە زیانی گەورەی بەرکەوتووە. جا هاوکات و هاوتەریب لەگەڵ کاروبارەکانی تایبەت بە جێگیرکردن و ڕاگری، یۆنسکۆ بەشە پتەو و بەنرخەکانی تەلارەکانی هەڵبژاردووە و لە داروپەردووەکان جیا دەکرێنەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی دووبارە ئاوەدانکردنەوەدا لەژێر سەرپەرشتیی پسپۆڕانی نێودەوڵەتی و قوتابیانی بەشی شوێنەواری زانکۆی مووسڵ بەکاربهێندرێنەوە. ئەو ڕەگەزە تەلارییانە ( الهيكلي) لە عەنبارێکی دوور لە مەترسی دادەندرێن. هەروەها مەشقێکی تێروتەسەل بە خوێندکارانی بەشەکانی شوێنەوار و ئەندازیاریی تەلارسازی و ئەندازیاریی زانکۆی مووسڵ پێشکەش دەکرێ لەمیانی بەشداریکردنیان لە کاروبارەکانی نۆژەنکردنەوەدا.

هەروەها دووبارەش پێکهاتە بەرپایەکە (النێب) بەتەواوی دەگرێندرێتەوە و ڕێزێکی تەواویش لە سەلامەتییە مێژووییەکەی شوێنەکە دەگیرێ. جگە لە دووبارە شیاندنەوەی ڕوخسارە تەلارسازییەکانیش دەستپێشخەرییەکە مەشقی کاتی کارکردنی گەنجە پیشەییەکان و بەکارهێنانی کەسانی پیشەییش دەگرێتەوە وەك (وەستایەکانی دروستکردنی خانووبەرە و دارتاشەکان و پەیکەرتاشانی بەردین و کانزاگەرەکان و هتد) و مەشقپێکردنی کەسانی پیشەیی لە بەرانبەر پارەدا.

خاتوو ئۆدری ئەزولای بەڕێوەبەری گشتیی یونسکۆ و خاتوو نورای کچی مووحەممەد ئەلکەعبی وەزیری ڕۆشنبیری و گەشەپێدانی زانیاری لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە تشرینی یەکەمدا لەسەر دووبارە شیاندنەوە و نۆژەنکردنەوەی کەنیسەی پاکی سریانە کاسۆلیکییەکان و کەنیسەی کاتژمێری لاتینی لە مووسڵ ڕێککەوتن.

## زیندووکردنەوەی فیستیڤاڵی کتێب

بە پاڵپشتیی یونسکۆ و کۆربەندی پەرتووك و ڕێکخراوی گایلد دو ریدی ناحکوومی و چەند هاوبەشێکی دیکە، مووسڵ لە ٥ی تشرینی یەکەمدا میوانداری لە یەکەمین فیستیڤاڵی پەرتووك کرد. وەزارەتی ڕۆشنبیریش لە داشکاندنێکی گەورەدا زیاتر لە ٤٠٠٠ پەرتووکی جۆراوجۆری پێشکەش کرد. هەروەها بە هەماهەنگی لەگەڵ خانەی چاپی مشکیدا ١٠ نووسەر لە دەرەوە و ناوەوەی مووسڵ بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنی واژۆکردن لە ڕۆژی ڕووداوەکەدا بانگهێشتکران. هەروەها فیستڤاڵەکە پیشانگەیەکی وێنەکێشان و وێنەی فۆتۆگرافی کردەوە و فیلمێکیشی نمایش کرد و ئاهەنگێکی مۆزیکیشی بەڕێوەبرد.

زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە فیستڤاڵەکەدا ئامادەبوون کە زۆربەیان خانەوادەکانی شاری مووسڵی کۆن بوون. یەکێك لە ئامادەبووان گوتی:" من زۆر شادمانم، چونکە لە کاتی کۆتایی هاتنی جەنگەوە ئەمە یەکەمین جارە منداڵانمان لە هەوای ئازاددا بەشداری لە نمایشێکی سینەمایی و نمایشێکی مۆزیکی دەکەن". کەسێکی دیکەش ڕوونی کردەوە و گوتی:" ئێمە زۆر سوپاسگوزارین، چونکە ئەم ڕووداوە بۆ دووبارە بنیادنانەوەی شوێنەکانی فرۆشتنی پەرتووك هیوا و هێزمان پێدەبەخشێ".

کۆی ئەم شتانەی باسمانکردن تەنیا سەرەتای دەستپێکی پرۆژەیەکی مەزن بوون، بەڵام ئەو دەرئەنجامانە پابەندبوونمان بە وەدیهێنانی زیندووکردنەوەی ڕووحی مووسڵ پتەوتر دەکات.

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە پرۆژەی یونسکۆ، لەم لینکانەی خوارەوە بینەرمان بن:

https://en.unesco.org/fieldoffice/baghdad/revivemosul
https://en.unesco.org/fieldoffice/baghdad
#ReviveTheSpiritOfMosul



# فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین

## بە پێنووسی

### بەڕێوەبەری دێرینی بەرنامەی عێراق لە فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین

# بەڕێز پیر لۆدهامار

> هێشتاکە ملیۆنێك و چوارسەت هەزار هاووڵاتیی عێراقی چاوەنوارن بگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵ و شوێنی نیشتەجێبوونیان، ئەمەیش گەورەترین خولیا و هاندەری ئێمەیە، چونکە لە هەر هەوڵێکدا کە دەیەخەینە گەڕ، وێنە و ڕوخساریان لەبەرچاومان لاناچن، جا ئەگەر لە دابینکردنی سەرچاوەکان بێت، یانیش پێشکەشکردنی مەشق و ڕاهێنانی پێویست بێت بە حکوومەتی عێراقی، یانیش دەرکردنی چەند گرێبەست و بەخشێك بێت، یانیش کردەی هۆشیارکردنەوە بێت لەهەنبەر مەترسییەکانی نێو خێوەتگەی ئاوارەکان، یانیش دۆزینەوە و لادانی بۆمب و مینەکان بێت. چالاکییەکانی بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی تەقەمەنییەکان چەند لایەنێکی دیکەی کارای بواری مرۆیی و حکومەتی عێراقی توانادار کردووە بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوە و دامەزراندنەوەی ژێرخانی سەرەکیی وەك قوتابخانە و نەخۆشخانە و پردەکان و پارك و باغچە گشتییەکان. دوورخستنەوە و لادانی مەترسی لە ژینگەدا بە هەنگاوێکی سەرەکی دادەندرێ پێش ئەوەی کردەی دووبارە شیاندنەوە و ئاوەدانکردنەوە دەستپێبکرێ، نەك هەر هەنگاوێکی سەرەکییە، بەڵکو لەپێناو ڕێخۆشکردن بۆ گەڕانەوەیەکی بێ مەترسی و سەربەرزانە و خۆویستانەی ئاوارەکان یەکلاکەرەوەیە.

ئەو ململانێیە سەرانسەرییەی لە عێراقدا بۆ ڕزگارکردنی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێکخراو داعش هاتەپێشێ ، لەنێوان هەردوو ساڵی ٢٠١٤- ٢٠١٧دا بووە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لە پێنج ملیۆن و سێسەت کەس، ئەمەش بووە هۆی پیسبوونێکی گەورەی زەوی بە مەترسییەکانی بۆمب و مین و تەقەمەنیی دوای هێرشە سەربازییەکان و بۆمبی چێندراو کە داعش بە ئەنقەست لە دوای خۆیدا بەجێی هێشتبوون. لەو ڕێکەوتەشەوە، نزیکەی چوار ملیۆن و چوارسەت هەزار کەس گەڕانەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، حکوومەتی عێراقیش بە پاڵپشتی و یارمەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کارئاسانیی بۆ گەڕانەوەیەکی بێمەترسی و ڕێکخراو و سەربەرزانەی ئەو ئاوارانە کرد کە هێشتاکە لە ئاوارەییدا بوون و ژمارەیان دەگەیشتە ملیۆنێك و چوارسەت هەزار کەس.

گرفتی مەترسییەکانی بۆمب و تەقەمەنی و مینەکان زۆر ئاڵوز و بەربڵاوە و لە توانای سەرچاوە بەردەستەکان بەدەرە. حکوومەتی عێراقی و نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە کارایە نێودەوڵەتییەکانی دیکە، وەك کارێکی هەرە لەپێشینەی خۆیان پاککردنەوەی ئەو ناوچانەیان لە مەترسیی تەقەمەنییەکان ڕاگەیاندووە، بەو سیفەتەی "هەنگاوی یەکەمی" سەرەکیی پێش دەستپێکردنی هەر کارێکی دووبارە شیاندنەوە



و ئاوەدانکردنەوە و بنیادنانەوەی ژێرخان و خانووەکانی نیشتەجێبوونن. کاروبارەکانی دووبارە شیاندنەوە و ئاوەدانکردنەوە بە هەنگاوێکی زۆر گرنگی دووبارە گەڕاندنەوەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و گەڕانەوەی بێمەترسیی خەڵك دادەندرێ بۆ ئەو ناوچانەی زیانیان بەرکەوتووە.

فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین هەر لە ساڵی ٢٠١٥دا پاڵپشتیی لە هەوڵەکانی حکوومەتی عێراقی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو چالاکییە مرۆییانە دەکات کە لەپێناو بەقەرارکردنەوەی سەقامگیری و گەڕاندنەوەیەکی بێمەترسی و سیستماتیك و سەربەرزانەی ئاوارەکان خراونەتەوە گەڕ، تاکو بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانەی پێشتر ڕێکخراوی داعش داگیری کردبوون.

## بەڕێوەبردنی مەترسیی تەقەمەنییەکان:

### تواناداركردنی دەستپێشخەرییە مرۆییەکان و دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیری و گەشەپێدان

ڕێبازێکی ئاوێتە کە کۆمپانیا بازرگانییە نیشتمانییەکان و نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، لە پاڵپشتییەکی ڕاستەوخۆی پلانە مرۆییەکانی حکوومەتی عێراقی و نەتەوە یەکگرتووەکان و گەڕاندنەوەی ئاسایش و سەقامگیریدا، ڕێگە بۆ کردەکانی ڕووپێوی و پاککردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی ڕێکخراوی داعش خۆش دەکات. کاتێکیش لەمیانی پەیکەرەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە داواکارییەك دەبێت، فەرمانگەکە تیمەکانی هەڵسەنگاندن بڵاو دەکاتەوە و دواتریش تیمە پسپۆڕەکانی وەك: ڕووپێو و بەدواداچوونی مەترسیی گەورە و پاککردنەوەی ناوچەکانی جەنگ و ململانێ و ئامێرە میکانیکییەکان و بەڕێوەبردنی داروپەردووەکان بەدوایدا دەچن و کاری خۆیان دەکەن.

## پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی توانایەکان:

### حکوومەت توانای هەیە کردەی بەڕێوەبردن و هەماهەنگی و کاردانەوە لەهەنبەر بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی تەقەمەنی لە ناوچە ئازادکراوەکان لە ئەستۆ بگرێ

فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین پاڵپشتیی لە کاردانەوەیەکی دیکە دەکات کە بە سەرکردایەتی و جێبەجێکردنی نیشتمانی بەڕێوە دەچێت. جا بەپێی پشتبەستن بە توانا بەردەستەکان، جەخت و بیرکۆیی فەرمانگەکە لەسەر پێشکەشکردنی مەشق و ڕاوێژی هونەری بە حکوومەتی عێراق چڕبووەتەوە بە گشت ئاستە جیاوازەکانی دەستگەکانییەوە: دەستهەڵاتی تایبەتمەند بە ڕێکارەکانی وابەستە بە مین، لەوانە بەڕێوبەرایەتیی کاروباری مینی سەر بە وەزارەتی تەندروستی و ژینگە و بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانی لە وەزارەتی ناوخۆ و مەڵبەندەکانی هەماهەنگیی کردە حکوومییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی بەڕێوەبەرایەتی و هەماهەنگیی کاردانەوەکانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی مین و تەقەمەنی. " پلانی ستراتیژی و جێبەجێکاری نیشتمانی بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین لە ٢٠١٧-٢٠٢١ لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ بە پاڵپشتیی فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین کەوتە باری جێبەجێکردنەوە.

## هۆشیارکردنەوە لەهەنبەر مەترسییەکان:

### ئاوارەکان بە متمانەوە دەچنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان

بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە پاراستن و دەسەڵاتەکانی نیشتمانی، کار بۆ هۆشیارکردنەوەی دانیشتووانی زیانلێکەوتوو و چالاکانی بواری مرۆیی دەکات لەهەنبەر مەترسییەکان، هەوڵ و کۆششەکان لەسەر ئەو دانیشتووانانە چڕ دەکرێنەوە کە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دەژیەن، یانیش گەڕاونەتەوە بۆ ئەو ناوچانە، ئەو ناوچانەش بە پیسبوون ناسراون، یانیش گومان دەکرێ بە بۆمبی چێندراو و مەترسیی تەقەمەنییەکان پیسبووبن. فەرمانگەی مەشق بە ئامانجی پتەوکردن و پاڵپشتیی هەماهەنگیکردن و بەڕێوەبردنی هۆشیاریی هەنبەر مەترسییەکانی نێو عێراق، لە بواری بەڕێوەبردنی ئەو مەترسییانەوە مەشقی بۆ دەستهەڵاتە نیشتمانییەکان فەراهەم کردووە.



## کارە جێبەجێکراوەکانی فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین لە ساڵی 2019

- فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بۆ کاروباری مین لە عێراقدا، (١٣٥٣) ڕووپێوی لەبابەت تەقینەوەکان ڕاپەڕاندووە کە هەریەکە لە پارێزگەکانی ئەنبار و سەلاحەددیین و نەینەوای گرتووەتەوە، ئەمەیش لە چوارچێوەی پاڵپشتیکردنی یارمەتییە سەرلیستانەکانی نێو بوارە مرۆییەکاندا بووە، واتا ئەوەی پێوەندیی بە دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیرییەوە هەیە، فەرمانگەکە ئەم کارانەی جێبەجێ کردووە:
- لادانی ٨٦٢ مەترسیی تایبەت بە تەقینەوەکان لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، بە ٤٢٣ بۆمبی چێندراو و ١٣٥ باری سەرەکی تەقینەوەی بۆمبی چێندراو و ٤٠ پشتێنی بۆمبرێژکراو.
- ١٣٦ کردەی لادانی تەقەمەنییەکانی جێبەجێ کردووە، ئەمەیش ڕێگەی بۆ بەرنامەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) و حکوومەتی عێراقی خۆشکردووە لە کردەکانی شیاندنەوەی ژێرخانی زیندووی وەك نەخۆشخانە و خوێندنگە و پردەکان و هتد هەنگاو بنێن، هەروەها ئەم کارانە زەمینەی بۆ لایەنە کارایەکانی بواری مرۆیی سازکردووە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو یارمەتییانە پێشکەش بکات کە گیانی مرۆڤ ڕزگار دەکەن.
- پێنج کردەی هەڵسەنگاندنی هاوبەشی جێبەجێ کردووە و ڕێکی خستووە، ئەمەیش زەمینەی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشانی بواری مرۆیی خۆشکردووە بۆ ئەوەی لەو کاتەی چوونە نێو ناوچە ئازادکراوەکان بووە شتێکی کردەیی، یارمەتییە مرۆییەکانیان پێشکەش بکەن.
- مەشقی بە( ٤٢٦) ئەفسەری پۆلیس کردووە، بە( ٨٥ ) ژنیشەوە، بۆ " کاردانەوەی خێرا" ئەمەیش لەپێناو دەستنیشانکردنی مەترسیی تەقەمەنییەکان و دانانی نیشانەکان لەسەریان و ئاگادارکردنەوە لە هەبوونیان بووە، هەروەها مەشقی بە (٤٥٦) کارمەندی تایبەت بە کاروباری ئەمنیی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە کە (١٥٤) ژنیان تیادا بووە، بۆ " نزیکخستنەوەکانی ئاسایش و سەلامەتی لە ژینگە مەیدانییەکان – SSAFE " و مەشقکردن بە ٥٥١ خوێندکار کە ١٧٨ کەسیان کچ بوون، مەشقەکەش لە پێناو هۆشیارکردنەوە لەهەنبەر بۆمبە چێندراوەکان بوو.
- هەروەها بەپێی بەرنامەی کار لە بەرانبەر دراو، مەشقی بە ٦٨٣٣ کارگەر کردووە، هەروەها مەشقی بە ١٢١٤ کارمەندی حکوومی کردووە. هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی مەترسیی تەقەمەنییەکان و ڕەفتارکردنێکی دوور لە مەترسی لە کاتی هەبوونی ئەو مەترسییانە لە قۆناغی کارکردن لەو ناوچانەی ئاستی مەترسییەکانیان زۆر بەرزە - وەك شاری مووسڵ- مەشقی بە ٧٠١ کارمەندی/ ئیشکەر لە بواری مرۆیی نێو ڕێکخراوە ناحکوومییەکان کردووە.
- هەروەها بۆ ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوە لە هەنبەر مەترسییەکان و زانیاری پەیداکردن لەسەری، مەشقێکی بەڕێوە بردووە، ئەم مەشقەش ٤٤٦٢٤٧ کەسی نێو قوتابخانەکان و کەمپی ئاوارەکان و چەندان بواری دیکەی زۆر پێویستی گرتەوە.



# سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان

## پابەندبوون لەهەنبەر ژنان و کچان لە سەرانسەری عێراقدا

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان ئاژانسێکی نەتەوە یەکگرتووەکانە و گرنگی بە تەندروستیی زایەند و وەچەخستنەوە دەدات . ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکانی بریتین لە کارکردن لەپێناو هێنانەکایەی جیهانێك کە تیایدا دووگیانی ببێتە شتێکی پەسند و گشت منداڵبوونێکیش بێمەترسی بێت، گشت کوڕ و کچێکی گەنجیش توانا و ئامرازەکانیان لەبەردەست بێت.

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لە ساڵی ٢٠٠٨دا بەرنامەی تایبەت بە عێراقی داناوە، یەکەم نووسینگەشی لەو وڵاتەدا لە ساڵی ٢٠١١دا کردووەتەوە.

لەو کاتیەوەش سندووقەکە لە سەرانسەری وڵاتدا لەپێناو چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکانی زایەندی و وەچەخستنەوە و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز و تواناداركردنی ژن و هاندانی بەرنامەکانی پەیوەست بە گەنجان و ڕەخساندن و دەستەبەرکردنی داتایەکانی دانیشتووان بۆ گەشەپێدان کاڕ دەکات.

هەروەها لەمیانی هەماهەنگییەکی پتەوو توندوتۆڵ لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگای مەدەنی و هاوکاریکردن لەگەڵ ئاژانسەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان هەوڵی وەدیهێنانی سەرلیست و ستراتیژە گەشەپێدەرەکانی وڵاتەکە دەدات.

کاتێکیش لە ساڵی ٢٠١٤ دا قەیرانەکە سەری هەڵدا، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان دەستی بە جێبەجێکردنی پڕۆژە مرۆییەکانی دۆخی لە ناکاوی کرد، ئەمەیش بۆ کاردانەوە بوو لەهەنبەر وەدیهێنانی پێداویستییە بەپەلەکانی تایبەت بە تەندروستیی بواری دووگیانی و وەچەخستنەوە و توندوتیژیی ڕەگەزی بۆ ئەو ژن و کچانەی بەهۆی ململانێیەکەوە زیانیان بەرکەوتبوو.

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لە ساڵی ٢٠٢٠ سێیەمین بەرنامەی هەرێمییانەی بۆ ساڵەکانی ( ٢٠٢٠-٢٠٢٤ ) دەستپێکرد کە لە دەوری سێ دەرئەنجامە وەرچەرخێنەرەکانی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان دەخولێتەوە و بریتین لە:

ڕێگەگرتن لەو جۆرە مردنەی دایکان کە دەکرێ پێشی لێ بگیرێ، وەدیهێنانی ئەو پێداویستییە وەدینەهێنراوانەی کە تایبەتن بە هۆکارەکانی ڕێکخستنی خێزان، کۆتایی هێنانی توندوتیژیی ڕەگەزی و کردە زیانبەخشەکان:

١. تەندروستیی زایەندی و وەچەخستنەوە: گشت ژن و کچ و کوڕێکی نەوجەوان و لاو، بەتایبەتیش دواکەوتووەکان توانیان هەنگاوێکی دوور ببڕن، سوودیان لە خزمەتگوزارییە تەواو و بێ کەموکورتییەکانی تەندروستیی زایەندی و وەچەخستنەوە وەرگرت، هەروەها دوور لە زۆرەملێ و توندوتیژی مومارەسەی مافەکانی وەچەخستنەوەیان کردووە.

٢. نەوجەوانان و لاوان: گشت کوڕ و کچێکی نەوجەوان و لاو، توانادار کران، بەتایبەتیش کچانی نەوجەوان بۆ ئەوەی بتوانن مافەکانی تەندروستیی زایەندی و وەچەخستنەوە و مافەکانی وەچەخستنەوەیان لە گشت ڕەوتێکدا دەستکەوێ.

٣. یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز و تواناداركردنی ژن: لە ڕەوتە گەشەپێدەرەکان و مرۆییەکاندا، پاڵپشتیی لە یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز و تواناداركردنی گشت کچان و ژنان و مافەکانی وەچەخستنەوەی کچان کرا.

٤. داینامیکیەکانی دانیشتووان: گشت کەسێك لە گشت شوێنێك ژمێردران و هەوڵدانیش بۆ وەدیهێنانی گەشەپێدانێکی بەردەوام ڕەچاو کرا.





## دیاریکردنی سەرلیستەکانی تەندروستیی وەچەخستنەوە بۆ خانەوادەکان

لە چەند ساڵێکی کەمی ڕابردوودا، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان و وەزارەتی تەندروستی بۆ بەڕێوەبردنی کلینیکییانەی دەستدرێژیی سێکسی، پرۆتۆکۆلێکیان دانا. دوای کردەیەکی دوورودرێژی کۆکردنەوەی پاڵپشتی و لایەنگری، حکوومەتی عێراقی بڕیاری لەسەر ئەو پرۆتۆکۆلە دا کە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی بنەمایە ئاراستەکارەکانی بەڕێوەبردنی کلینیکییانەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ ئەوەی بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە. تاقیکردنەوەی خزمەتگوزارییەکەش لە دوو پاشکۆی تەندروستیدا بەڕێوە دەبرێ کە لە لایەن سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لە بەغدا و کەرکووکدا پاڵپشتی دەکرێن، دواتریش ئەم کارە فراوانتر دەکرێت و لە ماوەیەکی دیکەدا (دە) پارێزگەی دیکەش دەگرێتەوە.

جگە لەمانەیش، بەپێی ڕاپۆرتەکانی حکوومەت، ساڵانە لە عێراقدا زیاتر لە ملیۆنێك منداڵ لەدایك دەبن. جا لەمیانی کارکردن لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیدا، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، بۆ ڕێکخستنی خێزان پلانێکی نیشتمانییانەی ستراتیژی داناوە. هەروەها ستراتیژی پێشووی ڕێکخستنی خێزان ئاوێتەی "ستراتیژیی نیشتمانی بۆ تەندروستیی وەچەخستنەوە و تەندروستیی دایك و منداڵی تازە لەدایکبوو و منداڵ و نەوجەوانان" کرا. ئەم ستراتیژە لە نەخۆشخانە گشتی و تایبەتەکانی سەرانسەری وڵات لە تەك بنیادنانی توانای پێشکەشکارانی ئەم خزمەتگوزارییەدا دەبێتە هۆی کاراکردنی خزمەتگوزارییەکانی ڕێکخستنی خێزان. پێشبینیش دەکرێ لە چاریەکی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠ لەلایەن وەزارەتی تەندروستی بڕیار لەسەر ستراتیژی ڕێکخستنی خێزان بدرێ.

## پاڵپشتیکردنی لاوان

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لە ساڵی ٢٠١٩دا بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی یۆنیسێف پاڵپشتیی تەکنیکی پێشکەشی ئۆرگانی مەڵبەندی بۆ ئامار لە عێراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کرد بۆ بەڕێوەبردنی "ڕووپێوی نیشتمانی بۆ کچان و گەنجان لە عێراقدا" ، ئەم ڕووپێوە توانا بە هەردوو حکوومەت دەبەخشێ چوارچێوەیەکی بەهێزی سیاسەت و بەرنامە بەڵگەدارەکان دابنێت و چەند بڕیارێك بدەن کە پشت بە زانیارییەکانی تایبەت بە پرسەکانی وابەستە بەگەنجان ببەستێ. پێشبینی دەکرێ دەرئەنجامی ڕووپێوەکە لە چواریەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاو بکرێتەوە. جگە لەمانەیش، گرنگیدانی چالاکییەکانی ئەم ساڵە لەسەر گەنجان و بنیادنانی ئاشتیدا چڕ دەکرێتەوە. لەم ڕەوتەدا، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان بەهاوکاری لەگەڵ هاوبەشە تەکنیکییەکەی "ئەکادیمیای فۆلك برنادۆت" سەبارەت بە بڕیاری ژمارەی ٢٢٥٠ی تایبەت بە گەنجان و ئاسایش و ئاشتی، چەند ڕاوێژێکی بۆ لایەنە چالاکەکانی ئاستی نیشتمانی ڕێکخستووە. لە گفتوگۆیەکاندا بۆکێشانی هێڵە هەستپێکراوەکانی جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە ٢٢٥٠ لە عێراقدا هاوپەیمانیەتی ڕێکخراوەکانی گەنجان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دروستبوو. جگە لەمانەیش، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان و ئەکادیمیای فۆلك برنادۆت و باڵیۆزخانەی سوید خولێکی مەشقییان ڕێکخست کە پێنج ڕۆژی خایاند و زیاتر لە ٢٥ گەنجی کچ و کوڕی لەخۆگرت، خولەکەش سەبارەت بە ڕۆڵی کردەکانی دایەلۆگی هەمەگیر بوو لە بنیادنانی ئاشتیدا. دانیشتەکان جەختیان لەسەر پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی زانیاری و توانا کردارییەکانی گەنجان دەکردەوە لە بوارەکانی بنیادنانی ئاشتی و پێوەندییەکی بەردەوامی هۆشیارانە و گشتاندنی چەمکی جۆری کۆمەڵایەتی لە بنیادنانی ئاشتی و شیکردنەوەی ململانێ و گفتوگۆی هەمەگیر و چۆنییەتیی دیزاینکردن و ئاسانکاری بۆ دانیشتنەکانی گفتۆگۆیی نێو جڤاکە خۆجێیەکانیان.

## لەنێوبردنی توندوتیژیی ڕەگەزی و کردە زیانبەخشەکان

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لە ساڵی ٢٠١٩ لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا پلانی پێوەندیی بەردەوامیان لەپێناو کاریگەریی ڕەفتاری بۆ نەهێشتنی خەتەنەی مێینە دەستپێکرد. لە ساڵی ڕابردوودا نزیکەی ١٥،٠٠٠ کچ تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا خەتەنە کراون. لەمیانی ئەم پلانە ناوبراوەدا سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان و تیمەکانی سەر بە وەزارەتەکانی کاروباری ئایینی و ناوخۆ و داد و تەندروستی و پەروەردە و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، دەگاتە ژمارەی سەرەتایی دایکان کە ژمارەیان ٧،٥٠٠ خانمە لە ماوەی دوانزە مانگی داهاتوودا، هەوڵ و چالاکییەکانیش لەپێناو ڕێکخستنی چەند هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەیە بۆ ڕزگارکردنی کچانی بچووك و ڕزگارکردنیان لەو کردە زیانبەخشانەی لە ئێستەدا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەڕێوە دەچن و تیایدا تێکڕا و ڕێژەکانی خەتەنەکردن بەرزتر دەبنەوە.

جا بەو پێیەی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان ئاژانسێکی ڕێبەرە لە قەدەغەکردنی توندوتیژیی ڕەگەزی و بەرپەرچدانەوە لەمیانی پاڵپشتیکردنی هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێم بە شارەزایی و پاڵپشتیی تەکنیکی، کردەی هەڵسەنگاندنی هەمەگیری بۆ پێداویستیی ئەو کەسانە بەڕێوەبرد کە لە دەست توندوتیژیی ڕەگەزی دەربازبوون و دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیەشی بڵاو کردووەتەوە. کردەی هەڵسەنگاندنەکە ئامانجی دیاریکردنی ئەو بۆشاییانەیە کە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پاڵپشتیکردنی کاردانەوەیەکی ڕێکخراوی فرە کەرت پەیدابوون.

دەرئەنجامەکانی ڕووپێوەکە دەریخست کە زیاتر لە ٣٠٪ ی کەسانی ئاوارە پێویستیان بە خزمەتگوزاریی تەندروستی و دەروونی هەیە. لەبەرئەوە، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لە چوارچێوەی بەرنامەیەکدا زنجیرەیەك خولی مەشقی بەڕێوەبرد کە ماوەکەی دە هەفتە بوو، ئەم زنجیرە خولەش بۆ پتەوکردنی توانای ٢٠٠ کەس بوو کە لە بواری



پزیشکەشکاری پسپۆڕ و نا پسپۆڕی خزمەتگوزارییەکانی بواری دەروونی دەروونی تەندروستی و پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی دەروونی لە گشت ناوچەکانی عێراقدا چالاکن. مەشقەکە هەردوو لایەنی تیۆری و کرداری و چەند چالاکییەکی بەکۆمەڵی تیادا بوو بۆ دڵنیابوونەوە لە توانای پزیشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکە بوو بۆ ئەوەی بتوانن لە پتەوکردنی میکانیزمە ئەرێنییەکانی گونجاندا یارمەتیی کەسانی ڕزگاربوو بدەن ، هەروەها ئاستی مەترسیی حەزی خۆئازاردان یان خۆ کوشتن دابەزێنن.

جگە لەمانەش، گفتوگۆیەکان لەگەڵ حکوومەت دەریانخست کە چەند لایەنێك لە هێزە چەکدارەکان و هێزە سەربازییەکان لە چوارچێوەی خولە مەشقییە فەرمییەکانیاندا تەنیا مەشقێکی زۆر کەمیان سەبارەت بە پرسەکانی جۆری کۆمەڵایەتی وەرگرتووە. لەبەرئەوە، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لەسەر ئاستی فیدراڵی هاوکاریی وەزارەتی ناوخۆی کردن هەروەها لەسەر ئاستی هەرێمیشدا هاوکاریی پێشکەشی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کرد، لەپێناو بنیادنانی توانای ئەفسەرانی پۆلیس وفەرمانبەرانی وەزارەتی ناوخۆ، واتا ئەوانەی لەگەڵ ئەو کەسانە ڕەفتار دەکەن کە لەدەست توندوتیژیی ڕەگەزی دەربازبوون، ئەم هەوڵەش بۆ هۆشیارکردنەوەی بەرپرسە سەربازییەکانی وەك پێشمەرگەکان و دەستەبەرکردنی کردەی پێشکەشکردنی کاردانەوە بوو کە جەخت لەسەر ڕزگاربووەکان و خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە ڕزگاربووانی نێو دۆخی ڕەگەزی دەکاتەوە، واتا ئەوانەی لە لای یەکەی پاراستنی خانەوادەدا بەدوای پاڵپشتیدا دەگەڕێن.

**سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرانسەری وڵاتدا لەپێناو چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکانی زایەندی و وەچەخستنەوە و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز و تواناداركردنی ژن و هاندانی بەرنامەکانی پەیوەست بە گەنجان و ڕەخساندن و دەستەبەرکردنی داتایەکانی دانیشتووان بۆ گەشەپێدان کار دەکات**



## کاردانەوە لەهەنبەر دۆخە لەناکاوەکاندا

کردە سەربازییەکانی باکووری خۆرهەڵاتی سووریا لە ٩ی تشرینی یەکەمدا بووە هۆی هاتنی شەپۆلێکی گەورەی پەنابەران کە تا ڕێکەوتی ٢٦ کانووی یەکەم ژمارەیان گەیشتە ٣٥،٢١١ پەناخوازی سووری و بەرەو پارێزگەی دهۆکی سەر بە هەرێمی کوردستانی عێراق هاتن. وەك کاردانەوەیەکی مرۆیی پەناخوازان گواسترانەوە هەردوو خێوەتگەی بەردەڕەش و کویلانی سەر بە پارێزگەی دهۆك.

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لەگەڵ گەیشتن بە ڕێکەوتی ٩ی کانوونی یەکەم، پاکێجی پێداویستییە تەندروستییەکانی ژنانەی پێشکەشی ٣،٣٦٧ ژن و کچ کرد، هەروەها پاڵپشتیی دەروونیشی پێشکەشی زیاتر لە ٩٨.٦ هەزاری دیکە کرد ، فریاکەوتنی سەرەتاییشی لە بواری دەروونی دەروونی تەندروستی پێشکەشی ١،٩٨٣ کەس کرد.

جگە لەمانەیش، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، تیمێکی گەڕۆکی تایبەت بە تەندروستیی منداڵبوون و دوو ئوتومبێلی فریاکەوتنیشی بۆ گواستنەوەی دۆخە حەواڵەکراوەکان لەلای خاڵی سنووریی سحێلا دابین کردبوو. هەروەها نۆڕینگەیەکی تەندروستیی منداڵبوون و مەڵبەندێکی ئافرەتانەشی لە خێوەتگەی بەردەڕەشدا کردەوە. هەروەها پاشکۆ و سێکتەرەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە کەمپی کویلاندا فراوان کران. هەروەها زیاتر لە ١٠٠ ژن لە پاشکۆ و بنکەکانی تەندروستیی منداڵبوون و وەچەخستنەوەدا چاودێریی تەندروستیی تایبەت بە منداڵبوونیان پێشکەش کرا کە ئەویش لەلایەن سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان پشتگیریی لێ دەکرێ.

هەروەها ئەو تیمە گەڕۆکانەی سندووقەکە پاڵپشتییان دەکات بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە چوونەتە خێوەتگەکان و زانیاریی پێویستیان پێشکەش بە پەناران و ئاوارەکان کردووە، بابەتی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەش بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی تایبەت بە توندوتیژیی ڕەگەزی و ناساندنی خانەوادەکان بوو بەو خزمەتگوزارییانەی پێوەندییان بە توندوتیژیی ڕەگەزی و تەندروستیی وەچەخستنەوە هەیە.

## ڕێخۆشکردن بۆ دانانی چەند سیاسەتێك کە جەخت لەسەر خەڵك بکاتەوە

حکوومەتی عێراقی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨دا وردەکارییەکانی بەڵگەنامەی تەواوی پرۆژەی سەرژمێرکردنی دانیشتووانی ڕوونکردەوە: بەڵگەنامەکە ئەو چوارچێوەیە دەستەبەر دەکات کەوا هەژمارکردنی دانیشتووان بەتەواوی لە عێراقدا پشتی پێدەبەستێ. عادل عەبدولمەهدی لە ساڵی ٢٠١٩دا بە سیفەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سەرژمێری دانیشتووان ڕێگەی بە





سەرژمێرکردنی گشتیی دانیشتووان و خانووەکان دا -بۆ ساڵی ٢٠٢٠- . لەو کاتییەوە ئامادەکاری بۆ بەڕێوەبردنی هەژمارکردنی دانیشتووان دەستیپێکرد؛ بە گرێدانی چەند کۆبوونەوەیەکی ڕێکوپێکی دەستەی باڵای سەرژمێرکردنی گشتیی بۆ دانیشتووان و ماڵەکان بە سەرۆکایەتیی وەزیری پلاندانان دکتۆر نووری سەباح ئەلدلێمی.

عادل عەبدولمەهدیی لە تەمموزی ساڵی ٢٠١٩دا سەرژمێریی دانیشتووانی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ ڕاگەیاند. لەبەر ئەم هۆیە ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر (تەرخانکردن)ی ٣٧ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ ڕاگەیاند. جگە لەمانە و دوای چەند توێژینەوە و چەندان سەردان و گەشتی جۆراوجۆر و ئاڵوێرکردنی شارەزاییەکان لەگەڵ دەستە و دامەزراوەکانی ئامار لە ئوردن و میسر و لەسەر بنەمای ئەو وانە و پەندانەی وەرگیراون، ئەنجوومەنی باڵای دانیشتووان بۆ سەرژمێرکردنی دانیشتووان لە ساڵی ٢٠٢٠ لە بری ئەو ژماردنەی کە پشت بە بەکارهێنانی کاغەز دەبەستێ، ڕەزامەندیی لەسەر ڕێگەی هەژمارکردنی ئەلیکترۆنی دەربڕی.

جا بە پاڵپشتیی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، نەخشە ڕێگەیەك دانراو پشتی پێ بەسترا بەو پێیەی نەخشە ڕێگەی جێبەجێکردنی هەژمارکردنی دانیشتووانە لە تەك کاری بەڕێوەچووی هەنووکەیی تایبەت بە ڕەشنووسی دەرخستە و ئیستبیان کردەی سەرژمێرکردنی دانیشتووان و ڕەشنووسی نیشتمانی بۆ پاڵپشتیکردن و لایەنگری سەرژمێریی دانیشتووان. هەروەها کۆتایی بە دانانی پلانێکی تیرۆوتەسەلی کاری تایبەت بە قۆناغەکانی سەرژمێرکردن هات، هەروەها بۆ پاڵپشتیکردنی کردەکە دەستنیشانی ژمارەی پێویستی کەسەکان کرا. تیمی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان و پێوەندییەکانیش بەرنامەیەکی تێروتەسەلیان دارشت کە دەتوانێ بۆ جێبەجێکردنی هەژماری ئەلیکترۆنی وابکات عێراق پشت بە توانا نیشتمانییەکانی ببەستێ.

سندووقی نەتەوە یەکگرتووکان بۆ دانیشتووان بەدرێژاییی ساڵ لەپێناو وەدەستهێنانی پشتگیری و ڕەزامەندیی بەرزترین دەسەڵاتەکانی حکوومەتی عێراقی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەوڵی خۆی خستەگەڕ، ئەم هەوڵانەش بۆ دەستەبەرکردنی کەشێکی گونجاو و بەردەوامی سیاسیی تایبەت بە بەڕێوەبردنی سەرژمێری بوو کە لەمیانی چەند گفتوگۆیەك جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە نابێ سیاسەت بئاخنرێتە نێو هەژمارکردنی دانیشتووان، جەختیشی لەسەر ئەو سوودە گەشەپێدەرانە دەکردەوە کە دانیشتووان دەیانبینن.

## ژمارەیەك چالاکیی ساڵی ٢٠١٩

- ژمارەی ئەو کەسانەی چالاکی و پرۆژەکانی هۆشیارکردنەوەی تایبەت بە توندوتیژیی ڕەگەزی سوودی پێیان گەیاند: ٢٠٥٦٦٦ کەس بوون
- ژمارەی ئەو کچ و ژنانەی دووچاری توندوتیژی بوونەوە و ئەوانەش کە توانیبوویان پاکێجی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان وەدەستبێنن، ٢٦٧٨٥٠ کەس بوون
- ژمارەی ئەوکچ وژنانەی خزمەتگوزارییەکانی خۆپارێزی و/ پاراستن و چاودێریی تایبەت بە شووکردنی منداڵانیان پێگەیشت، لەگەڵ ئەو خزمەتگوزاریيانەی تایبەتن بەو کەسانەی زوو دەچنە نێو ژیانی هاوژینییەوە و هەروەها هاوژینیی زۆرەملێیانە : ٩٦٢٦ کەس بوون
- ژمارەی ئەو ژن و کچانەی خزمەتگوزارییەکانی خۆپارێزی و/ پاراستن و چاودێریکردنی تایبەت بە کردەی شێو اندنی ئەندامی زاوزێی مێینەیان پێگەیشت: ٥٣٠ کەس بوون.
- ژمارەی ئەوکەسانەی پاڵپشتیی دەروونیان بۆ دەستەبەرکرا: ٨٧٦٧٢ کەس بوون.
- ژمارەی ئەوژنانەی دەستوەردانەکانی تایبەت بە هۆشیارترکردن و بانگەوازی تایبەت بە تەندروستیی وەچەخستنەوەیان پێگەیشت: ١١٤٣٣٤ کەس بوون.
- ژمارەی ئەوکەسانەی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی وەچەخستنەوەیان پێگەیشت ٤٣٦٤٥٩ کەس بوون.
- ژمارەی ڕاوێژە پزیشکییەکان لە بواری پزیشکایەتیی تایبەت بە ژنان و منداڵبوون و ڕێکخستنی خێزان بۆ ٣٢٦٣٤٠ڕەخسێندران .
- ژمارەی منداڵبوونەکان ٤٣٨٢٣ بوو.
- ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەر مەسەلەکانی تایبەت بە تەندروستیی وەچەخستنەوە مەشقیان پێ کرا: ١٠٧٩٨ کەس بوون.
- ژمارە ئەوگەنجانەی چالاکییەکانی زیاترکردنی هۆشیارییان بۆبەڕێوەبرا: ٢١٦٣٦ کەس بوون.
- ژمارەی ئەو کچانەی پاکێجی پێداویستییەکانی کچانی نەوجەوانیان وەرگرت: ١٩٢٣٥ نەوجەوان بوون.
- ژمارەی ئەو گەنجانەی لە بەرنامەی بنیادنانی ئاشتی و قەدەغەکردنی توندڕۆیی توند بەشدارییان کرد: ٨٣١٥ کەس بوون.
- ژمارەی ئەو گەنجانەی چالاکییەکانی ڕۆشنبیرکردنی هاوڕێ و کەسە نزیکەکانیان پێگەیشت: ٥١٣٦ کەس بوون.




# نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پڕۆژەکان

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پڕۆژەکان لە ساڵی ٢٠١٩ دا بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی و پاڵپشتی بە حکوومەتی عێراقی و هاوبەشەکانی دیکەی نێو بوارەکانی کاردانەوەی مرۆیی و ژێرخان و کڕینەکان و بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان، ژمارەیەك پڕۆژەی جێبەجێکردووە. پڕۆژەکانی نووسینگەکە پاڵپشتیی لە یارمەتیدانی ئاوارەکان و گەڕاندنەوەی سەقامگیریی ناوچە ئازادکراوەکان کردووە و توانای هاوشان و هاوپیشەکانی نێو ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ جێبەجێکردنی دەستپێشخەرییەکانیان لە عێراق تەواو کردووە.

> لە بەغداوە تا هەولێر تیمەکانمان دەست لەناودەست لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و بەخشەران و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدان لە کردەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی باشتر بۆ گەلی عێراقی ئامادەییان هەیە. نووسینگەکە لە ساڵی 2020دا پابەند دەبێت بە پاڵپشتیکردنی ئەو هەوڵانەی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و دوور مەودا و چارەسەرکردنی هەندێك لە ئالنگارییە زۆر پێداگر و زەقەکان لە عێراق خراونەتە گەڕ
>
> **بەڕێز عوسمان ئەکرەم**
>
> بەڕێوەبەری مەڵبەندی کردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پڕۆژەکان لە عەمان، ئوردن

## چەند هەواڵێکی گرنگی ساڵی ٢٠١٩

- نووسینگەکە لەمیانی مەڵبەندی زانیاریی ئاوارە عێراقییەکان و بە دەستەبەرکردنی زانیاریی گرنگی تایبەت بە وەدەستهێنانی یارمەتییە مرۆییەکان، زیاتر لە ٩٣،٠٠٠ هەزار کەسی ئاوارە و ئاوارە گەڕاوەکان و پەناخوازەکان و تاکەکانی جڤاکە لە خۆگرەکانی بەیەکەوە لکاندووە. مەڵبەندەکە لە کۆتاییی مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠١٩دا بە وەرگرتن و پێشوازیکردن لە ٣،٢٩٠ پێوەندیی تەلەفۆنی -لە ماوەی تەنیا یەك هەفتەدا - ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکرد.
- نووسینگەکە لە میانی پڕۆژەی " چاکترکردنی هەلومەرجەکانی بژێوی لە ناوچە ئازادکراوەکان لەمیانی وزەی نوێبۆوە و خۆ ڕزگارکردنی لە پاشماوە کتوپڕەکان"، چارەسەرەکانی وزەی نوێبۆوەی بەخشیوەتە ژمارەیەك نەخۆشخانە و نۆڕینگەی تەندروستیی نێو ناوچە تازە ئازادکراوەکان، بەتایبەت لە پارێزگەی ئەنبار و نەینەوا و دیالی. جگە لەمانەیش، نووسینگەکە لەمیانی دابینکردنی ئۆتومبێلەکانی کۆکردنەوەی خاشاك و زبڵی ڕەق، توانای دەسەڵاتە خۆجێیەکانی نێو پارێزگە ناوبراوەکانی پێشخستووە، هەروەها سەبارەت بە سیستمە نوێیەکانی خۆ ڕزگارکردن لە زبڵ و پاشماوەکان بۆ دەستهەڵاتە خۆجێییەکانیش زنجیرەیەك کۆبوونەوە و دانیشتنی مەشقییانەی ڕێکخستووەوە.
- نووسینگەکە بۆ پاڵپشتیکردنی فەرمانگەی کاروباری مین لە ئاداری ساڵی ٢٠١٩دا پڕۆژەی " پێشخستنی توانا کردەییەکانی دەستهەڵاتەکانی لادانی مینەکان لە عێراق"ی جێبەجێ کردووە. لەمیانی ئەو بەرنامەیەشەوە و بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی هاوکاریی نێودەوڵەتی و فەرمانگی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە مین، توانا کردەییەکانی فەرمانگەی کاروباری مین و وەزارەتی ناوخۆ و فەرمانگەی کاروباری مینی لە کوردستاندا لەمیانی کڕینی ئامێر و کەرەستەی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندن و پاککردنەوەی ناوچەکان لە مین و پێشکەشکردنی مەشق پتەوتر کردووە، لەمەیشدا بەشێوەیەکی سەرەکی پارێزگەکانی ئەنبار و سەلاحەددین و نەینەوا ( شاری مووسڵ) و هەولێر و دیالەی بە ئامانج گرتبوو.

# پرۆژە هەنووکەییەکان لە عێراق



## مەڵبەندی زانیاریی ئاوارە عێراقییەکان

کاری نێو مەڵبەندیی زانیارییەکانی ئاوارە عێراقییەکان لە ساڵی ٢٠١٥ لە عێراقدا دەستی پێکردووە، بە دوای بەڕێوەبردنی هەڵسەنگاندنێکی هاوبەشی نێوان ئاژانسەکان بۆ پێداویستییەکانی تایبەت بە زانیارییەکان و پەیوەندییەکانی ئاوارە عێراقییەکان، خەریکی چالاکی بووە. نووسینگەکە لەجیات تیمی مرۆیی هەرێمی ئەو مەڵبەندە بەڕێوە دەبات. مەڵبەندەکە بە ڕێگەخۆشکەرێکی سەرەکیی ئەو کردەیەی ئاڵوێرکردنی زانیارییەکان دادەندرێ کە بەرنامەدارکردنی هەردوو هێڵی یەکەم و دووەمی کاردانەوە لە هەنبەر پێداویستییە زۆر سەرلیستەکانی جڤاکە زیانلێکەوتووەکان دەرەخسێنێ. ئامانجی سەرەکیی پرۆژەکە بریتییە لە پتەوترکردن و برەودانێکی زیاتر بە کاردانەوە مرۆییەکان و لێپرسینەوە لەهەنبەر جڤاکە زیانلێکەوتووەکانی نێو عێراق و وەك دەستپێشخەرییەکی بایەخدار لەمیانی ڕێخۆشکردن و ئاسانکاری لە ئاڵوێرکردنی زانیارییەکانی نێوان جڤاکە زیانلێکەوتووەکان و لایەنە چالاکەکانی بواری مرۆیی و کۆکردنەوەی زانیاری و گشتاندنی تایبەت بە پێداویستییە بەپەلەکان و سەرلیستەکانی تایبەت بە جڤاکە زیانلێکەوتووەکان و پڕکردنەوەی بۆشایی و نەهێشتنی کەموکورتییەکانی تایبەت بە وەرگرتنی سکاڵا و وەڵامدانەوە کار دەکات و جۆرایەتیی کاردانەوەی مرۆیی لە عێراق باشتر کردووە.

مەڵبەندەکە لە ساڵی ٢٠١٩ دا ٩٦،٠٨٩ پێوەندیی وەرگرتووە، پێوەندیی کەسانی نێر ٧٣٪ کۆی ئەو پێوەندییانەیە و پێوەندیکردنی مێیەکانیش ٢٧٪ کۆی ئەو پێوەندییانەی پێکهێناوە. جگە لەمەش، ڕێژەی پێوەندیی ئاوارەکان گەیشتە ٥٧٪ و ٣٧٪ و ئاوارە گەڕاوەکان و پێوەندیی ئەو جڤاکانەی باوەشیان بۆ پەناخوازەکانیش کردووەتەوە گەیشتووەتە ٣٪.

ئێستە پرۆژەکە بە گوژمەی پارەی کۆکراوەی پێشکەشکردنی یارمەتیی مرۆیی تەرخانکراو بۆ عێراق، کە هەریەکە لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاری مرۆیی و بەرنامەی خۆراکی جیهانی و ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی گوژمەکەیان تەرخان کردووە، جێبەجێ دەکرێ. ئەم پرۆژەیە پێشتر لە لایەن یەکییەتیی ئەوروپی و کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆکاروباری پەناهەندەکان و نووسینگەی هەماهەنگکاری نیشتەجێ و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، پاڵپشتیی دارایی بۆ دەستەبەر دەکرا.

### چیرۆکێك لە مەیدانەوە

یەکێك لە ئاوارە گەڕاوەکان کە لە شارەدێی تلکێفی پارێزگەی نەینەوا لە مانگی تەممozی ساڵی ٢٠١٩ پێوەندیی کردووە، دەڵێ:" ویستم بۆ وەدەستهێنانی یارمەتییەکان ناوم تۆمار بکەم ، بەڵام سەبارەت بە چۆنییەتی تۆمارکردن زانیاریی پێویستم نەبوو. پێوەندیم بە مەڵبەندی زانیارییەکانەوە کرد، کارمەندێکی کچی نێو مەڵبەندەکە وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە و گشت ئەو زانیارییانەی پێم بەخشی کە بۆ تەواوکردنی کردەی تۆمارکردن پێویستم پێیەتی، من زۆر سوپاسگوزاریم".
نەینەوا، تەمووزی ٢٠١٩

## چەند ڕاستییەك سەبارەت بە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان

نووسینگەکە لەمیانی خزمەتگوزارییەکانی پرۆژەکانەوە کە پێشکەشیان دەکات- بە ژێرخان و کرینەکان و بەڕێوەبردنی پرۆژەکان و سەرچاوە مرۆییەکان و خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوەبردنی دارایی، بۆ پتەوکردنی توانایەکانی لەپێناو جێبەجێکردن سەرپشککراوە بۆ ئەوەی کردەکانی ئاشتی و ئاسایش و پرسە مرۆییەکان و هەوڵ و کۆششەکانی گەشەپێدانیش بگرێتەوە. لە هەمان کاتیشدا نووسینگەکە لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی دەوڵەتانی ئەندام و ئامانجە خۆجێیەکانی گەلان و وڵاتاندا، پاڵپشتیی حکوومەتەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشانی دیکەش دەکات.

هەروەها بەو پێیەی نووسینگەکە باڵی کردەیی ( العملیاتی) نەتەوە یەکگرتووەکانە لە عێراقدا، پاڵپشتیی حکوومەتی عێراق و هاوبەشانی نێودەوڵەتی و ئاژانسەکان نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ ئەوەی چالاکییە مرۆیی و گەشەپێدەرەکانیان لە عێراق جێبەجێ بکەن.

هەروەها نووسینگەکە کار بۆ هێنانی ئەو پسپۆڕانە دەکات بۆ نێو عێراق کە شارەزاییان لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی پرۆژە بەردەوام و دوورمەودایەکان و کرێنەکان و ژێرخاندا هەیە.

## دووبارە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە زۆر گرنگە شارستانییەکانی ناوچە ئازادکراوەکاندا

نووسینگەکە بە پاڵپشتیی حکوومەتی یابانی لە ساڵی ٢٠١٩ پاڵپشتیی لە دووبارە دەستەبەرکردنەوەی خزمەتگوزارییە شارستانییە زۆر گرنگەکانی ئەو ناوچانە کردووە کە لە پارێزگەی ئەنبار دەستنیشان کرابوون. ئەم کردەیە خزمەتگوزارییەکانی ڕژان و ئاوەڕۆی تەندروستی و گواستنەوە و وزە و ئیدارەدانی پاشماوە ڕەقەکانی گرتەوە. ئەم پرۆژەیە پاڵپشتیی لەو هەوڵانەی حکوومەتی عێراق دەکات کە لەپێناو وەدیهێنانی ئەجێندای ٢٠٣٠ دەیانخاتە گەڕ، زۆر بە دەستنیشانکراویش بەشداری لە وەدیهێنانی ئەو ئامانجە دوورمەودا و بەردەوامانە دەکات کە دەرئەنجامەکانی بەمجۆرەن: ئامانجی٣ تەندروستیی باش و خۆشگوزەرانی، ئامانجی ٦ ئاوی پاك و پاکیی تەندروستی، ئامانجی ٧ وزەی خاوێن بە نرخی زۆر لۆژیکی و ئامانجی ٩ دروستکردن و داهێنانی هەیکەلە سەرەکییەکان. پرۆژەکە لەگەڵ بڕگەی " چالاککردنی جڤاکە خۆجێیەکان"ی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە بووژاندنەوە و پتەوکردنی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان لە عێراق هاوتەریب ڕێ دەکات کە ماوەکەی دوو ساڵە و بۆ پەلەکردن لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە دووبارە ئاوەدانکردنەوە ئامادەکراوە.

## پرۆژەی دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان لە دۆخە کتوپڕەکان – بڕگەی کار لە بەرانبەر پارەی کاش

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان، لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، بە پاڵپشتی و یارمەتیی بانکی نێودەوڵەتی و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی عێراقی، پاڵپشتی لە دەرفەتی کار لە بەرانبەر پارەی کاش دەکەن، ئەمەیش لەپێناو زیاتر وەدەستهێنانی ٥١،٣٥٠ دەرفەتی کاری کورتمەودایە لەو ناوچانەی بەهۆی قەیرانی عێراقەوە زەرەرمەند بوون، بەتایبەتیش لە پارێزگەکانی ئەنبار و دیالی و کەرکووك و بەغداد و دیالە و بابل. هەروەها پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی چالاکییە ئابوورییەکان و ڕێگەکانی پەیداکردنی دەرامەت و بەشداریکردن لە دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیری و بووژاندنەوەی جڤاکە خۆجێییەکان و دووبارە بنیادنانەوەی پتەوی و توندوتۆڵی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ناوچانەی ڕەچاوکراون، هەوڵ و کارێکی دیکەی ڕێکخراوەکەیە.




# بەرنامەی خۆراکی جیهانی

## پوختەیەك سەبارەت بە چالاکییەکانی بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٩ دا

بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٩دا بۆ وەدیهێنانی پێداویستیی کەسانی کەمدەرامەت و بێدەرەتانی دانیشتووان و وابەستە بە گەشەپێدان و ئاشتی و لایەنە مرۆییەکان، لە کارەکانی خۆی بەردەوام بوو. هەروەها بەرنامەکە یارمەتیی خۆراکییانە و پارەی کاشی پێشکەشی ئاوارە و پەناخوازانی نێو خێوەتگەکان کردووە، هەروەها لەمیانی ڕەخساندنی دەرفەتەکانی کار و مەشقەوە یارمەتی خەڵکی داوە بۆ بنیادنانی ژیانیان ، هەروەها چەند ژەمە خۆراکێکی بەسوود و دروستی پێشکەشی منداڵانی نێو خوێندنگەکان کردووە. ساڵی ٢٠١٩ دووەم ساڵ و کۆتا ساڵی پلانی ستراتیژیی ڕاگوزەری کاتییانەی سەر بە بەرنامەکە بوو، کە توانرا بگاتە ٧١١،٣٦٩ کەس.

هێشتاکەش بارودۆخی وڵاتەکە بووەتە ئالنگاری و کۆسپی و بەردەم کار و هەنگاوەکانی بەرنامەکە. چونکە لە سەرەتای مانگی ئابەوە نزیکەی ١٤٠،٠٠٠ ئاوارە بەهۆی کردەکانی تێکەڵکردنی خێوەتگەکان و داخستنیان و گۆڕینی شوێنەکانیانەوە زیانیان بەرکەوت. لە سەرەتای تشرینی یەکەمیشدا کارە توندوتیژەکانی نێو باکووری خۆرهەڵاتی سووریا بوونە هۆی هاتنی زیاتر لە ١٩،٠٠٠ هەزار پەناخوازی نوێ، هەروەها ئەو شڵەژانە ئەهلییانەی کە لە سەرەتای چواریەکی کۆتایی ساڵەکەدا هاتنە ئاراوە، لە هەندێك دۆخدا بووە هۆی دواکەوتن لە پێشکەشکردنی یارمەتییە خۆراکی و دراوییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بەرنامەی خۆراکی هەر چالاك مایەوە و پێداویستیی خۆراکییانەی مانگانەی بۆ ئاوارەکانی نێو خێوەتگەکان دەستەبەر کرد کە ژمارەیان ٤٥٧،١٨٠ کەس دەبوو، هەروەها چەند پاکێجێکی ئامادەی خۆراکی بۆ ئەو خانەوادە ئاوارانە پێشکەش کرد کە بەمدووایيانە ئاوارە و دەربەدەر بوون، یانیش ئەوانەی دووبارە دووچاری ئاوارەیی بوونەوە. هەروەها لەنێو ٤٢،٤٧٦ کەس لەو پەنابەرە سورییانەی گەیشتنە هەرێمی کوردستانی عێراق، زیاتر لە ١٧،٠٠٠ پەناخواز لەو کەسانەی بەمدووایيانە گەیشتبوون یارمەتییان وەرگرت. جا بەرنامەی خۆراکی جیهانی لەپێناو وەدیهێنانی پێداویستییەکان بەشێوەیەکی باشتر، کارەکانی خۆی گۆڕی و لە دابەشکردنی خۆراکەوە کردییە حەواڵەکردنەکانی دارایی کە لەسەر دراو پێکهاتووە. هەروەها ئەو چالاکییە ئاراستەکراوانە (ئامانج دیاریکراوانە)، لە کاتی پێشکەشکردنی پاڵپشتی بۆ چین و توێژە زۆر بێدەرەتان و هەژارەکان، یارمەتیدەری بەخشینی سەرلیست بووە.

هێشتاکەش دەرفەتەکانی وەدەستهێنانی کار لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەکانی نێو خێوەتگەکان گرنگیەکی زۆری هەیە. بەرنامەی خۆراکی جیهانی لەپێناو یارمەتیدانی هەوڵ و کۆششەکانی بووژاندنەوە و پاڵپشتیکردنی ڕێگەکانی وەدەستهێنانی دەرامەت و بژێوی، هەوڵەکانی خۆی لە جێبەجێکردنی بەرنامە تایبەتەکەی خۆیدا چڕکردووەتەوە کە خۆی لە توانای خۆڕاگری لەهەنبەر قەیراندا دەبینێتەوە، ئەمەیش گەیشتووەتە زیاتر لە ٧٠،٨٧٢ هەزار کەس. ئەم دەستپێشخەرییانەش دەرفەتی بە ئاوارە گەڕاوەکان داوە







دوای کۆتایی هاتنی دۆخی ئاوارەیی، دەرامەتی ژیانیان وەدەستبێنن، هەروەها بۆ جڤاکە خۆجێیەکانیش لە ڕووبەرێکی فراوانتر بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی ڕێگەکانی دەرامەت و گوزەران لە کەرتی کشتوکاڵیدا سوودێکی زۆری هەبووە، دوای ئەوەی دووچاری چەندان کۆسپ وتەگەرەی بەردەوامی وەك پەككەوتن و وێرانبوونی سیستەم و ئامێرەکانی ئاودان بووەتەوە. هەروەها جڤاکە خۆجێیەکانیش کە پێشتر ڕێك نەکەوتبوو کار بەیەکەوە بکەن، یانیش دۆخی بێمتمانەیی لەنێوانیانیاندا بڵاو ببوویەوە، بەشێوەیەکی زۆر سەرکەتووانە هاوکارییان لەگەڵ یەکتریدا کرد. بەرنامەی خۆراکی جیهانی لەگەڵ ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ (FAO)لەپێناو هەماهەنگییەکی زیاتر سەبارەت بە پلاندانان بۆ ڕێگەکانی گوزەران و بژێوی، یادداشتنامەی تێکگەیشتنیان مۆرکرد. هەروەها لە سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵەی تایبەت بە خۆراك بەشێوەیەکی هاوبەش بەردەوام بوو.

لە ساڵی سێیەمی بەرنامە پێشەنگەکەشدا بەناونیشانی " هەڵسەنگاندنی کاریگەری" بەرنامەی خۆراك لەمیانی چەند خولێکی مەشقکردن لەسەر کارامەییە دیجیتاڵییەکان و زمانی ئینگلیزی، توانی بگاتە ١٣،٦٦٣ کەس. هەروەها لە کۆنگرەی لووتکەدا کە لە عەمانی ئوردندا لە حوزەیراندا لەژێر ناونیشانی " نا بۆ سەرگەردانیی نەوە" بەڕێوەچوو، دەستپێشخەرییەکە وەك چارەسەرێکی داهێنراو بۆ ڕەخساندنی دەرفەتەکانی پێشخستنی کارامەیی و دەرفەتەکانی کار هەڵبژێردرا. بەرنامەی خۆراك لە گشت چالاکییەکانی خۆیدا سەرلیستی و گرنگیدانی یەکەم دەبەخشێتە ژن، چونکە بەگشتی لە پرۆژەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و هەڵسەنگاندنی کاریگەریدا هەموو خانەکان بۆ ژن تەرخان دەکات.

هەروەها بەرنامەی خۆراك دوای چەندان مانگ لە ئامادەکاری لە مانگی کانوونی یەکەمدا بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی ڕاسپێردرا کە ناسراوە بە " بەرنامەی خۆراکدانی قوتابخانەیی"، ئەمەیش بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بوو، تیایدا چەند ژەمە خۆراکێکی بەسوود گەیەنرایە ١٢٧،٤٤٦ منداڵی شەش پارێزگە. ئەم بەرنامەیە سەبارەت بە چۆنییەتیی بەردەوامبوون لە گشتاندنی چەمکی خۆراکبەخشین لە گشت بەرنامەکانی بەرنامەی خۆراکی جیهانی بە نموونەیەك دادەندرێ. بەرنامەی خۆراکپێدانی قوتابخانەییش هەر لە ساڵی ٢٠١٨ لە چاوەڕوانیی دیاریکردنی وەزیری پەروەردە وەستابوو. هەروەها ئەو بەدواداچوونانەی دایبابان و منداڵان و مامۆستایان ڕوونیان کردبوویەوە کە چۆن ژەمە خۆراکە دروست و بەسوودەکان بۆ زاڵبوون بەسەر هەستی کورتمەودای برسیبوون و زیاتربوونی بیرکۆیی منداڵان لەنێو پۆلەکانی خوێندندا یارمەتیدەر بووە.

هاوبەشی بە بناغەی ئەو کارە دادەندرێ کەوا بەرنامەی خۆراکی جیهانی خەریکی ڕاپەڕاندنیەتی. بەرنامەکە سەبارەت بە پاراستنی کۆمەڵایەتی بەدرێژایی ساڵ لە هەماهەنگیکردن لەگەڵ حکوومەت بەردەوام بوو ، چونکە لەپێناو تەواوترکردنی باشترین سەرچاوەی نێوانیان و هاوبەشیکردنی پلانەکانی دابەشکردن لەنێوانیان وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و سیستمی پسوولەی خۆراکی تایبەت بە بەشە خۆراك و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتریدا کۆکردەوە. ئەم مەسەلەیەش لە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی حکوومەت و بەخشەران یارمەتیدەری پاراستنی بەهای دارایی بووە. ڕێژەی بۆشاییە بەخشەرییەکان  کە لە مانگی کانوونی دووەم بەدیارکەوت، بەرنامەی خۆراکی ناچارکرد ڕیتمی کردەکانی دابەشکردن بۆ سەر ئاوارەکان دابەزێنێ، بەشێوەیەك هەر شەش هەفتە جارێك دابەشکارییەکە بەڕێوە دەچوو. هەروەها بەرنامەی خۆراك توانی لەمیانی هەوڵەکانی هەماهەنگی لە تەك پاڵپشتییەکەی بەخشەرە نوێیەکاندا جارێکی دیکە و لە سەرەتای مانگی تەمووزدا هەر چوار هەفتە جارێك بگەڕێتەوە سەر سیستمی دابەشکردن. کاتێکیش وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران خۆراکی بەسەر ئاوارەی نێو خێوەتگەکاندا دابەشکرد، بەرنامەی خۆراك لە ڕێگەی زیاترکردنی یارمەتییە خۆراکی و دراوییەکانەوە بەشەکەی زیاتر کرد. ئەمەیش لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩دا بووە هۆی دەستەبەرکردن و فەراهەمکردنی ٦،٢ ملیۆن لە  حەواڵە دراوییەکاندا لەگەڵ ١،٩٠٠ تۆن متری ( ١،٢ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) لە خۆراك، ئەمەیش بووە هۆی دەستەبەرکردنی توانای بەردەوامبوون لە پێشکەشکردنی کۆمەك و یارمەتی بە کەسانی زۆر بێدەرەتان.

خاڵ و پایەی سەرەکیی کاری بەرنامەی خۆراکی لە ساڵی ٢٠١٩دا لە هاوبەشی تایبەت بە سیستمی پسوولەی خۆراکی و لەمیانی کارکردن لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی لە مانگی کانوونی دووەمدا دەستی پێکرد. بەرنامەی خۆراکی لەپێناو دەستپێکردن بە وەرچەرخاندنی کۆسیستمی زانیارییە ئیدارییەکانی سەر بە وەزارەت بەرەو سیستمێکی دیجیتاڵی بۆ پاڵپشتیکردن و پێشخستنی بنەمایەکانی شەفافییەت و کارامەیی شارەزایی و کارامەیی دەستەبەر کرد، بۆ ئەوەی کەسانی شایستە لە کاتی دروست و شایستەدا خۆراکەکانیان پێ بگات. لەمیانی پشکنینی دیجیتاڵیشدا بۆ سیستمی پسوولەی خۆراك ٦٨،٠٠٠ کەس لە ١١ پارێزگەدا تۆمارکران، ئەمەش لە ڕێگەی تەکنیکی وەرگرتنی بەسمەی چاو ( گرتنی وێنەی گلێنەی چاو) بوو کە لە ڕووی مילلییەوە جەماوەرێکی زۆری بۆ پەیدابوو، ئێستەیش کارکردن بۆ پێشخستنی ئەپلیکەیشنێك بەردەوامە کە وادەکات بەڕێوەبردنی ئەپدەیتەکان زۆر بە سانایی لەسەری پێڕەو بکرێ، ئەمەیش کاتە زۆرەکانی چاوەڕوانی و سەردانە هەمەچەشنەکان بۆ نووسینگەکانی پسوولەی خۆراك کەمتر دەکاتەوە. هەروەها وەك وەڵامدانەوەی داواکاریی وەزارەتی بازرگانیش، ئێستە دەستپێشخەرییەکە لە سەرانسەری وڵاتدا لە ساڵی ٢٠٢٠ لە فراوانبووندایە. لە پلانی هەرێمیانەی ستراتیژی بۆ بەرنامەی خۆراکی جیهانی بۆ ساڵەکانی ٢٠٢٠- ٢٠٢٤ بە بەشێکی سەرەکیی دادەندرێ کە لە مانگی تشرینی دووەمدا پشتی پێ بەستراوە و ئامانجی پاڵپشتیکردنی حکوومەتە لە وەدیهێنانی پێداویستییەکانی هاووڵاتییەکانی بەشێوەیەکی باشتر، لە تەك ئەو دەستپێشخەریانەی دەچێتەوە سەر وەدیهێنانی خۆژیێنی هاووڵاتیان و توانای بەردەوام بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان.








# ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و هاوبەشانی کۆمەڵەی تەندروستیی جیهانی لە عێراق لە کاردانەوەی هەنبەر ئەو کارەساتانەدا بەردەوام پاڵپشتیی حکوومەتی عێراقییان کردووە کە بە دەستی مرۆڤ دروستکراون، هەروەها کارەساتە سروشتییەکان و جێبەجێکردنی بەرنامە گەشەپێدەرەکانی تەندروستیش جێگەی بایەخی ئەو لایەنانەی سەرەوەن. لایەنە چالاکەکانی کەرتی تەندروستی لەژێر سەرکردایەتیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، کاری بۆ ئەوە کردووە وەك بەشێك لە پابەندبوونی وڵاتەکە لەهەنبەر وەدیهێنانی تەندروستییەکی سەرانسەری، گشت عێراقییەکان خزمەتگوزارییە سەرەکییە تەندروستییەکانیان دەستکەوێ. بەمشێوەیە، جەختکردنەوەی ڕێکخراوەکە شانبەشانی هاوبەشانی دیکەی بواری تەندروستی، وەك هاوهەنگاوییەك لەگەڵ دانیشتووان و حکوومەت لەسەر پێشکەشکردنی بەرنامە ستراتیژییە گەشەپێدەرەکان و بەرنامە کتوپڕەکانی تەندروستیش چڕکراوەتەوە.

ئەم ڕاپۆرتە تیشك دەخاتە سەر کار و چالاکییە جێبەجێکراوەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و ئەو ڕێگەیانەی لەپێناو پاڵپشتیکردنی وەزارەتی تەندروستی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا گرتوویەتییە بەر. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٩ دا لە جەختکردنەوە لەسەر پێشکەشکردنی پاڵپشتیی تەکنیکی و بنیادنانی توانایەکانی وەزارەتی تەندروستی لە هەموو لایەنێکەوە بەردەوام بووە، بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوە و بنیادنانی سیستەم و ڕێبازی تەندروستی لەو ناوچانەی کە پێشتر بەهۆی ململانێیەوە زیانیان بەرکەوتووە، کاری هاوبەشیشی لەگەڵ گشت دەسەڵاتە تەندروستییەکان و گەلی عێراقیش کردووە، هەروەها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لەمیانی پاڵپشتیکردنی تەکنیکییانەی ئەو بەرنامە گەشەپێدەرانەی پێکهاتە سەرەکییەکانی سیستمی تەندروستی و چالاکییەکانی پاراستن و پاڵپشتیکردنی تەندروستی دەگرێتەوە، لەگەڵ خۆپارێزی لە گرنگترین نەخۆشییە گوازراوەکان و نەگوازراوەکان و زاڵبوون بەسەریاندا لە عێراق، لە ناوچەکانی دیکەشدا کاری بۆ پاڵپشتیکردنی سیستمە هەنووکەییەکانی تەندروستی کردووە.

هەروەها لەمیانی پاڵپشتی و هاوکاریی تەندروستیی جیهانی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵ ( یونیسێف)، لە ( ٩) پارێزگەدا کۆمەك و یارمەتی گەیشتە زیاتر لە ٢،٦ ملیۆن منداڵی تەمەن ٩-٥٩ مانگ، بە پێکوتەی سێینەی دژ بە سۆریژە و ملەخڕێ و سۆریژەی ئەڵمانی کوتران، ڕێژەی ڕووماڵکردنەکەش گەیشتە ٩٠٪. ئەم هەڵمەتەی کوتانیش تەواوکەری هەڵمەتی یەکەم بوو کە لە ساڵی ٢٠١٨ دا دەستی پێکرد و (١٠) پارێزگەی گرتەوە. هەروەها زیاتر لە ٥،٨ ملیۆن منداڵی خوار تەمەنی پێنج ساڵی لە گەڕی یەکەمی هەڵمەتی ڕۆژەکانی کوتانی نیشتمانی دژ بە ئیفلیجیی منداڵان کوتران، ئەم هەڵمەتەش گشت پارێزگەکانی عێراقی گرتەوە و ڕێژەی ڕووماڵکردنەکە گەیشتە ٩٥٪.

هەروەها دووبارە شیاندنەوەی ژێرخانی زیانلێکەوتوو لە ناوچە ئازادکراوەکاندا لە چوارچێوەی کارە هەرە لەپێشینەکانی چالاکیی تەندروستیی ساڵی ٢٠١٩دا بوو. چونکە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پاڵپشتیی لە دووبارە شیاندنەوە و کردنەوەی بەشی منداڵان و نۆڕینگە دەرەکییەکانی نەخۆشخانەی گشتیی حەویجەی سەر بە پارێزگەی کەرکووك کرد، کە فراوانییەکەی ٢٥ قەرەوێڵە دەگرێت. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لەپێناو دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکانی لە کاتی کردنەوەی پاشکۆیەکەدا، کۆمەڵێکی هەمەجۆر و فراوانی تەکنۆلۆژیای پزیشکی پێشکەش کرد، وەك ئەو ئامێرانەی لە ژووری فریاکەوتن و ژووری نەشتەرگەرییەکان بەکار دەهێندرێن، هەروەها ٣٠ تۆن دەرمانی پێویستی بۆ چارەسەرکردنی جۆرەها نەخۆشی پێشکەش کرد. دووسەد هەزار (٢٠٠،٠٠٠) کەسی دانیشتووی شارۆچکەکە سوودی لێ وەردەگرن، لەوانە کەسانی ئاوارە و ئەو ئاوارانەش کە لە ناوچەکانی دیکەی کەرکووك گەڕاونەتەوە. هەروەها ڕێکخراوی تەندروستی دووبارە مەڵبەندەکانی خزمەتگوزاریی چاودێریی سەرەتایی تەندروستیی لە شارۆچکەی تەلەعفەر شیاندووەتەوە، بەشێوەیەك خزمەتگوزاری بۆ هەردوو شارەدێی زومار و ڕەبیعە و سینۆنێ و بەعاج و گوندی شەندۆخەی نزیك لە چوارڕیانی کسك و گەڕەکی وەحدەی نێو شاری تەلەعفەر دابین دەکات. ئەم مەڵبەندانە لە ئێستەدا خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی تایبەت بە دۆخە کتوپڕەکان و تەندروستیی دایکایەتی و خزمەتگوزاریی پشکنینە تاقیگەیی و دەرمانخانەیی و حەواڵەکردنی نەخۆشەکان و چالاکییەکانی پتەوکردنی تەندروستیش پێشکەش دەکەن. جگە لەمانەیش، ئاژانسەکە پاڵپشتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە، بۆنموونە: لە کردنەوە و دابینکردنی ئامێر و پێداویستیی یەکەکانی چاودێریی منداڵانی تازە لەدایکبوو و منداڵان و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس و یەکەکانی چاودێریی نیمچە چڕ بۆ منداڵانی تازە لەدایکبوو لە نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی منداڵان ڕێکخراوەکە دەستێکی باڵا و بەشدارییەکی بێوێنەی هەبووە، بۆ ئەوەی داواکاریی زۆری ئاوارە و پەنابەرانی نێو جڤاکە خانەخوێیەکانی ئاوارەکان لەهەنبەر خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی مامناوەندیی تەندروستی دەستەبەر ببێت. بەهۆی ئەو هەوڵ و کۆششانەوە ئاوارە گەڕاوەکان لە ئێستەدا دەتوانن لە هەر کاتێکی ڕۆژدا خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان وەدەستبێنن.

هەروەها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لەو ماوەیەی کە ڕاپۆرتەکە گرتبوویەوە دەستی بە کڕین و دابەشکردنی دەرمانە سەرەکییەکان کرد کە بەشی زیاتر لەنیو ملیۆن دانیشتووان دەکات، هەروەها کۆمەڵەیەکی کتوپڕی فریاکەوتنی تەندروستی پێکهێنا کە بۆ ماوەی سێ مانگ بەشی یەك ملیۆن کەس دەکات. لەوانە، کۆمەڵەیەك کە بریتییە لە دەرمانی چارەسەری نەخۆشییە نەگوزاراوەکان، کە بەشی ٢٨٠٠ دۆخی دەستوەردانی تەندروستی دەکات. ئەو بەرهەمە پزیشکییانەی کڕدرابوون بەسەر هەشت فەرمانگەی تەندروستی دابەش کران کە خزمەتگوزاری پێشکەشی ئاوارەکان و جڤاکە خانەخوێیەکان و ئاوارە گەڕاوەکان و و پەنابەرانیش دەکەن. هەروەها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لەمیانی کڕینی دەرمانە زۆر پێویست و سەرەکییەکان و پێداویستیی پزیشکیی کە

تیایدا هەزاران پارچە ئامێر و کەرستەی ( ڕزگارکەری ژیان و دەستنیشانکردن و تاقیگەیی) و ئەو ئامێرانەشی تیادا بوو کە زیاتر لە جارێك بەکاردەهێندرێن، لەگەڵ دیاریکەرە پزیشکییەکان و کەلوپەلی پزیشکی بەسەر ٢٠ پاشکۆی چاودێریی تەندروستی لە پارێزگەکانی دهۆك و هەولێر و کەرکووك و سەلاحەددین و سلێمانی دابەشکرد، بەمەیش لە پاڵپشتیکردنی دەستهەڵاتە تەندروستییەکان بەردەوام بوو، بۆ ئەوەی لە ناوچە زیانلێکەوتووەکاندا بۆشاییە مەترسیدارەکانی تەندروستی پڕبکاتەوە. هەروەها وەدیهێنانی پێداویستییە تەندروستییەکان بۆ کەسانی زیانیلکەوتوو بەهۆی لافاوە کتوپڕەکانی باشووری عێراق ( بەسرە، واست، میسان و گوندەکانی چوار دەوری)، تەوەرێکی دیکەی کار و چالاکییەکانی بوو کە ڕێژەیەکی زۆری دەرمانی ڕزگارکاری ژیان و پاکێجی پێداویستییە پزیشکییەکان لە ناوچە زیانلێکەوتووەکاندا بەخشران و ( بەشی چارەسەرکردنی زیاتر لە ١٠٠،٠٠ کەسی دەکرد بۆ ماوەی مانگێك).

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە بەشەکانی باکووری وڵاتیشدا بەهۆی کۆکردنەوەی ١٥ تۆن پاشماوەی پزیشکی لە شوێنە تەندروستییەکانی هەردوو پارێزگەی نەینەوا و ئەنباردا، پاڵپشتیی لە بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی پاشماوە پزیشکییەکان کرد. زۆربەی پاشماوە کۆکراوەکانیش بریتی بوون لە کیسی پلاستیکی و سندووقەکانی پاراستنێکی بێ مەترسی. هەروەها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لەپێناو سەلامەتی و خاوێنیی ئاوی خواردنەوە لە کەرکووك و سلێمانی و نەینەوا و ئەنبار و پێڕەوکردنی پێوەرە پێویستەکان، بەهۆی کۆکردنەوەی نموونەی پێویستی ئاو و پشکنینیان بۆ دەستەبەرکردنی پێڕەوکاری لە پێوەرە نزمەکانی ساغی و سەلامەتیدا پاڵپشتیی لە بەرزەفتکردنی کوالیتیی ئامێر و پێداویستییەکانی ئاوی پاکی خواردنەوە کرد.

هەروەها پاڵپشتیی لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی نێو مەڵبەندەکانی چاودێریی سەرەتایی تەندروستیی کرا کەوا کەوتوونەتە ( نێو خێوەتگە و کەمپ و جڤاکە خانەخوێیەکانی ئاوارەکان)، ئەمەیش لەمیانی بەڕێوەبردنی چەند توێژینەوەیەکی هەڵسەنگاندنی پێوەرەکانی کوالیتیی تایبەت بە کوالیتیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و سەلامەتیی نەخۆشەکان، ئەمەیش بووە هۆی دانانی چەند پێوەرێکی کوالیتی کە دەکرێ وەزارەتی تەندروستی و ژینگە بیگرنەبەر، بۆ ئەوەی لە گشت ناوچەکانی وڵاتدا پێڕەو بکرێ، هەروەها لە مەڵبەندەکانی چاودێریی سەرەتایی تەندروستی کەوا ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و نۆڕینگە گەڕۆکەکان پاڵپشتیی لێ دەکەن -کە لە سەرەتای ساڵەوە لەو پارێزگەیانەی کەوا پێشوازی لە ئاوارەکان دەکەن زیاتر لە چوار ملیۆن ڕاوێژکاریی تەندروستییان تۆمار کرد، بە نیو ملیۆن منداڵی خوار تەمەنی پێنجساڵیشەوە- پاڵپشتیی لە میکانیزمەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان کرد.

هەروەها لەمیانی دامەزراندنی مەڵبەندەکانی چاودێریی سەرەتایی تەندروستی و تەرخانکردنی نۆڕینگەی گەڕۆك بۆ هەزاران لەو ئاوارانەی ( لە هەردوو شارەدێی زومار و ڕەبیعە و سنۆنێ و بەعاج و گوندی شندۆخەی نزیك چوارڕیانی کسك و گەڕەکی وەحدەی نێو شاری تەلەعفەر گەڕاونەتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان) پاڵپشتی و کۆمەکێکی زۆریشی پێشکەشی مەڵبەندەکانی چاودێریی سەرەتایی تەندروستیی کرد.

هەروەها لەمیانی مەشقکردن بە زیاتر لە ٢٠٠ کارمەندی بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندروستی لەسەر بەرنامەکانی ڕێنمایی تەندروستیی سەر بە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ولەسەر چۆنییەتیی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئاست بەرزەکانی تایبەت بە بواری چاودێریی سەرەکیی منداڵانی تازە لەدایکبوو و خزمەتگوزارییەکانی کوالیتیی بەرز لە بوارەکانی چاودێری بۆ هەردوو قۆناغی پێش و دوای منداڵبوون و چاودێریکردنی دۆخەکانی لەبارچوونی پێش منداڵبوون و تەکنیکەکانی ئیدارەدانی تەواوی نەخۆشی، لە دۆخەکانی کتوپڕی حەوت پارێزگە و بەدەستنیشانکراوی بەغداد ( بەتایبەت هەردوو شارۆچکەی کەرخ و ڕەسافە) و بابل و هەولێر و دهۆك و سلێمانی و دیالە و بەسرا، پاڵپشتی و کۆمەکی خزمەتگوزارییەکانی منداڵبوون پێشکەش کران. هەروەها ڕێکخراوی تەندرروستیی جیهانی لەمیانی کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسێف و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، بۆ بەڕێوەبردنی نمایشی نیوەی ماوەی ستراتیژی نیشتمانی بۆ تەندروستیی منداڵبوون و تەندروستیی دایکان و لەدایکبووان و منداڵان و نەوجەوانان بۆ ساڵەکانی ٢٠١٦-٢٠٢٠ و پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی بەرنامەکانی چاودێریی منداڵانی لەبارچوو و کاردانەوە لەهەنبەریدا، لە زۆربەی پارێزگەکان پاڵپشتی و یارمەتیی پێشکەشی وەزارەتی تەندروستی و ژینگە کرد. ئەم هەوڵ و کۆششە وەگەڕخراوانە دەتوانن لە دوور مەودادا ببنە هۆی زۆرێك لە چاکترکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

جگە لەمانەیش، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە دەستەبەرکردنی بەرهەمەکانی ڕێگری لەسکپڕی بۆ ١٠ مەڵبەندی چاودێریی سەرەکیی منداڵبوون و چاودێریکردنی منداڵانی لەدایکبووی نێو دۆخە کتوپڕەکان، بەردەوام بوو.

هەروەها لە زیاتر لە ٦٠ مەڵبەندی چاودێریی خێزان و مەڵبەندەکانی چاودێریی سەرەتایی تەندروستیی ١١ پارێزگەدا، پاڵپشتی و یارمەتیی خزمەتگوزارییەکانی دەروونددروستی و ئەقڵدروستی کرا پێشکەش کران ، لە کۆتاییشدا، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ڕێگەی پێوانی کوالیتیی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان و لەمیانی تێبینیکردنی ١٢٥ کێرڤی جۆراوجۆری تایبەت بە ڕووماڵی سەرانسەریی تەندروستی و مەبەست لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و دوورمەودای تایبەت بە تەندروستی لە بەڕێوەبردنی کردەکانی هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی سەرەتایی تەندروستی لە عێراق، پاڵپشتی و یارمەتیی پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی کرد ، هەروەها بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێو خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پلانێکی گەشەپێدانی دامودەستگەیی دانرا، جێبەجێکردنەکەشی لە ٢٠٢٠ دا دەستپێدەکات.

هەروەها زیاتر لە ٨٠٠ مەڵبەندی تایبەت بە چاودێریی سەرەتاییی تەندروستی، سەبارەت بە زۆر بابەتی تەندروستی چالاکییەکانی بنیادنانی توانای کەسانی نێو بواری چاودێریی تەندروستیی سەرەتایی بەڕێوەبرد، ئەمەیش بۆ پاڵپشتی و زیاترکردنی توانایان بوو لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی پڕ لە کوالیتی. هەروەها زیاتر لە ٢٥٠٠ لە کارمەندان و فەرمانبەرانی بواری تەندروستی چەند خولێکی ڕاهێنیان لەسەر خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە تەندروستیی دایکایەتی و منداڵیەتی و توندوتیژی ڕەگەزی و نەخۆشییە گوزاراوەکان و لیستە جیهانییەکانی تەندروستی و سیستمەکانی چاودێری و زانیاریی تەندروستی و تەندروستیی دەروونی و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و نەخۆشییە نەگوزاراوەکان و سیستمە تەندروستییەکان و کوتان و ئاگادارکردنەوەی هەنبەر مەترسییەکان بۆ کرایەوە. لە ئێستەشدا زیاتر لە ١١٥ پێگەی تەندروستی لە یانزە پارێزگەدا پێشکەش دەکات( دهۆك، هەولێر، کەرکووك، ئەنبار، بەغداد، سەلاحەددین، سلێمانی، میسان، زیقار، بەسرە، نەینەوا) خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەواوی دەروونی و ئەقڵی پێشکەش دەکەن. هەروەها لەمیانی مەشقکردن بە زیاتر لە ٣٠٠ کارمەندی بواری کەرتی تەندروستی لەسەر ڕێوانی (دلیل) تایبەت بە دەستەوەردان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە بواری دروستیی دەروونیدا هەیە و هەروەها ڕێوانی چاککراوی ڕێکخراوی تەندروستی بۆ بەڕێوەبردنی گرفتەکان و بەڕێوەبردنێکی گونجاو بۆ ئەو کەسانەی لە توندوتیژیی ڕەگەزی دەربازبوون، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی توانیویەتی بگاتە زیاتر لە ٢١٢،٣١٤ کەسی تووشبوو بە نەخۆشیی دەروونی.

هەروەها لەمیانی کڕین و دابەشکردنی دەرمانی تایبەت بە نەخۆشییە دەروونی و ئەقڵییەکان، کۆمەك و پاڵپشتییەکی زۆریش پێشکەش کراون (ئەو دەرمانانە بۆ شڵەژانە ئەقڵییەکان و دابەزاندنی ئاستی پەککەوتەیی و ڕێگری لە دووبارە تووشبوونەوە بە نەخۆشییەکان) بەکار دەبرێن، هەروەها سێ یەکەی دروونددروستی لە نەخۆشخانە گشتییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی لەو ناوچانەدا دامەزراندووە کە بەهۆی ململانێی نێو شنگال و تەلەعفەر و خۆرئاوای مووسڵ زیاتر زەرەمەند بوون.

هەروەها دوو ڕووپێوی جیاواز لەو ماوەیەدا بەڕێوەبران کە ڕاپۆرتەکە گرتییەوە، ڕووپێوەکانیش بۆ پێوانی ئاستی ڕەزامەندیی نەخۆشان بوو لە خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوە تەندروستییەکان. ڕووپێوی یەکەم تایبەتە بە کوالیتیی چاودێریکردنی تەندروستی لە خێوەتگەی ئاوارەکان ( کەوا کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی لەژێر سەرپەرشتیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەڕێوەی برد)، لەمیانی ئەو ڕووپێوەدا دەرکەوت ٤٧٪ی ئەو نەخۆشانە لە جۆرایەتیی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی نێو بنکە و سێکتەرە تەندروستییەکان ڕازین. کۆمەڵەی تایبەت بە تەندروستی سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ڕادەی سەرکەوتن و کارایی ئەو ڕۆڵەی کۆمەڵە پێوەندیدارەکە لە وەدیهێنانی پێداویستییەکانی بواری تەندروستی و پاڵپشتیکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بۆ کەسانی زیانلێکەوتوو دەیگێڕێ، لە ئاداری ساڵی ٢٠١٩دا ڕووپێوی دووەمی بەڕێوەبرد. دەرئەنجامی کۆتایی لە ٧٢٪ زیاتر بوو، ئەمەیش ئاماژە بە ئاستی " باش"ی کارکرد دەکات.

دووبارە نۆژەنکردنەوە و شیاندنەوەی ژێرخانی زیانلێکەوتوو لە ناوچە ئازادکراوەکاندا لە چوارچێوەی ئەو چالاکییە تەندروستییانە بوون کەوا لەم ساڵەدا سەرلیست و لەپێشینە بوو. چونکە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پاڵپشتیی لە دووبارە شیاندنەوە و کردنەوەی بەشی منداڵان و نۆڕینگە دەرەکییەکان کرد کەوا لە نەخۆشخانەی گشتیی حەویجەی سەر بە پارێزگەی کەرکووکدایە و جێگەی (٢٥) قەرەوێلە دەبێتەوە. جا ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لەپێناو دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی نێو ئەم پاشکۆیەدا کۆمەڵەیەکی زۆر تەکنۆلۆژیای پزیشکی وەك ئامێرە بەکارهاتووەکانی ژووری فریاکەوتن و ژووری نەشتەرگەری پێشکەش کرد، هەروەها ٣٠ تۆن خۆراکی پێویستی بۆ چارەسەری چەندان نەخۆشی پێشکەش کرد. (٢٠٠،٠٠٠) دووسەت هەزار کەسی دانیشتووی نێو شارۆچکەکە سوود لەو پاڵپشتییە وەردەگرن، بە ئاوارەکان و ئەو ئاوارانەشەوە کەوا لە ناوچەکانی دیکەی کەرکووکەوە گەڕاونەتەوە. هەروەها ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە شارۆچکەی تەلەعفەردا مەڵبەندەکانی خزمەتگوزاریی سەرەتایی تەندروستیی شیاندووەتەوە، بەشێوەیەك بتوانێ خزمەتگوزاری پێشکەشی هەردوو شارەدێی زومار و ڕەبیعە و سنونێ و بەعاج و گوندی شەندۆخەی نزیك چوارڕییانی کەسك و گەڕەکی وەحدەی نێو شاری تەلەعفەر بکات. لە ئێستەدا ئەو مەڵبەندانە خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە دۆخە کتوپڕەکان و تەندروستیی دایکایەتی و خزمەتگوزارییەکانی پشکنینە تاقیگەییەکان و دەرمانخانەیی و حەواڵەکردنی نەخۆش دەستەبەر دەکەن، بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی پتەوکردنی تەندروستیش لایەنێکی دیکەی چالاکییەکانیەتی. جگە لەمانەیش، ئاژانسەکە بۆ کردنەوە و ئامێردارکردنی یەکەکانی چاودێریکردنی منداڵانی تازە لەدایکبوو و منداڵان و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس و یەکەکانی چاودێریکردنی نیمچە چڕ بۆ منداڵانی تازە لەدایکبوو نەخۆشخانەی ڕاپەڕین بۆ منداڵان، پاڵپشتیی پێشکەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بۆ ئەوەی لە جڤاکە خانەخوێیەکانی ئاوارەکاندا بتواندرێ داواکارییە هەرە زۆرەکەی ئاوارە پەناخوازان لەبەرانبەر خزمەتگوزارییە ناوەندییەکانی چاودێریکردنی تەندروستیی بهێندرێتە دی.

# نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان



زۆرێك لە کارەکانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان لە چەند ساڵێکی کەمی ڕابردوودا و لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا جەختی لەسەر پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی سیستمی یاسایی لە عێراق کردووەتەوە. جا بە نواڕین لەو گرنگیدانەی کە هاوبەشە خۆجێییەکان سەبارەت بە فراوانکردنی کاری نووسینگەکە لە عێراقدا پیشانیان دا، نووسینگەی هەرێمی (UNODC) بۆ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لە ساڵی ٢٠١٨دا دوو نێردەی هەڵسەنگاندنی بڵاو کردەوە، کە لە میانیاندا سەرلیستەکانی هاوبەشیی ئایندەیی بۆ نووسینگەکە لە عێراقدا دەستنیشان کرا، بە هاوبەشیکردن لە بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەر و بەرپەرچدانەوەی تاوانی ڕێکخراو و گەندەڵی و ڕیفۆرمی نێو بەندیخانەکان و تەندروستیشەوە.

نووسینگەکە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ شدا، وەك پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی ڕیفۆرمخوازیی پەیکەرەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ پاڵپشتیکردن و پتەوترکردنی توانای کردەیی لەسەر زەویی واقیع و بنیادنانی بەرنامەیەکی درێژخایەنی هاوکاری- کە لەنێو سەرلیستە نیشتمانییەکاندا دەچەسپێ و جەخت لەسەر پێوەندیی نێوان تاوانی ڕێکخراو و تیرۆر و تۆقاندن دەکاتەوە- کارمەندێکی بە سیفەتی " ڕێکخەری دێرینی بەرنامە" نارده عێراق.

## تواناییەکانی چارەسەرکردنی پرسەکانی تیرۆر و تۆقاندن

ئامانجی بەرنامەی هاوکاری کەوا لە لایەن نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان بەڕێوە دەبرێ و لەمیانی بەرنامەی جیهانیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پێشکەشی دەکات، بریتییە لە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی سیستمی یاسایی عێراق لە بەرپەرچدانەوەی تیرۆر و تۆقاندن. ئەمەیش لەمیانی یارمەتیدانی بواری دانانی یاسا و مەشقی هونەریی تایبەت بە قەواڵە نێودەوڵەتییە یاساییەکان و بنیادنانی تواناکان لە بواری لێکۆڵینەوەکان و دادوەریکردن لەو پرسانەی پێوەندییان بە تیرۆر و تۆقاندنەوە هەیە.

دەستپێشخەریی "پاڵپشتیکردنی سیستمی یاسایی دژ بە هەڕەشە گەشەسەندووەکانی تیرۆرستی" عێراقی گرتەوە، بەو " جەنگاوەرە تیرۆرستە بیانییانەی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیاشەوە" کە ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام دەبێت. بەپێی بڕیاری ژمارە ٢١٧٨ی ساڵی (٢٠١٤)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئامانجی دەستپێشخەرییەکە پتەوترکردن و پاڵپشتیکردنی چوارچێوە یاساییە نیشتمانییەکانە بۆ بەرپەرچدانەوەی جەنگاوەرە تیرۆرستە بیانییەکان و مەشقکردنی بەرپرسان لە سیستمی دادپەروەریی تاوانکاری لەسەر لایەنە دیاریکراوە یاساییەکان کە لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمی پێوەندییان بە بەرپەرچدانەوەی جەنگاوەرە بیانییە تیرۆرستەکانەوە هەیە، هەروەها پتەوکردنی هاوکاری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی و خوار هەرێمی. هاوبەشەکانی ئەم بوارە بریتین لە بەڕێوەبەرایەتیی جێبەجێکاری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر (CTED) و پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ دادپەروەری و سەروەریی یاسا (IIJ) کە بارەگاکەی دەکەوێتە ماڵتا.

قۆناغی یەکەم ( کە لە ئەیلوولی ٢٠١٤ وە تا مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ درێژ دەبێتەوە و لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و یابانەوە پاڵپشتیی لێ کرا)، ( لە ئادار و تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥) بەستنی دوو کۆنگرەی هەرێمییانەی تایبەت بە عێراقی بەخۆیەوە بینی. قۆناغی دووەمیش ( بە پاڵپشتیی یەکییەتیی ئەورووپا و کەنەدا بوو) کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ دەستیپێکرد و بریتیبوو لە بەڕێوەبردن و سازدانی ۆرکشۆپی مەشقییانە لەسەر ئاستی خوار هەرێمی و چەندان ۆرکشۆپی دیکەش لەسەر ئاستی نیشتمانی کە هەندێکیان بۆ عێراق تەرخان کرابوون. لەگەڵ ئەمانەشدا، بۆ گۆڕینی زانیارییە هەواڵگرییەکان بۆ بەڵگە، مەشقێکی پسپۆڕییانە سازدرا.

هەروەها عێراق یەکێکە لەو سێ دەوڵەتەی ( لەگەڵ ئوردن و لوبنان) دەرفەتی مەشقی بۆ ڕەخسێندرا، تاکو بتوانێ ڕێگە تایبەتەکانی لێکۆڵینەوەی پێوەندیدار بە تیرۆر بەکار بهێنێ، لەگەڵ پابەندبوونی تەواو بە مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٧دا چەند خولێکی پسپۆڕییانەی مەشقی بۆ ئەو عێراقییانە ساز درا کەوا لە بواری پێڕەوکردنی یاسا و بەرپرسان و پارێزەرانی بواری دادوەریی تاوان، شانبەشانی هاوشان و هاوپیشە لوبنانی و ئوردنییەکان کار دەکەن، مەشقەکەش بۆ بەکارهێنانی ڕێگە تایبەتەکانی لێکۆڵینەوە بوو لە کاتی لێکۆڵینەوە لە تاوانە تیرۆرستییەکان و ئاستی پەسندی و جێ متمانەیی بەڵگە دیجیتاڵییەکانی بەردەم دادگەکان، بە ڕەوتی کاری زنجیرەی لایەنگریی ئەو بەڵگانەشەوە.

## بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، لە ماوەی ساڵی ٢٠١١ تا ٢٠١٤ بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی هاوکاریی نێودەوڵەتی و گەڕاندنەوەی داراییەکان و ڕادەستکردنی داواکراوان و سازکردن و بەڕێوەبردنی داوایەکان لەنێو ئەرك و بەرپرسیارییەتییە دادوەرییە بیانییەکان، بە هاوبەشی لەگەڵ دەستەی دەستپاکی و چەندان لایەن و ئۆرگانی دیکەی پێڕەوکردنی یاسا، کاری لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا کرد. مەشقەکەش بە ئامانجی بنیادنانی تواناییەکانی هەنبەر لێکۆڵینەوەی دارایی لە پرسەکانی گەندەڵی و هاوکاریی نێو دەوڵەتی بۆ گەڕاندنەوەی پارە و داراییەکان، ساز درا.

## بەرپەرچدانەوەی بازرگانیکردن بە موڵك و کەرەستە ڕۆشنبیرییەکان

، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان بە هاوبەشی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی، بە هاوکاری و پاڵپشتیی حکوومەتی یابانی، لە هەردوو ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧دا و کاری لەسەر ڕێکارەکانی دادپەروەریی تاوانکاری کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی بازرگانیکردن بە موڵك و کەرەستە ڕۆشنبیرییەکان کە بێگومان کۆمەڵە تیرۆرستییەکان لە میانی ئەو چالاکییانەوە سەرچاوەی

داهاتیان دەست دەکەوێ، ئەمەیش بەپێی بڕیاری ژمارە ٢١٩٩ی ئەنجوومەنی ئاسایش و بە هاوبەشی لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پۆلیسی تاوانکاری (ئەنتەرپوول) و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری ( یونسکۆ)، بەڕێوەچوو.

لەسەر بنەمای ئەو سەرکەوتنە وەدەستهاتووەی بوارە باسکراوەکانی هاوکاری، چەندان پرس و بابەتی نوێ هەڵبژێردران بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ببنە جێگەی هاوکاری، زۆربەشیان لە ئێستەدا کاریان تیادا دەکرێ.

## بەرەنگاربوونەوەی کردەی شۆردنەوەی پارە

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ وە بۆ جێبەجێکردنی دەستپێشخەرییەك لەگەڵ عێراقدا کار دەکات کەوا یابان سەبارەت بە پەکخستنی کردە تیرۆرستییەکان و کردە ڕێکخراوەکانی تاوانکاری و ڕێگە گرتن بڵاوبوونەوەی توندڕۆیی توندوتیژانە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، پشتگیری دەکات. نووسینگەکە سەبارەت بە چالاکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی کردەی شۆردنەوەی پارەش، بە هاوکاری لەگەڵ یەکەی زانیاریی دارایی، نیازی وایە ئەو ئالنگارییانە هەڵسەنگێنێ کەوا ڕووبەڕووی دەستگە ئابوورییەکان و خزمەتگوزارییەکانی حەواڵەکردنی دراو و قەواڵەکان ( الایول) و دەبێتەوە لە دیاریکردنی مامەڵە گومان لێکراوەکان و هەواڵ پێدان لەبارەیانەوە و سازدانی شەش خولی مەشقییانە کەوا تایبەتن بە بەرپرسانی دەستگە داراییەکان و خزمەتگوزارییەکانی حەواڵەکردنی دراو و قەواڵەکانی تایبەت بە هەواڵدان لەهەنبەر مامەڵە گومانلێکراوەکان.

## بازرگانیکردن بە مرۆڤەکان و بەقاچاغ بردنی کۆچبەران

عێراق بە یەکێك لەو پێنج وڵاتە دادەندرێ کەوا قۆناغی دووەمی " بەرنامەی کاری جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەکان و بەقاچاغبردنی کۆچبەران" جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەم بەرنامەیە یەکییەتیی ئەوروپا پاڵپشتیی لێ دەکات. جێبەجێکردنی پرۆژەکە لە نیسانی ساڵی ٢٠١٩ دا بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ (IOM) دەستی پێکردووە، پرۆژەکە لە دانان و جێبەجێکردنی چەند چالاکییەکی کاراتری نیشتمانی و نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بەقاچاغبردنی کۆچبەران ( لەو بوارە تەکنیکییانەی خۆی لە دانانی ستراتیژ و سیاسەتەکان و یارمەتیدانی داڕشتنی یاسا و بنیادنانی توانایەکان و هاوکاریی هەرێمی و هەرێمبڕ و پاراستن و یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن و ئەو کۆچبەرانەدا دەبینێتەوە کەوا بارودۆخیان زۆر بێدەرەتان و فشۆڵە، بە منداڵانیشەوە) لە هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی دەسەڵاتە حکوومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەردەوام دەبێت . هەروەها لیژنەی باڵای نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە کەسەکان، کەوا بریکاری وەزیری ناوەخۆ سەرۆکایەتیی دەکات بە هاوبەشێکی سەرەکیی ئەم بوارەی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان لە عێراق دادەندرێ. ئەندامانی لیژنەکە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرانی گشتی و نوێنەری کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، سەرجەم وەزارەتە کەرتییەکان دەگرێتەوە.

## پاڵپشتیکردن و هاوکاریکردنی ئەو منداڵانەی تیرۆرستان و توندڕۆیانی توندوتیژ بە خراپ سوودی لێیان وەرگرتووە و چەکداری کردوون

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان ڕێوانێکی (الدلیل) ئاراستەکاری بۆ وڵاتانی ئەندام داناوە سەبارەت بەو چۆنییەتییەی کە لەسەر دەسەڵاتە نیشتمانییەکان پێویستە بەهۆیەوە ڕەفتار لەگەڵ ئەو منداڵانە بکەن کە تەقلی کۆمەڵە و گرووپە تیرۆرستییە توندڕۆیەکان بوون، ئەمەیش بۆ دەستەبەرکردنی ئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵیان بەشێوەیەك بێت لەگەڵ بنەما و پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێ. نووسینگەکە لە هەردوو ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩دا بە گوژمەی حکوومەتی یابانی، چەند چالاکییەکی هەرێمییانەی پێوەندیدار لە بنیادنانی توانایەکانی بەڕێوەبردنی عێراقی بەڕێوەبرد. لەمیانی خولێکی مەشقییانە کە بڕیارە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٩ دا سەبارەت بە دووبارە شیاندنەوە و ئاوێتەکردنەوەی ئەو منداڵانە بەڕێوەبچێ کەوا کۆمەڵە تیرۆرستی و توندڕۆیە توندوتیژەکان بەخراپ سوودی لێیان وەرگرتووە و چەکداری کردوون، یارمەتییەکی تایبەتمەند پێشکەشی عێراق دەکات.

## بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، بە هاوبەشی لەگەڵ دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن (UNWOMEN) و بە پاڵپشتیی حکوومەتی یابان، بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیدانی پیشەیی و ڕەچاوکردنی جۆری کۆمەڵایەتی بەو ژنانەی بوونەتە قوربانیی توندوتیژی، کار بۆ پتەوترکردن و بەرەوپێشبردنی توانایەکانی کارمەندانی جێبەجێکردنی یاسا دەکەن. چاوەڕوانیش دەکرێ لە ساڵی ٢٠١٩ دا بە بەشداریی کارمەندان و کەسانی تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای بەغدا خولێکی مەشقییانە لە هەولێر بەڕێوە بچێت. نووسینگەکە بۆ بەرزترکردنەوەی ئاستی کاردانەوەی پەیکەرە و دەستگەی دادوەریی تاوانکاری توندوتیژیی دژ بە ژنان لە عێراقدا، بەرنامەیەکی سەرانسەری دادەنێت.

## چاودێریکردنی سنوورەکان

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان لەگەڵ دەستەی دەروازە سنوورییەکاندا بۆ بنیادنانی توانای هێنانەکایەی داتایەکانی تایبەت بە مەترسییەکانی باری نێو حاوییەکانی سەر کەنارە دەریاییەکان و کەنارە وشکەکان و دەروازە وشکانییەکانی سنووری کار دەکات ، ئەم هەوڵ و کارکردنەش لەمیانی " بەرنامەی چاودێریکردنی حاوییەکان"ە. بەرپرسانی عێراقی لە هەردوو ۆرکشۆپی هەرێمییانەی کار بەشدارییان کرد کە لە چوارچێوەی پرۆژەی " ڕێگەکانی پێوەندیی نێوان فڕۆکەخانەکان"ی سەر بە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان لە هەردوو ساڵی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ بەشدارییان کرد. لە ساڵی ٢٠١٩دا نووسینگەکە دەست بە پرۆژەیەکی تایبەت بە چاودێریکردنی سنوورەکان دەکات و حکوومەتی یابانی گوژمەکەی بۆ تەرخان کردووە. ئامانجی ئەم دەستپێشخەرییە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی توانای دەستگە و دامەزراوەکانی جێبەجێکردنی یاسایە لە دەستنیشانکردن و ڕێگەگرتن لە ئەندامانی کۆمەڵە تاوانکاری و تیرۆرستییەکان و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان لە کاتی هەوڵدانیان بۆ هاتنە نێو عێراق و دواتریش لە کاتی کارکردنیان لەنێو عێراقدا.

## بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەر

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، لە ساڵی ٢٠١٩ دا لە عێراق دەستی بە پرۆژەی پاڵپشتیکردنی هەوڵە عێراقییەکانی هەنبەر بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەر لە عێراق کردووە. ئامانجی گشتی پرۆژەکە بریتییە لە دەستکردن لە نزیکخستنەوەیەکی سەرانسەری بۆ بنیادنانی توانای دەستگە و دامەزراوەکانی جێبەجێکردنی یاسا و بەڵگەی تاوانکاریی عێراق، بۆ تواناداركردنی وڵات لە ڕووبەڕوبوونەوەی ئەو ئالنگارییانەی کەوا کۆمەڵە تاوانکارە ڕێکخراوەکان و بازرگانیکردنی ناڕەوا و پێوەندییەکانی نێوان تاوانی ڕێکخراو و پەیداکردنی سەرچاوی پارە پوولی تیرۆرستەکان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووبەرەکەی فراوانتر دەکەن، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەری ناڕەوا. ئەمەش دەبێتە هۆی پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی دەسەڵاتە عێراقییەکان لە گرتنەبەری ڕێبازێکی جۆرییانە لە جێبەجێکردنی یاسا کە جەخت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی تۆڕە تاوانکارییەکان دەکاتەوە، بەمەیش دەسەڵاتەکان هەر تەنیا کاریان دەستگیرکردنی لایەن و کەسە تاوانکارەکان نابێت لە ئاستە نزمەکاندا، بەڵکو چەندان کاری دیکەی نوێی جۆرییان بۆ دەرەخسێ.

## پاڵپشتیکردنی ڕیفۆرمی نێو بەندیخانەکان

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان لە ساڵی ٢٠١٩ دا دەستی بە هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاریی نێو بەندیخانەکانی عێراق کردووە، ئەمەش بەو ئامانجە بووە پاڵپشتی لە هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بکات بۆ دانانی " پلانی کاری نیشتمانی بۆ ڕیفۆرمی نێو بەندیخانەکان لە عێراقدا"، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەو بەندکراوە توندڕۆیانەی کردەی توندوتیژ دەکەن و ئەو منداڵانەش کە پێوەندییان بە کۆمەڵە توندڕۆیەکانی جێبەجێکاری توندوتیژییەوە هەیە.

## پاڵپشتیکردنی هاوکاریی درێژخایەن لە عێراقدا

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، نووسینگەیەکی لە عێراقدا دامەزراندووە، دامەزراندنی ئەو نووسینگەیەش بۆ سەرپەرشتیکردنی بەرنامەیەکی خۆیەتی بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی عێراق بۆ پتەوکردنی ئۆرگانی دادپەروەریی بواری تاوانکاری لە چوارچێوەی چەندان بواری تایبەتمەند و پسپۆڕ لەو بابەت و پرسانەی کەوا نووسینگەکە ڕاسپێردراوە کاریان لەسەر بکات، بەتایبەتیش لە دوای ئەو شکستە سەربازییەی دووچاری ڕێکخراوی " داعش" بوویەوە. زۆربەی کارەکانی نووسینگەکە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا جەختی لەسەر پتەوکردنی سیستمی یاسایی لە عێراق دەکردەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا. جا بە ڕەچاوکردنی ئەو گرنگیدان و بایەخەی هاوبەشە عێراقییەکان سەبارەت بە فراوانکردنی کاری نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان لە عێراقدا پیشانیان دا، نووسینگەکە لە ساڵی ٢٠١٩ دا دوو نێردەی هەڵسەنگاندنی بڵاوکردەوە، کە لەمیانی هەردووکیاندا دەستنیشانی سەرلیستەکانی هاوبەشیی ئایندەیی نووسینگەی عێراق کرا، بە هاوبەشیی بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەر و بەرپەرچدانەوەی تاوانی ڕێکخراو و گەندەڵی و ڕیفۆرمی نێو بەندیخانەکان و تەندروستیشەوە. نووسینگەکە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ شدا و وەك پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی ڕیفۆرمی پەیکەرەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان، فەرمانبەرێکی بە سیفەتی " ڕێکخەری دێرینی بەرنامەکە" ناردە عێراق، کاری ئەم ڕێکخەرەش لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی توانای کردەییانەیە لەسەر زەویی واقیع و بەرنامەی هاوکاریی دوورمەودایە کەوا لە چوارچێوەی سەرلیستە نیشتمانییەکاندا دەچەسپێت و جەخت لەسەر سەروەریی یاسا و سیستمی دادپەروەری دەکاتەوە.

فڕۆکەخانە بێمەترسییەکان بۆ هاووڵاتییانی بێمەترسی: " پرۆژەی ڕێگەکانی پێوەندیی نێوان فڕۆکەخانەکان"ی سەر بە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە

مادەی هۆشبەر و تاوان، پاڵپشتی و یارمەتیی پێشکەشی عێراق دەکات لە بەرپەرچدانەوەی تیرۆر و تۆڕە تاوانکارە ڕێکخراوەکانی نێو فڕۆکەخانەکان.

کردە تیرۆرستییەکان و تاوانە ڕێکخراوەکان لەسەر ئاستی جیهان ئاڵۆزتر بوون. لەگەڵ پێشبینیکردنی زیاتربوونی ژمارەی گەشتیاران بۆ دوو هێندە لە بیست ساڵی داهاتوودا، فڕۆکەخانەکان و وابەستەیی ئەو گەشتانەی هێڵە ئاسمانییەکان پێشکەشیان دەکەن، لە لایەن لایەن و گرووپە تیرۆرستییەکان و کۆمەڵە ڕێکخراوەکانی تاوانکاری لەو چالاکییە تاوانکارییانەی سنووری نیشتمانی دەبڕن، دەکەونە بەر ئەگەری خراپ سوود لێ وەرگرتن.

جا لەپێناو یارمەتیدان و پاڵپشتیکردنی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئالنگارییانەدا، " پرۆژەی ڕێگەکانی پێوەندیی نێوان فڕۆکەخانەکان" کەوا لە لایەن نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوانەکان و بە هاوکاریی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی بۆ پۆلیسی تاوانکاری ( ئەنتەرپوول) و ڕێکخراوی گومرگە جیهانییەکان جێبەجێ دەکرێ، یەکەمین خولی مەشقی لە بەغدا سەبارەت بە " دەستنیشانکردنی ڕووگە و لایەنەکان و ڕێگەگرتن لە گەشتیارە گومانلێکراوەکان" لە ٨- ١٢ ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٩ بەڕێوەچوو. ئەم چالاکییە بە هەنگاوی یەکەمی نێو زنجیرەیەك چالاکیی دیکە دادەندرێ کە بەهۆیەوە بە تۆڕێك بە ٣٤ وڵاتی دیکە ( ٤٠ فڕۆکەخانە) ی بەشدار لە بەرنامەکە دەبەسترێتەوە.

## یەکیەتیی لە هەمەچەشنیدا: سەردانیکردنی دیراسییانەی بەرپرسانی عێراقی بۆ میشیلن ( لە بەلجیکا)

هەمەچەشنی و هەمەگیریی هەمووان و لێبوردەیی و ئاوێتەبوون ، بە چەند بەهایەکی سەرەکیی پەیکەرە و پێکهاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەندرێ، بەڵام هێشتاکە دژوارە لە چوارچێوەی بەرپەرچدانەوەی تیرۆر و ئەو توندڕۆییەی مۆرکێکی توندوتیژانەی هەیە، بکرێنە چەن کردارێکی ڕاستەوخۆ. یەکێك لە ڕێگە کردەیی و هەموارەکانی بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی ئەم ئالنگارییانە فێربوون و دەرس وەرگرتنە لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی پێشوو. لە ماوەی نێوان ١٨ تا ٢٠ ی ئاداری ساڵی ٢٠١٩، هەریەکە لە خاتوو "کریستیان ئەلبیرتینی" نوێنەری نووسینگەی هەرێمییانەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیای سەر بە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، و بەڕێز "عەلی یونس"ی ڕاوێژکاری هەرێمییانەی نووسینگەی کاروباری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لە سەردانێکی دیراسیدا کە لقی قەدەغەکردنی تیرۆری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر ڕێکی خستبوو، هاوڕێیەتی یەکترییان کرد سەردانی کر تەلاری شارەوانیی شارۆچکەی میشیلینی بەلجیکلیان کرد، ئەم سەردانە بە ئامانجی پتەوترکردنی توانای ئەندامانی شاندەکە بوو لە چارەسەرکردنی دۆخی قەیرانەکان و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و قەدەغەکردنی توندڕۆییەکی پڕ لە توندوتیژی.

جا لەبەرئەوەی بەلجیکا ٥٦٥ چەکداری تیرۆرستیی بیانیی هەبوو، ئەوا شاری میشیلن یەکێك بوو لەو جڤاك و شارۆچکە سەرەکییانەی کە هیچ هاووڵاتییەکی نەچووبووە ڕیزی تیرۆرستانەوە. هۆی ئەم دەرئەنجامانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەستپێشخەری و هەوڵەی کە دانیشتووانی شارۆچکەکە لەژێر سەرکردایەتیی عومدەی ئێستەیاندا " بارت سومرز" خستبوویانە گەڕ، ناوبراو لە لایەن " دەستگەی عومدەکانی شار" وەك ڕێزلێنانێك لە هەوڵ و کۆششەکانی لە ساڵی ٢٠١٦ دا خەڵاتی " عومدەی جیهان" ی پێبەخشرابوو.

دەرفەتی بینینی عومدەی میشلین بەڕێز "سومەر" بۆ سەردانیکاران ڕەخسا بۆ ئەوەی لەپێناو هاوکاریی لە بواری ئەمنیدا گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی " پۆلیس و مافەکانی مرۆڤ" بکەن. بەڕێز "سومرز" لە کاتی ئاخاوتنەکانی سەبارەت بە ڕۆڵی پۆلیس لە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی هاوکاریی ئەمنیی لەمیانی ئاوێتەکردن و هەمەجۆریدا، گوتی: " لە شارۆچکەی میشلین وەها لە ڕێبازی شەڕکردن بە دژی تاوان دەنواڕدرێ بەوەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی سیاسەتێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە هەردەبێ جڤاك تەڤلی ئەمە بێت، دووەمیش، ئێمە بۆ سزادانی گرووپ و کۆمەڵەکانی نێو جڤاك، پۆلیسی خۆمان بەکارناهێنین". لە کۆتایی سەردانەکەشدا کۆمەڵێك ڕاسپاردە بۆ دیاریکردنی ڕێگەکانی دووبارەکردنەوەی ئەزموونی شارۆچکەی میشیلن لەو شارەوانییانە دڕێژران کە لە عێراقدا هەڵبدەبژێردرێن.

## دەستکردن بە هەوڵەکانی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان لە عێراقدا

لە چوارچێوەی ڕێبازی تەواوترکردنی بەڕێوەبردنی دەروازە سنوورییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، دەستەی دەروازە سنوورییەکان داواکاریی ئاراستەی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی گواستنەوە و وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگری و ناوەخۆ و دەستەی گومرگەکان کرد بۆ ئەوەی لە ١٨ ی شوباتی ساڵی ٢٠١٩ لە بەغدا کۆببنەوە. ئامانجی ئەو کۆبوونەوەیەی کە بە ئامادەیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ و یەکییەتیی ئەورووپا و ئوسترالیا و نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەچوو، دۆزینەوەی لایەنەکانی هاوکاری بوو بە پێی بەرنامەی چاودێریکردنی حاوییەکانی سەر بە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە دەستەی دەروازە سنوورییەکان بۆ دانانی چەند ڕێکارێکی هاوکاریی ڕەسمی لەگەڵ نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت مادەی هۆشبەر و تاوان چەندان هەنگاوی هەڵێنا، بە واژۆکردنی یادداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن و دامەزراندنی لیژنەیەکی ئاراستەکارانەشەوە. یەکێك لە هەوڵە یەکەمەکانیش بریتی بوو لە کاری هاوبەش بۆ تواناسازیی ئەفسەرانی جێبەجێکردنی یاسای عێراقی لە دەروازەی تریبیلی سنووری و ئەفسەرانی جێبەجێکردنی یاسای ئوردنی لە دەروازەی سنووریی کەرامەدا. یەکییەتیی ئەورووپا گوژمەی بۆ ئەو چالاکییانە تەرخان کرد کە یەکەمینیان لە عەمانی ئوردن دا لە ٧-١٨ی نیسانی ساڵی ٢٠١٩ دەستیپێکرد و ئەو چالاکییانەش بەدرێژاییی ساڵی ٢٠١٩ بەردەوام دەبن. هەروەها نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، کار بۆ کۆکردنەوەی گوژمە دەکات بۆ فراوانکردنی چوارچێوەی هاوکاری، بۆ ئەوەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا و میناء ئوم قەسریش بگرێتەوە.

## تواناداركردنی ئەو ژنانەی لە بواری دادی تاوانکاریدا کار دەکەن لە چوارچێوەی پلانی کاردانەوەی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر

لەو کاتەی هەوڵەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ لێکەوتەکانی دوای هێرشە تیرۆرستییەکان دەستپێدەکات و تاوانکاران دەدرێنە دادگە و پاڵپشتی بۆ قوربانی و ڕزگاربووەکان دەستەبەر دەکرێ، ئەوە ددانی پێدانراوە لەسەر پانتاییەکی فراوان لە عێراق کە تواناداركردنی ژنان سەبارەت بە کردەی هەنووکەیی ڕێگەگرتوو بۆ بنیادنانی ئاشتی و کاردانەوەی دادپەروەریی تاوانکاری لەهەنبەر تاوانە تیرۆرستییەکان، زۆر گرنگە.

لەمبارەیەوە، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان لە ٧ ی ئاداری ٢٠١٩ لە هەولێردا چاوپێکەوتنێکی گەورەی ڕێکخست، کە لایەنە پێوەندیدارەکانی لەخۆ گرت، ئەمەیش بۆ دەستپێکردن و ڕاگەیاندنی بەرنامەیەکی نوێی تایبەت بە " پتەوترکردن و پاڵپشتیکردنی توانای ئەو پیشەوەرە ژنانەی لە کەرتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا کار دەکەن". کۆبوونەوەکە نزیکەی ٤٠ نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکانی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ناوەخۆ و داد و پەروەردە و پەرلەمان و دەستگە دادوەرییەکان و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق ( یۆنامی) و دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان، و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ڕێکخراوی تواناداركردنی ژنانی لەخۆگرتبوو، لەپێناو وەدەستهێنانی بیروبۆچوونی گشت کەرتە هاوبەشەکانی بەرنامە بڕیار لەسەر دراوەکە.

ئەو داتایانەی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان لەمیانی ژمارەیەکی زۆری ئەو چالاکییانەدا کۆی کردبوویەوە کە خۆی جێبەجێی کردبوون، ئەوەی دەرخست کە زۆربەی شاندەکان لە پیاوان پێکهاتبوون، ئەمەیش بووە هۆی هاتنەکایەی ئەو بەرنامەیەی پێشتر باسمانکرد. لەبەرئەوە لەسەر بنەمای داواکاری و بانگەوازەکانی پێشوودا هەوڵی وەدیهێنانی زۆرێك لە تواناداركردنی ڕۆڵی ژن خرانە گەڕ، چونکە ئەو ڕۆڵە لە هەوڵەکانی ڕووبەڕووبونەوە و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا کرۆکی و سەرەکین.

ئامادەبووان ڕێز و پێزانینی خۆیان لەهەنبەر ئەو پێشنیاز و دەستپێشخەرییانە دەربڕی کە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان پێشکەشی کردوون، هەروەها ئاماژەیان بە هەوڵە هاوشێوە و پێوەندیدارەکانی تایبەت بە بەشدارپێکردنی ژن کرد، بۆ نموونە: پلانی کاری نیشتمانی کە عێراق سەبارەت بە بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە ژن و ئاشتی و ئاسایش دایناوە. کۆبوونەوەکە بووە هۆی چەند گفتوگۆیەکی بەرهەمدار و هانی لایەنە پێوەندیدارەکانی دا بۆ دیاریکردنی هەندێك لەو کۆسپوتەگەرانەی کە لەوانەیە لە وەرگرتنی پۆستی نێو مەڵبەندەکانی دروستکردنی بڕیار و وەدەستهێنانی میزانیە لە بەرژەوەندیی بەرنامەی ژن و ئاشتیدا بکەونە بەردەم ژنان. کەسانی پێوەندیداریش لەنێو ئەو توێژینەوانەی سەبارەت بە پرسەکانی ژن بەڕێوە دەچن، جەختیان لەسەر پێویستیی دەستەبەرکردنی گۆشەنیگا و بیروبۆچوونەکانی ژن کردەوە.

## ئاهەنگی تەواوبوونی پێنج ساڵەی تەمەنی بەرنامەی فەرعیی بۆ قەدەغەکردنی کارە تیرۆرستییەکان کە ئامانجی پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی عێراقە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ساڵەکانی ٢٠١٤- ٢٠١٩

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، لە قەدەغەکردن و بەرەنگاربوونەوەی کردەوە تیرۆرستییەکان هاوکارییەکی پتەوی حکوومەت دەکات. کار و هەوڵە وەدیهاتووەکانیشی لەمبارەیەوە پرۆژە یاسای نوێی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە کە ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئێستەدا خەریکە چاوی پێدا دەگێڕێتەوە، هەروەها ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی توندڕۆییی توندوتیژ و دامەزراندنی کۆمەڵەی ( رابگە) قوربانیانی تیرۆریش چەند کارێکی دیکەی گرنگن. چالاکییەکەش بۆ ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی وەدیهێنانی ئەو دەستکەوت و کارە گرنگانە لە بەغدا و لە کۆشکی میوانداریی سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران لە ١٤ی نیسانی ساڵی ٢٠١٩ بە ئامادەبوونی چەند نوێنەرێکی مەملەکەتی یەکگرتوو و

دانیمارك و یابان بەڕێوەچوو.

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، تەوابوونی پێنج ساڵی تەمەنی بەرنامەی فەرعیی بۆ قەدەغەکردنی کارە تیرۆرستییەکان ڕاگەیاند، کە ئامانجی پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی عێراقە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر سەبارەت بەو بەرنامەیەی یابان و دانیمارك پاڵپشتیی دەکەن و بریتییە لە پرۆژەیەکی جیهانی بۆ پتەوکردنی ئۆرگان و پێکهاتەی یاسایی دژ بە تیرۆر بۆ ساڵەکانی ٢٠١٤- ٢٠١٥ ، ٢٠١٥-٢٠١٦ ، ٢٠١٦-٢٠١٧ ، ٢٠١٧- ٢٠١٨، لە کۆتاییشدا و دوای ئازادکردنی مووسڵ لە هەردوو ساڵی ٢٠١٨- ٢٠١٩ حکوومەتی یابانی پشتگیریی دەکات، هەروەها ڕێکارەکانی پاڵپشتیکردنی دادپەروەریی تاوانکاری کە دژی تیرۆر گیراوەتە بەر، هەروەها بەرنامەی بەرەنگاربوونەوەی تاوانی دیکەی ڕێکخراو لە عێراق بە هەردوو قۆناغەکەی ( قۆناغی یەکەم بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧- ٢٠١٨، قۆناغی دووەم بۆ هەردوو ساڵی ٢٠١٨- ٢٠١٩) بە یارمەتیی حکوومەتی دانیمارك بەڕێوەچوو.

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان بۆ بەردەوامیدان بە هاوبەشییەکەی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی سەبارەت بە هاوکاریی ئایندەیی بۆ دەستەبەرکردنی پاڵپشتی لەپێناو جێبەجێکردنی ستراتیژی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕۆییی ئەو توندوتیژەییەی دەبێتە هۆی تیرۆر و تۆقاندن، لەوپەڕی ئامادەباشیدایە. بەڕاستیش سازدانی ئەو جۆرە هاوبەشییانە لەگەڵ " پرۆژەی جیهانی بۆ پتەوکردنی پەیکەرە و ئۆرگانی یاسایی دژ بە تیرۆر لە عێراق دوای ئازادکردنی مووسڵ بۆ هەردوو ساڵی ٢٠١٨- ٢٠١٩" هاوکاتن.

## ۆرکشۆپی نیشتمانی سەبارەت بە ئەنجام و لێکەوتەکەنای توێژینەوە سەبارەت بە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ڕۆڵی ژنە بەرپرسەکانی عێراق لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراقدا

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان و ۆرکشۆپی نیشتمانی سەبارەت بە ئەنجام و لێکەوتەکانی توێژینەوەی هەنبەر پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ڕۆڵی ژنە بەرپرسەکانی عێراق لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراقدا، لە ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ لە عەمانی ئوردن ۆرکشۆپێکی سازکرد. ۆرکشۆپەکە بۆ بەدیارخستنی توێژینەوەیەکی لێکۆڵینەوەیی ئامادەکراو سەبارەت بە جیاوازیی نێوان هەردوو ڕەگەز و نوێنەرایەتیکردنی ژن لە دەستگەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و سەرکردایەتی و ڕۆڵەکانی دروستکردنی بڕیار و کارایی ڕۆڵی ژنانی پیشەیی دەستبەکار لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراقدا بەڕێوەچوو، هەروەها دۆخی توانا هەنووکەییەکانی ژن لەنێو کۆمەڵێك سیاسەت و پێڕەوکردنی یاسا و وەدیهێنانی توانا یاساییەکانی تایبەت بە کادری ژن لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا شیکرایەوە. ۆرکشۆپەکە پێکهاتبوو لە نوێنەرانی هەردوو کەرتی پێڕەوکردنی یاسا و دادپەروەریی تاوانکاریی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراقی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وردبوونەوە لە دەرئەنجامی توێژینەوەکە و پێشنیازکردنی ڕێگەکانی هەنگاونان بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی تواناسازیی ژن لەو بوارانەی تایبەتن بەخۆیان. ۆرکشۆپەکە مینبەرێکی گفتوگۆی دەستەبەر کرد و سەبارەت بە چەندان پرسی تایبەت بە ژن و ئاشتی و ئاسایش و پرسەکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، زانیاریی زیاتر کرد، هەروەها سەبارەت بە دانانی چەند پلان و ستراتیژێکی کرداری، توانا تەکنیکییەکان و کارامەییەکانی ژنانی پتەوترکرد.

دەرئەنجامەکانی ۆرکشۆپەکەش ئەمانە بوون:

- پیشاندانی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی واقیعی سەبارەت بەو سەردانانەی کە لە بەغدا و هەولێردا بۆ فەرمانگە پێوەندیدارەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کراون.

- پێکهێنانی چەند کۆمەڵەیەکی کەرتی و کۆمەڵەکانی گفتوگۆ بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و پێشنیاز و ڕاسپاردە و ئەو سیاسەتانەی پێوەندییان بە جۆری کۆمەڵایەتی هەیە، لەژێر تیشکی ئەو ئالنگارییانەی توێژینەوەکە دەریخستبوون.

- هەر کۆمەڵەیەکی کەرتیش چەند ڕاسپاردەیەکی کارای دارشت و دواتریش گوتەبێژی هەر کۆمەڵەیەکیش بەناوی خودی کۆمەڵەکەوە ئەو ڕاسپاردانەی خستە ڕوو.

- کەسانی بەشدار لیستی کۆتایی ڕاسپاردەکانیان دارشت بۆ ئەوەی پێشکەشی ڕاوێژکارانی بکەن.

ئەم ڕاسپاردانەش ئەو بوارانەی گرتەوە کە پێویستیان بە تواناسازی و پاڵپشتیی تەکنیکی هەیە و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان لە ڕەوتی جێبەجێکردنی قۆناغی دواتری پرۆژەکەدا، لەبەر چاوی دەگرێ.

ئامانجی گشتیی توێژینەوەکەش گەڕان و گفتوگۆکردن بوو سەبارەت بە ڕێگەکانی هەنگاوهەڵێنان بۆ تواناداركردنی ئەو ژنە پیشەوەرانەی لە بواری دادوەریی تاوانکاریدا لە دەستگە فیدراڵییەکان و دەستگەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن، هەروەها زیاترکردنی ئەو کارامەییانەیان بوو کە تایبەتن بە پێوەندیی بەردەوام، ئەمەیش بۆ دەستەبەرکردنی هەمەگیرکردنی ئەو ڕێکارانەی لە عێراقی دوای داعشدا دەگیرینە بەر بۆ پاڵپشتییەکی پێشکەشکراو بە ژن کە شێوەیەکی بەردەوامی بەخۆیەوە بگرێ و گشت کەرتەکان بگرێتەوە.

ۆرکشۆپی تایبەت بە " دەرئەنجامەکانی نامیلکەی هونەریی تایبەت بە بەرپرسانی دادوەریی تاوانکاریی سەبارەت بە پتەوترکردن و پاڵپشتیکردنی کارای جێگرەوەکانی سزادانی بەندیخانە لەو تاوانانەی پێوەندییان بە تیۆرەوە هەیە

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان/ لقی قەدەغەکردنی تیرۆر، لە عمانی ئوردن ۆرکشۆپێکی تایبەت بە عێراقی ڕێکخست، ئەم ۆرکشۆپە سێ ڕۆژ بەردەوام و لە ڕێکەوتی ٢٧ ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ دەستپێکرد و لە ٢٩ ی هەمان مانگدا کۆتایی هات. سازکردنی ئەو ۆرکشۆپەش تایبەت بوو بە " دەرئەنجامەکانی نامیلکەی یارمەتیدانی هونەریی تایبەت بەو بەرپرسانەی پێوەندییەکیان بە دادوەریی تاوانکارییەوە هەیە، لەپێناو پاڵپشتیکردنی بەکارهێنانێکی کارای جێگرەوەکانی بەندیخانە بوو لەهەنبەر ئەو تاوانانانەی پێوەندییان بە تیرۆرەوە هەیە". ۆرکشۆپەکە لە چوارچێوەی پرۆژەی " پاڵپشتیکردنی بەکارهێنانی کارای جێگرەوەکانی بەندیخانە لە تاوانەکانی پێوەندیدار بە تیرۆر" ڕێکخرا، ئەم پرۆژەیەش سەر بەنووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوانە و لە لایەن حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمریکاوە گوژمەی بۆ تەرخان کراوە.

ۆرکشۆپەکە بە یەکێك لەو خولە مەشقییە پێشەنگانە دادەندرێ کەوا لەپێناو گفتوگۆکردن سەبارەت بە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی جێگرەوەکانی بەندیخانە و ئەو ڕێکارانەیە کە لە پرسەکانی تیرۆردا ئازادی پێشێل و زەوت ناکەن، هەروەها دۆزینەوەی چەند میکانیزمێکی یاسایی و دەستگەییی بەرپایە بۆ گرتنەبەر و پێڕەوکردنی ئەو ڕێکارانە، بە ڕەچاوکردن و ملکەچی لەهەنبەر یاسا و سیاسەتە نیشتمانییەکانەوە. ئامانجی ۆرکشۆپەکە پتەوترکردن و پاڵپشتیکردنی توانای بەرپرسانی عێراقە سەبارەت بە بەکارهێنان و پێڕەوکردنی جێگرەوەکانی بەندیخانە لەو تاوانانەی مۆرکێکی تیرۆرستانەیان هەیە، هەروەها کاردانەوەشە لەهەنبەر ئەو ئالنگارییانەی لە بەڕێوەبردنی ژمارەیەکی زۆری پرسەکانی تیرۆر و دەستبەسەرکراوەکان هەر لە کاتی شکستهێنانی ڕێکخراوی " داعش"ەوە ڕووبەڕووی سیستەمەکانی بەندیخانەی عێراقی دەبێتەوە.

## وردبینکردنی ڕاستییەکان: نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان لە عێراقدا

### لە بواری یاسا داناندا



- ٤ ۆرکشۆپی پسپۆڕانەی یاسادانانی ڕێکخستووە.
- بڕیار لەسەر یەك یاسا درا: یاسای بەرەنگاربوونەوەی شۆردنەوەی دراو و کۆمەکی دارایی بە تیرۆر.
- یەك یاسا هەیە چاوەڕوان دەکرێ لە پەڕلەمانەوە بڕیاری لەسەر بدرێ: ئەویش یاسای نوێی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە.
- دوو یاسا لە دۆخی ئامادەکردنن: یاسای بەڵگە دیجیتاڵییەکان و یاسای ئەو مادە کیمیاییانەی دووسەرە بەکاردەهێندرێن.

### تواناسازی و بنیادنانی توانا



- ڕێکخستنی ٣٤ چالاکی بۆ تواناسازی و بنیادنانی توانا.
- مەشقکردن بە ٦٦٠ بەرپرس.
- ١٠ بابەتی تایبەت بە تیرۆر.
- ١٩٨ پسپۆڕ لەنێوان خۆیاندا شارەزاییەکانی خۆیان ئاڵوێرکرد.
- دانانی ٢١ بەڵگەنامە کە ڕاسپاردەکان لەخۆدەگرێ.

### هاوکاریی هەرێمی و نێودەوڵەتی

- سازکردنی حەوت کۆبوونەوەی پسپۆڕانە و تایبەتمەند.
- مەشقکردن بە ٥٦ بەرپرس.
- ئاخنینی یاسایەکان بە ٨ میکانیزمی زەمینەسازی بۆ هاوکاری.



- پێکهێنانی دوو تۆڕی هەرێمییانە.
- بەڕێوەبردنی هەشت سەردانی لێکۆڵینەوەیی بۆ پتەوکردنی هاوکاری.
- هەناردنی دوو نێردە بەرەو بەغدا و بەسرا بۆ بنیادنانی هاوبەشییەکان.



# نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق، لەمیانی هەماهەنگیکردن و بانگەشە و سیاسەتەکان و بەڕێوەبردنی زانیارییەکان و ئامرازەکانی تەمویلی مرۆیی و خزمەتگوزارییەکان، بەشداری لە وەدیهێنانی کاردانەوەی مرۆییانەی ڕێبازییانە و کارا دەکات.

عێراق بە قۆناغی ڕاگوزەریدا تێدەپەڕێ. کردە گەورەکانی سەربازی دژی ڕێکخراوی داعش بەشێوەیەکی ڕەسمی لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧ دا ڕێگەی بۆ گەڕانەوەی ملیۆنان ئاوارەی عێراقی خۆشکرد بگەڕێنەوە ناوچە و ماڵوحاڵی خۆیان، بەڵام پلانی گەڕانەوەکە هەر لە ساڵی ٢٠١٨ ەوە خاو بوویەوە، چونکە وڵاتەکە ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕاستییەکانی دوای ململانێیەکە خستبووە گەڕ. هەروەها گرژییە تائیفی و جڤاکییەکانیش لە چەندان بەرەوە بەردەوام بوون، مەترسییەکانی شڵەژان و شپرزەییە سیاسییەکان و کارەساتەسرووشتییەکانیش پێداویستییە هەنووکەییە مرۆییەکانی زیاتر کەڵەکە کرد، ئێستەیشی لەگەڵدا بێت دیۆوزمەی ململانێی چەکدارانە و ئاوارەبوونی سەرلەنوێ بوونی هەیە.

هەرچەندە ڕەوتی مرۆیی لە عێراقدا چووەتە سەر قۆناغی دوای ململانێ، وەلێ هێشتا کەسانی بێتوانا و کەمدەرامەت ڕووبەڕووی

**لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩دا ژمارەی ئەو هاووڵاتییە عێراقییانە پێویستییان بە یارمەتیی مرۆییانە هەیە گەیشتووەتە ٤,١ ملیۆن کەس، لەوانە ١,٧٧ ملیۆنیان بەهۆی قەیرانەکەوە پێویستیی زۆریان بە یارمەتی و کۆمەکەکان هەیە**

ئالنگاریی دژوار بوونەتەوە. چونکە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩دا ژمارەی ئەو هاووڵاتییە عێراقییانە پێویستییان بە یارمەتیی مرۆییانە هەیە گەیشتووەتە ٤,١ ملیۆن کەس، لەوانە ١,٧٧ ملیۆنیان بەهۆی قەیرانەکەوە پێویستیی زۆریان بە یارمەتی و کۆمەکەکان هەیە. نزیکەی ١,٥ ملیۆن کەس لە کۆی ٦ ملیۆن کەس کە لە ماوەی ململانێ لەگەڵ داعش لە ٢٠١٤- ٢٠١٧ ئاوارەبوون، هێشتاکە لە دۆخی ئاوارەیی نێوخۆییدان، ماوەی ئاوارەیی ٧٠٪ ئەو کەسانەش زیاتر لە سێ ساڵی تێپەڕاندووە، ئەمەیش وایکردووە ئەگەری ئاوارەبوونێکی درێژخایەن ببێتە ڕاستییەك.

یەکێك لە هۆیەکانی مانەوەی خەڵك لە دۆخی ئاوارەیی، هەبوونی چەند گرژییەکی تائیفییە لە ناوچە و شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوویان، یانیش ڕووخان و وێرانبوونی خانوو و ماڵیانە بەهۆی بوونی پاشماوەی مەترسیداری جەنگی و نەبوونی هەستی ئاسایش و خزمەتگوزارییەکان- ڕێك خزمەتگوزاییە تەندروستییەکان و پەروەردە و فێرکردن- و نەبوونی ڕێگە و دەرفەتەکانی پەیداکردنی بژێوی و دەرامەت. خۆ ئەگەر ئاشتەواییەکی جڤاکی و دووبارە ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوەی ئابووری بەشێوەیەکی بەرفراوان نەیەنەدی- کە هەر هەمووشیان لە دەرەوەی تەوەری مرۆییدان- پێشبینی دەکرێ ئەم ژمارانە تا ساڵی ٢٠٢٠ بەردەوام بن.

هەرچەندە عێراق بە قۆناغی دوای ململانێ تێدەپەڕێ، بەڵام هەندێك دینامیك هەن ناکرێ لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا پێشبینی بکرێن، بێگومان کاریگەریشیان بەسەر بەرنامە مرۆییەکاندا دەبێت. ئێستەش هێرشە جۆراوجۆرەکانی گرووپە چەکدارەکان و لە تەك کردە قەبارە بچووکە سەربازییەکان بەردەوامە، ئەمەیش دەبێتە هۆی دروستکردنی شەپۆلێکی دیکەی ئاوارەبوون و کاریگەریی خراپی بەسەر تێکڕای گەڕانەوەی ئاوارەکاندا دەبێت. لە هەمان کاتیشدا، ئەو خۆپیشاندانە سیاسییانەی هەر لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩دا لە سەرانسەری وڵاتدا بەڕێوە دەچن، بە چەندان شێوە کاریگەریی خراپیان کردووەتە سەر کردە مرۆییەکان بە کردەکانی گەیشتن و ڕێپێدان و سیستمە بانکییەکان و بەشداریکردنی حکوومەتیشەوە.

پاراستن بۆ ساڵی ٢٠١٩ هەر بە کاری لەپێشینەی مرۆیی مایەوە. هێشتاکەش چەندان مەترسیی تایبەت بە پاراستن خۆیان زەقکردووەتەوە، بە تۆڵەکردنەوە لەو کەسانەشەوە کە باوەڕەکان وەهان سەر بە گرووپە توندڕۆیەکانبن، هەروەها توندوتیژیی نەژادی و تائیفی و گەڕاندنەوەی پێشوەختە و زۆرەملێیانە و کۆسپ دروستکار و کەمیی بەڵگەنامە زیندووە مەدەنییەکان و نەبوونی دروستیی ئەقڵی و پاڵپشتیکردنی دەروونی- کۆمەڵایەتی بۆ ئاوارەکان و ئەو ئاوارانەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، پێویستیان بە پاڵپشتییەکی تایبەتمەندانە هەیە، پیسبوونی زۆری زەویش بە تەقەمەنییە جۆراوجۆرەکان (بە ماڵە تایبەتەکانیشەوە) و پرسەکانی نیشتەجێکردن و زەوی و زار و



مووڵکەکانیش چەندان گرفت و ئاڵنگاریی دیکەن. هەروەها هێشتاکە هاوبەشەکانی بواری مرۆیی ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی گەیشتن بوونەتەوە، بەتایبەتیش لەسەر ئاستی پارێزگەکان و ئاستی خۆجێیی، چونکە نووسراوەکانی سەرپشکردن کە هەمووان بڕیاریان لەسەر داوە، ڕەت دەکرێنەوە، هەروەها کۆمەك و یارمەتییەکانیش دەخرێنە بەر دەستی چەند لایەنێکی ناپسپۆڕ و دوور لە مەسەلەکە، ترساندنی کارمەندانیش لە گۆڕێدایە و ڕێگەیان پێنادرێ بگەنە ئەو کەسانەی زیانیان بەرکەوتووە. نووسینگەی هەماهەنگیی کاروبارە مرۆییەکان بە پاڵپشتیی هاوبەشانی بواری مرۆیی بۆ ئیدارەدانی ئەو کۆتوبەندانە هەوڵی خۆی خستەگەڕ، بەڵام پێویستیی بەردەوامی چارەسەرکردن و نەهێشتنی ئەو کۆتوبەندانە دەبێتە لەمپەری بەردەم کاری زیندووانەی ڕزگارکەری ژیان، مەبەستمان ئەو کارانەیە کە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشانی نێو ڕێکخراوە ناحکوومییەکان خەریکی ڕاپەڕاندنیانن.



ئامانجی پلانی کاردانەوەی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ پاراستنی سەلامەتیی جەستەیی و ئەقڵییە بۆ ئەو کەسانەی ململانێیەکە کاریگەریی خراپی لەسەریان جێهێشتووە، ئەجۆرە پاراستنانەش لەمیانی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکانی ڕەخساندنی پێداویستییە سەرەکییەکان و چارەسەرکردنی گرفتە ڕووگیرەکانی تایبەت بە ئاستەکانی بژێوییە لە ڕێگەی فراوانکردنی چوارچێوەی گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان. هەروەها بە ڕەچاوکردنی مەرکەزییەتی پاراستن لە عێراق، هاوبەشە مرۆییەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ لەپێناو وەڵامدانەوە لەهەنبەر پێداویستییە سەرەکییەکانی پاراستنی ئەو جڤاکانە کار دەکەن کەوا زیانیان بەرکەوتووە، بۆ ئەوەی بەپێی چوارچێوە کارپێکراوە یاسایی و سیاسەتییەکانەوە پاڵپشتی کردەی ڕاگوزەری بکەن بەرەو چارەسەری بەردەوام.

**ئامانجی پلانی کاردانەوەی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ پاراستنی سەلامەتیی جەستەیی و ئەقڵییە بۆ ئەو کەسانەی ململانێیەکە کاریگەریی خراپی لەسەریان جێهێشتووە**



# ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

## باسکردنی ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٩

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە ساڵی ٢٠١٩دا لە عێراق لە چارەسەرکردنی ئەو لایەنانە بەردەوام بوو کە پێوەندییان بە کۆچ و جێگۆڕکێیەوە هەیە، هەروەها کاردانەوەی لەهەنبەر ئەو ئالنگارییانە هەبوو کە تایبەتن بە لایەنە مرۆییەکان و چاکبوونەوە و ئالنگارییەکان لە بواری دانانی ئەو سیاسەتانەی وڵاتەکە ڕووبەڕوویان بووەتەوە. کاری ڕێکخراوەکە بەرنامەی ئامادەباشی و کاردانەوە و پاڵپشتیکردنی چارەسەرە بەردەوامەکان دەگرێتەوە لەمیانی ئاسانکاری و زەمینەسازی بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و دووبارە ئاوێتەکردنەوەیان بە شێوەیەکی بەردەوام و پاڵپشتیکردن لە دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیری و توندوتۆڵی و پتەویی کۆمەڵایەتی بۆ جڤاکە خۆجێییەکان و پاڵپشتیکردنی ئیدارەدانێکی تێروتەسەل و تەواو بۆ سنوورەکان و بە حەوکمە کردنی کۆچ و پۆلیسی جڤاکی شان بە شانی حکوومەت. ژمارەی کارمەندانی نێردەی ڕێکخراوەکە کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا دامەزراوە، ١،٥٠٠ کارمەندن، نووسینگە سەرەکییەکانیشی دەکەونە بەغدای پایتەخت و هەردوو پارێزگەی هەولێر و بەسرا و شاری مووسڵ. نێردەکە بە هاوکاریی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پاڵپشتی و یارمەتی پێشکەشی هەموو پارێزگە عێراقییەکان دەکات کە ژمارەیان ١٨ پارێزگەیە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراقدا لە هەردوو ناوچەی نێوەڕاست و باشووری تایبەت بە داڵدەدان- و مادەی نا خۆراکی و کۆمەڵەی کاری تایبەت بە گەڕانەوە، بەشداری لە سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵەی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان و کۆمەڵەی خوار نیشتمانی دەکات. ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٩دا داواکاریی لایەنە حکوومییە هاوشانەکان و هاوبەشەکانی پێگەیشت بۆ ڕابەرایەتی کردنی کاروبارەکانی لیژنەی هەشتەمی تایبەت بە سەکۆی هەماهەنگیی نێودەوڵەتیی تایبەت بە چاککردنی کەرتی ئەمنی کە جەختی لەسەر بەڕێوەبردنی سنووورە نێودەوڵەتییەکان دەکردەوە. ڕێکخراوەکە سەرکردایەتیی تیمی بەڕێوەبردنی بەرنامەی تیمی هەرێمیانەی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد و بەشداریشی لە سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵەی کاردا کرد " ئابووری بۆ هەمووان" بەو سیفەتەی بۆ چوارچێوەی هاوکاریی ستراتیژیی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێکە لە ئامادەکردن و پلاندانان.

## کار و چالاکییە ڕاپەڕێندراوەکانی ساڵی ٢٠١٩

### ئامادەباشی و کاردانەوە

ڕێکخراوەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی حوکوومەت و گشت هاوبەشەکانی دیکە لە چەند کۆمەڵەیەکدا بەشداری لە چارەسەرکردن و هێنانە کایەی پێداویستییە مرۆییەکان و کەمکردنەوەی لایەنە لاوازەکاندا کرد.

### هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان

تیمی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان، لەنێو کۆمەڵەی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگەکاندا یارمەتی و پاڵپشتیی پێشکەشی حوکوومەت و لایەنە چالاکەکانی وەك ڕێکخراوە ناحوکوومییەکانی نێو خێوەتگەکان و نشینگە نارەسمییەکان و بنیاتنانی توانای لایەنە چالاکییە خۆجێییەکان کرد. تیمەکە کارمان لە ٤٠ خێوەتگە و ٦٢ شوێنی نارەسمیی پارێزگەکانی ئەنبار و بەغدا و نەینەوا و سەلاحەددیندا کرد، ئەمەیش بووە هۆی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە نزیکەی ١٠٠،٨٦٠ کەس لە ڕێگەی تیمەکانی کاردانەوەی گەڕۆك و بەپێی پێویست. هەروەها ڕێکخراوەکە لەمیانی پێشخستنی ژێرخان و هەوڵ و کۆششەکانی کەمکردنەوەی مەترسییەکان و پێشکەشکردنی پاڵپشتی و یارمەتیی بە دەسەڵاتە خۆجێییەکان و ڕێکخراوە ناحوکوومییەکان لە بواری بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان و بنیادنانی توانایەکان لە بواری بەڕێوەبردنی خێوەتگەکاندا، پاڵپشتیی لە چاکترکردنی هەلومەرجی بژێوی و پاراستنی ئەو خانەوادانە کرد، کە لە خێوەتگە و شوێنە نارەسمییەکاندا نیشتەجێن.

### داڵدەدان و مادە ناخۆراکییەکان و ئەو کۆمەکە دراوییانەی فرە بەکارهێنراون

ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٩دا، ژمارەیەکی زۆری چالاکیی بەڕێوەبرد کە تایبەتن بە داڵدەدان، بەڕێوەبردنی ئەو چالاکییانەش بۆ پاڵپشتیکردنی هەلومەرجەکانی بژێوییەکی دوور لە مەترسی و شکۆمەندانە بوو، چونکە

ئەم چالاکییانە بریتی بوون لە پێشکەشکردنی کۆمەکی مادی و بابەتی و دراویی تەرخانکراو بۆ داڵدەدانی سێ هەزار و حەوتسەت و سی و سێ خانەوادە ( ٢٢،١٤٩ کەس). هەروەها ڕێکخراوەکە کاری نۆژەنکردنەوەی جۆری دووەمی ئەو خانوانەی جێبەجێ کرد، کە جەنگ لە پارێزگە سەرەکییەکانی گەڕانەوەی ئاوارەکاندا وێرانی کردبوون، ئەوانیش پارێزگەکانی ئەنبار و دیالە و کەرکووك و نەینەوا و سەڵاحەددین بوون. ئەمەیش بووە هۆی زەمینە خۆشکردن بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی و کۆمەك بە ٢٠٩٤ خانەوادە ( ١٢،١٩٩ کەس) لەگەڵ ٣٠٠ خانەوادە ( ١،٤٩٩) کەس بە هاوکاری و پاڵپشتیی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ لە هەرێمی کوردستان کە ڕێکخراوێکی ناحوکوومییە و چالاکی و کارە تایبەتەکانی لە پارێزگەی سەڵاحەددین بە گوژمەی تەرخانکراوی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ جێبەجێ کردبوو. چالاکییەکان بریتی بوون لە نۆژەنکردنەوەی خانووە ڕووخاوەکان و دروستکردنی خانووی کەمخەرجی و چاکترکردنی دۆخی داڵدەدان کە زۆر گرنگ بوون، هەروەها دەستەبەرکردنی کۆمەکەکانی جێگرەوەی کرێ و دەستەبەرکردنی ئەو مادانەی ڕێگری لە ڕۆیشتن و دڵۆپەکردنی ئاو دەکەن لەگەڵ گۆڕین و چاککردنەوەی خێمەکان.

هەروەها ڕێکخراوەکە یارمەتیی ناخۆراکیی بابەتییانە و پارەی پێشکەشی خانەوادە زۆر بێدەرەتانەکان کرد، کە ئاوارە بوبوون یانیش بەم دواییانە گەڕابوونەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بە یارمەتیی دراویی فرە مەبەستیشەوە- بەپێی پێداویستی و ڕەخساندنی دەرفەتی کار لە بازاڕدا. ئامانجی سەرەکیی ئەم بەرنامانە دەستەبەرکردنی وەدیهێنانی پێداویستییە سەرەکییەکان و بەشداریکردنە بەپێی توانا بەرەو وەدیهێنانی چارەسەرە دوورمەودایەکانی گرفتی ئاوارەیی. ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٩ دا چەند چالاکییەکی ناخۆراکی لە ١٠ پارێزگەی وەك ( ئەنبار و بەغدا و بەسرە و دیالە و هەولێر و کەرکووك و میسان و نەینەوا و سەڵاحەدین و سلێمانی) جێبەجێ کرد. بەرنامەکە بریتی بوو لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی بۆ ١٢،٣٩٥ خانەوادە لەمیانی بەخشینی پاکێجی پێداویستییە سەرەکییەکان و ٢٠٠٠ کەسیان لە پارێزگەکانی نەینەوا و کەرکووك و سەڵاحەددین لەمیانی میکانیزمی پسوولە ( قسائم)ی ئەلیکترۆنی لەجیاتی مادەی ناخۆراکی پارەی کاشیان وەرگرت. هەروەها ٣،١٨٣ خانەوادەش پێداویستییەکانی پاکوخاوێنیی تەندروستییان وەرگرت، هەروەها ١١،٤١١ خانەوادەش پێداویستییەکانی خۆئامادەکردن بۆ وەرزی زستانیان وەرگرت، هەروەها چەند خانەوادەیەکی دیکەش مادەی وەك پەتوو و پێخەفیان وەرگرت. ٧٥٣ خانەوادەش بۆ کڕینی مادەی ناخۆراکی چەند بڕە پارەیەکی کاشیان وەرگرت و ١،٠٠٣ خانەوادەش یارمەتیی فرە مەبەستی دراوییان وەرگرت.

## تەندروستی

ڕێکخراوەکە لەمیانی دەستەبەرکردنی زیاتر لە ١٧٣،٦٤١ ڕاوێژکاریی چاودێریی سەرەتایی تەندروستیدا پاڵپشتیی لە وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە سەرەتایی و مامناوەندییەکانی چاودێریی تەندروستی کرد، هەروەها لەمیانی پێنج نۆڕینگەی جێگیر و دوو تیمی گەڕۆکی چاودێریی سەرەتایی تەندروستی و حەوت تیمی گەڕۆکی پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی سیل و تیمێکی دیکەی گەڕۆکی پسپۆڕ لە پزیشکیی چاو، پاڵپشتیی پێشکەشی وەزارەتی تەندروستی کرد. هەروەها ٦،٤٣١ی حەواڵەی ئاراستەی پاشکۆیەکانی چاودێریی ناوەندی و سێیەمی تەندروستی کرد. ١،١٥٢ نەخۆشیش لە دۆخە کتوپڕەکاندا لەمیانی گواستنەوە بەهۆی ئوتۆمبێلەکانی فریاکەوتن یارمەتیان پێشکەش کرا، هەروەها ٥،٢٧٩ نەخۆش لەوانەی پێویستیان بە چاودێریی کتوپڕ نەبوو لەمیانی گواستنەوەی ناکتوپڕەوە یارمەتی و کۆمەکی گواستنەوەیان پێشکەش کرا. ڕێکخراوەکە لە بەشی پێشوازیدا و بۆ دڵنیابوونەوە لە توانای خانەوادە پەناخوازە سوورییەکان بۆ سەفەرکردن بەرەو خێوەتگە تەرخانکراوەکانی پەنابەران، خزمەتگوزارییەکانی پشکنینی پزیشکیی پێشکەش کردن. جگە لەمانەیش، بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستیی نزیکەی ٦٧،٤٩١ کەس لە نۆ پارێزگەی وەك ( نەینەوا و هەولێر و سەڵاحەددین و ئەنبار و دیالە و سلێمانی و دهۆك و کەرکووك و بەغدا) چالاکییە هۆشیارکەرەوەکان جێبەجێ کران. هەروەها ڕێکخراوەکە لەمیانی پشکنینی ئاستی بینین و فەراهەمکردنی چارەسەرە سەرەتاییەکان و ڕاستکردنەوەی چاو ( دەستەبەرکردنی چاویلکە پزیشکییەکان) یارمەتیی پێشکەشی ٧،٨٨٣ کەس کرد. ڕێکخراوەکە لەگەڵ حکوومەتی عێراقیشدا بەرنامەی سندووقی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئایدز و سیل و مەلاریا جێبەجێ کرد. هەروەها بەهۆی فەراهەمکردنی ئامێری پزیشکی و دابینکردنی تێچووەکانی وەگەڕخستن، پاڵپشتیی لە دوو نەخۆشخانەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستی کرا، هەروەها لەمیانی دەستەبەرکردنی چارەسەری نەخۆشییەکانی سینگ و ئامێرە تاقیگەییەکان و بنیادنانی توانایەکانەوە پاڵپشتیی لە گشت مەڵبەندەکانی بەرنامە نیشتمانییەکانی تایبەت بە سیل کرا کە ژمارەیان ١٩ مەڵبەندە. هەروەها ڕێکخراوەکە/ تیمە گەڕۆکە پزیشکییەکان لە نۆ پارێزگەی وەك: نەینەوا و هەولێر و سەڵاحەددین و ئەنبار و دیالە و سلێمانی و دهۆك و کەرکووك و بەغدا، چەند پشکنینێکی تایبەت بە نەخۆشیی سیلیان بۆ ١٧،٣٠٠ کەس کرد.

## پێوەندی و کاری بەردەوام لەگەڵ جڤاکە خۆجێیەکاندا

ڕێکخراوەکە پێوەندییەکی دوولایەنەی پتەوتر کرد و لەمیانی دەستپێشخەرییەکانی پێوەندی لەگەڵ جڤاکە خۆجێیەکاندا زانیاریی تایبەت بەو جڤاکانەی بڵاوکردەوە کە بەهۆی قەیرانەکەوە زیانیان بەرکەوتبوو. لە ساڵی ٢٠١٩ دا ٣،٧٨٤ ئاوارە بەشدارییان لە دانیشتنەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی تایبەت بە چەندان پرس کرد، لەوانە مەترسییەکانی جگەرەکێشان و پاکوخاوێنیی تەندروستی و لافاوەکان و بەرەنگاربوونەوەی ساختەکاری و مەڵبەندی پێوەندییەکانی تایبەت بە ئاوارەکان و یارمەتییە پێویستە دراوییەکان بۆ کڕینی کاڵای ناخۆراکی و ڕێگری لە دۆخەکانی خۆکوژی. هەروەها ٤٤،٣٧١ مادەی زیاترکردنی هۆشیاری دابەش کران. هەروەها ڕێکخراوەکە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی بۆ دروستیی ئەقڵ، لەپێناو بەرهەمهێنانی ڤیدیۆیەك بۆ هۆشیارکردنەوە لەهەنبەر غەمۆکی، هاوکاریی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کرد.

## گواستنەوە

ڕێکخراوەکە خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی ئاوارە و پەناخوازانی سووری دەستەبەر کرد، بە خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی نێو خێوەتگەکانیش بۆ نزیکەی ٨٥٠ ئاوارەی نێو هەردوو پارێزگەی کەرکووك و سەڵاحەددین کە هەندێکیان بەهۆی داخستنی خێوەتگەکان و کردەکانی ئاوێتەکردن و سەفەرکردنی هەندێکی دیکەیان بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئەندامانی خانەوادەکان بەپێی داواکاریی حکوومەت یان بەڕێوەبەرانی خێوەتگەکانەوە پێویستیان بە گواستنەوە هەبوو. هەروەها ڕێکخراوەکە لە خاڵە سنوورییەکانی پارێزگەی نەینەوا بەرەو خێوەتگەکانی پارێزگەی دهۆك، خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی بۆ ٤،٠٠٤ خانەوادەی پەنابەر ( ١٨،٩٥٤) کەس دەستەبەر کرد.

## دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ جڤاکە خۆجێیەکان

هۆبەی دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ جڤاکە خۆجێیەکان، بۆ پاڵپشتیکردن لە پتەوی و توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتیی نێوان جڤاکە خۆجێیەکان و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی توانای خۆڕاگری بۆ ئەو خەڵکانەی بەهۆی ململانێیەکان و ئاوارەییەوە زیانیان بەرکەوتووە، ڕێبازێکی تەواو دەگرێتەبەر . هەروەها ڕێکخراوەکە بۆ گەڕاندنەوەی هەستکردن بە ئاسایش و ئاسایشی مرۆیی و زیادکردنی متمانەبەخۆکردن و متمانەکردن بە جڤاکی خۆجێی، پاڵپشتیی لە ئاوارە و ئاوارە گەڕاوەکان و جڤاکە خۆجێییە خانەخوێیەکان دەکات.

چالاکییەکان لە ساڵی ٢٠١٩دا، ڕاوێژکارییە پسپۆڕییەکانی پزیشکایەتیی دەروونی و پزیشکایەتیی کلینیکی دەروونی و بانگەشە و هەماهەنگی و هۆشیارکردنەوەی گرتەوە سەبارەت بە پرسەکانی ئەقڵدروستی و چالاکییە ڕێکخراوەکانی جڤاکی و بنیادنانی توانایەکانی هەنبەر ئەقڵدروستی و پاڵپشتیکردنی دەروونی کۆمەڵایەتی و یەکگرتووی کۆمەڵایەتیی بۆ ڕێکخەرانی نێو جڤاکە خۆجێییەکان و کارمەندانی حکوومەت و ئەندامانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و بۆنە جڤاکییەکان و توێژینەوەکان. لە هەمان ساڵیشدا، ڕێکخراوەکە لە ١٥ بنکەی جڤاکە خۆجێیەکان و ١٨ شوێندا ( بە مەڵبەندی وەرزش و لاوانی نێو خێوەتگەکانی ئاوارەکان و نشینگە نارەسمییەکان و ژینگە شارستانییەکان)ی هەشت پارێزگەشەوە، کە بریتی بوون لە: بەغدا و دهۆك و دیالە و هەولێر و کەربەلا و کەرکووك و نەجەف و نەینەوا کاری کرد. هەروەها ڕێکخراوەکە ١١٦،٦٩٨ خزمەتگوزاری پێشکەشی ١٥،٩٥٥ سوودمەندی نوێ کرد ( لە کۆی ژمارەی سوودمەندان کە ٧٢،٥٣٤ کەس بوون)، لەگەڵ گەمە وەرزشییە نا کێبڕکێیەکان و پاڵپشتی و یارمەتیی سەرەکیی سۆزی و دەروونی و ڕاوێژکارییە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکان و ڕاوێژکارە پسپۆڕییەکانی بواری ئەقڵدروستی و پاڵپشتیکردنی دەروونیی کۆمەڵایەتی و حەواڵەکردنی تایبەت بەو خزمەتگوزارییانە و خزمەتگوزارییەکانی مەشقی پیشەیی و خزمەتگوزارییە قازانبەخشەکانی دەرامەتهێن و چەند بەخشینێکی تایبەت بە ڕێگەکانی وەدەستهێنانی بژێوی و دەرامەت. هەروەها چەند مەشقێکی تایبەت بە کارامەییەکانی نێوەندگیری و دانوستان و چەند خولێکی تایبەت بە پێشکەشکارانی چاودێری و مەشقکردن لە بواری سەرکردایەتی و گەشەپێدانی خود پێشکەش کران.

لە ڕێگەی ئامانجی دوورمەودا و درێژخایەنیش بۆ ڕادەستکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ لایەنە چالاکەکانی خۆجێیی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، پاڵپشتیی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کرد کە دەیان لە پارێزگەی نەینەوا و حەوتیان لە پارێزگەی دهۆك و سێیان لە پارێزگەی نەجەف بوون، خزمەتگوزارییەکانیش لە ڕێگەی چەند خولێکی مەشقی و بەخشینی بچووك و ئاراستەکردن و مەشقی مەیدانییەوە بوو. هەروەها ڕێکخراوەکە سەبارەت بە کەسانی کەمئەندام و پەککەوتە لە بەرنامە مرۆییەکاندا، ٤٥ ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی ڕاهێنا. ڕێکخراوەکە وەك پاڵپشتییەکیش بۆ بەرنامە هەنووکەیی و ئایندەییەکانی گەڕاندنەوەی سەقامگیری، پێنج هەڵسەنگاندنی خێرای بۆ ململانێ و سێ پرۆژەی توێژینەوەییشی بەهاوکاری لەگەڵ چوار زانکۆی عێراقی بەڕێوەبرد.





## پاراستن

ڕێکخراوەکە لە پێشکەشکردنی یارمەتیی تایبەت بە پاراستنی ئەو دانیشتووانانە بەدەوام بوو کە بەهۆی ململانێییەوە زیانیان بەرکەوتبوو، هەروەها لە یارمەتیدانی کۆچبەرانی بێدەرەتان و قوربانییەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤیش بەردەوام بوو. ئەم کۆمەك و پاڵپشتییە ١٥ کۆچبەری بێدەرەتان و سەت قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤی گرتووە، لەوانە ٦٣ قوربانی بە ویستی خۆیان گەڕێندرانەوە وڵاتانی خۆیان و ٢٩٤ کەسی سوودمەندیش خزمەتگوزاریی حەواڵە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیان بۆ کرا بۆ چارەسەرکردنی ترسەکانی پاراستن کە کارمەندانی مەیدانی لە دۆخە لەناکاوەکاندا دەستنیشانیان کردبوو، هەروەها لە هەردوو خێوەتگەی حاجی عەلی و حەسەن شامی سەر بە پارێزگەی نەینەوادا ١،٣٧٧ کەسیش لە دانیشتنەکانی هۆشیارکردنەوە سوودمەند بوون، ئەم پاڵپشتی و خزمەتە خێوەتگەی شاریای سەر بە پارێزگەی دهۆکیشی گرتەوە، کە تیایدا یارمەتیی کاش بۆ دۆخە لەناکاوەکان پێشکەشی نزیکەی ١٠٣ کەسی سوودمەند کرا (٣٧ پیاو و ٦٦ ژن)، هەروەها پێشکەشکردنی پاکێجەکانی پێداویستییە تەندروستییەکانی ژنان بۆ ٦٥٠ سوودمەند و دەستەبەرکردنی سانتی تەندروستی بۆ ١٤،٥٠٠ ژن لە خێوەتگەی حاجی عەلی لایەنێکی دیکەی کارەکانی بوو. هەروەها ڕێکخراوەکە بۆ پاراستن لە خراپ سوود وەرگرتن و دەستدرێژیی سێکسی و گشتاندنی پاراستن و توندوتیژیی ڕەگەزی، مەشقی بە ٦٧٤ کارمەند و خاوەن گرێبەست و هاوبەشی جێبەجێکار کرد.

## بەڕێوەبردنی کۆچ

هۆبەی بەڕێوەبردنی کۆچ لە ڕێکخراوەکەدا لەمیانی ئەو هەوڵانەی پێوەندییان بە پۆلیسی جڤاکی و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆچ و سنوور و یارمەتیدانی گەڕانەوەیەکی خۆویستانە و دووبارە ئاوێتەکردنەوە و ئەوجێ ئەوجێ کردن و دووبارە نیشتەجێکردنەوە هەیە پاڵپشتیی لە حکوومەتی مەرکەزی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە بەڕێوەبردنی کۆچکردنێکی بێمەترسی و ڕێکخراو و یاسایی.

## پۆلیسی جڤاکی

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە عێراقدا لە بەرزکردنەوەی ئاستی پۆلیسی جڤاکیی لە عێراقدا بەردەوام بوو، ئەمەیش لەپێناو ئاشتی و ئاسایش بوو. جا وەك بەشێك لەو ڕێبازە، ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٩دا بۆ دامەزراندنی ٢٠ یانەی نوێ بۆ پۆلیسی جڤاکی لەگەڵ جڤاکە خۆجێیەکان و هێزەکانی پۆلیسی خۆجێیی کاری کرد، بەمەیش کۆی ژمارەی یانە چالاکەکان کە ڕێکخراوەکە لە عێراقدا بنیادی ناون گەیشتە ٩٤ یانە. یانەکانی پۆلیسی خۆجێیی وەك چەند سەکۆیەکی کراوە و سەرانسەرین کە تیایاندا دەتواندرێ گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسە ئەمنییانە بکرێ کەوا کاریگەرییان بەسەر جڤاکە خۆجێیەکاندا هەیە. گرفتەکانیش لەمیانی دەستنیشانکردنی ئەو لایەنە پێوەندیدارانەوە دیاری دەکرێن کە دەکرێ پرسەکانیان حەواڵە بکرێ، بە لایەنەکانی سەپاندنی یاساشەوە ( پۆلیس و دەسەڵاتی دادوەری) یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و فەرمانگە حکوومییەکان یانیش خودی جڤاکە خۆجێیەکان. ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٩ و بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی ناوەخۆ، مەڵبەندی ستراتیژی بۆ پۆلیسی جڤاکی لە بەغدا کردەوە. هەروەها ڕێکخراوەکە ٤١٣ کەسی سەر بە لایەنە کارایەکانی تایبەت بە پێڕەوکردنی یاسا و ١٥٧ کەسی نێو جڤاکە خۆجێییەکان و ١٤ ئەندامی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ١٤ نوێنەری دەسەڵاتی دادوەریی تایبەت بە پۆلیسی جڤاکی و بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤی مەشق پێکرد. هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە وەگەڕخستنی چوار مەڵبەندی یارمەتیدانی تایبەت بە دانیشتووان و زەویوزار و موڵکەکانی ناوچەی گەڕانەوە بەشدارییان کرد. لەگەڵ ئەمانەشدا، حەوت نووسینگە و بنکەی پۆلیسی جڤاکی لە پارێزگەکانی بەغدا و دهۆك و نەینەوا و ئەنبار و دیالە و بەسرە بنیادنران و هەندێکیشیان نۆژەنکرانەوە و ئامێری پێویستیان بۆ دەستەبەرکرا، بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکرێ بۆ گەیشتن بە مەڵبەند و بنکەکانی پۆلیس و بۆ جڤاکە خۆجێیەکان گونجاوتر بکرێن. هەروەها ڕێکارە یەکگرتووەکانی وەگەڕخەری (التشغیلی)ی یانەکانی پۆلیسی جڤاکی نوێکرانەوە و بژارکران کە وەزارەتی ناوەخۆ ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیبوو، ئەمەش بۆ ئەوە بوو چەند یەکەیەکی دیکەی مەشقییانە لەخۆ بگرێ، هەروەها وەسفی ئەرك و کاری ئەم یانانەش نوێکرانەوە.

## بەڕێوەبردنی کردەی کۆچ

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لەگەڵ وەزارەتەکانی سەر بە حکوومەتی عێراقی بە بەکارهێنانی ڕێبازێکی تەواوی بنیادنراو لەسەر بەڵگە، کار بۆدانانی چەند ستراتیژێکی نیشتمانی دەکات بۆ کۆچ. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە ساڵی ٢٠١٩ دا، پاڵپشتی لە دامەزراندنی کۆمەڵەی کاری هونەری کرد کە حکوومەت ڕێبەرایەتی دەکات، هەروەها کۆمەڵەی کاری هونەری و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ یەکەمین دۆسییەی ناساندنیان بۆ کۆچ لە عێراق تەواو کرد، هەروەها هەڵسەنگاندنیان بۆ کێرڤی بەڕێوەبردنی کۆچ کرد کەوا توانا نیشتمانییەکانی لەمیانی ٩٠ کێرڤ لە شەش بواری بابەتییانەدا پێوابوو، هەردووکیشیان بۆ پاڵپشتیکردنی پێشخستنی سیاسەتەکان بنەمای بەڵگەکان دادەمەزرێنن. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە ساڵی ٢٠٢٠دا لە دارشتنی ستراتیژی نیشتمانی لەسەر بنەمای دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانەدا، پاڵپشتیی لە کۆمەڵەی کاری هونەری دەکات.

## کۆچ و بەڕێوەبردنی سنوور

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، بۆ پاڵپشتیکردنی بنیادنانی توانای فەرمانبەرانی بەڕێوەبردنی کۆچ و سنوور لەو دەوڵەتانەی هاتن و چوون لەسەر سنووری عێراقی ئاسان دەکەن، پێوەندییەکی پتەو و توندوتۆڵی لەگەڵ وەزارەتی ناوەخۆ و دەستەی دەروازە سنوورییەکاندا هەیە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە ساڵی ٢٠١٩دا لەسەر سنووری سووریا و لەنێوان هەردوو دەروازەی سنووریی ڕەبیعەی سەر بە پارێزگەی نەینەوا و دەروازەی سنووریی قائیم لە پارێزگەی ئەنبار، بەشداری لە پتەوکردن و زیاترکردنی توانایەکانی دەستەی دەروازە سنوورییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوەخۆ کرد. خاڵە نوێیەکانی سنوور لە ڕەبیعە بەوپەڕی توانایەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو کەسانە کار دەکەن کە دەتوانن گشت کردە سنوورییە ڕۆتینییەکان و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان ئاسانتر بکەن. هەروەها بۆ چاکترکردنی کارایی و کارامەییی کردەکانی بەڕێوەبردنی سنوورەکان چەند خولێکی مەشقیی بۆ ٤٨ فەرمانبەری سنوور و فەرمانبەرانی وەزارەتە حکوومییەکان بەڕێوەبرد. ئێستە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی بۆ کۆچ (لەمیانی سیستمی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ MIDAS بۆ چاودێریکردنی کارای جوولە سنوور بڕەکان و دۆزینەوەی ئەگەری ڕێگەگرتن لە جوولە نا یاساییەکانی ئەو کەسانەی لە سنوور دەپەڕنەوە، کار بۆ دەستەبەرکردنی ئامێرە گوێزەرەوەکانی بەڕێوەبردنی سنوورەکان و بەرنامەدارەکان دەکات. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە ساڵی ٢٠٢٠ دا لە دەروازەی نارەسمی فاودا مەڵبەندی پێشوازیی سنووری بنیاد دەنێ و بۆ پاڵپشتیکردنی کۆچێکی بێمەترسی و ڕێکوپێك و سەربەرزانەش مەشق بە فەرمانبەرانی سنوور دەکات .

## جوولەی یارمەتی لە کۆچدا

بەرنامەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەمیانی یارمەتیدان و زەمینەسازی یارمەتیی ١٢٣٢ کەسی دا بگەڕێنەوە عێراق، هەروەها لەمیانی کۆمەکی دراوی بەو دراوەشەوە کە لە کاتی گەیشتن و بەخشینە نەختینەییەکانی ئاوێتەکردن، یارمەتیی ١٤٥٣ گەڕاوەی دا و ٩٠٩ کەسیش لەمیانی حەواڵەکردنیان بۆ بەرنامەی مەشقی پیشەیی و وەگەڕخستن و دامەزراندن و دەستکردن بە کاروبارە بازرگانییەکان و فراوانکردنی پاڵپشتی و / یان






پاڵپشتیکردنی نیشتەجێکردن سوودمەند بوون.

هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لەمیانی خزمەتگوزارییەکانی دووبارە نیشتەجێکردنەوەدا یارمەتیی لەپێناو جوولەدا پێشکەش کرد، ئەم یارمەتییەش ٤٠٧٣ کەسی عێراقی گرتەوە- ( ١٩٦٢ نێرینە و ٢١٤٧ مێینە) و پەناخوازان ( ٢٧٦٧ کەسی پێگەیشتوو و ١١٩٣ منداڵ و ١١٣ کۆرپەی شیرەخۆر) بە هاوکاریی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی پێشوازییان لێکردبوون و لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەناخوازان. هەروەها پڕۆژەی یارمەتیدانی خانەوادە، لە کردەی کۆکردنەوەی خێزان لە ئەڵمانیا، پاڵپشتی و یارمەتیی پێشکەشی ٢٣٧٣٣ کەس کرد ( کە ١١٢٨٨ خانەوادە) بوون ، ئەمەیش بە هاوکاریی هەردوو حکوومەتی عێراقی و ئەڵمانی جێبەجێ کرا. هەروەها ٥٢١٩ کەسش داواکارییەکانیان لە مەڵبەندی یارمەتیدانی خانەوادە لە هەولێر تەواو کراوە، ئەم داواکارییانە پێشکەشی کونسوڵگەریی ئەڵمانی کرابوون لەگەڵ یارمەتیدان لە دوورەوە بۆ زیاتر لە ٥١٣٢١ کەس لەمیانی پێوەندییە تەلەفۆنییەکان و ئیمێلەکانەوە. هەروەها بەسەرپەرشتیی بەرنامەی یارمەتیدانی خانەوادە بۆ داوکارە سوورییەکان، ١٢٥ ڤیزای کاتی بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ ١٤٦ خانەوادانە دەستەبەر کران کە بۆ ناردنی دۆسییەکانی تۆمارکردنی خانەوادەکانیان یارمەتییان وەدەستهێنابوو بۆ ئەوەی لە لایەن کۆنسۆلخانەی ئەڵمانیا لە بەیرووت ڕەزامەندییان لەسەر بدرێ.

## گەڕاندنەوە و بەرنامەدارکردنی بووژاندنەوە

بەرنامەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، بە بەکارهێنانی ڕێبازێکی هەمەگیر بە دووبارە شیاندنەوە و بنیادنانەوەی ژێرخانی جڤاکی و بووژاندنەوەی ئابووری و یارمەتیدانیان لە وەدیهێنانی ڕێگەکانی پەیداکردنی دەرامەت و گوزەران و پتەوکردنی توانای جڤاکی مەدەنی و دەسەڵاتە حکوومییەکان بۆ بەشدارییپێکردنی جڤاکە خۆجێیەکان و خاوەن بەرژەوەندییەکان بەشێوەیەکی کارا، پاڵپشتی لە گەڕاندنەوە و بووژاندنەوەی ئاوارەکان و ئاوارە گەڕاوەکان و جڤاکە خانەخوێیەکانیان دەکات.

## بژێوی و ڕەخساندنی دەرفەتەکانی کار

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ بە ئامانجی زیندووکردنەوەی کەرتی تایبەت و ڕەخساندنی دەرفەتەکانی کار لە دوورمەودادا- لەمیانی بەخشینی یارمەتی لە سندووقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان بۆ دەستکردن یان فراوانکردنی کارەکانیان و دواتریش ڕەخساندنی ١٣٥٤ دەرفەتی نوێی کار لە ١٠ پارێزگەدا، پاڵپشتی جێبەجێکردنی ٢٤٧ پڕۆژەی بچووك و مامناوەندی بوو. کۆی ئەو پاڵپشتییەی پێشکەشی ٢٦٧ پڕۆژەی بچووك و مامناوەندی کرا گەیشتە ٨٨٧،٣٤٦،٤ دۆلاری ئەمریکی. هەروەها لەمیانی یارمەتیدان بۆ وەدەستهێنانی دەرامەت و گوزەرانی تاکەکەسی کە ٧٩٩٩ کەس لێی سوودمەند بوون ( ٦٤٨٥ نێرینە و ١٥٢٤ مێینە) بوون، پشتگیری لە کرێکاریی مامناوەندی و کورتمەودا کرا، ئەمەیش بۆ پاڵپشتیکردنی دەرفەتەکانی کار و ڕەخساندنی دەرفەتەکانی کاربوو لەمیانی پڕۆژە بچووکەکانەوە. لەنێو ئەو کەسانە ٤٢٠٤ کەس چەپکی پاڵپشتیکردنی کارەکانیان پێگەیشت بۆ دەستپێکردن بە کارە تایبەتە بازرگانییەکان، هەروەها ٦٢٥ کەسیش لە مەشقی پیشەییدا بەشدارییان کرد. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، لەمیانی دەستەبەرکردنی دراو لە بەرانبەر پارەدا بۆ زیاتر لە ٣١٧٠ کەسی سوودمەند، پاڵپشتی لە دامەزراندنی ( توڤیف) کورتمەودا کرد.

## پڕۆژەکانی ژێرخانی جڤاکی

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ دووبارە ژێرخانی داتەپیوی شیاندەوە کە لە ڕەخساندنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، یانیش بووژاندنەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بە مەسەلەیەکی بنەڕەتی دادەندرێ. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە ساڵی ٢٠١٩ دا لە ١٥ پارێزگەدا ٩٣ پڕۆژەی ژێرخانی جێبەجێ کرد، وەك وێستگەکانی ئاو و قوتابخانەکان و بازاڕەکان و نەخۆشخانەکان و ئاودێری و ژێرخانی کشتوکاڵی و ژێرخانی کارەبا.

## مەڵبەندەکانی سەرچاوە جڤاکییەکان

لەگەڵ گەڕانەوەی خەڵك بۆ سەرماڵوحاڵ و شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوویان- هاوبەشەکان لەتەك مەڵبەندی هەماهەنگی و چاودێریی هاوبەش، کار بۆ ڕەخساندن و دەستەبەرکردنی زانیارییەکان و سەرچاوەکان دەکەن بۆ پاڵپشتیکردنی چارەسەرە دوورمەودا و بەردەوامەکانی پرسی ئاوارەبوون لەمیانی مەڵبەندەکانی شیاندنەوەی جڤاکی کە چالاکییە مرۆییەکان و بووژانەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە ساڵی ٢٠١٩دا لە نەینەوا و ئەنبار و دیالە و سەلاحەددیندا شەش مەڵبەندی شیاندنەوەی جڤاکی وەگەڕخستەوە کە لەمیانی ڕەخساندن و دەستەبەرکردنی ٩٠٢ خزمەتگوزاریی بۆ پێشخشتنی کارامەییە کەسی و پیشەیی و دەروونییەکانی ئاوارە گەڕاوەکان و کارئاسانی بۆ گەڕانەوە و ئاوێتەکردنەوەیان، تیایاندا خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشی ٢٢٠٢٢ کەسی سوودمەند دەکات. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، لە لیژنەی ئاراستەکاری مەڵبەندەکانی سەرچاوە جڤاکییەکان، پۆستەکانی سەرۆکایەتیی هاوبەشی وەرگرت .

## کۆمەڵەی کاری گەڕاوەکان

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە ساڵی ٢٠١٩ و – بە هاوبەشی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی- بۆ ئاسانکردنی گەڕانەوەیەکی بێمەترسی و سەربەرزانە و بەردەوامی ئاوارەکان لە دۆخی درێژخایەنی ئاوارەییدا، دەستی بە جێبەجێکردنی ستراتیژێك کرد، هەروەها لەمبارەیەوە چارەسەری بەردەوامیشی پێشکەش کرد. هەشت نووسینگەی یارمەتیدان لە هەردوو پارێزگەی ئەنبار و نەینەوا سەبارەت بە کردەکانی گەڕانەوە و پلاندانان بۆ سەردانیکردنی ناوچەکانی پێشووی خۆیان و وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکان زەمینەیان بۆ ١٨١١ خانەوادە خۆشکرد تۆماربکرێن و زانیارییەکانیان پێ بگات. ئەم هەوڵانەی وەگەڕخستن لەگەڵ زیادبوونی داوا و گەڕانی تیمی بەدواداچوون و گەڕان و دابەشکردن و بڵاوکردنەوەیان بەسەر ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتە حکوومییەکان، هاوکات و هاوتەریبن.

## خشتەی ڕیزکراوی بەدواداچوونی ئاوارەیی

خشتەی ڕیزکراوی بەدواداچوونی ئاوارەیی بریتییە لە سیستمی بەڕێوەبردنی زانیارییەکان لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی بۆ کۆچ کە بۆ چاودێریکردنی ئاوارەبوونی دانیشتووانی کاتی قەیرانەکان بەکاردێ. خشتەی ڕیزبەندی بەدواداچوونی ئاوارەیی زانیاریە سەرەکییەکانی کەسە ئاوارەکان و ئاوارە گەڕاوەکانی کۆکردەوە و شیکردەوە، هەروەها لەپێناو ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن لە پێداویستییەکان زانیاری و لێکۆڵینەوەکانی بڵاوکردەوە. خشتەی ڕیزبەندیی بەدواداچوونی ئاوارەیی لە ساڵی ٢٠١٩دا لە ١٨ پارێزگە و ١٠٤ شارۆچکە و ٣٠٤١ یەك شوێن لە عێراقدا، چەند ڕاپۆرتێکی سەرەکیی بۆ خشتەی ڕیزبەندیی بەدوداچوونی ئاوارەیی و ١٢ کۆمەڵە داتای تایبەتی بەرهەم هێنا ( سەبارەت بە ئاوارە و گەڕاوەکان). هەروەها خشتەی ڕیزبەندیی بەدواداچوونی ئاوارەیی، بۆ چاودێریکردنی ئەو دانیشتووانەی لەدەست ململانێی سووریادا هەڵاتوون و لە مانگی تشرینی یەکەم تا مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ پەڕیونەتەوە عێراق، ئامرازی بەدواداچوونی بۆ مەسەلە کتوپڕەکان ڕاگەیاند. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ وەك بەشێك لە پڕۆژەی خشتەی ڕیزبەندیی بەدواداچوونی ئاوارەبوونی هەرێمییانە، پێنج خاڵی چاودێریی بۆ هاتنی شەپۆلی ئاوارەکان لە شەلەمچەی بەسرا و فیشخابوور و ئیبراهیم خەلیلی دهۆك و باشماغی سلێمانی و دەروازەی واست لە شاری واست، بۆ چاودێریکردنی جوولەی کۆچبەری لە گشت ئەو ناوچانە پێشخست.




# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی (یونیدۆ)

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی (یونیدۆ)، ڕێکخراوێکی نێونەتەوەییی پسپۆڕ و تایبەتمەندە و ئەرکی پتەوکردن و پێشخستنێکی سەرانسەری و بەردەوامی پیشەسازی لەسەر شانە. یونیدۆ و کۆماری عێراق لە ساڵی ٢٠١٧دا ڕێککەوتننامەیەکی سەرەکیی هاوکارییان بۆ پتەوترکردنی هاوکاریی نێوانیان واژۆ کردووە. یونیدۆ لە ساڵی ٢٠١٩ شدا لەمیانی هەرسێ ڕەهەندی گەشەپێدانی بەردەوام و دوورمەودا: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی (خولقاندنی گەشەکردنێکی هاوبەش)؛ ڕەهەندی ئابووری ( پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی کێبڕکێی ئابووری) ؛ ڕەهەندی ژینگەیی (پاراستنی ژینگە)، لە سەرانسەری عێراقدا لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی بەردەوام بوو، لەم بارەیەوە، چالاکییەکانی یونیدۆ لە عێراق جەختی لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەکە

**زیاتر لە ٤٥٠ گەنجی عێراقی و پەناخوازان و ٤٣% ژنان کە تەمەنی مامناوەندییان ٢٥ ساڵبوو- بە بەکارهێنانی نوێترین تەکنیکەکانی تەکنۆلۆژیا لە گشت بوارەکان**

کردەوە بۆ وەدیهێنانی ئەجیندای ساڵی ٢٠٣٠ و پلانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی بۆ کاردانەوەی مرۆیی لە عێراقدا.

لەنێو ڕەهەندی کۆمەڵایەتیشدا، کە وەها پێناسە کراوە خولقاندنی خۆشگوزەرانیی هاوبەشە، یونیدۆ چەند چالاکییەکی هونەری جێبەجێ کرد کە جەختیان لەسەر پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی وەگەڕخستنی گەنجان کردەوە، بەتایبەتیش لەنێو ڕیزی پەنابەران و ئاوارەکان و جڤاکە خانەخوێیەکانیان، هەروەها پاڵپشتیی لە دامەزراندن و فراوانکردنی پڕۆژە بچووك و مامناوەندییەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی دەرامەتی نێو گشت توێژە کۆمەڵایەتییەکان کرد. هەروەها یونیدۆ بۆ دەستەبەرکردنی کردەی فێربوون و مەشقی تەکنیکی و پیشەیی، لە هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا بەشێوەیەکی تایبەتی پاڵپشتی لە دەستگە حکوومییەکان کرد . ، دوو پڕۆژە لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٩دا بە پاڵپشتیی حکوومەتی نەمسا بە سەرکەوتوویی بەئەنجام گەیەنران.

ئەم پڕۆژانەش بەشێوەیەکی زۆر تایبەت بەشداری لە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی توانای دەستگەکانی حکوومەت کرد- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی کشتوکاڵ- لە چارەسەرکردنی فێرکردن و مەشقی تەکنیکی و پیشەیی و بووژاندنەوەی ئابووریی بۆ ئەو جڤاکانەی بەهۆی دوا ململانێیەکانەوە لە هەرێمدا زەرەرمەند بوون، شایانی باشە گشت توێژە کۆمەڵایەتییەکان (جڤاکە خانەخوێیەکان و ئاوارە و پەناخوازەکانیش) لە پێشخستنی کارامەییەکانیاندا سوودیان لێی وەرگرت.

بەمشێوەیە و لە ساڵی ٢٠١٩دا، زیاتر لە ٤٥٠ گەنجی عێراقی و پەناخوازان و ٤٣٪ ژنان کە تەمەنی مامناوەندییان ٢٥ ساڵبوو- بە بەکارهێنانی نوێترین تەکنیکەکانی تەکنۆلۆژیا لە گشت بوارەکانی وەك میکانیك و چاککردنەوەی کامیۆنەکان و پێکهێنانی بازنە داخراوەکانی تەلەفزیۆن و چەندان کاری دیکە بەو مەرجەی لەگەڵ داواکاریی بازاڕ و هێزی کارامەی کار بگونجێ- سوودیان لە مەشقەکە وەرگرت .

ئەم پڕۆژەیە پشت بە هاوبەشییەکی دوورودرێژی نێوان یونیدۆ و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان دەبەستێت، کە لە ساڵی ٢٠١١دا بە دامەزراندنی ئەکادیمیای سویدی بۆ مەشق لە هەولێر دەستیپێکرد. بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی گوتی" تا ئێستە لە پێشخستنی فێرکردنی پیشەیی لە کوردستان بە تایبەت بە فراوانکردنی ئەکادیمیای سویدی بۆ مەشق، چیرۆکی زۆر سەرکەوتووی سەکەوتنمان لەگەڵ یونیدۆدا هەیە . بەردەوامیش بۆ هەر هاوبەشییەکی ئایندەیی دەرگەمان بۆ یونیدۆ کراوەیە ، چونکە متمانەمان بەوە هەیە یونیدۆ بۆ یارمەتیدانمان لە پێشکەوتندا، ئەزموونێکی نایاب و شارەزایی و کەسی پسپۆڕی زۆری هەیە ".

ساڵی ٢٠١٩ کردنەوەی مەڵبەندی هارشامی بۆ مەشقی کشتوکاڵی لە هەولێردا بەخۆیەوە بینی، کە لەلایەن یونیدۆ و بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ جێبەجێ کرا. بەدرێژاییی ساڵی ٢٠١٩، ئەم پڕۆژە داهێنراوە کشتوکاڵییەی ئاوێتە بە ژینگە میوانداری لە چەندان خولی مەشقیی کردووە، چەندان خانووی شووشەشی بەئەنجام گەیاندووە لەگەڵ چەندان پڕۆژەی بچووك لە ئامادەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و پەروەردەکردنی مێشهەنگووین و پیشەسازیی میوە. زیاتر لە ١٢٠ ئاوارەی نێو کەمپی هارشام و بەتایبەتیش جڤاکە گوندییەکانی نێو

پارێزگە ئازادکراوەکان لە میانی ڕەخساندن و دەستەبەرکردنی کارامەیی و ئامێرەکان بۆ پاڵپشتیکردن و پتەوترکردنی هەمەچەشنیی چالاکییە کشتوکاڵییەکان و دروستکردنی دەرامەت لەنێو زنجیرەی بەهای خۆراکیی کشتوکاڵیدا سوودمەند بوون.

لە کردنەوەی مەڵبەندەکەشدا بێگەرد تاڵەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق گوتی:" یونیدۆ بەشێوەیەکی مەزن بەشداری لە یارمەتیدانی ئاوارەکاندا کرد. بەڕاستی کارێکی باش بوو. هیوام وایە یونیدۆ و گشت ئاژانسەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بن لە یارمەتیدانمان بۆ گوزەرکردن لەو قەیرانە، حەزیش دەکەم داوا لە یونیدۆ بکەم لە پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی هەرێمدا یارمەتییەکی زیاترمان پێشکەش بکات. ئەم یارمەتییە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ژێرخانێکی بەهێزتر لە هەرێمی کوردستان و وڵاتەکە بە گشتی".

پرۆژەی سێیەمی یونیدۆ لە ساڵی ٢٠١٩ لە عێراقدا بەتەواوی جێبەجێ کرا و جەختی لەسەر دەرفەتەکانی توانای دامەزراندن و وەگەڕخستنی گەنجانی نێو جڤاکی پەناخوازان و ئاوارەکان و جڤاکە خانەخوێیەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە. لە ماوەی پرۆژەکەشدا ئەم پرۆژەیە لە خوێندنگە هەڵبژێردراوەکانی دواناوەندییەکانی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵیی مەشقی بەڕێوەبرد، هەروەها مەشقێکی کرداریشی بۆ فەرمانبەران دەستەبەرکرد و مەشق و ڕاهێنانی لەسەر کارامەییەکانی ژیان پێشکەش کرد و مەشقی پیشەیی بنیادنراو لەسەر کارامەیی بە چالاکییەکانی پیشەسازیی خۆراکی کشتوکاڵی لایەنێکی دیکەی چالاکییەکانی بوو. جگە لەمانەیش، بە ڕێکخستنی کێبڕکێی هزرەکان لە چەندان بواری وەك: تەکنۆلۆژیای زانیاری و بەڕێوەبردنی زبڵ و خاشاکەکان و کارە بازرگانییە کشتوکاڵییەکان و پیشەسازییە داهێنراوەکان و وزەی نوێبۆوە بە سەرکردایەتیی گەنجان و دەستگە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هانی کارە بازرگانییەکانی دا .

یەکێك لەو پرۆژانەی لە چوارچێوەی سەرلیستیی پێگەیی ئاماژەبۆکراودا لە ساڵی ٢٠١٩ دا جێبەجێ کرا، جەختی لەسەر پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و خێراکردنی کردەی بووژاندنەوەی ئابووریی پارێزگەی نەینەوا دەکرد. ئەم پرۆژەیە پێداویستیی بووژاندنەوەی ئابووریی خۆجێیی و ڕەخساندنی دەرفەتی کاری خۆجێیی بۆ کەسەکان و جڤاکە بێدەرەتانەکان دەهێنایە دی. دواتریش بووە هۆی تواناداركردن بۆ دووبارە نیشتەجێکردنەوەیەکی بەردەوامی گەڕاوەکان و گەشەپێدانی دوورمەودای ئابووری و ئاشتەواییی سیاسی. هاوکات، ئەو پرۆژەیەی پێوەندیی نێوان گەشەپێدان و مرۆڤایەتی و ئاشتی دەگرێتە خۆ، یەکێکە لە پرۆژە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئاستی پەیکەرە و ڕێکخراوەدا. هەروەها بە پاڵپشتیی حکوومەتی یابان، بەشداریی یونیدۆ یارمەتیدەرە بۆ گەڕاندنەوەی توانا فێرکارییەکان بە دەستەبەرکردنی ئامێر و تەکنۆلۆژیا و بنیادنانی توانای فەرمانبەرە نیشتمانییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی، ئەمەیش دەبێتە هۆی ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی فێرکاری کە نەوەی قوتابیانی گەنجی عێراقی لەمەودوا سوودی لێ دەبینن. ئەم پرۆژەیە کە لە ساڵی ٢٠١٩ دەستی پێکردووە و لە ساڵی ٢٠٢٠ بەردەوام دەبێت، بەرەو بوارە پیشەسازییەکان ئاراستەکراوە لە زیندووکردنەوەی بەشەکانی ئەندازیاریی هایدرۆلیکی و میکانیك، لە فێرکردن و تواناسازیی گەنجانی عێراقی لە کاری پیشەییی نێو کەرتە پیشەسازییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ ، هەروەها بەشداری لە خێراکردنی کردەی بووژاندنەوەی ئابووری و سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی عێراق و ناوچەکە دەکات. ئەم پرۆژەیەی یونیدۆ لە ساڵی ٢٠١٩دا لە کاراکردنی ئەو پرۆژە بچووکانەدا بەردەوام بوو کە پێش ململانێ لە کارکردن بەردەوام بوون، هەروەها یارمەتیی لە دامەزراندنی ئەو چالاکییانەشدا پێشکەش کرد کە دەرامەت و بژێوی بۆ خانەوادە گەڕاوەکان دەستەبەر دەکەن.

لەسەر ئاستی دامودەستگەییشدا و بەپێی ئەم پرۆژەیە کە لەلایەن حکوومەتی یابانییەوە گوژمەی بۆ تەرخان کراوە، یونیدۆ هەوڵەکانی نۆژەنکردنەوەی زانکۆی مووسڵ دەستەبەر دەکات کە بەهۆی هەبوونی جەنگاوەرانی داعش لە دوا ململانێدا زیانێکی زۆری بەرکەوتووە و زۆربەی کەرەستە و دامەزراوە و بنەماییەکانی دزراون. بەشدارییەکەی یونیدۆ لەمیانی دەستەبەرکردنی ئامێر و تەکنۆلۆژیایەکان و بنیادنانی توانای فەرمانبەرانی نیشتمانیی وەزارەتی فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیدا، پاڵپشتی لە دووبارە گەڕاندنەوەی توانا فێرکارییەکان دەکات ، ئەمەیش دەبێتە هۆی ڕەخساندن و هەموارکردنی زەمینەیەکی فێرکاری کە گەنجانی عێراقی سوودی لێ دەبینن.

هەروەها لە ڕەوتی سەرلیستە پێگەییەکانیشدا کە ڕوماڵی ڕەهەندی ئابووریی گەشەپێدانێکی بەردەوام و سەرانسەری دەکات بۆ هاندانی کێبڕکێی ئابووری، یونیدۆ لە ساڵی ٢٠١٩ سووربووە لەسەر " هاندانی وەبەرهێنان لە عێراق- قۆناغی دووەم". پێشبینی دەکرێ ئەم پرۆژەیە کە لە چاریەکی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠ دەست بە جێبەجێکردنی بکرێ، لە ماوەی قۆناغی دووبارە ئاوەدانکردنەوە بۆ فراوانترکردنی بەشداریی کەرتی تایبەت لە تێکڕای داهات و دەرامەتی وڵات پاڵپشتی لە وەبەرهێنانەکان بکات ، دواتریش بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و خێراکردنی گەشەپێدانی ئابووریی عێراق، دەرفەتی کار دەرەخسێنی.

هەروەها یونیدۆ لەمیانی بەشداری و کارەکانی لە تیمی کارای هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، لە پەیکەرەی ڕێکخراوەکەدا ڕۆڵیکی گەورە و ستراتیژیی هەیە. هەروەها یونیدۆ لە ساڵی ٢٠١٩دا بەشێوەیەکی تایبەت بەشداری لە ئامادەکردنی شیکردنەوەی هاوبەشی هەرێمییانە کردووە کە ڕێگە بۆ چوارچێوەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان خۆش دەکات بۆ هاوکارییەکی بەردەوامی گەشەپێدەر، لەنێو پەیکەرەی نوێی نەخشەبۆکێشراوی گەشەپێدەر لەمیانی ڕیفۆرمی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرکردایەتیی سکرتێری گشتی "ئەنتۆنیۆ گوتیریش" و سەرپەرشتیی گشتیی جێگرەکەی خاتوو "ئامینە موحەممەد"، کە جێگەی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی گەشەپێدەر دەگرێتەوە. یونیدۆ بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی گەشەپێدانێکی سەرانسەری و بەردەوامی پیشەسازی، چەند زانیارییەکی گرنگی تایبەتی لە بوارەکانی تایبەت بە ئەرك و کارەکانی پێشکەش کردووە. جگە لەمانەیش، لە چوارچێوەی ئەو چالاکییانەی تیمی هەرێمییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا دەستی تیایاندا هەبووە، یونیدۆ بە کاراییەوە لە ساڵی ٢٠١٩ بەشداری لە سەرلیست و کارە لەپێشینەکانی کۆمەڵە کارایەکاندا کردووە کەوا بۆ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکهاتوون لەپێناو جێبەجێکردنی چوارچێوەی دیزاینکراو و ستراتیژی لەمیانی چوارچێوەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکارییەکی بەردەوامی گەشەپێدەر کە پێشتر بە چوارچێوەی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی گەشەپێدەر ناسرابوو. لەمبارەیەوە، یونیدۆ بەشداری لە کارە سەرلیستەکانی کۆمەڵە کارای ژمارە ٢ ( گەشەپێدانی ئابووری لەپێناو هەمووان) و کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی کۆمەڵەی کارای ژمارە ٤ ( پتەوکردنی سەرچاوە سرووشتییەکان و بەڕێوەبردنی مەترسی کارەساتەکان و گۆڕانی کەشوهەوا) کردووە. یونیدۆ لە ساڵەکانی داهاتووشدا بە پاڵپشتی و یارمەتیدانی عێراق پابەند دەبێت، بەشێوەیەك ئەو پابەندبوونە لەگەڵ کار و ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکانی بگونجێ و بۆ ئەوەی کەس لە کاروانی پێشکەوتن دوانەکەوێ.






# ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی

**لەسەر بنەمای ڕاوێژە چڕوپڕەکانی نێوان ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و لایەنە عێراقییەکانەوە، بەرنامەکە لە عێراقدا جەخت لەسەر سێ کاری لەپێشینەی سەرلیست دەکاتەوە: دەستەبەرکردنی پاڵپشتیی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت، بۆ دۆزینەوەی کار و وەزیفەی نوێ و فراوانکردن و پاڵپشتیکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کرێکاریی منداڵان و چاکترکردنی دایەلۆگی کۆمەڵایەتی لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی کارەکان لە عێراقدا**

## چالاکییەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٩

عێراق لە ساڵی ١٩٣٢ وەوە ئەندامی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتییە، هەروەها ڕەزامەندی لەسەر ٦٨ ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی دەربڕیوە، بە کۆی هەشت ڕێککەوتننامە سەرەکییەکانیشەوە.

ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و حکوومەتی عێراقی و ڕێکخراوەکانی کرێکاران و خاوەنکارەکان هەر لە ساڵی ٢٠٠٤ یشەوە، بەچڕی و لەنزیکەوە وەك بەشێك لە هەوڵەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی داوای کاریان کردووە بۆ ئەوەی لە چەندان شوێنی هەمەجۆری ئەو وڵاتەدا پاڵپشتیی لە کاری شایستە و گەشەپێدانی بازاڕی کار بکەن.

دوا کارە جێبەجێکراو و وەدیهاتووەکانیش پشتبەستن و کارکردن بوو بە یاسای نوێی کار بۆ باشترکردنی بنەما و مافە سەرەکییەکان لەنێو کاردا و ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر ڕێککەوتنامەی ژمارە ٨٧ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی تایبەت بە ئازادیی سەندیکایی و پاراستنی مافی ڕێکخستن و ڕێککەوتنامەی ژمارە ١٨٧ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی سەبارەت بە چوارچێوەی ڕەواجپێدەرانە بۆ سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی. هەروەها بۆ خزمەتگوزارییەکانی دامەزراندنی (توچیف) گشتی لە کوردستانی عێراقدا، نەخشە ڕێگەیەك دیزاین کراوە.

هەروەها ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠١٩دا لەمیانی کردنەوەی نووسینگەیەکی هەرێمی لە بەغدا و نووسینگەیەکی پڕۆژە لە هەولێردا، بوونی خۆی لە عێراق پتەوترکرد. ئەم دوو نووسینگەیە کارئاسانی بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتیی حکوومەتی عێراقی و ڕێکخراوەکانی کرێکاران و خاوەنکاران و هەماهەنگی هاوکاری لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە چالاکەکانی بواری دیکەی گەشەپێدان و مرۆیی دەکات.

عێراق و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩دا، یەکەمین بەرنامەی هەرێمییانەی کاری شایستەیان واژۆکرد. بەرنامەکەش کە لە ٢٠١٩ تا ٢٠٢٣ بەردەوام درێژ دەبێتەوە، پاڵپشتی لە دەستپێشخەرییە نیشتمانییەکانی تایبەت بە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی کاری شایستە و پتەوکردنی تواناى عێراق دەکات بۆ گشتاندنی کاری شایستە لە سیاسەتەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری. هەروەها لەمیانی چەند هاوبەشییەکی پتەو و توندوتۆڵی نێوان ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و حکوومەت و نوێنەرانی خاوەنکاران و کرێکارانی ئەو وڵاتەدا، جێبەجێ دەکرێ.

ڕێککەوتننامەکە لە ٥ی کانوونی یەکەمدا لە لایەن دکتۆرە "ربا گرادات"ی بەڕێوەبەری هەرێمیی وڵاتانی عەرەبی لە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و "رائید جەبار باهیز"ی بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبردنی کار و مەشقی پیشەیی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و" عەلی سبیح ئەلساعدی" سەرۆکی یەکییەتیی عێراقی بۆ پیشەسازییەکان و" ستار




دنبوس" سەرۆکی یەکییەتیی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران لە عێراق لەجیات ڕێکخراوەکانی سەندیکا کرێکارییەکان واژۆکرا.

هەروەها "باسم ئەلڕەبیعی " وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و "نوری ئەلدلێمی" وەزیری پلاندانان و "مووحەممەد حەکیم " وەزیری دەرەوە و چەند سەرۆکێکی فەرمانگە و بەشە حکوومییەکان و نوێنەرانی خاوەنکارەکان و کەسانی سەندیکایی و باڵیۆزەکان و نوێنەرانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەبوون.

بەرنامەی هەرێمییانە بۆ کاری شایستە هۆکارێکی سەرەکیی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتییە بۆ پتەوکردن و برەودان بە کاری شایستە، بۆ ئەوەی لە ستراتیژەکانی گەشەپێدانی نیشتمانیدا ببێتە پێکهاتەیەکی سەرەکی. ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بۆ پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی دەستپێشخەرییە نیشتمانییەکانی تایبەت بە پتەوکردن و برەودان بە کرێکاری و مافەکانی نێو کار و دایەلۆگی کۆمەڵایەتی و پاراستنی کۆمەڵایەتی، بەپێی بەرنامەکە لەگەڵ حکوومەت و ڕێکخراوەکانی کرێکاران و خاوەنکارانی عێراق کار دەکات.

لەسەر بنەمای ڕاوێژە چڕوپڕەکانی نێوان ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و لایەنە عێراقییەکانەوە، بەرنامەکە لە عێراقدا جەخت لەسەر سێ کاری لەپێشینەی سەرلیست دەکاتەوە: دەستەبەرکردنی پاڵپشتیی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت، بۆدۆزینەوەی کار و وەزیفەی نوێ و فراوانکردن و پاڵپشتیکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کرێکاریی منداڵان و چاکترکردنی دایەلۆگی کۆمەڵایەتی لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی کارەکان لە عێراقدا.





# ڕێکخراوی ژنانی نەتەوە یەکگرتووکان

## پرسیار و وەڵام

### بەرپرسی ڕێکخراو لە عیراق

# خاتو دیـــنا زۆربـــــا



> ئێمە هەوڵەکانمان لەسەر کۆتاییهێنان بە جیاکاریی جێندەری و توندوتیژی چڕ دەکەینەوە

**چۆن بارودۆخی ژن لە عیراقدا دەبینیت؟**

عیراق لە بواری یەکسانیی جێندەری و بەتواناکردنی ژنانەوە هەنگاوی باشی ناوە. ئێمە دەتوانین بواری پەروەردە وەك نمونە وەرگرین. ڕێژەیەکی هاندەر هەیە لە ناردنی کچ بۆ قوتابخانە کە تا ڕادەیەك هاوتای ژمارەی کوڕە. لە هەر ١١٢ قوتابیەك ١٠٧یان کچن. بەڵام بە داخەوە، ئەم ڕێژە سەدییە لە قۆناغەکانی ئەمداوییەی پەروەردە بەرەو دابەزین چووە کە ڕێژەی کچ لە قۆناغی ناوەندی تەنها لە سەدا ٧٠ بوو بە بەراورد لەگەڵ سەدا ٩٧ی ژمارەی کوڕ. لەسەر ئاستی زانکۆش، ڕێژە سەدییەکە کەم بووەتەوە بۆ لە سەدا ٢٠. هەر بۆیە حکومەت ئێستا کار بۆ کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییە دەکات و ئێمەش هیواداریـن باشبوونی سەقامگیری ببێتە مایەی بەرزبوونەوەی ڕێژەکە.

لەسەر ئاستی سیاسیش، ڕێژەی لەسەدا ٢٥ کۆتای ژن لە پەرلەمان بەگوێرەی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ هاتووەتە ئاراوە کە ئێستا بە چەند گۆڕانکاری و هەمووارکردنێکیشدا دەڕوات. بەهۆی ئەم کۆتایەوە ژنان لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨دا توانیویانە ٨٤ کورسی لە کۆی ٣٢٩ مسۆگەر بکەن. بەڵام ئەم ڕێژەیە هەرگیز لە بواری سیاسیدا ڕەنگی نەداوەتەوە وەك بەشداری لە حکومەت چونکە لە ساڵانی ڕابردوودا هیچ ژنێك وەك وەزیر دانەمەزراوە. بەتایبەتیش ، وەزارەتی کاروباری ژنان لە ساڵی ٢٠١٥وە هەڵوەشاوەتەوە و هەر لەو کاتەشەوە هیچ دەسەڵاتێکی ژن بۆ ڕاییکردنی کاروباریان نابینرێت. بەڵام هەر وەك وتم چەندان هەنگاوی باش هەن کە دەکرێت پێشکەوتنی تریان لەسەر بنیات بنرێت. لەلایەکی ترەوە، چەندان بواری تر هەن کە پێویستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە بۆ ئەوەی ژنیش بتوانی بە ڕۆڵی شیاوی خۆی هەڵسێت لە خزمەتکردنی وڵاتدا بەتایبەتیش کە ژنانی عیراق توانا و وزەیەکی

باشیان هەیە گەر بە باشی لەپێناو پرۆسەی گەشەکردن و هەڵسانەوەی وڵاتدا بخرێتەگەڕ.

ئەم توانا و وزەیە بەشێوەیەکی پێویست بەکار نەهاتووە بەو پێیەی نایەکسانیی جێندەری تا ئێستاش بووەتە بەربەست لەبەردەم ژناندا هەروەك چۆن بووەتە مایەی بێبەشکردنیشیان لە چەندان ماف و هەل. لە ڕاستیدا، نایەکسانیی جێندەری دەبێتە هۆی پەکخستنی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی. هەر بۆیە بەتواناکردنی ژنان و کچان بەردی بناغەی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتییە. خەڵك پێویستە سوودی بەتواناکردنی ژن بزانێت کە نەك هەر بۆ خانەوادەکەی بەڵکوو بۆ تەواوی کۆمەڵگاش پێویستە. بەشداریی تەواوی ژن لە هێزی کار و کەرتەکانی تردا ڕۆڵی سەرەکی لە گەشەدان بە پێشکەوتنی نیشتمانیدا دەبینێت. هەر بۆیە ئێمە چەقمان لەسەر کارکردنە لەسەر یەکسانیی جێندەری و بەتواناکردنی ژناندا.

## ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان چۆن ئەم ئامانجە جێبەجێ دەکات؟

هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان تەواوی لایەنەکاندا بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە زۆر گرینگە. ئێمە ناتوانین بە تەنیا کار بکەین بەڵکوو لەگەڵ هاوبەشکارە عێراقییەکانماندا لە حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەك بۆ نموونە ئاژانسەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق لە چەندان بواردا. ئێمە لەسەر ئەنجامدانی کاری هاوبەش و هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشکارەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکاندا هەر بەردەوام دەبین تا بەدیهێنانی ئامانجەکە بەشێوەیەکی کردەنی.

لەلایەکی ترەوە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان لەگەڵ هەر ٣ لایەنەکەی حکومەت لە جێبەجێکردن و یاسادانان و دادپەروەری و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوخۆییدا کار دەکەین بۆ هێنانەدی گۆڕانکاریی ڕاستەقینە.

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش، ئێمە یادداشتێکی لێکتێگەیشتنمان لەگەڵ کارکەرە سەرەکییەکاندا هەیە کە نوسینگەی سەرۆك کۆمار و نوسینگەی سەرۆك وەزیران دەگرێتەوە و وێڕای هاوبەشکاریشمان لەگەڵ وەزارەتە سەرەکییەکانی وەك کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و کاروباری دەرەوە و پلاندانان و ناوخۆ و دارایی و پەروەردە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان دەیەوێت سوود لەم یادداشتە ببینێت لە پێناو دامەزراندنی دەسەڵاتی کاریگەری ژن و هەروەها ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە هەموو ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییان بە ژنەوە هەیە.

## کاردانەوەی ڕێکخراوەکەتان چی بوو سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ڕابردووی عیراق ، ئێوە دەتوانن چی لەوبارەوە ئەنجام بدەن؟

هەوڵەکانی ڕێکخراوەکەمان لەسەر بەتواناکردنی ژنان و یەکسانیی جێندەری چڕکراوەتەوە لەگەڵ ڕۆڵیشی بەهەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەهاناوەچوونی دۆخی مرۆ یی خراپ لە عیراقدا. ئێمە بەردەوامین لە کارکردن لەگەڵ هاوبەشکارە عیراقییەکانماندا لەسەر چەندان پرۆژە و چالاکی لەم بوارانەدا. هەر لەسەرەتای خۆپیشاندانەکانیشەوە ئێمە داواکارییەکانمان بۆ خۆپیشاندەران ڕوون کردووەتەوە . ڕێکخراوەکەمان هەروەها تاوتوێی بەشداری ژنان لە خۆپیشاندانەکاندا دەکات لەپێناو دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە بۆ بەشداریکردنیان لەو خۆپیشاندانانەدا پاڵنەر بوون.

ئێمە هەروەها بە چڕی کار دەکەین لەگەڵ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاند و بەرپرسی یونامی، خاتو جێنین هێنیس پلاسخارت، و هەروەها جێگرەکەی بۆ هەماهەنگیی مرۆیی، خاتو مارتا ڕوێداس کە ئەوانیش لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشەکە دەکەن. مەبەست لەو بەدواداچوونەی ئێمەش ئامادەبوونمانە بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی خەڵکی عیراق بە گشتی و ژنان و کچان بە تایبەتی. ئێمە هەروەها بەشداریشین لە پرۆسەی پێداچوونەوەی دەستووریشدا.

بە درێژایی پێداچوونەوەی دەستوریشدا، ڕێکخراوەکەمان ئامۆژگاری و ڕاسپاردەی خۆی لەسەر پرسی جێندەر پێشکەش کردووە بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی ژنان. مەبەست لە پشتگیریی ڕێکخراوەکەشمان بریتییە لەوەی کە چاکسازیی لە دەستووردا بە قازانجی ژنان بۆ چەندان ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێت. بەلای "جاڕنامەی بێیجینگ" و "سەکۆی کارپێکردن"یشەوە، کە سەرچاوەی کارەکانی ئێمەن، دەستوور ئامرازێکی گرینگە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان و کچان و هەروەها دەستنیشانکردنی پێویستییەکانیان بۆ حکومەت بۆ دابینکردنی مسۆگەریی دەستووری و یاسایی بۆ پێشگرتن لە جیاکاری لەسەر بنەمای جێندەری دژی ژنان و کچان لە هەموو تەمەنەکاندا و دابینکردنی مافی یەکسانیش. هیواداریین دەستووری تازەی هەمووارکراو ئەم نیگەرانییانە لەبەر چاو بگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە یەکسانی و بێگوێدانە ڕەگەز خزمەتی هەموو خەڵکی عێراق بکات.

## تۆ زۆر باسی یەکسانیی جێندەریت کرد. دەکرێ گرینگییەکەییمان بۆ باس بکەیت؟

لەڕاستیدا، نایەکسانیی جێندەری مانای نادادپەروەرییە و بێگومان ئێمەش ناتوانین نادادی قبووڵ بکەین و بەڵکوو پێویستە ئێمە وەك کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چی وەك تاك و چی وەك کۆمەڵگا و چی وەك حکومەت ئاوڕی لێ بدەینەوە. ئێمە پێویستە جەخت لەسەر سوودەکانی یەکسانیی جێندەری و بەتواناکردنی ژن بکەینەوە کە ئامانجی ژمارە ٥ یشە لە "ئامانجە درێژخایەنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان" لە پێناو دابینکردنی ئایندەیەکی گەشتر بە هاتنی ساڵی ٢٠٣٠بۆ هەموو وڵاتانی جیهان بە عیراقیشەوە.

لە ڕاستیدا، گەشەکردنی یەکسانیی جێندەری بۆ هەموو بوارەکانی تر گرینگە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی تەندروست هەر لە کەمکردنەوەی هەژاری تا دەگاتە گەشەدان بە تەندروستی و پەروەردە و پاراستن و خۆشگوزەرانی بۆ کچان و کوڕان. ئابووری و کۆمەڵگای عیراقی سوود لە دابینکردنی هەلی یەکسان بۆ کچان و ژنان دەبینن لەڕووی خوێندن و چارەسەری تەندروستی و دابینکردنی کاری شیاو و نوێنەرایەتی لە بورای سیاسی و ئابووری و پرۆسەی بڕیارداندا. پێویستە ئەوەش لە مێشکی خۆمان جێگیر کەین کە بەتواناکردنی ژن پێویستی بە دەسکاریکردنی پێکهاتەی سەرەکیی کۆمەڵگا هەیە وەك نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵوێستە نەرێینییەکانی پەیوەست بە ژنەوە لەگەڵ کارکردنیش بۆ هێنانەدی چوارچێوەی یاساییی وا کە بتوانێت گەشە بە یەکسانی بدات لەنێوان ژنان و پیاواندا.

بەم شێوەیە، ئێمە هەروەها هەوڵەکانمان لەسەر کۆتاییهێنان بە جیاکاریی جێندەری و توندوتیژی چڕ دەکەینەوە. ڕێکخراوەکەمان پشتگیری لە دەرکردنی یاسایەك دەکات کە بتوانێت کۆتایی بە نەریتە کۆنە زیانبەخشەکان و هەوڵە جیاکارییەکان بهێنێت. ئەمەش لە ڕێگەی هاوبەشکاریی بەهێزەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك ڕێکخراوەکان ژنان و ئەو چالاکوانانەی کە باوەڕی پتەویان بە یەکسانی و بەتواناکردنەوە هەیە ئەنجام دەدەین.

> ئێمە بە چڕی کار دەکەین لەگەڵ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاند و بەرپرسی یونامی، خاتو جێنین هێنیس پلاسخارت، و هەروەها جێگرەکەی بۆ هەماهەنگیی مرۆیی، خاتو مارتا ڕوێداس کە ئەوانیش لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشەکە دەکەن. مەبەست لەو بەدواداچوونەی ئێمەش ئامادەبوونمانە بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی خەڵکی عیراق بە گشتی و ژنان و کچان بە تایبەتی. ئێمە هەروەها بەشداریشین لە پرۆسەی پێداچوونەوەی دەستووریشدا

الأمم المتحـدة – العـراق
United Nations Iraq